سەرچاوەی ئایین

دانراوی: مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس



PDF4Kurd
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ئیمان و ئیسلام * ئەساسی سەعادەت * ئاوی حەیات
چل چرای ئیسلام * نوور و نەجات * ئیقباڵ نامە

www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

سەرچاوەی ئایین

یا

کۆمەڵە دانراوە ئایینی یەکانی

مەلا عبدالکریمی مدرس

ئیمانو ئیسلام • ئەساسی سەعادەت • ئاوی حەیات
چل‌چرای ئیسلام • نوورو نەجات • ئیقبال‌نامە

مافی لە چاپ دانەوەی بە کۆمەڵو ، بەیەکەیەکە
هی دانەرە

دار المثنى للطباعة والنشر ببغداد
تلفون ٨٨٨٩٤٩٧

www.iqra.ahlamontada.com

مرکز پخش سنندج پاساژ عزّتی کتابفروشی شیخی
تلفن: ۲۵۳۸۲

ناوی کتیب : سەرچاوی ئایین
نوسراوی : ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس
تیراژ : ۳۰۰۰ دانە
ناشر : ئینتشاراتی کوردستان
چاپخانەی : امین
پیت چنی : ئەحمەد لە سنە

www.iqra.ahlamontada.com

سـەرەتا

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

خوێنەری کوردی بەرێز !

ئەم کۆمەڵە کتێبە کورت کورتانە ، کە جارێکی تر بە شێوەیەکی جوانتر دەخرێنە بەردەستتان ، هەریەکەی لە کاتێکی تایبەتی‌و باری جیاجیادا لەچاپ دراون‌و ، بەناو برا کوردە موسوڵمانەکاندا بڵاو بوونەتەوەو جێی خۆیان کردوتەوە ·

وا ئێستە لەبەر ئەوەی کە لە زۆر لاوە داوای لەچاپدانەوەیان لێ ئەکردم‌و ، بە نیازی ئەوەی کە بە شێوەیەکی فراوانتر گەلی کوردی موسوڵمان سوودی لێوەربگرن ، هەموویانم لە یەك بەرگدا چاپ کردو ، چاوێکی پەلەم پیاخشاندەوە · هیوادارم کە جێی ڕەزامەندیت بێت‌و ، خۆای بەخشندەو میهرەبان بیکا بە هۆی ڕێنموونی‌و سوودی گەل‌و ، ئیمەش لە تاوانی بێ‌پایان عەفو بکات‌و بمانخاتە ژێر باڵی بەزەیی خۆیەوە ·

هێزو تواناو سەرکەوتن هەر لە خوداوەیە ·

[عبدالكريم]

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

١

ئیمان و ئیســـلام

www.iqra.ahlamontada.com

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

حەمدو ئەنای عام بو خودای عـەللام
صەلەوات لەســەر سەییدی ئـەنام

حەزرەتی ئەحمەد صاحبی ئیســـلام
هەم لەســـەر ئالو ئەصحابی کیرام

(وَبَعْدُ) فـەرزە لەســـەر خاص‌وعام
عیلم بە ئـەرکان ئیمان‌و ئیســـلام

(اَلْاِسْلاٰمُ أَنْ تَشْـهَدَ اَنْ لاٰ اِلٰهَ اِلاَّ اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ، وَتُقِيمَ الصَّلاٰةَ ، وَتُؤْتِيَ الزَّكاٰةَ ، وَتَصُومَ رَمَضاٰنَ ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ اِنِ اسْتَطَعْتَ اِلَيْهِ سَبِيلاً) .

ئەرکانی ئیسلام پینجن بـە قـەرار
ئـــەووەل ئەمەیە کـە بکەی ئیقرار

بلێی (أَشْهَدُ) ئـــەزانم بـــە دڵ
بـە زبان ئـەلیم خوشتر لـە بولبول

(أَنْ لاٰ اِلٰهَ) هیچ مەعبوودی حـــەق
نی‌یە (اِلاَّ اللهُ) مـــەر ذاتی موطلەق

(واجِبُ الْوُجُودِ) بی شەریك بی باك
مەوصووف بە کەمال ، لە خراپە پاك

(وَأَشْهَدُ) هــەم ئەزانم یـــەقین
بەزبان ئـەلیم بەحـــەیاو تـەمکین

(أَنَّ مُحَمَّداً) مەمدووحی موختـــار
لـە نەوعی بەشـــەر موبارەك ئاثار

www.iqra.ahlamontada.com

(رَسُولُ اللهِ)ی فوروستادەی حــەق
بو سەر ئینس‌و جین نیك‌و بەد موطلەق

ڕوخسار سپی‌و سوور ، لەطیف نوورانی
چاوڕەش‌و ظەریف ، گوشاد پیشانی

عەرەب ، قورەیشی ، هاشمی نەسەب
ئەشرەفی هەموو طایەفەی عـــەرەب

بی‌سیبەر ، وەك خور ، بالا موعتەدیل
نــاوی (مُحَمَّد) نـــەسبی عادیل

(عَبْدُاللّه) ٠ (عَبْدُالْمُطَّلِب) ٠ (هاشِـــم)
هــەم (عَبْدُالْمَناف) ناســینیان لازم

دایکی ئامینـــــە کچی وەهەبـــــە
ئـەم کوڕڕی زەهرەی عالی حەســەبە

موتەوەللید بوو لە مەککەی ئەنوەر
لە چل سالەدا بوو بە پیغەمبەر (ص)

لــەپاش چل‌ساله تا دوازده ســـال
دانیشت لە مەککە شای صاحیب ئیقبال

ئەوجار بۆ نەشری حوکمی ئەم‌دینە
هیجرەتی فــەرموو چووبو مەدینـــە

یازده ســـال ماوە لــە دارُالصَّـــفا
لــە شەصــــتوسی‌دا بوو موتەوففا

ڕوکنی دووهەمین پینج فەرز بە ئەدا
گشت ڕۆژو شــەوی بکەی بو خودا

www.iqra.ahlamontada.com

سی‌هـــەم سەرفیطرەو ، زەکاتی مالی
بە موستەحەق دان ، لە مننەت خالی

روکنی چـوارەم روژووی رەمەضـــان
پینجـــەم طـــەوافی کعبـــة الرحمان

لـــە عومرا یەکجار فەرضـــە زیارەت
لەسەر موسولمان بەشەرطی طاقـــەت

بو خـــەرجی ریگا کافی بی مـــالت
هــــەم بو نەفەقەی ئەهل‌و عـــەیالت

(وَالْإِيمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ
وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) .

١ ـ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ

ئەصلی ئیمانیش شەشە بە تەحقیق
ئـــەووەل ئەمەیە کە بکەی تەصدیق

بزانی خـــودا ووجـــودی حـــەقە
قـــەدیم‌و باقی تـــەنهای موطلەقە

خوی بەخوی بووەو ، هـــەروا ئەمینی
ئەمما غـــەیری ئەو هیچ‌کەس نامینی

بی میثل‌و شەریك ، بی‌ضیدو پیوەند
بێ دایك‌و بی بـــاب ، بی‌ژن‌و فرزەند

حاکمە بو ئەرز ، هـــەم بو سەماوات
خالیقە لـــەبو هـــەموو مـــەخلووقات

www.iqra.ahlamontada.com

نه جەوهەر ، نه جیسم ، نه وەکوو عەرەض
نه ئەبێ بـــە جیی حادیثەو مەرەض

جیهـــەتو جیگە بو ذاتی نیـــیە .
ذاتی لـــە ئەمروو سوبحەی بەرییە

کونهی ذاتی حەق لە عام مەستوورە
ناوی شـــەریفی غەیرە مەحصـــوورە

گەرچی هەزارو یەکن بـــە شوهرەت
نەودونویان بە سوننەت موثبـــەت

نایبینی بەچاو هیچ کەس لـــە دنیا
لاکین صـــاحیبی مـــەرتەبەی عولیا

یەعنی (محمد) صـــاحیب عیززو تاج
خودای چاوپی کەوت لە شەوی میعراج

لـــە قیامەتدا ثابتـــە روئیـــەت
بو موئمین ، لە سەر حەدیثو ئایەت
وُجُـوهٌ یَوْمَئِذٍ نَّاضِـرَةٌ اِلىٰ رَبِّهِـــا حَقّـاً نَاظِرَةٌ

صیفاتی حـــەوتن ، قەدیمن وەك ذات
خاریجن لـــە دەرك عەقلی مەخلووقات

لـــە ذاتی پاکی حـــەق جیـــا نابن
بوونو ، هـــەنو ، ئەبی هـــەر ببن

حەیاتو . عیلمو ، ئیرادەو ، قودرەت
سەمعو ، بەصەرو ، کەلام بە صیحەت

www.iqra.ahlamontada.com

زیندوی‌ی‌و ، زانین ، مه‌یل‌و ، توانین
بیستن‌و ، بینین ، گوفتوگوی شیرین

٢ ـ وَمَلَائِكَتِهِ

ئه‌صلی دووهه‌مین ته‌صدیقه‌و باوه‌رر
بــه مه‌لائیکه‌ی عــه‌للامی ئه‌کبـــه‌ر

جیسمیان له‌طیف‌و ، شه‌ریف ، نوورانی
پاك لــه ظولومات ، قووه‌ی نه‌فسانی

ئه‌توانن له خه‌لق خویان که‌ن ئیظهار
به‌هه‌ر صووره‌تی شیرین‌بی‌و موختار

جاجار جوبره‌ئیل لــه لای پیغه‌مبــه‌ر
به ره‌نگی دوحیه ده‌بوو موصــه‌ووه‌ر

گشت بــه‌نده‌و موطیع موحبی خودا
لــه کوفر به‌ری‌ی ، خالی لـــه گوناه

نه نیرو نه می ، نه ژن‌و نــه شـــوو
نه صاحیب په‌یوه‌ند ، نه به‌وه‌له‌د بوو

هیچ‌که‌س نازانی مه‌ر خودای ئه‌کبه‌ر
عه‌ده‌دیان له گشت مه‌خلووق زیادتر

له ئاســـمانا نی‌یه جی‌ی یـــه‌ك پی
ئیللا مه‌لـــه‌کی حـــازره له‌وجـــی

یا لـــه رکووعان یا لـــه سجوودا
یا غه‌رقن لـــه ناو به‌حری شهوددا

www.iqra.ahlamontada.com

هەرچی مـەخلووقی خودای غەفووره
یەك مەلائیکەی لەسـەر مەئمووره

بـە ئەمری خـودای عەلیمو خـەبیر
تەربیەی دەکا بـە نەهجی تـەقدیر

لە ڕوتبەی خویان قـەط ناچنـەدەر
بالیـان یا دووه ، یا سیو ، زیـاتر

بەعضـی بو بەهەشت خەزینەداره
بەسـەر ئەواندا (رِضْوان) سەرداره

نوزده طایەفـە ، یا نوزده نەفـەر
رەئیسیان (مالِك) مەئمووری سەقەر

کاتبی ئەعمـال عەدەدیـان چـوار
دوونەفەر بو شەو ، دوانیان بو نەهار

کاتبی چاکە لەسـەر شـانی راس
بو شەرر لە لای چەپ بی خیلافو باس

ئـەووەل حاکمە ، دووەم مەحکومە
دەلیلی ئەمـە تـەواو مەعلومـە

مەئمووری سوئال مونکەرو نـەکیر
هـەم عەذابی قەبر بو ئەهلی تەقصیر

لە مـەلائیکدا هـەن چوار ئەصناف
مەحسووبن شەرعەن بە ناوی ئەشراف

ئەم چوارصینفە بوت ئەکەم بەیان :
ئەوەلیان مەشهوور بـە کەرروبی‌یان

www.iqra.ahlamontada.com

صینفی دووهەمین صینفی روحـانی
سیٔهـەم حەمەلەی عەرشـی رەحمانی

عـەدەدیان چوارە لـە دەورەی دنیـا
قیامەت هەشتن ، بـە ئەمری خودا

چوارەم موقەررەب بارەگای جـەلیل
ئەمانە چوارن بـــە نەهجی دەلیـــل

شەخصی ئەوەلیان ناوی (جَبْرَئِیل)
حامِلی وەحیـەو ، ئەمینی تـــەنزیل

دووەم (میـکائِیل) رزقی بەدەستە
هەم ئەمری زەوی ، قەبضە یا بەسطە

سیٔهەم (عَزْرائِیل) قابیضی ئەرواح
مەئموری زورن ، موطیعو مـەللاح

چوارەم (اِسْرافِیل) مەئموورە بە صور
بە ئینتیظارە تا وەقتی دەســـتوور

صـــور شاخیکە ئەو فووی دەکا پیدا
بەقـەدەر ئـەرواح کونی واتیـــدا

دووجار بەو شـــاخا لیٔ ئەدا نەفەس
گشت زیندوو دەمرن بە ئەووەل نەفەس

بە دووەم نەفەس ســـەر دیننە دەر
بە ئەمری قەهھار ئەرون بو مەحشەر

لاکین حەمەلەی عەرشـــی بەتـەمکین
ئەشخاصی مەشهوور بە موقەررەبین

www.iqra.ahlamontada.com

پاش نەفخی ئەووەل ئەمرن سەراسەر
له پیش دووهەمدا سـەر دیننه دەر

عالەم ، لەوبـەینا ، چولو بـەطاله
ئەلین : ئەوبەینه موددەی چلسـاله

٣ ـ وَكُتُبِهِ

ئەصـلی سیهەمین تەصـدیقەو باوەر
به صـەدو چوار کتیبی ئـەنوەر

قەدیمو ، صەحیح ، بی عەیبو عوتول
نازل بوون بو سەر ئەفرادی روسول

دەله سەر ئادەم ، پەنجا له سەر شیث
سی‌ی نازل بووه له سـەری ئیدریس

ده بـو ئیبراهیم ، صـەده تـەواوه
ئـەم صەد کتیبه صـوحوفیان ناوه

تەورات بۆ موسا ، زەبوور بو داوود
ئینجیل بو عیسـا به ئەمری مەعبوود

قورئان له هەموان ئەشرەفو ئەمجەد
نازل بووەته سەر حەضرەتی ئەحمەد

لـه وەقتی نـزول تا ئاخر زەمـان
بەسەریا نایی تەحریفو کـەتمان

جەمیعی جینو مەلـەکو ئینسـان
ناتـوانن بلین نـەظیری قورئـان

www.iqra.ahlamontada.com

٤ ـ وَرُسُلِهِ

ئەصلی چوارەم تەصـــدیقەو باوەرر
صەدو بیستو چوار هەزار پیغەمبەر

موختاری خودان لـــەبو هیدایـەت
بی‌عیللەت بەمەحض فەضلو عینایەت

خودا هەناردی فیرقەی مورســـەلین
بو رەهنومایی ئـــەهلی ســەرزەمین

تەعلیماتیان کرد بە لەفظی شـیرین
بو ئینتیظـــامی کاری دنیـــاو دین

ئەصلو فەرعی دین ، ئەخلاقو سی‌یەر
هەرچی نافیع بی بو نەوعی بەشـــەر

بی‌پەروا لە ئێش طەعنەی پرر وەحشەت
بی‌باك لە دوشمن ، بی‌خەوفو دەهشەت

بو دەلیـل لەســـەر صیدقی ئەنبیا
موعجیزەی پیـدان خودا لـــە دونیا

موعجیــزە

موعجیزە کاری ئوممەت پێی نەکری
دەعوای نبـــوەتی پی تـەرویج بدری

پیغەمبەر : پیاوی، حورر بی، لە بەشەر
شەرعی پی‌دابی عەللامی ئەکبـــەر
بەعەقلو ئەدەب ، عیلمو حیلمو خولق
لەناو هاوعەصران چاکتر بی لە خەلق

www.iqra.ahlamontada.com

بو تەبلیغی شەرع گەر ئەمری هەیــە
ئەوە (رَسُول)ە ، وەر نا (نبی)یە

بزانە : لە ئەصـــل وەصفی نبووەت
لــــەناو ئەنبیا نی‌یــە تـــەفاووت

گەر بەیەکێکیان تو نەت‌بی تەصدیق
ئیمانت نی‌یــە راستی‌و بــە تەحقیق

نەبی‌ی لـــە خەودا قــەلبی بیــداره
لــەپاش مردنی زیندوو هوشـــیاره

خـــاك نارزینی جیسمی پاکیــــن
ضــــەرەری ناگا بــە ئیدراکیـــان

هیچ کەس لە جینن‌و مەلەك‌و ئینسان
ناگاتە میزان مەرتەبـــەی ئــەوان

ئـــەمما ثابتـــە لە بەینی خویــان
شەرەفی بەعضی لە سەر بەعضیکیان

ئەحمەدی موختــار رەئیس جـــەمیع
باقی ئولولعەزم لــە بــاقی رەفیــع

نوح‌و ، ئیبراهیم ، موسا ئولولعەزم
عیساو ، موحەممەد بزانە بــە جــەزم

دروستە ، بەشەرع ، بلی ئەفضلەلە
لە غەیره مورسەل هەرکام مورسەلە

سیصەدو سیزدە ، یا یازدە رەسوول
لە شەریعەتدا سی‌وسی‌یان مەنقوول :

www.iqra.ahlamontada.com

ئادەم، شیث، ئیدریس، نووح، هوودی جەلیل
صالح ، ئیبراهیم ، لووط ، ئیسماعیل

ئیسحاق‌و، یەعقووب، یووسف‌و، ئەیووب
شوعەیب‌و ، مووسا رەسوولی مەحبووب

هاوون‌و ، خضرو ، یوشەع ئیبنی نون
ئیلیاس، ئەلیەسەع، ذولکیفل‌و، شەمعوون

ئیشموییل، یوونس، داوودو، لوقمان
زەکەریاو یەحیاو ، شاهی سولەیمان

حەضرەتی عوزەیر ، عیسای بن مەریەم
لە پاش ذولقەرنەین سەییدی عالەم

لەسەر ئەوان بی صەلات‌و سەلام
بەقەد مەعلومات ئیلاهی عەللام

بەلام حەرزەتی ئەحمەدی موختار
لەسەر ئەنبیاو روسولە سەردار

چونکە شکستی هەرگیز نەهاوورد
لە غەزای دوشمن پشتی هەل‌نەکرد

شەو بە بیداریی لەگەل جوبرەئیل
سواری بوراق‌بوو بە ئەمری جەلیل

لە مەککەوە تا (بیت الْمُقَدَّس)
لەویوە هەتا بارەگای ئەقدەس

لە پاش گوفتوگوو خیطابی ظەریف
هەرشەو هاتەوە بو مەککەی شەریف

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوفەضلە خودا لەگـەل ئـەوی کرد
نایێتە بەیان بەصەد دەسـتو برد

خـودا ئەمری کرد بـە پێغەمبەران
ئەگـەر بیبینن پێی بێنن ئیمـان

وەرنە بفەرموون بە هەموو ئوممـەت
حاضر بن لەبو ئیطاعەی حـەزرەت

هـەم ئـەو خاتیمـە بۆ پێغەمبەران
دینی ناسیخە بو هـەموو ئـەدیان

عیسا لە عەهدی مەهدی دیتە خـوار
دینی موحەممەد چاك دەكات ئیظهـار

هەم ئـەو رەحمەتە لـەبو عالەمین
مەبعووثە بوسەر ئینسو جینن یەقین

بەلاّم غـەیری ئـەو لـە پێغەمبەران
هـەریەك بو بەعضـی رەوانە كران

هەم خاصەی ئەوە ئەووەل شەفاعەت
وەقتی زەلزەلەی روژی قیامـەت

کەوثەر ، وەسیلەو ، فەضیلەی عولیا
روئیـەتی خـودا لـە هەردوو دنیـا

ئەخلاقی باشـی سەییدی سـەروەر
هەم موعجیزاتی نایێتـە دەفتـەر

دینی شـەریفی خـەیرولئەدیانە
ئوممـەتی چـاکتر لـە ئوممەتانـە

www.iqra.ahlamontada.com

باسی خەلیفەکانی پیغەمبەر (د٠خ)

ئەعلای ئوممەتی رەفیقی شـــەفیق
خەلیفەی ئەووەل بووبەکری صددیق

نـاوی عبداللە ، بـاوکی عوثمانـــە
بابای عامـــیرە ، باشـی بزانـــە

دایکی (أُمُّ الْخَيْر) سەلمای کچی صەخر
کورری عامیری صاحیب عیززو فەخر

بە ئیجماعی عام پاش فەوتی حەزرەت
قـرار درا بوی روتبـەی خـەلافەت

دوو سالو سی مانگ خەلافەتی کرد
لە سالی سیزدەی هیجرەت فەوتی کرد

عومری شەصتوسیی وەک (رَسُولُ اللّه)
مەدفوون بوو لە لای بە لوطفی (اَللّه)

خەلیفـــەی دووەم عومەری فارووق
مەحبوبی خودا ، خـەلیفەی مەوثووق

دایکی خـــەنتەمە باوکیشی خەطّاب
بابای نەوفەلە بە علیمی ئەنســـاب

بوو بە خەلیفە بە ئـــەمری صدویق
بەیعەتیان پی کرد ئوممەت بە تەحقیق

دە سالو شەش مانگ خەلافەتی کرد
عومری شەصتوسی کـە وەفاتی کرد

www.iqra.ahlamontada.com

له حوجرەی عولیای سەییدی سەروەر
لای ئەبوبەکر مەدفوونە عومەر

حەزرەتی عوثمان صاحیب وەفاو بەین
خەلیفەی سیھەم ، لە قەب (ذِی‌النُّورَین)

باوکی عەففانە ، بابای ئەبولعاص
دایکی ئەروا ناو ، بی‌خیلافو باس

بە وەجھی شوورا جەزرەتی عومەر
فەرمووی : خەلافەت ببی موقەررەر

لەپاش مەشوەرەت پی‌یان‌کرد بەیعەت
دامەزرا لەسەر روتبەی خەلافەت

ئیللا دوانزە روژ لە دوانزە سال
خەلافەتی کرد بە عەدلو ئیقبال

عومری هەشتاو دوو ، شەهید بوو رەفیع
نیرژا لە خاکی (جَنَّةُ البقیع)

خەلیفەی چوارەم صاحیب ئیشتیهار
حەزرەتی عەلی ، حەیدەری کەررار

شەریفو ، شەجیع ، عالی مەطالیب
باوکی مەشهوورە بە ئەبوو طالیب

دایکی فاطیمە کچی ئەسەدە
زاواو ئاموزای حەزرەتی ئەحمەدە

موددەی خەلافەی چوارسالو نومانگ
شەهیدکرا صوبح، عەینی وەقتی بانگ

www.iqra.ahlamontada.com

عومری شەصتوس ، مەدفوونی کووفە
بەعضیکیش ئەلێن : غەیرە مەعرووفە

خەتمی خولەفاء حەرزەتی حەســـەن
دوای ئەو حوسەین شەهیدی ئەحسەن

لـــە حەدیثایـــە عائیشـــەی حـــەمراء
خەدیجەی کوبرا ، فاطیمەی زەهـراء

ئاسیەی عەذراء ، ســـەییدە مەریەم
چاکترن لـــە ژنان ئـــەولادی ئـادەم

لە دوای ئەمانە ئەصحابی حـــەرزەت
ئەوانەی موژدەی پیدان بە بەهەشت

ئەمجار سیصەدو سیزدەی ئەهلی بەدر
هەم ئەهلی ئوحود، صاحیب فەضلو قەدر

لەوەپاش صەحبی (بَيْعَةُ الرِّضْوَانِ)
رَضِـيَ اللهُ عَنْهُـــمُ الرَّحْمـــٰـان

بەم تەرتیبە فەضـــل بـــە بێ خیلافە
بە دەئبی سوننەت (حَقُّ الإِنْصَافَه)

ئـەبێ هـــەموویان بـــەچاك بزانی
جەســـارەت نەکەی گـــەر بە ئیمانی

ئیمامـــەت

واجبە ئیمـــام بو قەومی ئیســـلام
پیاویکی ئازاو ضـــابط بو ئەحکام

www.iqra.ahlamontada.com

عاقڵو عادل قورەیشـــی نەســـەب
رەشیدو شەجیع ، زور عالی حەسەب

ئەر مومکین نەبوو ذاتی وا جـــەلیل
با شەخصی تر بی، دەخیل صەد دەخیل

تا خالی نـەبی ئیسلام لە ئیمـــام
صەدەمەی زورە ، باقی وَالسَّـــلاٰم ·

ئیجتیهـاد

موجتـەهیدینی دینـی پیغەمبـــەر
عالم بە کیتاب ، سوننەتو ، سی‌یەر

چواریان مەذهەبیان تەدوین کـراوە
تـەقلیدیان بو عـــام جـائیز دراوە

ئـەبو حـــەنیفە ئیمامی ئـــەووەل
مالیك ، شافعی ، ئەحمەد بن حەنبەل

هەرکەس تابیع بی بـە یەکی لەوان
بی‌خەطەرەیـە ؛ موصـیبن ئـــەوان

ئیعتیقـاد

شیخی ئیعتیقاد یەك (اَبُو الْحَسَن)
دووەم (اَبُو مَنْصُور) ئیامی ئەحسەن

ئیهتیمامیان کـرد لـە ری‌ی خودادا
ئەم لە سەمەرقەند ، ئەو لە بـەغدادا
بەعەینی دەئبی صەحابەی ســەلەف
بەیانیان فەرموو عەقیدەی خەلـــەف

www.iqra.ahlamontada.com

هەرکەس تابیع بێ بە یەکی لـەوان
عەقیدەو دینی صـــەحیحەو جـوان

ئـــەولیا

طەریقی هـــەموو ئـەولیا حـــەقە
ئادابیان لەگـــەل شـەرع مووافیقە

کەرامـەتیان بێ عـەددو شـــومار
ثابتە بە شەرع ، دیســـان بە ئاثار

هەرکەســـــی کـاری ناموافیقــە
شەرعەن ، نەك وەلی ، بەڵکو فاسـقە

لـە ئـەهلی قیبلە کەســـی بـەکافر
مەزاتە ، تا کوفر لیی نـــەبی ظاهیر

هەم لەعنەت لەسەر (مُعَیَن) هەرگیز
ئـــەرچی کافر بی نـــەدراوە جائیز

تا بەتـــەحقیق و یـــەقین نـەزانی
خەتمی بـە کوفرە ، نەك موسلمانی

٥ ـ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ

ئەصلی پینجەمین بـــە ئیستیقامەت
تەصـــدیقت ببی تو بـە قیامـــەت

نیشـــانەی زورە روژی قیامـــەت
بوت بەیان دەکەم عومدەی عەلامـەت
خەسفی لە شەرقا خەسفی لە غـەربا
یەك لە جـەزیرەی عەرەبی عـــەرباء

www.iqra.ahlamontada.com

بڕووزی فیتنەو ، کوفـری سوفیانی
ظهووری مەهدیو مەولای یـــەمانی

خروجی دەجـــال گومرای بەدئەنجام
نزوولی عیسـا بۆ ئەراضیی شـــام

(يَأْجُوج) و (مَأْجُوج) هەم (دَابَّةُ الأرْض)
دونیا دەگەڕرین، تەواو، طوولو عەرض

ڕوژ لـە مەغریبو سـەر دینیتە دەر
دووکەلیک دونیا دەگری سەرانسەر

ئاگری لە عەدەن باش دەکا ظهـوور
(فَإِسْرَافِيلُ يَنْفُخُ فِي الصُّــــور)

ئـەم عەلاماتە دینەجی یەکســــەر
(نَطَقَ بِهَــا صَـــحِيحُ الأثَـــر)

ئەوزاعی قـەبر

بۆ مردوو دیتۆ ، لە قەبر ، حـــەیات
(يَـدْرِي الحَسَــنَاتِ مَعَ السَّـيِّئات)

نەکیرو مونکەر زور بـە ئیستیعجال
نازل دەبنە لای ، لیدەکەن سؤال :

خودات ، رەسوولت ، ئیمامت ، دینت
کی یـەو ؟ کامەیە ؟ چی یـە ئایینت ؟

گـــەر جوابی داوە ئازاو ئامـــادە
(فَوْراً) قەبرەکەی دەبی گوشـــادە

www.iqra.ahlamontada.com

دەبینی بـــە چاو ، بەعەقڵو بەهۆش
جێی خۆی لە بەهەشت، زۆر شیرینو خۆش

ئەگـــەر نەتوانی بەیانکا جـــەواب
لێی ئەدەن بـــەگورز ئامادەی عەذاب

غەیری جینو ئینس دەنگی ئەژنەوی
(فَوْراً) بی غایەت قەبری تەنگ ئەوی

پالووی راستو چەپ ئەچن بەیەکدا
جێی خۆی دەبینی لـــە جەهەننەمدا

بەعەذابی سەخت ، بەلاو نەدامـــەت
گورفتار ئـــەبی ، هـــەتا قیامـــەت

حەشـــر

ئەمە (بَرْزَخَە) تا وەختی مەحشـــەر
ئـــەوجا (مِعادَە) تو بکـــە باوەرر

ئەعضـــاء دیتەوە لەگوشتو پیشـــە
خوینو پیستو موو هەم رەگو ریشە

وەك لە دونیادا جەمع ئەبن یەکجـــار
ئەچن بو مەحشەر بە ئەمری قەهار

دەفتەری ئـــەعمال

ئەمجار وەك طەیران بە نەصی ئەقوال
لە ئەطرافو دیت دەفتەری ئـــەعمال
هەرکەس سەعیدە بە قەدرو شەرەف
ئەدریتە دەستی راستی بی ئەســـەف

www.iqra.ahlamontada.com

هەرکەس شەقی بی ئەخریتە مشتی
دەفتەر لەلای چەپ ، یا لە دوای پشتی

حیســابی ئەعمال

جا ئەکری حیساب بو جینن و ئینسان
هەر عەمەلی بی : بەد بی یا ئیحسان

بەعضــی لە نامــەی عەمەلدا موثبەت
بەعضی ئەعضای خوی ئەدا شەهادەت

بــەعضی گوناهان کــەس نایانبینی
خودا بــــە علمی خــوی دەینوینی

ئــەوجار ترازوو دینن بو تــــەرجیح
ئەو ترازووە ، بەقەولی صــــەحیح ،

تای حەسەناتی وەك بــــەدری مونیر
تای ســەییئاتی ظولماتە ، وەك قیر

سووکی بەرەو خوار ، قورسی بەرەوژوور
ئەروا ، بە عەکسی ترازووی مەشهوور

عیقابو سوئال

لــەوەدوا خودای عـــەلیمو خــەبیر
دیتە سەر عیقاب لــە ئەهلی تەقصــیر

پرسیار دەکا لە مەخلووق یەك یەك
لە بەنی ئادەم ، لە جینن ، لە مەلــەك

لە جەمعی روســولِ دەپرسی موبین :
(بَلَّغْتُــمْ حُكْمِــي لِلْمُكَلَّفِـــين ؟)

www.iqra.ahlamontada.com

له عوله‌مایان ئه‌پرسی یه‌کسه‌ر
له ئه‌مری مه‌عرووف، نه‌هی له مونکه‌ر
له عامه‌ی ئوممه‌ت ئه‌پرسی به‌عام
له ئیطاعه‌ی قه‌ول عوله‌مای ئه‌علام
ئه‌پرسی به قه‌هر له ئه‌هلی بیدعه‌ت :
بۆ داتان‌هینا فه‌سادو بیدعه‌ت
ئه‌مجا ئه‌مر ئه‌کا به جه‌زای ئه‌خیار
هه‌م به عه‌ذابی فه‌سه‌قه‌و ئه‌شرار
شه‌فاعه‌ت هه‌یه ، ئه‌یکه‌ن به‌بی شك
نه‌بی‌و ، وه‌لی ، صالحو ، مه‌له‌ك
روژی قیامه‌ت له بۆ گوناهبار
پینج‌جار شه‌فاعه‌ت هه‌یه به قه‌رار
یه‌که‌م : ئیستیعجال بو جیگه‌ی حیساب
دووه‌م : ئاسانی‌ی سؤئال‌و جه‌واب
سی‌هه‌م : خه‌لاص‌بوون له هه‌ولی مه‌حشه‌ر
چوارەم : ده‌رچوونی که‌سی له سه‌قه‌ر
پینجه‌م بو ته‌رفیع مه‌قام له به‌هه‌شت
ده‌رجه‌ی به‌هه‌شت ئه‌گه‌یین به هه‌شت
موسلمان به‌پی‌ی عه‌مه‌ل‌و ره‌فتسار
له‌وده‌ره‌جانه بوی ئه‌دری قه‌رار

www.iqra.ahlamontada.com

(صِراط) پرد

دوای ئەمــە پردی دائەنری بە راس
باریكتر لــەموو ، تیژتر لــە ئەلماس

جیگــەی ئەوپردە وا لەسەر ســەقەر
بەسەریا ئەكــەن مەخلووقات گوزەر

بـــەعضی دەخزین تا دەكەونە خوار
لـــە جەهەننەمدا ئـــەبن گوروفتار

بەعضی میثلی بەرق، بەعضی وەك بای وەشت
لی ی عوبور دەكەنم دەچن بو بەهەشت ٠

كە چوونە بەهەشت مەخلووقات یەكسەر
بە ئیستیراحەت ئەچنە سەر كەوثەر

كــەوثەر

كەوثەر حەوضیكە ئاوی ئەو لە شیر
سپی تر ، بویشـــی خوشتر لــە عبیر

هەركەس هەزار سال لە جەهەننەم بی
موبتەلای ئیشو دەردو ئەلـــەم بی

كە ئاوی خواردو لە حەوضی كەوثــەر
قەط تینووی نابیّ بە (نصّی خەبەر)

بەهەشتو جەهەننەم

بەهەشتو سەقەر ئیستە مەوجوودن
لــە قورئاندا زور زور مــەعدوودن

www.iqra.ahlamontada.com

مەوقیعی بەهەشت لە ژور سەماوات
سەقەر لە زەوی ، لە ژیر طەبــەقات
بــەلام فەرموویە کوردی مــەعنەوی
(شیخ عَبْدُالرَّحِیم) لەقەب (مەولەوی) :
نەصیکی صـــە ریح هیچ نی‌یە دیار
لـــەبو تەعیینی جی‌ی جەننەت‌و نار
حــەق وایــە دەمیان هیچ لی نــەدری
تەفویض بە عیلمی ذاتی حــەق بکری

٦ ـ وَبِالْقَدَرِ خَیْرِهِ وَشَرِّهِ

ئەصلی شەشــەمین ئیمان بە قــەدەر
یەعنی هەرچی حەق کردی موقەددەر ـ
دیتـــە وجـودۆ بی‌کـــەم‌و زیـاد
خـالیق خودایـەو کاسـیبە عیبـاد
کەسبت لەبو کار ، بە مەذهەبی حەق ،
خـارجی ناکا لـــە ئیرادەی حـــەق
هــەرچی مەیلی بی خودا روونــەدا
هەرچی مەیل نەکا قــەط نابي پەیدا
گەر ئەهلی دنیا مەیل‌بکەن یەکســەر
یەكموو کـــەم ناکەن یا خوود زیاتر
رازی‌یە بە خەیر نارازی لە شـــەرر
بو ئاســـانی کار ئـــەوە تەفیق‌دەر
ئەگەر مــەیلی بی ئـــەدات هیدایەت
بو ریگەی خەیرت ئەکا عنایـــەت

www.iqra.ahlamontada.com

کاری ئەنفەع بی بو شەخصی کاسـب
لەسەر ذاتی حـەق هیچ نی‌یە واجب

ئەتوانی بیکا تـەعذیبی موطیـع ،
عاصـی بباتە مـەقامی رەفیـع

چون مالیکی مولك موتەصـەرریفە
ئەمـە ئـەزانی هەرکەس عارفـە

هەموو تەکلیفی پی‌دەکری لە خـەلق
هیچ واجب نی‌یە لەسەر ذاتی حەق !

خیلافی ئـەمە خیلافـەو جـەهلە
خـودا چی‌دەکا فەضلە ، یا عـەدلە

وایە عـەقیدەی ئەربابی سـوننەت
(اَصْحابُ الرَّسُولِ ، آلُ الْکَرامَـةِ)

(کەریم) بەم رەئیە لە حەق راجی‌یە ـ
داخل‌بیتـە ناو فیرقـەی ناجی‌یـە

یا رەهنومای خیر کاربەدەس ئاسـان
فەیاضـی موطلەق بو عام‌و خاصـان

بم‌بەخشە بە فەیضی شاهی ئەنبیاء (ص)
بە نووری سینەی صافی ئەولیـاء

لادە لە قـەلبم رەشی‌ی نەدامـەت
خاتیمەم بینە بـە فەیض‌و رەحمـەت

روژی جومعە ـ دەهەمی مانگی‌رەمەزان
سالی ١٣٥٢ی کوچی ـ خانەقای بیارە

www.iqra.ahlamontada.com

٢
ئەساسی سەعادەت

www.iqra.ahlamontada.com

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

لەپاش حمدو ثناي ذاتی خوا وە تقديمي صلاةو سلام بو روحي حضرتی محمد (ص) وە بو روحي هەمو آلو أصحابی بزانن : ئەمە دفتريكە ناوی (ئەساسی سعادتە) چەند سـؤالو جوابيكي دينيـەي تيدا نوسراوە بو شارەزايی مندالانی اسلامي كوردزبان ·
رجائەكەم خواي تعالی بيانكا بە ئەساسي سـعادت واقبال ·

(اَلْاِسْـلامُ أنْ تَشْهَدَ أنْ لا اِلٰهَ اِلاَّ اللهُ وَأنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ وَتُقِيمَ الصَّـلاةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكاةَ وَتَصُـومَ رَمَضانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ اِنِ اسْتَطَعْتَ اِلَيْهِ سَبِيلاً) ·

ئەم حديثە مقدسە هەمو ئەركانی اسلامي تيدايە·
با لەسەر ترتيبي ئەم كلامە زەريفە بروين بەريدا ·

س١ ـ بناغەی اسلاميّت لەسەر چەند چشتە ؟

ج ـ بناغەی اسلاميّت لەسـەر پينج چشتە ، يەكەم دوو كلمەی شهادت · دوهـەم پينجفرضـەی نويژ لەهەمو شەوو روژيكا · سیهەم روژوی مانگي رمضان لە هەمو سـاليكدا · چـوارەم عطاكردنی زەكاتو سەرفطرە بـە مستحقان · پينجـەم حجو عمرە ، يانی طوافي بيت الله لە مكەی مكرمە ، بەوآدابە شرع بيانی كردوە :

١ ـ **أَشْهَدُ أنْ لا اِلٰهَ اِلاَّ اللهُ وَأنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ·**

س٢ ـ معناي دوو كلمەی شهادەت چييە ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ـ معنای کلمەی یەکەم ئەمەیە بەدل باوەررم هەیە وە بە زبان اقرار ئەکەم هیچ ذاتی نیە عبادتی بوبکري بەحق الا ئەوذاتە نەبی کە ناوي (الله)یە ٠ معناي دووهەم ئەمەیە بەدل باوەررم هەیە وە بـــە زبان اقرار ئەکـــەم بەمە کە حضـــرتی محمد (ص) پیغەمبەري خوایەو ، خواي تعالِی رەوانەی کردوە بە پیغەمبەری بوسەر انسانو جنو ملائکە ٠

س٣ ـ نسبي پیغەمبەر (ص) کامە ؟

ج ـ پیغەمبەر (ص) کوری عبدالله یەو ، عبدالله کوری عبدالمطلبە ، عبدالمطلب کوری هاشمە ، هاشم کوری عبدالمنافە ٠ دایکی ناوي آمینەیە ، آمینە کچی وهب ، وهەب کوری عبدالمنافە ، عبدالمناف کوری زهرەی کوری کیلابە ، لـــە میللەتی عەرەب وە لـــە طائفەی قریشن ٠

س٤ ـ پیغەمبەر (ص) لـــەکوی لەدایكبووەو بووە بە پیغەمبەر وە لە کوی متوفا بووە ؟

ج ـ پیغەمبەر (ص) لە شاری مکە لە دایكبووە، هەر لە شاری مکە لە عمری چلســـالیدا بووە بـــە پیغەمبەر لەپاش چلســـالە دوازدەســـال لە مکەدا ماوەتەوە ئەمە پەنجاودوسال ، لەووختەوە تشریفی رویشتووە بو شاری (مدینەی) منورە یازدە سالیش لە مدینە بووە ئەمە شەستو سیسال لەوعمرەدا لە مدینە متوفابووە ٠ مرقدي مبارکي لە شاری مدینەی منورەیە ٠

www.iqra.ahlamontada.com

س٥ ـ هیئتی پیغەمبەر (ص) چون‌بووە ؟

ج ـ هیئتی زور جوان‌و شـیرین بووە شمایلي ذاتی مبـارکي قسـمیکی عادتی بووە قسـمیکی غیرەعادەتی ۰ اما ئـەو قسمەی کـە عادەتی بووە ئەمەیە : سەری مبارەکی گەورە بووە ، موی رەش بووە هەندی جار گەیشتوەتە سەرشانی وە بعضـی جار لەوە کەم‌تر بووە تاشیویەتی ، تەویلی پان بووە ئەبروی دریژو باریك‌و پر مو بوون ، چاوانی گەورەو رەش بوون برزانگیان زور بووە لە سپیائی چاوانیا خالیکی سور بووە ، اغلب تماشای زەوی کردوە روی مبارەکی گرد بووە رەنگی سورو سپی بوە ریشی پر بووە ، موی سپی لە بیست‌مو کەم‌تر بووە ، زبانی فصیح بووە ، دەنگی خوش بووە ، پیکەنینی تبسـم بووە ، هەرگز قهقهەی نەبووە ، لە وەختی شەونویژو قرآن خویندنا گریانی بووە ۰

وأماشمایلی غیرە عادەتی ئەمە بوە :

ئەگـەرچی ذاتاً بالای معتدل بووە لەگـەل هەرکەسی راوەستابی بالای لەوکەسە بەرزتر بووە ، لە هـەتاوا سیبەری نەبووە ، مخلوقي لـە پشتی سەرەوە بینیوە ، تفی شفای زام بووە ، چوار دفعـە حضرتی جبرئیل علیە السلام قلبی مبارەکی لـەت کردوەو شوریویەتەوە وەپری کردوە لـە نوری معرفت : لە عمري سی‌سالی‌دا ، لە عمري دەسالی‌دا ، لە عمری چل‌سالی‌دا ، لە عمری پەنجاویەك‌دا ۰ لـە

www.iqra.ahlamontada.com

ناوشانیدا بەلای چەپەوە موری نبوەت بووە بـــە قـــدری هیلکە کوتری ، علمای اســـرار فرمویانە لیینوسراوە (تنجنج هیصور) یعنی روبکە لە خوا بە راستی تو ذاتیکي نصرت دراوي ٠ لـــە راوەستانا هـــەردو بـــەری دەستی گەیشتونەتە ئەژنوی ژیری پیی ساف بوون ، بینی بـــەدەنی مبارەکی ئەوەندە خوش بووە لەهەر مجلسیکا دانیشتبی ئەو مجلسەی معطر کردوە ٠

٢ ـ (وَتُقِيمَ الصَّلاةَ)

س٦ ـ پینج فرضە لە چە وەختیکا واجب کراون ؟

ج ـ واجب کـــراون لـــە شـــــەوی معراجي بیستوحەوتەمی مانگی رجبدا سالیك‌و شـــەش مانگ لە پیش هجرتی حضـــرت (ص) لە مکەوە بو مدینـــە ٠

س٧ ـ ئەمفرضانە ناویان چییە ؟

ج ـ ناویان ، صبح ، نیوەررو ، عصر ، مغرب ، عشایە ٠

س٨ ـ ئەم فرضانە یەکی چەند رکاتن ؟

ج ـ صبح دوو رکات ، نیوەررو چوار ، عصـــر چوار ، مغرب سی ، عشاء چوار ٠

س٩ ـ شرطی واجب بونی نویژ چییە ؟

ج ـ شرطی واجب بونی سیشتە ، اســـلام

www.iqra.ahlamontada.com

بلوغ ، عقل • کەوابی نویژو باقي احکام لەسەر کافرو مندالو شیت واجب نین •

س١٠ ـ شروطي نویژ چەندیکن ؟

ج ـ شروطی نویژ پینجن ، یەکەم پاکی بدنو لباسو جیگە نویژە لە هەر پیسیە ، کە عفوي لی نەدرابی • دووهەمداپوشینی عورتە ، کە بو پیاو مابیني ئەژنوو ناوکەو بو ژن همو بدنە الا دەمو چاوو دستی نەبی ، کە لە نویژا عورت نین ئەما لە غیري نویژ همو گیانی عورتە لازمە درنەکەوي و دایپوشی بو ئەوە گونەهبار نەبی • سیهەم دست نویژی ببیو جەنابەتو لەشگرانی بەسەرەوە نەبی • چوارەم هاتنی وقتي نویژەکەیە • پینجم رووکردنە لە قبلە •

(س ١٠) فرضی دەستنویژ چەندە ؟ (ج) فرضی دەست نویژ شەشن : یەکەم نیتی لابردنی بیدەستنویژیە لە وقتی شورینی دموچاوا • دوهەم ، شورینی هەموو دەموچاوە بەپانی مابینی هەردو گویچکەیە ، وە بە دریژی مابینی موی سەرو انتهای چەناکەیە • سیهەم شورینی هەردو دەستە لەسەر پەنجەوە تا ئەوپەرری ئەنشك • چوارەم مسحي بعضیکە لەسەر • پینجەم شورینی هەردوپییە بە هەر دو قولەپیوە • شەشەم رعایتی ئەم ترتیبەیە •

س١١ ـ شروطی غسل چەندیکن ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ــ شروطی غسل دوانن · اول نیتی لابردنی حکمی لەش‌پیسی‌یە لە اول شــورینی اعضـــاوە · دووەم‌شورینی هەمو اعضایە چە پیست‌و چە مو ·

س١٢ ــ ئەوشتانە دەس‌نویژ ئەشکینن چەندن ؟

ج ــ ئەو شتانەی دەس نویژ ئەشکینن چوارن · یەکەم دەرهاتنی شتیکە لە پیش یا لە پاش · دوهەم نوستنە بەم‌شــرطە ژیری خـــوی لــە زەوی محکم نەکردبی · سی‌هەم ئەمەیە دەس بدا لە عورتی خوی ، یا عورتی کەسیك بەبەری دەست · چوارەم ئەمەیە پیستی ژن‌و پیاوی نامحرەم بەیەك بگەن ·

س١٣ ــ وەختی ئەم‌پینج فرضانە کامەیە ؟

ج ــ وەختی صبح لە روژەوەبون تا خور ئەکەوی · وەختی نیوەررو لە اولی لادانی روژە لــە ناوەراسنی آسمان هەتا سیبەری هەرچشتی بەقدری ئەوچشتەی لی‌بی بیجگـــە لە سیبەری وەختی استواء · وەختی عصرلەم‌وەختەوەیە تا خور آوا ئەبی · وەختی مغرب لە خورآوابونەوە تا سوری قەراغی آسمان گـــوم ئەبی · وەختی عشا لەم‌وەختەیە تا طلوعی فجر یانی روژەوەبون ·

س١٤ ــ ئەرکانی نویژ چەندن ؟

ج ــ ئەرکانی نویژ چواردەن : یەکەم نیتە یانی قصدی کردنی فرضی ئەو وەختە بەدل · دووم اللّٰه‌اکبر بەم شـــرطە لەگەل ووتنی ئـــەم لفظە نیتەکـەی

www.iqra.ahlamontada.com

لەدل‌دابی · سی‌هەم خویندنی فاتحەیە لە هــەمو رکاتیك‌دا الا رکاتی کەسی نەبی کە امام لی‌ی‌پیش کەوتبی · چوارەم راوەستانە بو کەسی قدرتی ببی لە وەختی خویندنی فاتحەدا · پینجەم رکوعە یعنی دانەوینەوە ئەوندە انسان هەردو بــەری دەستی بگاتە ئەژنوی · شەشەم اعتدالە یعنی بەرزبونەوە لەم‌حالە بو وضعی راوەستان · حەوتــەم سجدەی اولە بەم‌نوعە هەردو ئەژنوی وە هەردو بەری دەستی وە هەردو سنگی پی‌ی وە تەویلی بەروتی لەسەر جیگە نویژەکەی دانی · هــەشتەم دانیشتنە لــە پاش ئــەم‌سجدەیە · نوهەم ســجدەی دوەهەمە وەکو سجدەی اول · دەهەم قرارگرتنە لە رکوع‌و اعتدال‌و هەردو سجدەکان‌و دانیشتنی مابین‌یان · یازدەهەم تحیاتی آخر · دوازدەهم صلاواتە لەسەر حضـرت (ص) لەپاش تحیــاتی آخر · سیزدەهەم ســلام دانەوەی اولە · چواردەهەم ملاحظەی ئەم‌ترتیبەیــە کە بەیانمان‌کرد : مثلا الله اکبر لــە پیش خویندنی فاتحەو خویندنی فاتحە بەرلە رکوع ·

٣ ـ (وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ)

س١٥ ـ زەکاة چەند نوعە ؟

ج ـ زەکاة دونوعــە : اول زەکاتی ســەرە کە مشهورە بە سەر فیترە ؛ دوەم زەکاتی مال ·

س١٦ ـ سەرفیترە چەوەختی واجب کراوە ؟

ج ـ فرض کراوە لە مانگی شعبان لە ســالی دوهەمی هجرەت‌دا ·

www.iqra.ahlamontada.com

س١٧ ـ سەرفیترە بەچی واجب ئەبی ؟
ج ـ واجب ئەبی بە تەواوبونی مانگی رمضان لە هەموسالیكدا ٠
س١٨ ـ سەرفیترە لە سەرکی واجبە ؟
ج ـ واجبە لەسەر هەمو انسانیکی حر ، کەزیاد لە نفقەی شەوو روژی جەژنی هەبی ، عطاکردنی سەر فیترەی سەری خوی‌و هەرکەس نفقەی لەسەری واجب بی ، وەکو ژن‌و مندالی ، یاخزمە تکاری کە اجرەی بوقرار نەدرابی ٠
س ـ مقداری سەرفیترە بوهەریەکی چەندیکە ؟
ج ـ مقداری سەرفطرە بوهەر کەسیك صاعیکە بە صاعی حضرتی پیغەمبەر (ص) لە هەرجیکەیی عیاری ئەوصاعە دەس‌کەوت باشە ، ئەگەرنا بەحسابی کیشانە سەرفطرە ئەدری‌و ، وزنی ئەوصاعە چوارسەدو هەشتاو چوار مثقالە ٠
س٢٠ ـ زەکاتی مال چە وەختی فرض کراوە ؟
ج ـ زەکاتی مال فرض کراوە لە سالی دوهەمی هجرەتدا لەپاش فرض بونی سەرفطرە ٠
س٢١ ـ زەکات لە چە مالیكدا واجبە ؟
ج ـ زەکاة واجبەلە آلتون ، زیو ، مالی تجارت ، حوشتر ، گا ، مەرر ، بزن وە هەر چشتی بو قوت بشی وەکو برنج ، گەنم ، جو ؛ زررات ، خورما ، میوژ ٠
س٢٢ ـ شرطی زەکاتی آلتون‌و زیو چییە ؟
ج ـ شرطی زەکاتیان دوشتە یەکەم ئەمەیە

www.iqra.ahlamontada.com

بگەنە حدی زەکاة · دوەم ئەمەیە لـە ملکی خاوەنیانا سال تەواو بکەن ·
س٢٣ ـ حدی زەکاتو مقداری واجب لە آلتونو زیودا چییە ؟
ج ـ حدی زەکاتی ئالتون بیست مثقالە وە حدی زەکاتی زیو سەدوچل مثقالە ، کە گەیشتنە ئـەو ئـەندازە مقداری واجب‌یان (رُبْعُ الْعُشْر)ەیانی چواریك لە دەیك ، کە حاصلەکەی چل‌یکە : مثلا لـە بیست مثقال آلتون نیو مثقال وە لە سەدوچل مثقال زیو سی‌مثقالو نیو واجبە ·
س٢٤ ـ زەکاتی مالی تجارەت چونە ؟
ج ـ مالی تجارەت وەکو آلتونو زیو واجبە سالی بەسەردا بسورریتەوە ، وە بە هـەر پارەیی کرراوە بـە اعتباری ئەوپارەیە بگاتە حدی زەکات ، ئینجا بەوحسابە زەکاتی لی‌ئەدری ·
س٢٥ ـ شرطی زەکات لەمەررو بزن‌دا چییە ؟
ج ـ زەکات لە مەررو بزن‌دا واجبە بە سی شرط : یەکـەم ئەمەیە کـە بەدەمی خویان بلەوەررین ، آلف‌یان نەدریتی · دوەم ئەمەیە عددیان بگات بـە حدی زەکات · سی‌هم ئەمەیە لە ملکی صاحبەکەیاندا سالیان بەسەردابیتەوە لە پلـەو حدی اول‌دا کـە چل‌سرە ، ئەما لە پلەی دوهمداتا چوارصـدو زیاتر لازم ناکا سالیان بەسەرا بی‌تەوە ·
س٢٦ ـ حدی زکاتی مەررو بزن کامەیە ؟
ج ـ حدی زکاتیان چل‌سەرە کە گەیشتن بـە

www.iqra.ahlamontada.com

چل‌سەر ، یەك‌سەر واجبە تا سەدو بیست‌و یەك سەر کە گەیشتن بە سەدو بیست‌و یەك سەر دوسەر واجبە تا دوسەدو یەك‌سەر کە گەیشتن بە دوسەدو یەك‌سەر سی‌سەر واجبە هەتا چوارسەد سەر کە گەیشتن بە چوارسەد سەر چوار سەر واجبە کە لەم‌عددە زیاد بو بەم‌حسابە لە همو سەدسەریکا سەری واجبە ٠

س٢٧ ـ شرطی زکاة لە قوتا چییە ؟

ج ـ شرطی ئەوەیە بگاتە حدی زکات بەم‌نوعە ئەو‌قوتانە کە بی‌تویکل هەل‌ئەگیرین وەکو برنج گەنم بگەن بەپینچ ویسق‌و بە حسابی مثقال‌و وزن ، بە وزنی تەبریز دوسەدو بیست‌و پینج تبریزیەو ، بە پیوانەی حلبجە کە مسکنی خومانە ، نصابی زەکات ٤٥ تەنەکەیە وە ئەوانەی لە تویکل‌دا هەل‌ئەگیرین وەکو چەلتوك‌و پەررشەئەبی بگەن بە دە ویسق ٠ مع العلم زەکات هەر دەیەکە ٠

س٢٨ ـ مقداری واجب لە قوتا چەندیکە ؟

ج ـ واجب لەوانەدا بنە باران یا بە جوگە آوبدرین (عشر)ەیانی دەیك ، وە لەوانە بە دولچە آو بدری نِصْفُ الْعُشْرە یانی بیست‌یك ٠

س٢٩ ـ ئەوصنفانە مستحقی زکاتن چەندن ؟

ج ـ ئەوصنفانە هەشت صنفن لە قرآنی شریف‌دا بیان کراوون ٠

www.iqra.ahlamontada.com

س٣٠ ـ لەوهەشت صنفانە لە زمانی ئیمەداچەند صنف هەیە ؟

ج ـ موجودیان چوارصنفە ، یەکـەمفقیر یانی کەسی نە مالی ببی نە کسب بزانی • صنفی دوهـەم مسکینە یانی کەسـی مالو کسبی ببی اما کفایتی نفقەی شرعیەی نەکا • سیهمقرضارە بەلام ئەگـەر بو نفقەی خویو عائلەی قرضار بوبی وەختی زکاتی ئەدریتی خوی نەتوانی قرضەکەی بداتەوە وە ئەگەر بو جیبـەجی کردنی احتیـاجی مسلمانان وەکو مهمـانداری یا اصـلاحی دوطائفەی دوشـمن قرضاربوبی ئەوە زکاتی ئەدریتی باخویشیدوەلەمەند بی • صنفی چوارەم مسافرە ؛ کەسی لە سەفەریکی حلالدا بی وەکو سفری تحصیلی علم یا صیلەی رەحم وە خوی مالی نەبی خەرجی بکات یا مالی ببیو دەستی پی نەگا ئەوە زکاتی ئەدریتی •

س٣١ ـ لە وەختی زکاتدا نا چی واجبە لەسەر خاوەن مال ؟

ج ـ واجبە لەسەر خاوەن مال نیتی عطاکردنی زەکاتەکەیببی ، وەختی زەکاتەکە لە مالەکەی جیـا ئەکاتەوە یا لەووەختا تسلیمی مستحقی ئـەکا • وە نیتی وکیل کفایت ئـەکا لـە جیاتی نیتی خاوەن مـال •

٤ ـ (وَتَصُومَ رَمَضَانَ)

س٣٢ ـ روژو چە وەختی واجب کراوە ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ـ واجب كراوه له مانگی شعبان له ســـالی دوهه‌می هجرت‌دا ٠

س٣٣ ـ روژو به‌چی واجب ئه‌بی ؟

ج ـ واجب ئه‌بی به تــه‌واوبونی «٣٠» روژه‌ی شعبان یا چاوپیکه‌وتنی هلالی رمضان ٠

س٣٤ ـ فرضی روژو چیه ؟

ج ـ فرضی روژو نیته له هه‌مو شـــه‌ویکدا ٠ به‌م‌نوعه هه‌مو شه‌ویکی رمضـــان قصدی روژوی فرضی صبحه‌ینیی رمضانی ئه‌وساله‌ی ببی ٠

س٣٥ ـ به‌چی روژو ئه‌شکی ؟

ج ـ روژو ئه‌شکی به جماع ، به استمنا ، بـه خورشانه‌وه ، بـه داخل بونی شتی بو جوفی‌یانی‌بو ناوسکی یا ناوی گویچکه‌ی یا ناوی ذکری ٠ بـــه‌م شرطه ئه‌و که‌سه روژوه‌که‌ی له‌فکردابی وه به اختیار ئه‌مانه بکات ٠

٥ ـ (وَتَحُجَّ الْبَيْتَ اِنِ اسْتَطَعْتَ اِلَيْهِ سَبِيلاً) :

س٣٦ ـ حج‌و عمره چه وختی واجب بوون ؟

ج ـ واجب کراوون لـــه ســـالی شه‌شـه‌می هجرت‌دا ٠

س٣٧ ـ حج‌و عمره چه‌ندد‌فعه‌واجبن له عومردا ؟

ج ـ یه‌ك دفعه واجبن له عومردا له‌سه‌ر هـه‌مو فردی له مسلمانی مکلف ٠

www.iqra.ahlamontada.com

س٣٨ ـ شىطى واجب بونى حجو عمره چييه ؟

ج ـ شــــرطى واجب بونى چوار شبته ، بلوغ ، حريت ، قدرت : بەم‌نوعه مقتدر بى بەسەر مصـــرفى خويو عائلەی تا لەوسفره ديتەوه بو مەنزلى خوى وه امين‌بونى نفس‌و مال ٠

س٣٩ ـ اركانى حج چەنديكن ؟

ج ـ اركانى حج شەشـــن يەكەم‌احرامه يانى قصدى داخل بون له عملى حج‌دا لەوموقعانەوه معلوم كراون ٠ دوەم وقوفى عرفەيه يانى مانەوه له ئەرزى عرفات‌دا له نيوەروى روژى نوهـــەمى ذى الحجەوه تاطلوعى فجرى روژى جـــەژن با يك لحظه‌يش بى لەومدەدا ٠ سى‌هەم طوافى مالى خوايـــه يانى دەوره دان به دەورى مالى خودادا حەوت دفعه ٠ چوارم سعيه يانى راكردن له بينى صـــفاو مروەدا ٠ پينجم حلقه يا تقصير يانى تاشينى موى سەر يا كورتەوه كردنى به مقص مثلا ٠ شەشەم ترتيبه بەم نەوعه بيانمان كـــرد ٠

س٤٠ ـ ئەركانى عمره چەنديكن ؟

ج ـ هەرچى اركانى حجه اركانى عمره‌يشه الا وقوفى عرفات نەبى ئەوه بو عمره لازم نيه ٠ ئەمەى كه بيانمان كرد اركانى اسلام بون لازمه لەســـەر هەمو مسلمانى بيانزانى وه عمل‌يان پى‌بكا وه تعليمى بكا به مندالى خوى ٠

مادام اركانى اسلامت زانى با اركانى ايمانيش

www.iqra.ahlamontada.com

بيان بكه‌ين : حضرت (ص) فه‌رمويه‌تى ٠

(اَلْإِيمانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلٰئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ مِنَ اللهِ تَعَالىٰ) ٠

با له‌سه‌ر ترتيبى ئه‌م حديثه شريفه اركانى ايمان بيان بكه‌ين ٠

س٤١ ـ اركانى ايمان چه‌نديكن ؟

ج ـ اركانى ايمان شه‌شن (١) ايمان به خواى تعالى (٢) ايمان به ملائكه (٣) ايمان به‌وكتبانه خوا ره‌وانه‌ى فه‌رموون بو پيغه‌مبه‌ران عليهم الصلاة والسلام (٤) ايمان به‌و پيغمبرانه خوا ره‌وانه‌ى كردوون بوسه‌ر عباد (٥) ايمان به روژى قيامت (٦) ايمان به قضاءو قدر ٠

١ ـ (اَلْإِيمانُ اَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ)

س٤٢ ـ ايمان به‌خواى تعالى چونه ؟

ج ـ ايمان به‌خوا ئه‌مه‌يه به‌دل تصديق‌و باوه‌رت ببى كه خواى تعالى موجوده يانى وجودى هه‌يه ، ئه‌زه‌لى‌يه يه‌عنى ئه‌وولى نى‌يه ئه‌به‌دى‌يه ، يانى ئاخرى نى‌يه ، واحده يعنى تنهايه هه‌ر ئه‌وخالقه وه هه‌مو شتى دروست ئه‌كا هه‌ر ئه‌و عبادتى بو ئه‌كرى هه‌ر ئه‌و واجب الوجوده ، جسم نيه له چه‌ند أجزايه تيكه‌ل بى ؛ جوهر نيه يانى ماده‌ى نيه محتاج ببى به جيگه‌يى ، عرض نيه يعنى شتى نيه وه‌كو ره‌نگ محتاج‌بى به محلى ، جهت‌و محلى نيه يانى خواى تعالى

www.iqra.ahlamontada.com

بەری‌یەلەمە کە لە جیگەیك‌دا وە یا لە ژور یا خـوار وەیـا مقابلی شتیك بی ، غنیە یانی بـــە هیچ‌شتی محتاج‌نیە وە هەموشتی محتاجە بەو ، لە کەسی بەولد نەهاتووە وە کەسی لی بەولد نەبووە هیچ شتی وەکو خوانیە وەهەر چە بەخیالی ایمـــەدا بی خوا وانیە ۰ والحاصـــل خوای تعالی بەری‌یە لە هـــەر چە عیب‌و نقصانە وە هەرچە صفتی کمال‌و چاکەیە هەیەتی ۰

س٤٣ ــ خوای تعالی چەند صفتی هەیە ؟

ج ــ خوای تعالی حەوت صفتی هەیە حیاة ، علم ، ارادة ، قدرة ، کلام ، سمع ، بصر ۰ صاحبی حیاتـە یانی زیندوە نامری ، صاحبی علمە یانی هەمو شتی ئەزانی ، صاحبی ارادەیە یانی میلی لەســـەر بونی هەرشتی ببی ئەبی وە میلی لەسەر هەرشتی نـەبی نابی ، صاحبی قدرتە یانی قدرتی هەیە وە ئەتوانی هەر کاری ممکن بی بیکا ، صاحیبی کەلامـــە ، یانی صفتیکی ذاتیـەی وەهایە کە ئـــەبی بە منشـــأی نازل‌کردنی وحـی بـو لای پیغەمبـــــەران (ص) ۰ صـــاحبی سمعە یانی هــــەمو دەنگی ئەبیســـی ، صـــاحبی بصــــرە یانی هــــەمو شتی ئـــەبینی ، وە ئەم صفاتانی خوایە وەکو صفاتی ایمە نییە ، مثلا: حیاتی خوا بە روح‌و بدن نیە ، علم‌و ارادی خوا بە دل نیە ، قدرتی خوا بە دەست‌و اعضـــاء دەرناکەوی ، کلامی خوا دەمو زبانی ناوی ، ببستنی خوا بەگویچکە نیە ، بینینی خوا بەچاو نیە ۰ هەر وەکو ذاتی خـوا

www.iqra.ahlamontada.com

بەحقیقەت نانا‌سری ئـــەم صفاتانەش بـــەحقیقەت نەناسراوون .

س٤٤ ــ دلیل لەسەر وجودی خوا چییە ؟

ج ــ دلیل لەسەر وجودی ذاتی خوا ئەوەیە کـە هەر کەسی تەماشای آثاری عالم بکا معلومی ئـــەبی کە عالم صانعیکی صاحب کمالی هەیە ، مثلا هەروەکو انسان تماشای بنائی یا نقشی گی کرد اقرار ئەکا بەمە ئەو بنایە بنائیکی بووە وە ئـەو نقشە نقاشـــی کی هەیە . مادام تماشای ئەجزای عالم بکا وەکو آسمان و روژو مانگ و ئەستیرەو ترتیبی طلوع و غروب یان ، وەتماشای باو باران و بحرو کیوان و معادن و نباتات و حیوانات و انسان و اختلافی رەنگ و زبان و مشرب یان بکا معلومی ئەبی لەم عالمەدا صانعێکی بەکمال هەیە .

س٤٥ ــ دلیل لەسەر تەنهایی خوا چییە ؟

ج ــ دلیل لەسەر تەنهایی ذاتی خـوا ئەمەیـــە مادام معلوم بو کە کەسی هەیە صانعی ئـــەم عالمە بی هەر صانعی تو تماشای بکەی ئەگـەر بی کمال بی ئەوە بو صانعیّت ناشی و ئەگەر لە هەمو عیبی بەری و صاحبی هەمو کمالی بی فقط ئەوە بو صانع کافیە ، ایتر اعتباری صانعیکی ثانی لغوە وە بی‌فائدەیە ، علاوە لەمە شرکت و تعددی مەلاك بە حســـب عادت منشائی نزاع و جدالە ئەگەر صـــانعی عالم دوو بی اوضاعی بە انتظام نابی .

س٤٦ــ دلیل لەسەر ئەم حەوت صفتانە چی‌یە ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ـ دليل لەسەر ئەم صفتانه ئەمەيە ئەگـــەر ئەمصفتانه بو خوا نەبن ئەبی خلافی ئەمانەی ببی وه خلافی ئەمصفتانه ، وەکو مردنو عجزو جهل ئەوندە نقصن ادنابشری راضی نابی پییان ، کەوابو چون بو ذاتی خوا اعتبار ئەکرین ، علاوه ئەمترتیبو انتظامی عجیبه کە له عالمدا تماشا ئەکرین بەبی علمو قدرتو باقی صفاتی کمالیه قابل نیه ببن ؛ کەوابی انســان ناچاره بــەمه تصـــديقو باوەری ببی کە ذاتی خوا صاحبی ئەم حەوت صفتانەیه ٠

س٤٧ ـ خوا چەند ناوی هەیه ؟

ج ـ مشهور وایه خوای تعالی هەزارويەك ناوی هەيـــه ، فقط لەمناوانه نەوەدونويان لـــه قرآنو حديثدا موجودن ، لــه هــەمويان گــەورەتر اسمی (الله) یه ٠

س٤٨ ـ خوای تعالی به چاو ئەبینری یانه ؟

ج ـ بەلی لــه قیامتدا هـــەمو مسلمانی خوای چاوپیئەکەوی ، بەلام له دنیادا کەس نەیبینیوه الا حضرتی محمد (ص) ئەو له شـــەوی معراجدا ذاتی خوای چاوپیکەوتووه به نوعی بو انســـان تقریر ناکریت ٠

٢ ـ وَ (مَلٰئِكَتِـهِ)

س٤٩ ـ ایمان بەملائکه چونه ؟

ج ـ ایمان به ملائکه ئەمەیه تصديقو باوەررت

www.iqra.ahlamontada.com

ببی کە ملائکە نوعیکن لە مخلوقی خوا جسمیان لطیف و نورانی یە ، ئەتوانن خویان ببەنــە چەند صــورت و رەنگەوە دائماً وان لە اطاعەی خوادا لذت و الفت یان بە ذکرو عبادەتی خوایە ، معصومن لە گوناە ، نــە نیرن نــە مین ، خوا میلی لــە دروســـت کردنی هەرمەلائیکەیەببی بە قدرتی خوی بی واسطەی باوك و دایك خلقی ئەکاو هەرگیز خواردن و نوستن یان نیە ٠

س ٥٠ ـ ملائکە کارو ایشیان چیە ؟

ج ـ ملائکە غالب یــان فقط عبــادت ئەکــەن بەوطرزە عبادەتە خوا امری پی کردوون وە بعضیکیان مأمورن لە عالمدا لەسەر ارض و آسمان و باو باران و حیوانات و انســان و باقی موجودات ، وە قســمی مأموری سؤالی قبرن ٠ هەر کەسی مرد مادام خرایــە قبرەوە یا لــە موقعی خوی دا بــەجی ما خوای تعالی زیندوی ئەکاتەوە وە دو ملائکە روانە ئــەکا بو لای سؤالی لی ئەکەن لــە خواو پیغەمبەرو دین و مذهب ٠ ئەگەر باش جواب یان بداتەوە ئەوە درجەو مقامی باش ئەبی وە ئەگەر نەزانی جوابیان بداتەوەو ئەوە عذاب ئەدری بــە ئەندازەی گوناهی خــوی وە یاخو عفو ئەکری ، وە ئەم عذابی قبرە حقە بــە موافقی آیت ٠ وەقسمی مأموری حشرو میزان و حساب و عذابن لــە قیامت دا ، قسمی مأمورن لەبو عذابی جهنم ٠ ئەمانە نوزدە کەسن یا نوزدە طائفە رئیسیان ناوی مالکە ،

www.iqra.ahlamontada.com

وەقسمی مأموری بەهـــەشتن رئیســی ئەمانە ناوی رضـوانە ٠

س٥١ ـ آیا لە بینی ملائکەدا تفاوت لە فضـــل و شرف‌دا هەیە ؟

ج ـ بەلی چوار صنف لە ملائکە لـــە باقیەکانیان گـــــەورەترن یەکــــــــەم صنفی کروبی ، دوەم صـــــنفی روحــانی ، سی‌هــــــــەم حملـــــە عرش یانی ئەوانە عرش‌یان هەلگرتووە ژمارەیان لە دنیادا چوارن‌و ، لە قیامەت‌دا هــەشتن ، چوارەم مقربین ٠ لەم صنفە چواریان ناویان معلومە ، یەکەم (جَبْرائیل) مأمورە لەسەر هاوردنی وحی لە طرف خواوە بو لای پیغەمبـــەران عَلَیْهِمُ الصَّلاۃُ وَالسَّــلامُ ٠ دووەم (میکائیل) مأموری رزق‌و برکتە لە دنیادا ٠ سی‌هەم (عَزْرائیل) مأموری روح‌کیشانە وە چـــەندمأموری هەیە لە ملائکە بو قبضی ارواح ٠ چوارم (اِسْرافیل) مأمورە بە نفخی صور یانی ٠مأمورە بە فوکردن بــــە صـــورا ٠

س٥٢ ـ صــور چیە ؟

ج ـ صور شاخیکە بە عددی ارواحی ئەوانــەی کە زیندون لە دنیادا کونی تیایە ٠ دوجار اسـرافیل فو ئەکا بەوشاخەدا ، جاری اول هەرچی گیان‌لەبەرە ئەمرن وە کیوانی دنیا لە گەل ئەرزدا صاف ئەبن ، پاش ئەم‌دفعە بە مدەی چل‌ســــال دەفعەییکی‌تر فو

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکانەوە بە صورا بەمدەفعە هەرچی مردوە زیندو ئەبنەوە وە ئەبرین بو مەحشر ؟

س٥٣ ـ جن چە نوعیکن لە مخلوق ؟

ج ـ جن طائفەییکن ئەصلاً لە آگر دروست کراون ئەتوانن خویان ببەنە چەند صورتو ەرنگەوە فرقیان لەگل ملائکە ئەمەیە ئەمان لە بدندا کثیفو لطیفیان هەیە ، خواردنو نوستنیان هەیە ، نیرومییان هەیە ، کافرو مسلمانیان ، هەیە لەمسلمانە کانیش بێگوناەو گوناەباریان هەیە گوناەباریشیان لە جهنمدا عذاب ئەدرین ، وە ئەم طائفە لە پیش ئەوە آدم بکەویتە زەوی لەزەویدابوون ، وە ایستایش هەن لە دنیادا ئەوان چاویان بە بنی آدم ئەکەوی وە بنیآدم چاویان بەوان ناکەوی ، بەلام لە قیامتدا بالعکس ایمە ئەوان ئەبینین وە ئەوان ایمە نابینن ٠

س٥٤ ـ شیطان لە چی طائفەییکە ؟

ج ـ موافقی ظاهری آیتی قرآنی شریف شیطان لە طائفەی جنە وە لەاصلدا زور عبادەتی کردوە زور محترم بوە ، بەناو ملائکەدا ئەگەررا فقط لە وەختی کا خوا حضرتی آدەمی دروست کرد امری فەرمو بە شیطان سجدەی لیببا شیطان فیزینوان ، اطاعەی خوای نەکرد ، لەوخصوصەوە خوای تعالی لە رحمتی خوی بیبەشی کردوەو لەعنەتی لی کرد ٠

www.iqra.ahlamontada.com

س٥٥ ـ شیاطین کین ؟

ج ـ شیاطین ئەو جنی‌یانەن کە اطاعەی خوای تعالی ناکەن وە تابعی شیطانن بو ضرردان لە بنی آدم وە وەسوەسە خستن بەدلی مسلمانان، ئەم شیاطینانە هەندیکیان لە اولادی شیطانن ، وە هەندیکیان لە اولادی باقی جنیەکانن ٠

٣ ـ (وَکُتُبِهِ)

س٥٦ ـ ایمان بە کتب چونە ؟

ج ـ ایمان بە کتب ئەمەیە باوەررت ببی ئەو کتیبانە نازل کراون بو لای پیغەمبەران عَلَیْهِمُ الصَّلاٰةُ وَالسَّلاٰمُ مەخصوص لەطرفی ذاتی خواوە هاتوون وە لە قبیلەی سحرو اِلقای شیاطین نین، وە بە واسطەی حضرتی جبرئیلەوە نازل بوون بە محفوظی لە هەمو عیبی ٠

س٥٧ ـ ئەو کتیبانە لە طرفی ذاتی خواوە هاتوون چەندیکن ؟

ج ـ ئەو کتیبانە سەدو چوارن ، دە بو حضرتی آدم ، پەنجا بو حضرتی شیث سی‌ی بو حضرتی اِدْرِیس ، دە بوحضرتی ابراهیم ٠ ئەوسەدە مشهورن بە صحف چونکە پەرەپەرە نازل بوون ، توراة بو حضرتی موسی ، زبوربو داودِ انجیل بو حضرتی عیسی قرآنِ بو حضرتی مُحَمَّدُ الْمُصْطَفٰی عَلَیْهِمُ الصَّلاٰةُ وَالسَّلاٰمُ ٠

www.iqra.ahlamontada.com

س٥٨ ـ قرآن له چه‌ند سالا نازل بووه ؟

ج ـ قرآن له مده‌ی بیست‌و سی سالدا به‌پی‌ی احتیاج نازل بوه ، یعنی له وه‌ختیکه‌وه حضرت (ص) بووه به پیغه‌مبه‌ر تا وه‌ختی که متوفی بوه ٠ دوازده سال له مکه‌ی مکرمه وه یازده سالیش لـه مدینه‌ی منوره زَادَهُمَا اللهُ شَرَفاً ٠

ئه‌وسه‌د صحیفه کـه‌بیانمان کردن فوتاون ، وه توراتو زبور به ساغی نه‌ماونه‌ته‌وه چونکه لـه‌پاش وفاتی انبیاء علماکانیان تیك‌یان دان وه له‌سه‌ر ئاره‌زوی بطالی خویان گورریان ٠

اصلی انجیلی حضرتی عیسی نه‌ما وه‌چه‌ند نفری لـه‌پاش رفعی عیسی به آره‌زوی خویان چه‌ند انجیلیکیان نوسی وه له پاش مده‌تی له‌سه‌ر چوار انجیلیان اتفاقیان کرد وه ئه‌وانیش له بینی خویاندا مخالفن ، اما قرآنی شریف له‌ووه‌خته‌وه نازل بووه هه‌تا امرو وه‌کو خوی بـه محفوظی ماوه‌ته‌وه وه تا روژی قیامت ئه‌مینیته‌وه وه حکمی قرآن ناسخی حکمی هه‌مو کتیبه‌کانه ، فقط به‌ته‌نها قرآن معامله دروسته ٠

٤ ـ (وَرُسُلِهِ)

س٥٩ ـ ایمان به رسل چونه ؟

ج ـ ایمان به رسل ئه‌مه‌یه تصدیق‌و باوه‌ررت ببی که خوای تعالی به محضی لطف‌و عنایت چه‌ند

www.iqra.ahlamontada.com

انسانیکی له بشردا هەلیژاردووەو شربعتی پی‌داون وه امری‌پی‌کردون بەگەیاندنی ئەو شریعته به عبادی خــوا ٠

س٦٠ ــ شــــرطی پیغەمبەر ئەمــەیه پیاویکی «حُرّ»بی ، یانی آزادو صــــاحبی صــفات‌و اخلاقی حسنه‌و گەورەتر بی له هەمو هاو عصــرانی خوی ، بەری بی له علت‌و دنائت ، معصوم بی لــه گوناهی کبیره عمداً یا سهواً وه له گوناهی صغیرەی عمدی ، وه خوای تعالی اظهاری راست‌گویی پیغەمبەران ئەکا به معجزة ٠

س٦١ ــ معجزه بەچی ئەلین ؟

ج ــ معجــــزه کاریکه بــــه خلافی عادەت خوا آشکرای دەکا لەسەر دەستی پیغەمبەراندا ، له کاتی ئیدیعای پیغەمبەریدا ، وه ئــــەو کارانه بــه غیری پیغەمبــــەران ناکرین وەکــو گفتوگوی حیوانات‌و تسبیحاتی بەردو سوجدەبردنی دارو شــەق کردنی مانگ‌و خبردان به کاری غیبی ٠

س٦٢ ــ عددی ئەوپیغەمبەرانــه شــــریعت‌یان گەیاندوه بەعباد چەنده ؟

ج ــ عەدەدیان‌سیسەدو یازدەیه ٠

س٦٢ ــ لەم جماعته ناوی چەندیکیان معلومه ؟

ج ــ لــــه قران‌و حدیث‌دا ناوی «٣٠» کەسیان معلومه ، حضرتی آدَم ، شِیث ، اِدْرِیس ، نُوح ، هُود ،

www.iqra.ahlamontada.com

صالِح ، إِبْراهِيم ، لُوط ، إِسْمٰعِيل ، إِسْحٰق ، يعقوب ، يوسف ، أيوب ، شُعَيْب ، موسي ، هارون ، يُوشَع ، إِلْيَاس ، اَلْيَسَع ، ذُو الْكِفل ، شَمْعُون ، اشمويل ، يُونُس ، داود ، سليمان ، زَكَرِيَّا ، يَحْيٰى ، عُزَيْر ، عيسى ، مُحَمَّد المُصْطَفٰى صَلَوٰاتُ اللهِ وَسَلامُهُ عَلَيْهِم أَجْمَعِين • اَمَّا خِضْرو لقمانو ذُو الْقَرْنَيْن ئـەوە تحقيق وايە بيغەمبەر نين بەلكو لە اوليان •

س٦٤ ـ رتبەی پيغەمبەران چونە ؟

ج ـ رتبـەی پيغەمبەران لە غيری پيغەمبەران بەرزترە وە لە بينی خويان‌دا بعضی كيان لە بعضيكيان گەورەترن • من جملە پيغەمبەرانی اولو العزم يعنی ئەوانەيان صاحبی زەحمەتو كاری پررمشقت بوون لە گەياندنی شريعت‌دا وەكو حضرتی نوحو حضرتی ابراهيمو حضرتی‌موسی‌و حضرتی عيسی‌و حضـرتی محمد المصطفی عليهم الصلاة والسلام لە باقيەكانی‌تر گەورەترن وە حضرتی محمد المصطفی (ص) لە هەمو پيغەمبەران گەورەترە بەچەند دليل • وە لەبـەر ضعيفی طبيعتی مندالان لەودليلانە فقط (٥) دليل بيان ئەكەين •

س٦٥ ـ دليلی اول لەودليلانە چييە ؟

ج ـ دليلی اول ئەمـەيە بـە موافقی دليلی نقلی تاريخی‌و شـرعی معلوم بووە پيغەمبەرانی سـابق هەريكی فقط بو ميلەتيك رەوانە كراون ، اما حضرتی

www.iqra.ahlamontada.com

محمد المصطفى (ص) رەوانە کراوە بو سەر هەمو ملتی عالم وە دعوتی هەمو ملتو پادشاهانی دنیای کردوە بو اسلامیت وە آشکرایە پیغەمبەری ارشادی هەمو ملتی عالم بکا گەورەترە لەوە کە تەنها ارشادی ملتی بکا ٠

س٦٦ ـ دلیلی دوەم چییە ؟

ج ـ دلیلی دوەم ئەمەیە شریعتو دینی پیغەمبەرانی سابق هەروەکو بو ملتی بووە فقط بو چەند زەمانی بووە وە لەپاش ئەو زەمانانە نسخ کراونەتەوە بە دینو شریعتیکی تازە ٠ اما شریعتی حضرتی محمد (ص) هەر وەکو بو هەمو ملتی عالم بووە بو هەمو زەمانەیکیشە وە تا روژی قیامت باقیە ٠

س٦٧ ـ دلیلی سیهەم چییە ؟

ج ـ دلیلی سیم ئەمەیە شریعتی پیغەمبەری ایمە عبادەتی لە باقی شریعتەکان زورتر تیدا هەیە ؛ مثلا ئەو پینج فرضە نویژە لە هیچ شریعتیکی کەدا تەواو کرد نەبونەتەوە ٠

س٦٨ ـ دلیلی چوارەم چییە ؟

ج ـ دلیلی چوارەم ئەمەیە معجزەی پیغەمبەرانی سابق فقط لە زەمانی خویاندا بووە ، اما معجزەی حضرەتی محمد (ص) لەپاش زەمانی خوی بعضیکیان ماونەتەوە وەکو قرآنی شریف کە یکیکە لە معجزاتی

www.iqra.ahlamontada.com

قرآنی شریف‌هه‌یه له عالم‌دا هه‌مو وه‌کو یه‌کن وه ابدا

س٦٩ ـ دلیلی پینجه‌م چی‌یه ؟

ج ـ دلیلی پینجه‌م ئه‌مه‌یه امتی پیغه‌مبه‌رانی سابق اغلب له زه‌مانی پیغه‌مبه‌ره‌کان‌دا یا له‌پاش زه‌مانی ئه‌وان اصولی دینه‌که‌یان گورریوه

وه‌اختلافیان تیدا په‌یدا کردوه • من جمله له عینی زه‌مانی حضرتی موسی‌دا دوای ئه‌و هه‌مو معجزه‌و زه‌حمته که قبولی کرد بنی اسرائیل له خوا په‌رستیه‌وه رویان کرده گویره‌که په‌رستی وه هه‌رچی بشاره‌ت

بو نبوتی حضرتی عیسی‌و حضرتی محمد علیهما الصلاة والسلام له تورات‌دا بو گورری‌یان وه اجماع‌یان کرد بو کوشتنی حضرتی عیسی تا خوا رفعی کرد بو آسمان ، وه له‌پاش رفعی عیسی اتباعی ئه‌و چه‌ند

انجیل‌یان دروست کرد تا له آخردا له‌سه‌ر چوار انجیل اتفاق‌یان کرد وه ئه‌م چوارانجلیشه مخالفی‌یه‌کن •

به‌لام امتی حضرتی محمد (ص) وه‌کو له حالی حیاتی ئه‌ودا قبولی زه‌حمت‌و هجره‌ت‌و نصره‌ت‌و جهادیان کرد هه‌روه‌ها قرآن‌و احادیثی مقدسه‌یان محافظه کرد وه له‌پاش وه‌فاتی ئه‌و زور به‌اخلاص

جمعیان کرده‌وه‌و نوسیانه‌وه وه هه‌رچی نسخه‌ی قرآنی شریف‌هه‌یه له عالم‌دا هه‌مو وه‌کو یه‌کن وه ابدا له زیادو که‌می یك آیت‌دا به‌لکو له یك جمله‌دا

www.iqra.ahlamontada.com

مخالفەیان نیە وە قرن بە قرن آثاری علمای امت تا امرو دەوامی کردوە ٠

س٧٠ ـ خلفای حضرت (ص) چەندن ؟

ج ـ خلفای حضرت (ص) پینجن ٠

س٧١ ـ خلیفەی اول ناوی چییە وەنسبی چونە ؟

ج ـ خلیفـــەی اول ناوی عبداللّەیە ، کنیـەی ابو بکرە ، لقبی صدیقە باوکی ناوی عثمانە ، کنیەی ابو قحافەیـــە ، بابای ناوی عامرە ٠ دایکی نـاوی سلمایە کچی صخری کورری عامرە ، نسبی لەگـەل حضرتدا (ص) لە جدی شەشەمدا (مرە)ی ابنی کعب ئەبی بە یەك ٠

س٧٢ ـ خلیفەی اول چون بو بە خلیفە وە خلافتو عومری چەند بو ؟

ج ـ لەپاش وفاتی حضرت (ص) بـــە اجماعی صحابە ابو بکری صدیق بو بە خلیفە وە دوسـالو سەمانگ بە عدالتو کفایتی خلافتی کرد ئەم جـار متوفی‌بو وە عومـــری شەستوسەسال بووە لـــە حجرەی سعادتدا لە پشتی حضرتەوە دفن کرا ٠

س٧٣ ـ خلیفەی اول لە مدەی خلافتیدا چی کرد ؟

ج ـ ئەم ذاتە رحمتی لی‌بی فرمانی زوری کرد : یەکەم : لشکری (اسامە)ی کورری زید کـــە حضرت (ص) لە حیاتی خویدا حاضری کردبو ریکی

www.iqra.ahlamontada.com

خستو رەوانەی کرد ٠

دوهـــەم چونکە زور لـــە اعرابی بدوی مرتد بوبونـــەوە وە قسمیکیان منعی زەکاتیان ئـــەکرد لەشکری بردە سەریانو مجبوری اطاعەی کردن ٠

سی‌هەم : لەشکری ناردەسەر مسیلمەی کذاب کە ادعای نبوەتی ئەکردو محوی کردوە ٠

چوارەم : لەبەر ئەوە لەمحربەدا ئەو اصحابانە کـــە حافظی قرآن بـــون زوریان لی شهید کرابون خلیفەی اول بـــە اتفاقی اعیانی ئەصـــحابە (زید)ی بن ثابتی حاضر کرد وە ئەو صحابی‌یانـــە قرآن‌یان لەحفظدا بوو ، یا نوسی‌بویانەوە گردی کردنەوە وە بە کتابتی زید قرآنی بە تواوی نوسیەوە لـــە مدەی خلافتی خوی‌دا لای خوی حفظی کرد لەپاش ئەو لەلای حضرتی عمر ، لەپاش ئەو لە لای سیدە (حفصـــە)ی حرمی حضرت (ص)مایەوە تا کەوتە زەمانی حضرتی عثمـــان ٠

پینجەم بـــە ریاســـەتی خالدی کورری ولید لەشکریکی ریك خست بو عراق ٠ ئەوذاتە دو شاری فتح کرد : شاری حیرە ، شاری انبار ٠ شەشـــەم : لەشـــکری ریك‌خست بو فتحی شـــام ، وە امیری ئەم‌لەشکرە ابوعبیدەی کورری جراح بو ٠ تا ئـــەم ذاتە گەیشتە شام وە بعضی جهادی کرد ، خلیفەی اول امری فەرموو بە خالدی کورری ولید لە عراقـــەوە

www.iqra.ahlamontada.com

هات بو شــام وه بو به اميری ئــه‌و له‌شــكره ، وه به‌موافقه‌ی ابوعبيده دوشاريان فتح كرد : شاری (بصری)وه شاری (دمشق) ٠ بعضی له مؤرخين ئه‌لێن فتحی دمشق كه‌وته روژی حضرتی عمر (رضی الله عنــه) ٠ والحاصل ئه‌م‌ذاته بو محكم كردنی بناغه‌ی خلافتی اسلاميه‌ت زور اهتمامی كرد ٠ خــوا جزای بداته‌وه به‌خيرو رحمت ٠

س٧٤ ـ خليفــه‌ی دوهه‌م ناوی چييه وه نسبی چونــه ؟

ج ـ خليفه‌ی دوهه‌م ناوی عمره ، لقبی فاروقه ، كنيه‌ی ابو حفصــه ٠ باوكی ناوی خطابــه باپيره‌ی ناوی نفيله ٠ دايكی ناو حنتمه‌يه نسبی ئه‌م ذاتــــه له‌گه‌ل حضرت‌دا ئه‌بی به يك له جدی حه‌وتم‌دا كــــه (لوئی) كورری غالبه ٠

س٧٥ ـ ئه‌م ذاتــه چون بو بــــه خليفه‌و مده‌ی خلافت‌و عومری چه‌ندبو ؟

ج ـ ئه‌م ذاته به امری خليفه‌ی اول بو به خليفه وه اجماعی صحابه له‌سه‌ری دامه‌زرا ، مده‌ی ده‌سال‌و سه‌مانگك خلافتی كرد ، عومری شه‌ست‌و سی‌ســال بو ، وه له حجره‌ی ســعاده‌ت‌دا لــــه خواری خليفه‌ی اوله‌وه دفن كراوه ٠

س٧٦ ـ خليفه‌ی دوهه‌م له مده‌ی خلافتی‌دا چی كــرد ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ـ ئەوذاتە لە مدەی خلافتدا آثاری حسنەی ئەوندە زور بو عالەمی اسلامی ممنون کرد : فتحی عراقی تەواو کرد بە امیری عبیدەی کورری مسعود ، مدائنی فتح کرد بە امیری سعدی کورری ابیوقاص ، مملکتی عجمی فتح کرد بە امیری چەند کەسی لە گەورانی صحابە ، شارەزوری فتح کرد بە امیری عتبەی کورری فرقد ، ارمینەو قفقازی فتح کرد بە امیری سهیلی کورری عدی ، فتحی شامی تەواو کرد بە امیری ابوعبیدەی کورری جراح ، مصری فتح کرد بە أمیری عەمری کوری عاصو ، شارانی مەملەکەتی ئیسلامی دامەزراندو ، قاضی لە مەحکەمەکاندا داناو ، دفتەری بونوسینی واردات ومصارفی حکومتی اسلامیەی ریکخستو ، تأریخی هجری کرد بە مبدئی حساب • خولاصە فتوحاتو آثاری حسنەی ئەم ذاتە لە عالمی اسلامیەتدا تأریخیە ، خوا لیراضی بی وە جزای بداتەوە لە جیاتی اسلامو موسولمانان •

س٧٧ ـ خلیفەی سیهەم ناویچی یەو نسبی چونە ؟

ج ـ خلیفەی سیهەم ناوی عثمانە ، باوکی ناوی عفانە ، باپیرەی ناوی ابو العاص • دایکی ناوی اروییە ، نسبی لەگەل حضرت (ص)دا لە جدی سیهەمدا کە ناوی عبدالمنافە ئەبی بەیك •

س٧٨ ـ خلیفەی سیهەم چون بو بە خلیفەو ، خلافتو عومری چەندبو ؟

ج ـ حضرتی عمر رضی الله عنه لە پیش وفاتی

www.iqra.ahlamontada.com

خویا امری خلافتی به صـــورتی مشورت خستە بێن شەش کەس لە کباری صحابە کـە خویان یکیکیان تعیین بکەن ، علیو عثمانو طلحە ، زبیر ، سعد بن ابي وقاص ، عبدالرحمن بن عوف • ئەمذاتانە لـەپاش مشورت حضرتی عثمانیان اختیار کرد وە اجماعی باقی اصحاب لەسەر خلافتی مقرر بو • حضـــــرتی عثمان مدەی دوازدە سال دوازدە روژ کـەم خلافتی کرد • عومری هەشتاودوسالبو ، لە مقبرەی (جنة البقیع) دفن کراوە •

س٧٩ ـ خلیفەی سیهەملـە مدەی خلافتدا چی کـرد ؟

ج ـ ئەم ذاتە لە ایامی خلافتدا غزواتی زور بو چەند مملکت کە لەپاش وفاتی حضرتی عمر نقضـی عهدیان کردبو مجبوری اطاعەی اسلامی کردنەوە وە بە امیری حضـــرتی معاویـــە کە والی شـــام بو فتحی جزائری قبرصو جریدو رودسی کردوە • عبداللّهی کورری ابیسرحی نارد بو مملکتی افریقیە • عبداللّه بە قوەی کفایتو رشادتی عبداللّهی کورری زبیر فتحی افریقیای کرد ، وەبە امیری عبداللّهی کورری عامرو چەند کەسی لە اشرافی صحابە فتحی مملکتی عجمی تەواو کرد ، وە بە اتفاقی گەورانی صحابە چـــەند نسخەی لە قرآنی شریف نوسیوەو بە دنیادا بلاوی کردنەوە • والحاصل لە عصری ئەم ذاتەدا مملکتی

www.iqra.ahlamontada.com

اسلامی وسعتی تەواوی پەیدا کرد خوای لی‌راضی‌بی ·

س٨٠ ــ خلیفــەی چوارەم ناوی چییە وە نسبی چونــە ؟

ج ــ خلیفەی چوارەم ناوی (علي)یە · کنیــەی ابو الحسن وەابو ترابە · باوکی نــاوی (ابو طالبە) باپیرەی ناوی عبدالمطلبە جدی اولی حضــرت (ص) · دایکی ناوی فاطمەیە کچی اسدی کورری هاشمە ·

س٨١ ــ خلیفەی چوارەم چون بو بە خلیفە وە خلافت‌و عومری چەند بو ؟

ج ــ لەپاش وفاتی حضرتی عثمان بیعتیان‌پی‌کرد وە مدەی چوارسال‌و نومانگ‌و هەشت‌روژ خلافتی کرد ، وە عومری شەست‌و سی‌سال بو ، مدفنی لــە شاری نەجەفە ·

س٨٢ ــ خلیفەی پینجەم ناوو نسبی چونــە وە چەندە خلافتی کرد ؟

ج ــ خلیفەی پینجــەم ناوی (حسن)ی کورری حضرتی علي‌یە · دایکی ناوی « فاطمەی زهرایە » · لەپاش وفاتی حضرتی علي بیعتیان پی کردو شــەش مانگ خلافتی کرد بەلام · لەپاش ئەومدەیە استعفای کرد لە رتبەی خلافت بو حضرتی معاویە وە [illegible]فتی حضرتی معاویە دامەزرا ·

س٨٣ ــ ترتیبی فضل‌و شرف لە امتی پیغەمبەردا «ص» چونە ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ــ گەورەتری هەمو امت حضـــرتی ابوبکری صدیقه ، لەپاش ئەو حضرتی عمر امجار حضـــرتی عثمان ئەمجار حضرتی علي • لەپاش خلفای اربعــه حضرتی حمزەو حضرتی عباس ، پاش ئەوان حضرتی حسنو حضرتی حسین ، لەپاش ئەمان شەش نەفەری باقی لە عشرەی مبشره : طلحه ، زبیر ، ابوعبیدەی ، کورری جراح ، عبدالرحمن کورری عوف ، سعیدی کورری زەید ، سعدی کورری ابیوقاص • لــەپاش ئەمان باقی أصحابی غزای بدر کە سیسەدو حەفــدە کەسن ، امجار اصحابی غزای احد کە حەوتســـەد کەس بوون ئــەمجار اصحابی بیعةالرضوان کـــە هەزارو چوارسەد کەس بوون • لەغیری ئەمانــــه ئەوندە معلومە باقی اصحابی پیغەمبەر (ص) لەغیری اصـــحاب گەورەترن ، وە لە تابعیندا حضـــرتی اویســـیقەرەنیو ســـەعیدیکوری مســـیب لە باقی گـــەورەترن • لـــەپاش ئــەوان امامانی مجتهدین لـــەدیناو ، تێکرا اهـــلی هـــەر قرنی نزیك بی بەقرنی حضـرت «ص» لەاهلی قرنی دوائی گەورەترن • بەلامفضلو شـرفی خصوصی ئـــەوە حوالەی تقویو عبادتو منفعتی دینیەو افادە بـــه عالەمی اسلامیەیە •

س٨٤ ــ ترتیبی گەورەیی لە ژنانا چونە ؟

ج ــ گەورەتر لە هەمویان «فاطمەی» زهـراء ، سیدە خدیجە ، سیدە عایشە ، امجار باقی ازواجی حضـــرت «ص» • بعضـــی لەبینی اوانیشا ترتیبی

www.iqra.ahlamontada.com

قرارداوه · لەغیری ئەمانەدا شرفی خصوصی حوالەی تقوی‌و عبادتە ·

س٨٥ ـ امامانی مجتهد لـــه احکامی شریعت‌دا چـــەندن ؟

ج ـ امامانی مجتهد زورن بـــەلاّم چواریـــان مذهبیان جمع کراوەتەوه وه تقلیدیان صحیحه ، امام ابو حنیفه ، ئیمامی مالك ، ئیمامی شافعی ، امامی احمد خوایان لی راضی بی ·

س٨٦ ـ امامی شافعی ناوی چییه وه نســـبی چونـــه ؟

ج ـ امامی شافعی ناوی محمده ، باوکی ناوی ادریسه ، باپیرەی ناوی عباسه ، له جدی سی‌هەم‌دا که عبدالمنافه ئەگات به حضرت «ص» ·

س٨٧ ـ امامانی اعتقادی اهلی سنت‌و جماعت ناویان چییه ؟

ج ـ ئەو امامانه دوکەسن اولیان ناوی محمده ، کنیـــەی ابو منصـــــوره ، مەشهوره بـــه ماتریدی ، دووەمیان ناوی علی‌یه کنیەی ابو الحسنه ، مشهوره به اشعری ·

س٨٨ ـ انسانی ولی ئەبی چون‌بی ؟

ج ـ ولی انسانیکه بـــەقدر واجب معرفتی ببی به ذات‌و صفاتی خوا ، حریص نەبی لەسەر آرزوی دنیائی ، وه اغلبی اوقاتی صـــرف بکا لـــه طاعت‌و عبادتا وه ذاتا اتباعی شریعتی ببی ، عمدەی نشانەی

www.iqra.ahlamontada.com

ولی ئەمەیە لە رفاقتیان بو أهلی انصـــاف محبتی اتباعی شریعت پیدا ببی ٠

س٨٩ ـ کراماتی اولیا چییه ؟

ج کراماتی اولیا حقەو ثابتە ٠ کرامتِ کاریکه بـه خلافی عادت خوا ظاهری ئـەکا بو اولیاء بو اطمئنانی قلبی ئەوانە کە طالبی مجاورەو تزکیـەی نفسن یا بو کەسانیکیتر وەکو اظهاری خطراتو طی مسافەی زور لە مدەی کەمدا ، وە وەکو اغاثەی اهـلی مصیبت وە نورانیکردنی قلبی اهلی غفلت ، ئەمانە لە حضراتی اولیاوە درك کراوون ٠

س٩٠ ـ طریقەی اولیا چییه ؟

ج ـ طریقەی اولیا عبارتە لـــە جورە آدابو عبادتی لەسـەر ئـەو منهجە تعلیمی طالبانی دین ئەکـەن وە ئەم آدابە سەراسـەر موافقی آدابی شریعتە ، بعضی لە اشـرافیاولیاوەکو حضـرتی عبدالقادریگیلانی وشاهی نقشبند قدس سـرهما فەرمویانە هەر طریقتی مخالفی آدابی شەریعەت بێ ئەوە بطالە ، بطالە ، بطالە ٠ بناءً علیە هەرکەسیکتان چاوپیکەوت ادعای ولایتی کرد وە حالی خوی مخالفی آدابی شریعتبو ئەوکەسـە لە اهلیفسقو بدعتـە وەعاقیبەتی خویوو اتباعی شرو گومراهیو ضلالتە ، چونکە شـریعت قانونیکە خوائی بەسەر هـەمو مکلفیكدا جاریە ٠

س٩١ ـ حکمی دامەزرانی امام بو اسلام چییه ؟

www.iqra.ahlamontada.com

ج ـ واجبە لەسەر ملتی اسلام لەهەمو زەمانیکدا بیعت بکەن بە امامی بو عمومی مسلمانان • وەشرطی امام ئەمەیـــە پیاویکی آزاو مسلمان ، عاقلو عالمو وارعو صاحبشجاعتو کفایت بی وە نسبی لە قریش بی ، ئەگەر امامی وەها ری نەکەوت بیعت بکەن بـــە کەسیکی تر چونکە امام بو اسلام لەمهماتە •

س٩٢ ـ حالی مسلمان لەگەل مسلمان ئـــەبی چون بی ؟

ج ـ واجبە انسان لەگەل هەمو بشری مخصوص لەگەل هەمومسلمانی اخلاقو معاملەی باش بی ، دلی دەرحق بە مسلمانان سافبی ، وە لەپشتی هـــەمو مسلمانیکەوە نویژ بکا وە هیچ کەس لە اهلی قبلە بە کافر نەزانی تا کفری لیدەرنەکەوی وە لعنت نەکا لە هیچ مسـلمانی بـــەلکو لعنت نـــەکا لە کافریش بەخصوصی تا معلومی نەبی ئەو کەســـە بە کافری مردوە یا امری ، چونکە بو هەمو بشـری دعاو طلبی رحمت مناسبە •

٥ ـ «وباليوم الآخر»

س٩٣ ـ ایمان بە روژی آخرت چونە ؟

ج ـ ایمان بـە روژی آخرت ئەمەیـــە تصدیقو باوەررت ببی هـــەروەکو خوا اساســـاً ئەمعالەمی دروست کردوە وە ئەم روحلەبەرانەی ایجـاد کردوە لەمەولایش ئەمدنیایە تیکئەدا وە هــەرچی زیندون

www.iqra.ahlamontada.com

ئەیان‌مرینی وە عالەمی کی تر کە ناوی قیامت‌و آخرەتە ، ظاهر ئەکا ئەم جارە هەرچە مردون زیندویان ئەکاتەوە وە سوق‌یان ئەکا بومحشر ٠

س٩٤ ــ علامت‌و نیشانەی روژی قیامت چییە ؟

ج ــ نیشانەی روژی قیامت زورن فقط نیشانەی گەورەیان یازدە نیشانەیە ، سەنشانە لەوانە خسفە ، یانی زەوی‌روچون ، خسفی لە مشرق ، خسفی لە مغرب ، خسفی لە جزیرة العرب ٠ چوارەم پەیدا بونی (دجال) کە انسانیکە یەك‌چاو سحرباز ئەگەرریت بەدنیادا وە دعوای خوائی ئەکا ٠ پینجەم ظهوری مهدی کە انسانیکە لە اولادی حضرتی « علي » لە زەمانی پەیابونی دجال‌دا پەیدا ئەبی وەمسلمانان بیعتی‌پی‌ئەکەن ٠ لە مکەی مکرمەدا دنیاپر ئەکا لە عدالت‌و احسان ٠ شەشەم نزولی حضرتی (عیسی) لە آسمان بو خاکی‌شام ٠ حەوتەم غلبەی یأجوج‌و مأجوجە بەسەر دنیادا ٠ هەشتەم طلوعی روژە لە مغربەوە ٠ نوهەم دەرهاتنی دابە الارضە لەخاکی مکە ٠ دەهەم پەیدابونی دوکەلیکی بەدەهشەتە لە آسمانەوە کە صفحاتی دنیا ئەگریتەوە ٠ یازدەهەم پەیدابونی آگریکە لە خاکی‌یمن کە ئەهلی دنیا نارەحت ئەکا ٠

س٩٥ ــ دوای ئەم‌علامتانە چی ئەبی ؟

ج ــ دوای ئەم علامتانە حضرتی « اسرافیل » دودفعە فو ئەکا بە صورا ، بە دفعەی اوەل هەرچی زیندوە ئەمرن وە کیوانی دنیاش نامینن ٠ بە دفعەی

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم ، کە چل سال لەپاش نفخەی ئەولە ، هەرچی مردۆ هەیە زیندو ئەبنەوەوە سوق ئەکرین بو محشر ٠

س٩٦ ــ لــــەپاش گردبو نـــەوە لە محشــــردا چەمعاملەیەك ئەکری لەگەل مخلوقاتدا ؟

ج ــ لەپاش گردبو نـەوە لە محشـــردا دفتری ئەعمالیـان پێ ئـــەدری ، بو اهلی سعادت لـــەلای راستەوە ، بو اهلی شقاوت لـــە پشتەوە یا لـە لای چەپەوە ٠ لەپاش ئەمە وەختی میزانە ، کیشـــانەی اعمــال ٠

میزان بـەم نوعەیە چاکە ئەکریت بـە مادەییکی نورانیو روشـن وە خراپە ئەکریت بـــە مادەییکی ظلمانیو کیشانە ئەکرین ، پاش کیشانەی اعمـال وەختی حسابو سؤالە لە عباد ٠

خوا سؤال ئەکا لە پیغەمبەران علیهم الصـــلاة والسلام ، لەگەیاندنی احکامی شریعت ، سؤال ئەکا لە علمای امت ، لە گەیاندنی شریعەتی پیغەمبەران ، سؤال ئـەکا لە اهلی بدعت ، لەســـەر دامەزراندنی بدعتو فساد سؤال ئـەکا لە باقی عباد لــە عملی خراپەیان ، لەپاش ئەمانە وەختی عبورە بەسەر پردی صراطدا ٠

پردی صراط پردیکە راکیشراوە بەســەر جهنمدا لە موو باریكترەوە لە ئەلماس تیژترە ٠ خوا بو عذابی اهلی شقاوت وایدروست کردوە ، چون اهلی سعادت

www.iqra.ahlamontada.com

به خوشی بەسەریا رائەبورنو هەر کەس تا چاکەی زورتر بی باش‌تر بەسەریا عبور ئەکا ، وه اهلی شقاوت لی‌ی ئەخلیسکین‌وه ئەکەونه خوارەوه بوجهنم • ئینجا هەرکەسێ کافر بی (العیاذ بالله) به ابدی له جهنم‌دا ئەمینیتەوەو هەرکەسی ایمانی ببی به ئەندازەی گوناهەکەی عذاب ئەدریت له پاشا دیتەدەرەوه بو بەهەشت • وه اهلی بەهەشت بەرلەوه برونه بەهەشتەوه لەسەر « حوض المورود » گردئەبنەوه •

حوض المورود وا له خارجی بەهەشتا وه له حوضی کوثرەوه آوی بو دی ، آوی له شیر سپی‌تر وه له هەنگوین شیرین‌تره • هەرکەسی دفعەی آوی لی بخواتەوه هەرگیز تینوی نابی ، لەپاش ئەوه که لەسەر ئەو حوضه گردبونەوه ئەرون بو بەهەشت •

س٩٧ ـ بەهەشت‌و جهنم ایسته موجودن یانه ، وه موقعیان له کوییه ؟

ج ـ موافقی ظاهری آیت ایسته موجودن ، بەهەشت وا له ژوری آسمانەوه وه جهنم وا له زەوی‌دا • فقط چونکه نصیکی صریح بو تعیینی جیگەیان نیه حق‌وایه حوالەی بکەین به علمی خوا •

س٩٨ ـ آیا له قیامتا شفاعت هەیه ؟

ج ـ بەلی له قیامتا انبیاو علماو شهداو باقی صالحان شفاعت ئەکەن • شفاعت له قیامتا له پینج موقع‌دایه ، یەکەم بو نجات‌بونی عباد له خوف‌و زلزلەی محشر • دوهم زوهانینیان بو حساب •

www.iqra.ahlamontada.com

سیهەم بو آسانی سؤالو جواب لە وەختی حسابا ٠
چوارەم بو نجاتدانی اهلی گوناە لـــە عذابی جهنم ٠
پینجەم بو ترفیعی رتبەو مقام لە بەهەشتنا ٠

٦ ـ (وبالقدر خيره وشره)

س٩٩ ـ ایمان بە قضاو قدر چونە ؟

ج ـ ایمان بە قضـاو قدر ئەمەیە باوەررت ببی هەرچی لە عالەما پەیدا ئەبی خوا لە ازلدا زانیویەتی وە ارادەی کردوە وە لە وختی پەیدابونیا بە قدرتی خوا پەیدا ئەبی وە لەگـەل ئەمـــەدا لە کارو فرمانی اختیاریدا وەکو دانیشتنو رویشتنو امثالی ئەمانـە عبد اختیـــارو کسبی هەیـــە وە تأثیری خوا تابعی اختیاری عبدە ، یعنی عبد چون اختیاری ببی خوا وای دروست ئەکا ، وە خوای تعالی راضیە بە کسبی خیر ، ناراضیە بە شرر وە لازمە بزانین خوای تعالی ئەتوانی هەمو تکلیفی لە عباد بکا وە هەر تکلیفیکیان لی بکا بە محضـی اختیارە وە بەهـــەر نوعی میلی ببی ئەتوانی تصرف بکا لە عالەما وە واجب نیـە هەرچی مصلحتی مخلوق بی ئـەوە بکا ، هـــەمو فرمانیکیشی حکمتو مصلحتی تیا هەیە ٠

ئەمە کە نوسیمان عقیدەی اهلی سنتو جماعتـە موافقی عقیدەو مذهبی اصحابی پیغەمبەرە (ص) ٠

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين ٠

یەکشەممە ـ ٢ی شەووالی ١٣٥٤ی کۆچی ـ بیارە

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

٣

ئاوی حــەیات

www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى اخوانه النبيين والمرسلين وسائر عباد الله الصالحين الى يوم الدين ٠

(وبعد) ئەم دەفتەرە چەند درسیێکی بەقازانجە لە بیانی اوضاع و احوالی ئەو پیغبرانە کە ناویان لە قرآن و حدیثی صحیحا نشان دراوە ٠ وە احوالی (عشرەی مبشرە) ئەو دەصحابەیە کە حضرتی محمد المصطفی (ص) مژدەی پیداوون بە بەهەشت وە (امامانی مجتهدین) ئەو عالمانە کە احکامی شریعتی اسلامیان بیان کردوە بو ملتی اسلام ، وە لەبەر ئەوە کەزانینی احوالی ئەمذاتانە دلی انسان روشن ئەکاتەوەو مایەی سعادت و حیاتی بەردەوامە ناوی ئەم دەفتەرەم نا (آوی حیات) لەهەمو استادیکی دینی تکا ئەکەم ئەم درسانە بە مسلمانان نشان بدەن ٠ شایەد هەمومان بە ثواب و سعادت نائل ببین ٠

(درسی یەکەم) خلقی حضرتی آدم علیه السلام :

موافقی عقل و نقلی صحیح زانراوە ، ئەم دنیایە کە عبارەتە لە خاك و آو و هەوا وە آسمان و مانگ و روژو

www.iqra.ahlamontada.com

باقی ئەستیرەکان وە هەرچی هەیە لە ناویانا وەکو انسانو حیوانات‌و معادن‌و نبات هیچیان نەبوون وە خوای تعالی جلّ جلاله بـه قدرتی خوی لە نـەبونی دروستی کردون وە لە پاش ئەوە کە ارض‌و آسمانی دروست‌کرد مدتیك ئەم‌دنیایە خالی بو لە بشر ، جا کە میلی کرد بشـر دروسـت بکا امری فەرمو بـه (جبرئیل) علیه السلام کە یکیکە لە ملائکەی مقـرّبین بعضی خاکی لە زەوی هەلگرت‌و بردی بو بەهەشت ، بە آوی جوگەی « تسنیم » کە جوگەییکە لە بەهەشتا شیلای ، وە خوای تعالی بە قدرتی خوی مصوری کرد بـه صورتی انسـان وە روحی پیوە مربوط کردو ناوی‌نا (آدم) وە لە بەهەشتا ـ کـه جیگەییکی زور خوش‌و بەصفایەو بەقدری ارض‌و آسمان گەورەیەو ، لە خواری عرشەوەیە ـ دای‌ناوە بو اظهاری شرافتی انسان‌و ، بو ئەمە بزانری شرافت بە علم‌و معرفتـه ناوی هەرچی هەیە لە دنیادا تعلیمی حضـرتی آدمی کردو ، امری فەرمو بە هـەمو ملائکەتانی آسـمان تعظیمی حضرتی آدم بکەن‌و ، سجدەی لەبەر بەرن ، هەمو ملائکەکان سجدەیان لی‌برد الا (عزازیل) شیطان کە گەورەی ملائکەکان‌بو وە خوی بەچاکتر ئەزانی ، ووتی من لە آگر دروست‌کراوم گەروشن‌و نورانیەو، آدم لـه خاك دروست‌کراوە کـه تاریك‌و ظلمانیە ، سجدەی لی‌نابەم ئینجا لەبەر ئەم غرورە خوای تعـالی غضـبی لی‌گرت‌و ، لعنتی لی‌کردو لـه بەهەشـت دەری‌کرد .

www.iqra.ahlamontada.com

(**درسي دوهەم**) : دروست كردني حەواء

مدتي لە پاش ئەمە حضرتي آدم بەتەنيا لـە بەهەشتا ئەگەررا ئەمجار خواى تعالى ويستي رفيقي كي لــــە نوعي خوى بو دروست بكا ،لە وەختيكا آدم نوستبو پراسويكي لـــەلاى چەپيەوە لـە بدەني آدم دەرهينا ژنيكي بـــە كمال‌و معرفتـــي لى‌دروست كردو ناوى‌نا (حوّاء) • كە آدم لە خەو خبري بووە چاوي بە حــواء كەوت زور خوشحال بو وە خواى تعالى خبرى‌دا بـــە حضرتي آدم كە ئەم‌ژنە رفيق‌و حلالي تويە ، پيكەوە لە بەهەشتا سكونت بكەن وە لە هەمو ميوەى بەهەشت بخون ، بەلآم نزيكي داري گەنم مەكەون ، ئەوانيش بەيكەوە لە بەهەشتا رايان‌ئەبوارد ، وە لەم مدّتەدا خودا بەقدرتي خوى لباسيكي زور ظريف‌و جواني بو يەدەني آدم‌و حــواء خلق كردبو كە هـــەمو لەشياني دائەپوشي وە قطعا عورت‌يان دەرنەئەكەوت •

(**درسي سى‌هەم**) : **هاتنە خوارەوى آدم‌و حوّاء لە آسمانەوە بو زەوى** •

دەرچوني‌شيطان لـــە بەهەشت بـــە واسطەى سجدەنەبردني لە حضـــرتي آدم بو بە واســـطەى دوژمنايەتي لەگەل آدما، دائما بو فرصت‌وحق‌ساندن ئەگەرا • روژى رويشتە دەرگاى بەهەشت ، بانگي لە حضـــرتي‌آدم‌و حواء كرد : وتي‌باوەرم‌پى‌بكـــەن نصيحت‌تان ئەكەم لەبەر ئەمـــە خوا منعي خواردني گەنمي لى‌كردوون كە وەكو ملائكە بن وە لـــە لذتي

www.iqra.ahlamontada.com

عالم محروم بن وه له‌سه‌ر ئه‌م مطلبه قسمی کی زوری بو خواردن ئه‌وانیش وایان ئه‌زانی هیچ که‌س درو ناکا وه قسمی درو ناخوا ، به‌م وضعه که‌وتنه اشتباهه‌وه وه گه‌نمیان خوارد . ئینجا به‌شوم‌و نه‌گبه‌تی خواردنی گه‌نمه‌وه لباسه‌که‌یان له‌به‌ر لاچو وه عورت‌یان ده‌رکه‌وت وه خوای تعالی عتابی‌لی‌کردن وه ئه‌مری فه‌رمو به جبرئیل له به‌هه‌شت هاوردنیه خواره‌وه بو زه‌وی ، حضرتی آدمی له (سَرَنْدِیب) له مملکتی هندوستان وه حوای له جدّه له مملکتی حجازا دانا .

(درسی چوارم) : پارانه‌وه‌ی حضرتی آدم‌و قبول بونی معذرتی له‌لای خوای‌تعالی .

که حضرتی آدم که‌وته سرندیب وه له عتابی خودای تعالی حالی‌بو گریا وه‌زور له خودا پارایه‌وه تا خودای تعالی چه‌ند کلمه‌یکی به الهام خسته دل یه‌وه که بیان‌لیت تا ببن به ئه‌سبابی عفوی خودای تعالی . یه‌کی له‌و کلمانه ئه‌مه‌یه (رَبَّنَا ظَلَمْنَا اَنْفُسَنَا وَاِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) . یه‌عنی ئه‌ی خوای ئیمه ئیمه ظلممان کرد له خومان که نصیحته‌که‌ی تومان فه‌راموش کرد ایستاش ئه‌گه‌ر تو عفومان نه‌که‌ی وه رحممان‌پی‌نه‌که‌ی به راستی ئه‌بین به‌وانه که ضرری گه‌وره‌یان کردوه . ئینجا خودای تعالی به لطفی خوی عفوی کردن وه فه‌رموی به آدم بروات بو مملکتی حجاز ، که رویشت له خاکی

www.iqra.ahlamontada.com

(عرفات)دا حواى دوزيەوە ٠ وە لـە خاكى مكـــە سكونت وە دەستيان كرد بە طاعتو عبادتى خودا ٠

وەهـــا مشهورە لـە كتيبى ســـيردا كە حواء بيستويك سكى كردوە ٠ وە لە هەمو سكى كا بە جاريك كوررو كچيكى ئەبو ، كچى سكى بو كوررى سكى كى تر نكاحى دروست بو ، لە سكى آخرا فقط كورريكى بو نـاوي نا (شيث) مـادەى وجـودى حضـــرتى مُحَمَّدُ الْمُصْـــطَفٰى (ص) لە لاينى آدمەوە گەيشتە لاى ئەو بويە بە تـەنها لەدايكبو وەخواى تعالى تشريفى كرد بەسەر باقى ئەولادەكانى آدمدا ٠ حضرتى آدم لە مكە وحى بوهاتو بو بـە پيغەمبەر لەسەر ئەولادەكانى وە خوداى تعالى دە (صَحِيفَه) پەررە شريعتو احكامى بو نازلكرد ، وەها مشهورە هەزار ســـال عمرى رابواردوە ، وە لـە مكە وفاتى كردوەو قبرى لە كيوى (أَبُو قُبَيْس)ە ٠

(درسى پينجەم) حضرتى شيث عَلَيْهِ السَّلامُ :

ئەم ذاتە كوررى حضرتى آدمە وە لە پاش وفاتى حضرتى آدم بو بە پيغەمبەر وە رەوانەكراوە بو سەر برازاكانى وە پەنجا صحيفەى لەلايەنى ذاتى خوداوە بو نازل بوەو لەسەرو صورەتا مناسبەى زور بوە بە حضرتى آدمەوە ٠ روايت كراوە كە عمرى نوسەدو دوازدە سال بوە وە قبرى مباركى لە شارى موصلە٠

(درسى شەشەم) حضرتى إِدْرِيس عَلَيْهِ السَّلامُ :

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمذاتــە مقدسە لەنســـلی حضـــرتی شیسمە انسانیکی بالابەرزو جوان بوەوە خودا کردی بـــە پیغەمبەرو رەوانەی کرد بو سەر اولادو نسلی قابیلی کورری حضرتی آدم وە خودای تعالی سی صحیفەی بو نازل کرد • ئەم ذاتە لە اصلا ناوی (أُوخْنُوخ)بوە ، لەبـــەر ئەمـــە کە زور تعلیمو تدریسی ئەفـــەرمو مشهورو ملقب بو بە ادریس وە اول شخصی بوە کـــە بە قلم نوسیویەتی وە جلی دوریوەو کردویەتەبەر ؛ چونکە لە پیش زەمانی ئـەو عادتی بشر وابو کـــە پیستی حیواناتیان لە خویانەوە ئەپیچا • عمری سیسەدو شەستو سیســـال بوە • بعضـــی علما فەرمویانە لە تفسیری آیەتی شریفەی (وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا) کە حضرتی ادریس وفاتی نەکردوە وە خودای تعالیبەرزی کردوتەوە بو بەهەشت وە حالی حاضـر زیندوە •

(درسی حەوتەم) حضرتی نُوح عَلَيْهِ السَّلَامُ :

ئەمذاتە عالیە لە نسلی حضرتی ادریسە لە عمری پەنجا سالیا خودا کردی بە پیغەمبەر وە ناردی بو سەر قومیکی بتپرست • نوسەدو پەنجا ســـال دعوتو نصیحتی کردن هیچ فائدەی نەبو • نتیجە دوعای کرد لە قومە لەی وە خودا بە طوفان هلاکی کردن •

لە پیش طوفانا خودای تعالی وحی کرد بو حضرتی نوح وە ئەمری پیفەرمو کە شتیکی گەورەی دروست

www.iqra.ahlamontada.com

کرد وه له وه‌ختی طوفانه‌که‌دا له هه‌مو گیان‌له‌به‌ریك نیرومییکی تی‌خســـت وه خویو اولادو اتبـــاعی رویشتنه ناوی الا ژنه‌که‌ی وه کنعانی کورری نه‌بی ٠ که ئه‌م طوفانه نیشته‌وه که‌شتیه‌که‌ی له‌سه‌ر کیوی (جُودِیّ) نزیکی موصـــل له خاکی جزیـره قراری گرت ٠ بـه تقدیری خودا هــه‌رچی بنی آدم لــه که‌شتیه‌که هاتنه خواروه هه‌مو مرد نالا حضـرتی نوح وه سی کورری حام ، سام ، یافث‌و عائله‌کان‌یان نه‌بی سلسله‌ی به‌شـــه‌ر له‌سه رئه‌م‌سی‌شخصـــه دامه‌زراوه‌و له‌وانه‌وه آده‌میزاد به‌دنیادا بلاوبونه‌وه٠

ســـه‌رنج :

له‌م‌تقریره‌وه بو انسان روشن ئه‌بیته‌وه کـــه خاکی کوردوستان (مهدی ثاني) بیشکه‌ی دوهه‌می بشره ، وه‌ها مشهوره حضــــرتی نوح عَلَیْهِ السَّلام هه‌زارو په‌نجا سال عمری رابواردوه قبری مبارکی له شاری موصله ٠

(درسی هه‌شته‌م) حضرتی هود عَلَیْهِ السَّلامُ :

ئه‌م‌ذاته عالی صفاته لـــه أولادی سامی کورری حضرتی نوحه ، خودای تعالی کردی به پیغه‌مبـه‌ر وه ره‌وانه‌ی فه‌رمو بو ســـه‌ر قومی عاد که طائفه‌ییکی زور گمراه‌و به‌دبه‌خت بون‌و دائه‌نیشتن لـه خاکی (رَمْلَه) له بینی عمان وه حضرموت‌دا ٠ حضرتی هود دعوتی کردن بو توحیدی خودا واته : به‌یه‌ك زانینی وه ترکی‌بت‌په‌رستی ، ئه‌وانیش انکاریان کـرد وه

www.iqra.ahlamontada.com

مبالات‌یان پی نه‌کرد تا خودای تعالی غضبی لی گرتن ؛ لـه پیشاسی‌سال منعی‌بارانی لی‌کردن لـه دوایی‌دا هه‌وریکی ره‌ش‌و وتاریکی ناردەسەریان ئه‌وانیش وایان زانی باران ئـه‌باری (وَالْحٰال) ئه‌و هـه‌وره باییکی زور بـه قوه‌ت‌و هیبتی پیـوه بو ، مدتی حه‌وت‌شه‌وو هه‌شت روژ هات به‌سه‌ریانا تا ئـه‌و مملکته‌ی ویران کرد وه هـه‌مو ملته‌که‌ی مرد ، وه حضرتی هود علیه السـلام له اثری ئـه‌م‌حادثه‌وه له‌وخاکه هجرتی کرد رویشت بو مکه‌ی مکرمـه وه‌له‌وی وفاتی کرد · مشهور وه‌هایه قبری مبارکی وا له به‌ینی رکن‌و مقـامی ابراهیم‌و بئری زمزم‌دا ، ئه‌هلی سـیر ئه‌لین ئـه‌و موقعـه قبری نه‌وه‌دو نو پیغه‌مبه‌ری تیایه ، لـه جمله‌ی ئه‌وپیغه‌مبه‌رانه‌یه : هود ، صالح ، ئیسماعیل ، شعیب ، علیهم السلام · عمری حضرتی هود سه‌دو په‌نجا سال بوه ·

(درسی نوهه‌م) حضرتی صالح عَلَيْهِ السَّلام :

ئه‌م ذاته مقدسه له‌نسلی سامی کورری حضرتی نوحه خودای تعالی کردی به پیغه‌مبه‌ر وه ره‌وانـه‌ی فه‌رمو بو سـه‌ر قومی (ثَمُود) کـه طائفه‌ئیکی بت‌په‌رسـت‌بوون وه لـه جیگه‌ی قومی عـادا دائـه‌نیشتن · حضرتی صـالح دعوتی کردن بو خوداپه‌رستی ، ئـه‌وانیش اطاعـه‌یان نـه‌کرد وه ئیمانیان نه‌هینا ، له پاش مدتی داوای (معجزه)یان لی کرد ؛ ووتیان ئه‌گه‌ر راست ئه‌که‌ی تو پیغه‌مبه‌ری

www.iqra.ahlamontada.com

لازمە لەم بەردە کە لەمجیگەیە وشتریك بیتە دەرەوە ۰ خودای تعالی بو اثباتی پیغەمبەریەتی صالح وشتریکی لەوبەردە هینایەدەرەوە نتیجە ئەوقومە نەگبەتەلەسەر انکاری خویان دوامیان کرد وە وشترەکەشیان کوشت ۰

ئینجا خودای تعالی غضبی لی گرتن وە خبری دا بە حضرتی صالح کە لەپاش سی روژی تر غضب و عذاب نازل ئەبیتە سەر قومەکەی ، حضرتی صالح لەترسی ئەو عذابە خویو اتباعی لەوجیگایە دەرچون بو مملکتی شام لەپاش سی روژە کە لە وەختی قاوەلتی یا خوای تعالی حضرتی جبرئیلی مأمور کرد بە صیحەی دەنگیکی بەهیبت و شدتی بەسەریانا کرد ، لە اثری ئەو صیحەوە هەمو ئەفرادی ئەوملتە دلیان لەت بوو مردن ۰ لەپاش ئەمە حضرتی صالح لە شامەوە رویشت بو مکە وە لە مکە وفاتی کرد ۰ مشهور وەهایە عمری پەنجاوهەشت سال بوە ۰

(درسی دەهەم) حضرتی اِبْراهیم خَلیل عَلَیْهِ السَّلامُ :

ئەمذاتە جلیلە کورری تارخ وە لە نسلی سامی کورری حضرتی نوحە ۰ علمای سیر ئەلین : دوهەزارو سەدسال لە پاش طوفان لەدایك بووە ۰ بعضی لەئەهلی تاریخ ئەلین لە (سُوس) لەدایك بوە کە شاریکە لە خوزستان مشهورە بە شوشتەر وە بعضی ئەلین لە کوثی (کوُتی) لە دایك بوە کە موقعیکە لە عراقا ، لە بەینی دجلەو ، فرات ، وە

www.iqra.ahlamontada.com

بعضیکی تر ئەلین لە (وَرْكَاءْ) لەدایك بوە ئەویش جیگەییکە لـە نزیکی شرقاط لـە کَناری دجلە ٠ والحاصل خودا کردی بە پیغەمبەرو روانەی کرد بو سەر قومی (نَمْرُود) پادشای (بَابُل) لـە عراقا ٠ ئەوقومەیش بت‌پەرست بوون ، حضـرتی ابراهیم علیه السلام دعوتی کردن بو توحیدو خوداناسین ٠ نمرود لەم وضعیتە زور عاجز بو وە رور مجادلـەی لەگەل حضرتی ابراهیم کرد ٠ لەئەنجامدا لەسـەر مشـورەتی قومەکەی ئـەمری کرد ئاگریکی زور گەورەیان کردەوە بە (مَنْجَنِیق) حضرتی ابراهیم‌یان هاویشتە ناوی ، خودای تعـالی بو اظهاری قدرتی خوی محافظەی کرد وە لـە پاش‌مدتی بەسـاغو سلامەتی لە آگرەکە هاتـە دەرەوە ، ئینجا لەگـەل حضرتی لوطی کوړری هارانی برای وە سارەی عائلەی لە خاکی بابل دەرچونو رویشتن بو مصر ، مدتی لە مصر مایەوە ، وە حکومەتی مصر جاریەییکی «هاجرە» ناوی پی‌بەخشی ٠ ئینجا لەمصر هاتنەوە حضـرتی ابراهیم لە فلسطین دانیشت وە حضـرتی لوط لـە مؤتفکەدا لەنزیکی ابراهیما اقامتی کرد ٠ لـە پاش ئەمە خودای تعالی دو کوړری پی‌دا ، لەسارە اسحاق‌وە لە هاجرە اسماعیل ، حضرتی ابراهیم بە ئـەمری خودا هاجرەو اسماعیلی کوړری برد بو خاکی مکە وە لەوی بەجی‌ی هیشتن‌و خوی گەرایەوە بو فلسطین ، لە پاش مدتی خودا ئەمری فەرمو بەبراهیم رویشت

www.iqra.ahlamontada.com

بو خاكی مكه وه به‌یارمه‌تی اسماعیلی كوڕی له‌سه‌ر بناغه‌ی قدیم مالی (كعبه)ی دروست‌كرده‌وه ٠ ئینجا تشریفی گه‌ڕرایه‌وه بو فلسطین وه له‌وی مایه‌وه تا وفاتی كرد ٠ وه‌ها مشهوره عمری دوسه‌دسال بوه ٠

ئه‌م‌ذاته مقدسه انسانیكی زور به‌قدرو قیمت بوه وه دینی توحیدی له دنیادا دامه‌زراندوه‌و تشریعی ده خصلتی كرد كه عبارتن له‌مانه ؛ جیا كردنـه‌وه‌ی موی‌سه‌ر به‌لای راست‌و چـه‌پا ، به‌رسمیل‌كردن ، سواك‌كردن ، آوراوان له‌ده‌م‌و لوت ، ناخون‌كردن ، خه‌ته‌نه‌كردن ، لابردنی مو ، طهارت گرتن ٠ وه زور زحمتی كیشا له‌ریگا خودادا بویه خودا جزای‌داوه‌و ، كردی به باوكی عددیكی زور له پیغه‌مبه‌ران علیهـم السلام ٠ وه ده صحیفه‌ی بو نازل‌كرد ٠

(درسی یازده‌هه‌م) بحثی حضرتی لوط علیـه السـلام :

ئه‌م‌ذاته صاحب مقامـه كوڕی هـــارانی برای حضرتی ابراهیمه ٠ خودای تعالی كردی به پیغه‌مبه‌ر وه‌ره‌وانه‌ی فه‌رمو بو سه‌ر قومی‌كی بت‌په‌رست كه له (مُؤْتَفِكَه) دائه‌نیشتن ، زور قوه‌ی‌كی عادی‌و عاصی بون وه له‌سه‌ر فســق‌و فجور دوامیان ئـــه‌كرد ، هه‌رچه‌ند حضرتی لوط منعی ئه‌كردن ده‌ست‌به‌ردار نه‌ئه‌بون تا خودای تعالی غضبی لی‌گرتن وه جبرئیلی مأمور كرد له‌گه‌ل جماعه‌تی له ملائكه بو سه‌ریان ٠ ئه‌م ملائكه‌تانه مصور بون به صورتی انسان وه لـه

www.iqra.ahlamontada.com

ریگەوە رویشتن بو خزمەتی حضـرتی لوط ، کـــە قومەکە خەبەردار بون هاتن بویان بـــدبی حیائیو جســوری وە نصیحتی حضـــرتی لوط هیچ فائدەو تأثیری نەبو ، لەویا ملائکتەکان دلخوشی حضـرتی لوطەیان دایەوەو فــــەرمویان هیچ لەموضعە متاثر مەبە صبحەینی وعدەی هلاك بونی ئــەم قەومەیە وە لازمە سبەینی زو خوتو اتباعت لەمجیکە دەرچن الا عائلەکەت ئەویش غضبی لی گیراوە · لەپاش ئـــەم قصـــەیە غائب بون · حضـــرتی لوط صبحەینی زو خویو اتباعی لەوجیگە دەرچون ، لە پاش دەرچونی ئەوان حضـرتی جبرائیل بە ئـــەمری خودای تعالی ئەوجیگایە ژیراوژور کرد وە لە پاش ئەویش خودای تعالی بەردەبارانی کردن بە بەردیرەش تا ببن بـــە نشانەو عبرت بو باقی مخلوقات · مدتی لە پاش ئەم حادثە حضرتی لوط وفاتی کرد ·

(درسی دوازدەهەم) بەحثی حضـرتی اسماعیل علیە السلام :

ئەمذاتە جلیلە کورری حضرتی ابراهیمە وە لـــە (هاجرەی) مصریە متولدبو · حضرتی ابراهیم بـــە ئەمری خودای تعالی بە مندالی لەگەل والدەیان بردنی بو خاکی مکە وە بەجیی‌هیشتن لەووەختەدا قبیلەیی لە عەربی یەمەن کە مشهورن بە (جُرْهُم) هاتن لـــە خاکی مکەدا اقامتیان کرد وە حضـــرتی اسماعیل ژنیکی لی‌خواستن ناوی (سَیِّدَە)بو کچی مضـــاض

www.iqra.ahlamontada.com

کورری عمری جەرهەمی بوو ، لەوژنە دوازدەکورری بو ناوی دوانیان : (نابِت) وە (قَیدار) بوە ، میللەتی عەرەبی حجاز لە نسلی ئەم دوکوررەن وە حضـرتی (محمدی عەربی) «ص» کە پیغەمبەری ایمەیە لەنسلی (قیدارە) ؛ چونکا حضرتی محمد «ص» لە طائفـەی بەنیهاشم وە هاشم لە طائفەی قریش وە قریش لە بەنی کنانە وەبەنی کنانە لە نسلی قیداری کورری حضرتی اسماعیلە ٠

زورکەس لە مؤرخە معتبرەکان ئەلین ئەقوامی سامی کە لە (جَزِیرَةُ الْعَرَبْا) بلاوبوبو نەوە تا حدودی عراقو شام هەرچەند لهجەو زمانیان جیاجیابو ئەما لەپاش دوسە حەفتە باش لەقسەی یەك حالی ئەبون وە مکالەمەیان پیکەوە ئەکرد ٠

لە عبارتی بعضیکیان وا استفادە ئەکریت کـــە لفظی « عەرب » بە دومەعنا استعمال کراوە : مەعنای مشهوری عبارتە لـــەم قومە کـە ایستە بەزمانانی حجازو مصرو شامو یەمەن قسە ئەکەن ٠ مـــەعنای غیریمشهوری واسعترە ، وە هەمو ئەقوامی سامی دائەگریت ٠ خولاسە عەرب بەمەعنایە ئەوقومەن کە مبدئی لغتو زبانیانلەسەر حروفی هجای عەرەبي ایستەبی ٠

بروینەوە بوسـەر مطلبی خومان : حضـرتی اسمعیل عَلَیْهِ السَّلام لە مکەدا نشأتی کرد وە خودا کردی بە پیغەمبەرو رەوانەی فەرمو بو سەر عەرەبی

www.iqra.ahlamontada.com

حجازو ، له مکەدا وفاتی کرد • قبری مبارکی لــــه نزیکی کعبەدایه •

(درسی سیازدەهەم) بەحثی حضرتی اسحاق علیه السلام :

ئەمذاته عالی درجاته کوری حضرتی ابراهیمه وه له ساره متولدبوه له خاکی فلسطین • خودای تعالی کردی به پیغەمبەر بو سەر ئەوقومه که له فلسطینا بون عمری سەدو هەشتا سال بووه ، قبری مبارکی له (خلیل الرحمان)ەله لای مرقدی حضرتی ابراهیم علیه السلام •

(درسی چواردەهەم) بەحثی حضرتی یعقوب عَلَيْهِ السَّلام :

ئەمذاته مقدسه کوزری حضرتی اسحق بوه • له فلسطینا لەگەل (عیصُوب)ی برایا بەجاری لەدایك بون ، که گەوره بو لەگــــەلی جیگا له خاکی شـــاما سکونەتی بوه ، نتیجه به سواحلی بحرا عبوری کرد بو روم ، خاکی رومی کرد به وطنی خوی وه لــــه بەرەکەتی دعای باوکیەوه خودا کردی به پیغەمبەرو رەوانەی کرد بو سەر ئــەهلی (نَجْران) وه عددیکی زور له انبیاءو پادشایان له نسلی ئەو پەیدا بوون •

لفظی (اِسْرائِیل) که به زبانی عبری مـــەعنای (عَبْدُالله)یه لەقەبی ئەو بوەو بەنی اسرائیل بـــەو نسبت ئەدرین • گەلی زحمەتیشی توش بو له آخری

www.iqra.ahlamontada.com

عمریا تشریفی رویشت بو مصر بو لای حضــرتی یوسف وه له مصرا وفاتی کرد ، فقط لەسەر وصیتی خوی له پاش مردن جسدی مبارکی نقل کرا بو خاکی فلسطین وه لــه (خَلِیلُ الرَّحْمٰانا) لــەلای مرقدی حضرتی ابراهیمو اسحاقی باوکی دفن کرا ۰ وەهـا مشهوره عمری سەدوشەست سال بوه ۰

(درسی پانزەهەم) بەحثی حضرتی یُوسُف عَلَیْهِ السَّـلام :

ئەمذاته جوانو محبوبه کورری حضرتی یعقوبه ۰ لەگەل (بِنْیٰامِینی) برایا له دایکیکن وه باقی براکانی دایکیانجیا جیا بوه ۰ حضرتی یوســـف زور عاقلو جوان بوه لەبەر ئەوه باوکی زوری خوشئەویست ، لەمخسوســەوه براکانی حـــەزیانلی نەئەکردو بو فرسەتئەگەرران بیفەوتینن ، تاروژی ئیزنیان لـه باوکیان وەرگرتو بردیان بو سەیران بو صحرای کنعان ۰ لەوی خستیانه چالەوەو حیوانیکیان بەسەر جلەکانیا سەربری ئیوارە هاتنەوە دەستیانکرد به گریان وه کراســەکەیان هینایه خزمـەت باوکیانو ووتیان : ئیمه له صحزادا صحبتمان ئەکرد غـافل بوین له یوسفو گورگ خواردی ، حضرتی یعقوب باوەری پینەکردنو زور عاجزو محزون بو ۰

بو دوزینەوەی یوســف زور لــه خودای تعالی ئەپاررایەوە ۰ به تقدیری خودای تعالی پاش ئەوه که یوسفیان لــه چالەکــەدا بەجیهیشــت کاروانی

www.iqra.ahlamontada.com

هاتەسەر چالەکە پیاویکیان رویشت بو آو ، کــــە دولچەکەی داهیشتە خوارەوە یوسف رویشتە ناوی کە دولچەکەی هەلکیشا تەماشـــای کرد مندالیکی زور جوانو نجیبی تیایە٠ ئەویش بە مەسروری هینای بو ناو کاروانیەکانو فروشتی بەچەند درهـــەمی ،

کە کاروانەکە گەیشتە (مصر) یوسفیان بــرد بو بازار بیفروشن لە هەمو لایکەوە مشتری بوهات تا بە قیمتیکی زیاد فروشتیان بە (عَزیزی مصـــر) ٠ یوسف لە مالی عزیزا بەقەدرو عـــزت رای ئەبوارد ٠ ژنی عزیزی مصر عاشقبو بە یوسفو ، هـــــەرچی حیلەو تەلاشی کرد حضرتی یوسف مبالاتی پی نەکرد ،

لەبەر ئەمــــە ئەوژنە غضبی لیگرت وە ئەمری کرد بردیان بو حەبسخانە ٠ مدتی حەوت سال لە حەبسدا مایــەوە ٠ وە لەووەختەدا دوخزمەتکاری پادشــاتی مصریش محبوسبون یەکی کیان خەوی بینی کــــە تری ئەگوشی وەشەراب دروستئەکا بو پادشــا ٠ ئەویتریان خەوی بینی کە سینیەکی پرلەنان وا بە

سەر سەریەوە وەطیر بەسەریا دائەبارنو ئەیخون ٠ لەبەر ئەمە ئەم دوکەسە اعتقادی نەجابتو حکمتو معرفتیان بــە یوســـف بو هاتن بو خزمــەتی بو تەعبیری خەوەکەیان ، ئەویش فەرموی بە یەکەمیان :

تەعەبیری خـــەوی تو ئەمەیە لە حبسخانە نەجاتت ئەبیتو ، ئەرریتەوە بوخزمەتی پاشا وەکو سابق لە خزمەتییا بە حورمەت ئەبیت ٠ فقط رجا ئەکـەم

www.iqra.ahlamontada.com

کە رویشتی بو خزمەت پاشا فکری منت ببی وە
عەرضی پاشا بکە بەلکو ئەمز بکا نەجاتم ببی ٠

فەرموی بە شەخەصی دوهەم تەعەبیری خەوەکەت
ئەمەیە ئەت ئوژنو ئەت کەن بەدارا زە طیرو طیور
گوشتەکەت ئەخون ٠ پاش مدتی بەونوعە کە یوسف
فەرموبوی اولیان نەجاتدا وە رویشتەوە بو وظیفەی
خوی لە خزمەتی پاشا ٠ وە شەخەسی دوهەمیان

کوشتو کردیان بەدارا طیر خواردی ، لە پاش مدتی
پادشای مصر خەویکی دی وای هاتە پیش چاو کە
حەوت گای ضعیفو لاواز حەوت گای چاخیان خوارد

وە حەوت گول گەنمی سەوز وە حەوت گول
وشکی دی ، زور سەعی کرد کەسیکی
دەست نەکەوت تەعبیریکی ئەم خەوەی بە

سورەتیکی مەعەقول پی بلیت ٠ لەم وەختا ئەو
خزمەتکارە کە لە حبسخانە نجاتی بوبو یوسفی
کەوتەوە فکر وە پاشای حالی کرد شەخسیکی وەها

یوسف ناو لە حەبسخانەدایە مەگەر تەعەبیری
ئەمخەوە ئەو بیانی بکات ، پاشا هەناردی یوسفیان

لە حەبسخانە هینادەردوەو هاوردیان بو حضوری
پاشا ، داوای تەعەبیری خەوەکەی لی کرد ٠ یوسف
فەرموی تەعەبیری ئەمەیە لەمەولا حەوت سال خوشیو
هەرزانی ئەبیت لەپاش ئەوە حەوت سالی تر دیت زور
قەحتو گرانی پەیدا ئەبیت وە ئەگەر من بکەن بە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمین‌داری مەخزنی ئەرزاق ئەزانم تدبیری ئەووضعە بکەم • کەپاشا مقداری فکرو ذکاوتی یوسف حالی بو کردی بە ئەمین‌داری خەزینەی خوی ، لە پاش مدتی ئەوەندە معاملاتی نەجیبانەی کردو رفتاری چاکی نشانی میللەتی مصردا • ئەهلی مصر بەسورتی عمومی محبتو رغبت‌یان پەیدا کرد بەیوسف ،

بەقضاو قدری خودا لەو وختا پادشای مصر وفاتی کرد • وەمیللەتی مصر یوسف‌یان کرد بە پاشای خویان • وە خودای تعالی کردی بە پیغەمبەر بو سەر ئەو میللەتەو زور کەس ایمان‌یان پی‌هینا •

لەم اثنایەدا براکانی لەبەرگرانی‌و قاتی لە خاکی کەنعانەوە هاتن بو مصر بو ئەرزاق ، کە حضرتی یوسف خبردار بو ئەمری فەرمو بە خورایی هەر چەند ولاغیان پی‌بو باریان کرد لە ئەرزاقو ، هەرمەتاعیکیش‌یان‌هینابوو ، کە بیدەن بەقیمتی ئەرزاقەکە ، پی‌یدانەوە وە فەرموی پی‌یان ئەم دفعە

کە هاتنەوە برائیکی باوکی‌تان هەیە لەگەل خوتان بی‌هینن ، کە هاتنەوە بو کەنعان ئەم موضوعەیان گیرایەوە بو حضرتی یعقوب ئیزنی پی‌دان کە (بنیامین) لەگەل خویان ببەن بو مصر • کە دفعەی دوهەم هاتن بو مصرو بنیامین‌یان لەگەل بو حضرتی یوسف چاوی‌پی‌کەوت وە بەچاو پیکەوتنی زور مەسروربو وە بە خسوسی بانگی کردو تی‌ی‌گەیاند کە تو برای منی وە من یوسفم ، ئەم جار کە

www.iqra.ahlamontada.com

بارەکانیان بۆ تەواوکردن یوسف ئەمری فـــەرمو ئەو (مەنــە) کەدەغل‌یان پی ئــەپیوا خستیانە ناو بارەکـــەی (بنیامین) ، کە کەوتنــە ریی بو کنعان جاررچی بانگی کرد لە ئەهلی قافلەکە : مەنی عماری پاشا دزراوە • ئـــەهلی قافلەکـــە ووتیان (خودا ئەیزانی) ایمە بو دزی نەهاتوین • بین بارەکانمان

بگەررین مەنەکە لە باری هەرکەسیکدابو ئەوکەسە بگرن حبسی بکـەن ، کـــە مأموورەکان گـــەرران مەنەکەیان لـــە بارەکـــەی (بنیامین) دەرهینا وە بنیامین‌یان حەبس کرد • براکانی حضرتی یوســف لـــەم کارە زور متاثر بون وە رویان نەبو بـــەبی (بنیامین) برونەوە بو کنعان بو خزمەت حضـــرتی یعقوب • لەبەر ئەمە رویشتن بو حضوری یوســـف

زور پاررانەوە کە (بنیامین) مرخص بکات ، ئەویش رحمی جولاوە خووی لی‌ئاشکرا کردن فەرموی : من یوسفم وە ئەمـــەیش (بنیامین)ی برامــە ئیوەیش هەرچی‌تان لەگەل من کرد گەردنتان آزادبی ، برون باوکم‌و دایکم‌و هەرچی ئەهل‌و عائلەتان هەیە بی‌هینن بومصر ، وە ئەم کراسەم ببـــەن بو باوکم بیهنی بەسەر چاوەکانیا چاك ئەبیتەوە •

ئەوانیش زور بەکیف‌خوشـــی گەررانـــەوە ، هیشا نەگەیشتبونە بـــەرەوە حضـــرتی یعقـــوب فەرموی ئەگەر باوەررم پی‌ئەکەن بینی یوسف ئیت بەسەرما • کـــە گەیشتنە بەرەوە مژدەیان‌پی‌دا وە

www.iqra.ahlamontada.com

کراسەکەیان نایە سەرچاوی فورا چاوی روشـــن بوەوە ، جا هەمویان رویشتن بو مصر وە بە دیداری یوسف شادبون ، لە پاش مدتی حضـــرتی یعقوب وفاتی کرد . لەپاش وفاتی ئەو حضرتی یوســـف پاررایەوە لە خودای تعالی کە بەاسلامیتەوە بیمرینی، خودای تعالی دوعاکەی قبول فەرمو ئەویش لە عمری سەدو بیستساڵیبا وفاتی کرد وە لە مصـــرا دفن کران تا زمانی حضرتی موسی علیه السلام ئەو وەختە جسدی مبارکی یعقوبو یوسفی نقل کرد بو (خَلِيلُ الرَّحْمٰان) لەوی دفنی کردن .

(درسی شازدەهەم) حضرتی اَيُّوب عَلَيْهِ السَّلام :

ئەمذاتە صاحب برکاتە لە نســـلی (عیصوی) کورری حضرتیاسحاقە . دایکی لە اولادی حضرتی (لُوط)ە . وە عائلەکـەی کچی (اِفْرائِيم) کورری حضرتی یوسفە . لە خاکی شاما تولدی بوو گەورەبو خودای تعالی کردی بە پیغەمبەر وە روانەی فـەرمو بو سەر ئەهلی « حُوران » .

ئەمذاتە زور صاحب ثروتو دولتو جمالو جاه بو . تا خودای تعالی بو امتحانو تاقی کردنەوە هەموی لیسەندەوە ،ماڵەکەی روخان بەسەریانا غـــەیری عائلەکەی (رَحْمَه) ناو هەمو ئەهلو اولادی فەوتان وە ثروتو دولتەکەیشی فــەوتا تا فقیرو محتاجو بی کەس کەوت . وە ذاتی خویشی دووچار کرد بـــە علتو زەخم بەتەواوی اعضای زەخمدار بو

www.iqra.ahlamontada.com

تا حەوت سال بەم نوعە مایەوە ، لەم مدەتا غەیری رحمەی حرمی کەسی بەلاوە نەماوە کەس خزمەتی نەئەکردن • ئەوذاتە عالی‌صفاتە لەگەل ئەم هەمو زحمت‌و مصیبتانەدا سعات بە سعات زیاتر شکری خودای ئەکرد تا گەیشتە بەدرجەیی کرم دایە دلی وە زور بی‌صبرو قەرار بو ، ئەمجار لە خودای تعالی پاررایەوە فەرموی (رَبِّ إِنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) یا ربی بە راستی ضررو زحمت گەیشتوە پیم وە تویش لە هەمو صاحب رحمیك بەرحم‌تروە مهربانتری • ئینجا خودا رحمتی جولاوەو وحي بو نارد کەوا نەجاتم‌دای وە لەشوینی خوتا پی‌بکوتە بەزەوی‌یا آویکی‌صاف‌و ساردو خوش دیتەدەرەوە لی‌بخورەوە دلت فینك ئەبیتەوە وە ناساغی لە دەرونتا نامینی وە خویشتی پی‌بشو زەخمی بدەنت چاك ئەبیتەوە ، ئەویش لەسەر ئەمری خودای تعالی معاملەی کرد تا بەتەواوی شفای بو هات‌و نەجاتی بو ، وە اولادە مردوەکانی بوزیندو کردەوە • ئەوەندەی تریش أولادی پی‌داوە ، ثروت‌و مالی کی زوری بەسەرا رژان • مدتی بەم رفاهیت‌و خوشی یەمایەوە جا وفاتی کرد ، عمری نەوەدوسی‌سال بوە قبری مبارکی لەشامە •

(درسی حەقدەهەم) حضرتی ذُو الْكِفْل علیە السلام :

ئەم‌ذاتە عالی مقامە کورری حضرتی ایوبە ، ناوی

www.iqra.ahlamontada.com

« بشیر » بوه ، لە زەمانی ئەوا جماعتی لە پیغەمبەرانی بنی اسرائیل لە دەستی ظلمی بعضی ظالمان فراریان کردو هاتن بولای حضرتی بشیر علیه السلام ، ئەویش بە جوانمەردی پەنای دان وە خزمەتی کردن وە بو بە کفیلی استراحتیان لەسەر ئەمە مشهور بو بە (ذو الکفل) یەعنی صاحب کفالت · ئەم ذاتە خوا کردی بە پیغەمبەر وە روانەی کرد بو سەر قومیکی رومی لەشاما ، هەمو ایمانیان پی هیناو ، زور جهادو غزایان لەگەلا کرد تا وفاتی کرد ، عمری نەوەدو پینج سال بوه ·

(درسی هەژدەهەم) بحثی حضرتی شعیب علیه السلام :

وا مشهورە ئەم ذاتە مبارکە لە نسلی حضرتی ابراهیمی خلیله · خودای تعالی کردی بە پیغەمبەرو روانەی کرد بو سەر ئەهلی (مدین) لە خاکی شاما کە مشهورن بە (أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ) وە ئەو قەومە رسمیان بوه لە کیشانەو پیوانەدا غشو خیانتیان ئەکرد ، هەرچەند حضرتی شعیب علیه السلام منعی ئەکردن فائدەی نەبو ، لەسەر ئەم وضعە خودای تعالی غضبی لی گرتن حضرتی جبرئیلی مأمور کرد دەنگیکی بەهیبتی بەسریانا کرد ، لە اثری ئەو صیحەو دەنگە هەمو فەوتان ·

(درسی نوزدەهەم) حضرتی موسی علیه السلام :

ئەم ذاتە صاحب مقامە کورری عمران وە لە نسلی

www.iqra.ahlamontada.com

(لاوی) کوری حضرتی یعقوبه ، وەختی کە تولدی بو دایکی بە الهامی خودای تعالی خستیە صندوقیکەوەو دای بەدەم آوی نیلەوە ، وەختی آوەکە گەیاندبویە نزیکی قصری فرعون خزمەتکاری صندوقەکەی گرتەوەو بردی بو مالی فرعون ، ئەوانیش کە سەری صندوقەکەیان لابرد تەماشایان کرد کورریکی جوانی تیایە کردیان بە کورری خویان ، هەردایەنیکیان بو ئەهینا شیری پی بدا شیرەکەی نەئەخوارد تا دایکی خویان بو هینا ، ئەوانیش بەصورتی دایانی تسلیمی دایکەکەی خویان کردو لەلای دایکی گەورە بو هەتا بالغ بو . لەمصر دەرچووو رویشت بو مدین بو خزمەتی حضرتی شعیب علیه السلام ، دەسال لە خزمەتی حضرتی شعیب دانیشت لە پاش دەساله کچی خوی بو نکاح کرد ، لەپاش مدتی لەگەل عائلەکەیا گەررایەوە بو مصر . لەریگادا لە طوری سینا خودای تعالی کردی بەپیغەمبەر وە کلامی خودای گەورەی بیستو تمنای کرد لە خودا هارونی برایشی کرد بە پیغەمبەر وە رەوانەی فەرعون بو سەر قبطیو بنی اسرائیل لە مصرا . کە رویشتنە مصرو اظهاری پیغەمبەری خویانیان کرد قسمی اعظم لە بنی اسرائیل ایمانیان پی هینا ، اما طائفەی قبطی کە اتباعی فرعون بون لەگەل فرعون انکاریان کرد وە داوای معجزەیان لی کرد ، خودای تعالی عصاکەی دەستی موسای

www.iqra.ahlamontada.com

مأمورو مسخر کرد هەر وەختی حضـرتی موســی ئەیویست ئەبو بە (ئەژدەها) ، وە (یَدِی بَیْضَاٰی) شی پیدا یەعنی هەروەختی بیویستنایە دەستی ئەکرد بەباخەلیا کە ئەیهینایەدەرەوە وەکو چرا شــەوقی ئەدایــەوە ۰

لەم خصوصەوە فرعونو جماعتی وزرا اتهامیان کردن بەسحربازی ۰ وە بو تحقیقی ئەممسئلە لــە میعادیکی معلوما ساحرەکانی مصریان کوکردەوە ۰ وە موسیو هارونیشیان حازر کرد ۰ ســـاحرەکان

هــــەرچی سحریانزانی بەکاریانهیناو چــەندماری ناباریان نشانی خلقەکەدا ۰ کە حضرتی موســی بەئەمری خودا عصاکەی فرریدا ۰ بو بە ئەژدەهاییکی وەها هەمو مارە سحریەکانی ئەوانی قوتدا ۰ لەبەر

ئەمە ساحرەکان تیگەیشتن کە مسئلەی حضـرتی موسی سحر نیە ، وە معجزەیە هەمو ایمانیانپیهینا ، لەسەر ئەم قضیەیە فرعون هەررەشەی کرد لـــە موسیو اتباعی موسی علیه الســلام ۰ ئینجا خودای تعالی ئەمری فەرمو بە حضرتی موسی کە لە ئاخری شەوا خویو بنی اسرائیل برون بو سەر بحری نیل وە

بە عصاکەی بدا لە نهری نیل بوبان ئەبی بە کولانی وشكو بپەررنەوە لەسەر ئەمئەمری خودایە حضرتی موسی خویو اتباعی رویشتن وە لە نیل پەررینەوە ۰ کە فرعون خبردار بو تعقیبی کردن وە بە مغروری ئەمری کرد بە لەشکرەکەی بکەونە شوینیانو بدەن

www.iqra.ahlamontada.com

لەنیل ، کە رویشتنە ناوی آوەکەوەو چەند قدەمی رویشتن هەمویان غرق‌بون‌و ئەم‌عظمتە بەم نوعـــە فەوتا ، کە حضرتی موسایش پەرریەوە لە ئاوەکـــە خودای تعالی (تەوراتی) بۆ نازل کردو لە پاش مدەتی وفاتی کرد · لەم‌بەینا واقعاتی بی‌اخلاقی طائفـــەی بنی اسرائیل زور بو کە لە کتیبەدینیەکانا وە لـــە تواریخا بیان کراوە ، قصە لی‌کردن‌یان طولی هەیە · وا مشهورە حضرتی موسی سەدوبیست سال عمری بوەو لە مصـرا دفن کراوەو زەمانی نبوتی ئەم‌ذاتـە موافقـــی زەمـانی فەرەیدون منوچهری ایرانـــی پیشدادی بوە واللە اعلم ·

(درسی بیستەم) بحثی حضـرتی هٰارُون عَلَیْهِ السَّـلام :

ئەم‌ذاتە مبارکە برای حضرتی موسی‌یە وە لـــە مصرا تولدی بوە ، خودای تعالی کردی بە پیغەمبەرو معاونی موسی لە گەیاندنی احکامی دینا · هەر وەختی حضرتی موسی ئەرزویشت بو کیوی طـــور هارونی برای لەناو قومەکەیا بەجی‌ئەهیشت وە پیش وفاتی حضرتی موسی وفاتی‌کرد ·

(درسی بیست‌ویکەم) بحثی حضرتی یوُشَع عَلَیْهِ السَّـــلام :

ئەم ذاتە عالی همتە لە ئەقاربی حضرتی موسایە ، قسمیکی زوری حیاتی خوی لە خزمەت‌کرنی ئـــەوا صەرف‌کرد لە پاش وفاتی موسی خودای تعالی کردی

www.iqra.ahlamontada.com

بـه پیغەمبەرو رەوانەی کرد بو سەر بنی اسرائیل ، شەرریکی زوری کرد لەگەل دوژمنانا • فتحی شاری ئەریحای کرد ، لە پاش موسی بە بیستو حەوت سال متوفی بو • ئەهلی سیەر ئەلێن عمری سەدو بیست سال بوە وە مدفنی لە کیوی (اِفْرائِیم)ە •

(درسی بیستودووەم) بحثی حضرتی الیاس علیه السلام :

ئەمذاتە لەنسلی هارونە ، خودای تعالی کردی بە پیغەمبەرو ناردی بو سەر بنی اسرائیل لە زەمانیکا کە مشغولیبتپەرستیوە بەداخلاقی بون ، ئەمذاتە هەرچی سعیو تەلاشی کرد تأثیری نەبو ، لە ئەنجامدا لـــە ناو قومەکەی دەرچو • لە بعضـــی ئەخبارەوە وادەرئەکەوی تا قیامەت بەرحیاتەو هــەمو سالیك دفعەیی لەمکەدا ملاقاتی حضرتی (خِضْر) عَلَیْهِ السَّلام ئەکات ئینجا لەیکتر جیائەبنەوە •

(درسی بیستوسیەم) بحثی حضرتی اَلْیَسَـــع علیه السـلام :

ئەمذاتە مبارکە کورری (اُخْطُوب) ناوە ، لـــە وەختی خویا ایمانی هینا بە حضرتی الیاس وە لەپاش دەرچونی ئەو بو بە پیغەمبەر بو بنی اســــرائیل وە ئەوانیش ایمانیان پیهینا وە زور احترامیان گرت تا متوفی بو •

(درسی بیستوچوارەم) بحثی حضرتی اُشْمُوِیل عَلَیْهِ السَّـلام :

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمذاتە جليلە لە نسلى حضرتى ھارونە ۰ لە وەختىكا بنى اسرائيل بە دەستى عمالقەوە گيرودە بوبونو زور ظلميان لى‌ئەكرا خوداى تعالى كردى بە پيغەمبەر وەروانەى كرد بۆ سەر بنى اسرائيل ۰

ئينجا ئەو قومە داوايان كرد لە اشمويل كە پادشايكيان بو تعيين بكا جهاديان پى‌بكا ، لەم وەختا خوداى تعالى وحى كرد بو اشمويل كە پادشاى بنى اسرائيل (طالوت) ناوە كە لە راستيدا پياويكى داناو

بەھيبتو ھيئت بو ۰ بنى اسرائيل حكومەتى‌ى ئەم ذاتەيان پى‌خوش نەبو چونكە لە اسرەى‌مالكە نەبو ۰ لەبەر ئەمە داواى نشانەى سلطنتيان كرد ، حضرتى اشمويل لە خوداى تعالى پاررايەوە كە نشانەيكيان پيشان بدا ، خودا وحى كرد بوى فەرموى نشانەى

سلطنتى طالوت ئەمەيە كە (تابوت) كەصندوقيكە لە دارى شمشاد دروست كراوەو دەگەز دريژو سى‌سبر سى‌گەزپان كە لەلاى‌حضرتى‌موسى بو وە لە پاش وفاتى ئەو دوژمن بردبويان غيباً بى دخالتى ئەمان بيتەوە بولايان ۰ واقعا ئەوەندەى پى‌نەچو بەتقديرى خودا كەوتەوە لاى بنى اسرائيل ۰ بەم وضعە زور مەسرور

بون وە تصديقى حكومەتەكەيان كرد ۰ لەپاش ئەمە طالوت بە موافقەى حضرتى اشمويلو بنى اسرائيل زور جهاديان كردو دوژمنيان لە خاكى خويان دەركرد ، لەيكى لەوشەررانەدا داودى كوررى ايشا (جالوت)ى كوشت كە پادشاى عمالقە بۆ لەپاش ئەمە

www.iqra.ahlamontada.com

اشمویل وِفاتی کرد ٠

(درسی بیستو پینجەم) حضرتی داود علیــه السـلام :

ئەمذاتە بەقیمتە کورری ایشا وە لە نسلی یهوذای کورری یعقوبە ٠ لەزەمانی اشمویلا ، لـــە خەلاتی کوشتنی جالوتدا ، طالوت کچی خوی پیدا ، وە لەبەر ئەمە لە سیاسەتی حربا زور ناجح بو روز بەروژ ترقی ئەکرد کــە طالوت وفاتی کرد بوبە پادشـــای بنی اسرائیل وە خودای تعالی کردیشـــی بە پیغەمبەر وە (زبوری) بو رەوانە کرد بەلامئەم کتیبــە احکامی کەمتر بو زورتر موعظەو قصصی انبیاو اوضــاعی پیشینان بو ٠ (لقمان)ی حکیم لەزەمانی حضـرتی داودا بو وە پورزای ئـــەوبوە ، اختلاف هەیە لـــە نبوتیا ، بەلاماصح ئەمەیە پیغەمبەر نەبوە بـــەلکو ذاتیکی مبارکو بەحکمتو همت وە لە ئەولیای خودا بوە ٠ حضرتی داود لە پاش چل سال نبوتو سلطنت لە عمری سەدسالەدا وفاتی کـــرد قبری مبارکی لەشامە ٠

(دِرسی بیستو شەشەم) بحثی حضـرتی سُلَیْمان عَلَیهِ السَّلام :

ئەمذاتە صاحب مقامە کورری حضرتی داودە ، هەر لە حیاتی باوکیا خودای تعالی کردی بە پیغەمبەر وە لە پاش وفاتی باوکی لە جیگایا دانیشت ٠ بیجگە

www.iqra.ahlamontada.com

له نبوت سلطنت‌و مقامیکی زور گه‌وره‌ی بو ، خودای تعالی بای بو مسخر کردوه بو هه‌رجیگایه بچوایه خویو اتباعی هه‌ل‌ئه‌گرت ، تاقی به‌یانی ریگای مانگی وه تاقی ایواره ریگای مانگی ئه‌ی‌بردن ، له اصناف‌و انواعی طیرو حیواناتی وحشی اطاعت‌یان ئه‌کرد حتی جن مسخه‌ری بوبو ، وه له اشغالی شاقه وه له جی‌به‌جی کردنی احتیاجاتی خویا خزمه‌تی پی‌ئه‌کردن، زورکاری عجیب‌و به ئه‌همیت‌یان بو کردوه · ئه‌م‌ذاته له ئه‌ولی سلطنت‌یه‌وه روی کرده خاکی ایران له شاری (اصطخرا) شیرازی قدیم‌دا مدتی اقامه‌تی کرد · وه له خاکی کوردوستانیشا دانیشتوه · تقریباً وه‌کو متواتره که له خاکی‌هه‌وشارا · وه له (ته‌ختی سلیمان) له‌نزیکی مراغه‌دا اقامه‌تی بوه وه له‌پاشا گه‌ررایه‌وه بو شام وه حکومه‌تی (سَبَأْ)ی له یه‌مه‌ن استیلا کرد · له آخری عمریا مزگه‌وتی (بیت المقدسی) له فلسطینا بنا کرد له اثنای بنای ئه‌و معبده‌دا وفاتی کرد · به‌لام‌به‌سه‌ر عصاکه‌یه‌وه مایه‌وه تا ته‌واوبونی بناکه نه‌یان‌زانی وفاتی کردوه · وه‌ها مشهوره عمری په‌نجاو سه‌سال بوه ، تقریبا چل‌سال سلطنتی کردوه · له‌پاش وفاتی اولادو احفادی تاچوار پشت سلطنت‌یان کرد · به‌لام له‌آخرا حکومه‌تی بابل (بَخْتَنَصَّرْ) به‌سه‌ریانا غلبه‌ی کرد ، بیت المقدسی ویران کرد · وه طائفه‌ی بنی اسرائیلی

www.iqra.ahlamontada.com

بەحەبس‌و قتلی عام محو کردەوە ، یکەیکەیکیان نەبی کەس‌یان دەرنەچون ٠

(درسی‌بیست‌و حەوتەم) بحثی حضـرتی عزیر علیه السلام :

ئەم ذاتە صاحب عزتە لە نسلی حضرتی هارونە ٠ وە لە مندالی‌یا بە اسیری بردیان بو بابل ٠ لە پاش فوتی بختنصر کە ئەسیرەکان هەندیکیان نەجات‌یان بو ئەویش رویشتەوە بو شام لەریگادا کە گەیشتە ئەوشوینە کە مشهورە بە (دَیْرهِرَقْل) لەقەراغی نهری فراتا لە ولاغەکەی دابەزی وە لە باغیکا کـــە لەوجیگادا هەبو بعضی هەنجیری چنی ٠ وە ئەو موقعە کونەدی بو ، حضرتی عزیر لە روی تعجب‌و حیرتەوە ووتی آخو (چون خودای تعالی ئەم‌دی ویرانە آوەدان بکاتەوە ؟) لەویدا خودای تعالی بو دەرخستنی قدرتی خوی مراندی وە لە پاش سەدسال زیندوی کردەوە ٠

سؤالی لی‌کرد چەند وەختیکە وای لەم جیگادا ؟ ئەویش عرضی کرد : ممکنە روژی یا نیوەروژی ببی ٠ خودای تعالی فەرموی نەخیر ســــەدسالە وای لــــەم جیگاداو مردوی وە فەرموی بروانە بو ئـەو ولاغەت چونی زیندو ئەکەمەوەو بروانە بوطعامەکەت چـون بەساغی‌و پاکی ماوەتەوە ٠ ئینجا کردی بە پیغەمبەر بو سەر بقیەی بنی اســـرائیل ٠ ئەم‌ذاتە رویشتە ناویان لە شاما سکونتی کرد تا متوفی بو ٠

www.iqra.ahlamontada.com

(درسی بیست‌وهەشتەم) بحثی ذو القرنین :

ئەم‌ذاتە وەها مشهورە ناوی اســکندر وە لقبی ذو القرنین وە شهرتی بەرومی بوە ، مؤرخین ئەلین لە خــاکی (یونان) نشـــأت وە ترقی کرد • لەپاش تسخیری یونان قسمتیکی زوری لـــە مملکتی روم استیلا کرد تا مشهور بو بە اسکندری رومی ، لەپاش ئەمە روی کردەشام‌و عراق‌و ایران ئەمانەیشی داگیر کردو پادشای ایران (دارا) ناو بەدەستی ئەو فەوتا • ئینجـــا روی کردە خــاکی (روس) بەشی‌کی زوری لی‌گرتن وە لەجهتی شمالی شەرقیەوە سدیکی زور محکمی دروســـت کرد وە بەم ســــدە منعی قومی (یَأْجُوجَ‌وَ مَأْجُوج)ی کرد لە ظلم‌و دەس‌دریژی بەسەر نزیکانی خویانا • ئەم‌اسکندرە شاری گەورەی زوری لە دنیادا کردەوە ، یەکیك لەوانە (اِسْكَنْدَرِيه) لـــە خاکی مصرو شاری « مروشاهجان » وە « مروروز » لە مملکتی ایرانا ئەو بنای کردون • زورکەس لـــە ئەهلی علـم‌و معرفت دائمـــا بەلایەوە بوە • موافقی ظاهری آیتی قرآن ئەم‌ذاتە خودا پەرست بووە لەروی ارضا تطبیقی توحیدو عدالتی کردوە ، وە صـــحیح ئەمەیە کە پیغەمبەر نەبوە تەنها انســانیکی عاقل‌و عالم‌و عادل بوە وە لە ادارەی ئەموراتا زور بەکفایت بوە • بعضیکیش ئەلین ئەم‌ذوالقرنینە کە لە قرآنا بحثی هەیە اسکندری رومی نی‌یەو ، ئەم‌ذوالقرنینە

www.iqra.ahlamontada.com

معاصری زەمانی حضرتی ابراهیمی خلیل بوە ٠

(درسی بیستٚونوهەم) بحثی حضـرتی یونس علیه السلام :

ئەمذاتە مشهورە بەیونسی کورری متی ٠ خودای تعالی کردی بە پیغەمبەرو رەوانەی فەرمو بو سـەر ئەهلی (نَیْنَوٰی) لە نزیك شاری (موصلی) ایستەدا ،

مدتیکی زور بانگی کردن بو خودا پەرستیو ایمانیان پی نەهینا لە عاقبتا خودای تعالی وحی کرد بو حضرتی یونس ئەگەر ئەم قومە توبە نەکەن لـــەم معصیتو

طغیانەو ایمان نەهینن لـــە فلان وەختا عذابیان بوروانە ئەکەم ، حضرتی یونس علیه السـلام لـــە میعادی عذابەکەدا لە ترسی غضبی خودای تعـالی

لەشـــار دەرچو ٠ ئینجـا قەومەکە توبەیان کردو لەگوناهی خویان پەشیمان بونەوە ٠ لەبەرئەمـە خودای تعالی عذابەکەی بو نەناردن ٠ حضرتی یونس

علیه السلام لەسەر ئەم تاخیری عذابە سەری خوی هەل گرت تا گەیشتە سەربحرو سواری کەشتی بو ، کـە مقداری رویشـتن کەشتیەکـە راوەستا ٠ کەشتیەوانەکە ووتی تجربەمان کردوە هەر وەختی

ئەم کەشتیە راوەستی ئەسبابی ئەوەیـە انسانی کی خراب یا بەندەییکی لـــە آغا فرار کردوی تیایە ٠ لازمە قورعە بخەین بزانین ئەو شخصە کییە بیخەینە بحرەکەوە سیدفعە قورعەیان خسـت هەر بە ناوی

www.iqra.ahlamontada.com

حضرتی یونســـەوە دەرچو لەبـــەر ئەمە خستیانە بحرەکەوە ، وە فوراً ماسیکی گەورە قوتیدا ٠

تا چەند شەوو روژی حضرتی یونس لە ســکی ماسیەکەدا مایەوەو زیندوبو ، لـــە وەختیکدا زور نارەحت بو دەستی کرد بە پاررانەوە لە خودای تعالی وە فەرموی « لَا اِلٰـهَ اِلَّآ اَنْتَ سُبْحَانَكَ اِنِّي كُنْتُ مِنَ الظّالِمِينَ » یەعنی خودایا هیچ کەسی نییە بە راستی لایقی طاعتو عبادتبوکردن بی الا ذاتیتو وە اقرار ئەکەم بەمە کە لە هەمو ئەمرو ارادەئیکتا بیعیبی وە ایشت بیحکمتو مصلحت نییە من بەراستی ظلمم لە خوم کرد کە سەری خـــومم هەلگرت ٠ ئینجا خودای تعالی لطفی فەرمو وە ئەمری کرد بەوماسیە هاتە قەراغی بحرەکەوە دەمی کردوە تا حضرتی یونس تەشریفی هاتەدەرەوە ، بەلامجســـدی مبارکی زور ضعیف بوبو وە بـــە حرارەتی سکیماسیەکە وەکو سوتاوی لیهاتبو ، لەبەر ئەمە خودا بە قدرتی خـــوی داریکی کولەکەی فورا بو سەوزکردو حضرتی یونس لە سیبەریا بە استراحت دانیشت تا بدەنی خـــوی گرتەوە ، چونکە ئەو نوعە دارە میشی پیوەنانیشی وە انسان ئەتوانی استراحەتی لەبنا بکات ٠ ئینجا روی کردەوە (نَیْنَوٰی) وە رویشت بو لای قەومەکەی ٠

ئەمدفعە لەسەد هەزار کەس زیاتر ایمانیان پیهینا وە تا مدتی بـــە استراحتو طاعت دەوامیانکرد جا

www.iqra.ahlamontada.com

حضرتی یونس علیه السلام وفاتی کردو لــه عینی جیگەدا دفن کرا ٠ مشهورەوەهایه نبوتی حضــرتی یونس لە پاش سلطنتی اسکندری رومی وه لە ئەیامی ملوك الطوائفا بوه ٠

(بیداریی) بعضی ئەهلی سیر ئەلین ئەو بحره که حضرتی یونس سواری کەشتی بو تیایا بحری روم بوه یەعنی بحری ابیضی متوســـط ٠ ئەمرأیه هەرچەنده ممکنه فقط عادتاً دوره وه ظاهر وایه یا نهری فرات یا دجله بوبی بەلکو دجله نزیك تره وه ئەم دو نهره له عەهدی قدیمدا کەشتی هەوائی هاتوچوی پیاکردوه ٠ والله اعلم ٠

(درسی سی هەم بحثی حضرتی زکریا وه حضرتی یحیی عَلَیْهِمَا السَّلَام :

حضرتی زکریا له نسلی حضــرتی سلیمان بوه ٠ باوکی ناوی (یُوحَیا) بوەو له شـــاما لەدایك بوەو خودای تعالی کردی به پیغەمبەرو رەوانەی فـــەرمو بو سەر بنی اســـرائیل تا عمری گەیشـــت بـــه سەدو بیست سال أولادی نەبو ٠ ئینجا تمنای کرد له خودای تعالی کورریکی پی بدا ، خودا به لطف و مرحمت تمناکەی قبول کردوه له « إیشاع » ناوی عائلەی کــه پیرەژنیکی هەشتاساله بو کورریکی پی عطا کـــرد ناویان نا (یَحْیى) ٠ ئەم ذاته مقدســـەیش هەر لــه حیاتی باوکیا خودا کردی به پیغەمبەرو لەگەل باوکیا

www.iqra.ahlamontada.com

مشغولی تبلیغاتی دین‌و تعلیم‌کردنی (تورات) بون له عصری ئه‌م‌دوذاته‌دا پادشاییکی بنی‌اسرائیل عاشقی برازایکی خوی بوبو ئه‌ی‌ویست ماره‌ی بکا ، ئه‌وانیش به حکمی شریعت منعیان ئه‌کردن ۰ له‌سه‌ر ئه‌م مسئله غضبییان گرت لی‌یان ۰ دایکی کچه‌که به‌حیله‌و سیاسه‌ت کاری‌کی کرد پادشا حضرتی یحییی‌ی کوشت‌وه حضرتی زکریاش له ترسی ئه‌م‌پادشا ظالمه فراری کرد ، چونکه له هه‌مولایه‌که‌وه به‌دوایا ده‌گه‌ران به ناچاری له قرولی داریکا خوی‌شارده‌وه ، که مأموره‌کان پی‌یان زانی داره‌که‌یان به‌مشارداهیناو حضرتی زکریایان له داره‌که‌دا کرد به دوپارچه‌وه ، به‌م‌غدره بی‌تامه ئه‌وذاته عالی صفاته له‌ناوبدا ۰ ئینجا مقابل به‌م جسارت‌و قساوته خودای تعالی غضبی‌لی‌گرتن وه پادشاییکی آگرپه‌رستی به‌سه‌ریانا مسلط کردو ئه‌م‌پادشا یه کوشت‌و اتباعی فوتان‌و سه‌دو حه‌فتا هه‌زار که‌سی به دیلی بردن ۰

(درسی سی‌ویکه‌م) بحثی حضرتی عیسیٰ عَلَیْهِ السَّلام :

ئه‌م‌ذاته صاحب همته کورری (مَرْیَم)ی کچی عمران له نسلی حضرتی هارونی برای حضرتی موسابوه ، به‌ینیان تقریباً هه‌زار سال بوه ۰ دایکی حضرتی مریم (حَنَّه) خوشکی (اِیشاعی) عائله‌ی حضرتی زکریایه ۰ (حنه) حامله بو وه زور مشتاقی

www.iqra.ahlamontada.com

اولادبو ، لەبەر ئەمە نذری کرد لەسەر خوی ئەگەر
خودای تعالی کورریکی پیبدا بیکا بە خزمەتکاری
بیت المقدس ۰ کە وضعی حملی بو قضـــاءً کچ بو ،
ئەویش زور متاسفانە غمی خوارد وە ناوی نا بـە
(مَرْيَم) دیسان لە سەر میلی خوی قراریدا بیکا بـە
خادمـــەی (بَيْتُ المُقَدَّس) بـە تقدیری خودای تعالی
هیشتا مریم مندال بو باوكو دایکی وفاتیان کرد ۰
ئینجامقدسین بیت المقدس بو کفالتو بەخیوکردنی
مریم قورعەیان خست نتیجەقورعە بەناوی حضـرتی
زکریاوە دەرچو ، لەبەر ئەمە وە بە واسطەی ئەوەوە
کە پوری مریم ایشاع ناو عائلەی حضـرتی زکریابو
حضـــرتی زکریا بو بـــەکفیلی مریـم ، موقعیکی
خصوصی یان بوتعیین کرد تا تیایا دابنیشی هەر لـە
زەمانی مندالیدا چەند کراماتی لیدەرکەوت ، چـەند
دفعە زکریا تەماشای حجرەکەی ئەکرد طعامو میوەی
لەزیزی ئەبینی ، کە لیی ئەپرسی ئەمەت لەکوی بوە ؟
ئەیووت : خودای تعـــالی بـوی ناردووم ۰ واقعـاً
لەغیبەوە رزقی بو ئەهات ۰ کە گەورەبو دەستی کرد
بە خزمەتکردنی بیتالمقدس ۰ روژی بو ایشی خوی
رویشتبوە خەلوەتیکەوە حضرتی جبرئیل علیه السلام
بەئەمری خودای تعالی لە صورتی انسانیکا خوی بـە
حضـــرتی مریم نشاندا ۰ کە حضـــرتی مریـــم
چاویپیکـــەوت متأثرانــــە استعاذەی کردو زور

www.iqra.ahlamontada.com

لەنظريا دشوارو نامناسب بو انسانيكى بيگانە لـە خلوتيكى وەهـــادا خوى پى‌نشان بدا . لـــە اثرى استعاذەو تأثرەكـــەى مريمەوە حضـرتى جبرئيل هاتەقسە وە فەرموى : من مأمورم لە لايەنى خوداى تعالى بو ئەمە كورريكى جوان‌و صاحب‌مقامت بدەمى ، مريم فەرموى عجبا چون قابلە من اولادم ببيت والحال شـــوم نەكردرە ؟ جبرئيل فـــەرموى تقديرى خودا وەهايە وە خودا لەسەر هەموشتى‌كا قدرتى هەيە ،

لەووەختا فوى‌كرد بە حضرتى مريما فوراً بـەوفوە حاملەبو ، وە وەختى وضعى حملى‌هات‌و ژانەســـك گرتى مريم بە ئەسف‌و تأثيريكى فوق العادەوە لـــە بيت المقدس دەرچو بو ناو باغى كە لەونزيكانەدا بو وە رويشتنـــەژير سيبرى دارخورمايك وە لـــەويا حضرتى عيسى تولدى بو .

ئەم‌ژنە عفيفە لە وضعى خــوى زور محجوب بو ووتى خوزگايە من هەر نەبومايە يا خود بەرلەم‌حالە بمردمايە ، ايستە من چى‌بكەم وەكى برروام پى‌ئەكا كە ئەم مندالە فقط بە قدرتى خوداى تعالى بى‌واسطەى باوك پەيدا بوە . لەم‌قسە وغەمەدا بو حضرتى عيسى لەژيرداوينەيا بانگى لى‌كردو عەرضى كرد : دايە هيچ عاجزو متأثر مەبە جارى ئەو لقە دارخورمايە راكيشە بولاى خوت ايستە خورماى پى‌ئەگات‌و دائەكـەوى بەســـەرتا وە لەبـــەر دەميشتا كانى‌كى خـوش

www.iqra.ahlamontada.com

پەیدائـەبی ، خورمابخو وە آوی شیرین بخورەوە وە هەرکەسی پرسی ئەم مندالەچییە تیی‌بگەیینە کـە بەروژوم لەسەرخوم نذر کردوە قسە ناکەم ، چونکە لەوزەمانەدا هەرکەسی روژوی نذر بکردایە تا نهایتی روژوەکەی قسەیشی نەئەکرد ٠

حضرتی مریم لقە دارخورماکەی راکیشـا فورا خورمای گرت وە داباری بەسەریا وە آویش لەلای پەیدا بو ، بە چاوپی‌کەوتنی ئەم وضعە مقداری حالی اهون بوەوە٠لە پاش ئەمە عیسای هەلگرت‌و هاتەوە بو ناو قومەکەی ، کە قومەکەی عیسایان بینی زور بەاستنکارەوە پرسی‌یان‌لی‌ی ووتیان ئەی مریم ئـەم منداله چییە ، وە ئەمە چە وضعیکە خو تو نە باوکت‌و نە دایکت اخلاقی خراپیان نەبوە ؟ ئەویش اشارەتی کرد بو عیسی : کە لەم کوررە بپرسن ، ئەوانیش بە تعجبەوە ووتیان چون قسە ئەکریت لەگەل مندالی‌کی وەهادا ٠ لەم‌اثنایەدا عیسی علیه السلام هاتەقسەو (فەرموی من عبدی خودام وە خوا بە فضلی خـــوی کتیبـی پی‌داووم وە کردومی بـە پیغەمبەر وە لـــە هەرجیگایی ببم بە برکتم وە باعثی برکتی ئـــەو جیگایەم وە خودای تعالی ئەمری پی‌کردووم بە نویژو زەکات تازیندو بم لە ارضاو کردومی بە انسانیکی چاك‌و اخلاقم لەگەل دایکم چاکە) ٠ کە ئەم قسانەی فەرمو قەومەکە بون بەدو فرقە بعضیکیان باوەرریان

www.iqra.ahlamontada.com

کرد بەمە کە عیسی بە محضی قدرت‌و ایجادی خـودا وە بی واسـطەی باووك پـەیدا بوە وە پیغەمبەری خودایە ، وە مریم لەهەموو توهمەتی مەحفووظە ٠ بعضیکیشیان انکاریان‌کرد وە لە حقیقت‌و انصاف‌و عقل لایان‌دا ٠

حضرتی عیسی گەورە بو خودای‌تعالی (اِنْجِیل)ی بو رەوانە فەرمو ، ئەویش دەستی کرد بە تبلیغاتی احکام‌و اموراتی دین ، وە بو اثباتی نبوتی لە نظری عالەما خودای تعالی چەند معجزەی گـەورەی پیدا :

مردوی زیندو ئەکردەوە ٠ کویرو کەچەل‌و بەلەکی خوش ئـەکردەوە ٠ وە دوازدە کەس لە خواصـی اصحابی بون کە مشهورن بە (حَوارِی) یەعنی رفیقی خالصن ، ئەم‌جماعتە لەسەر دستوراتی حضـرتی عیسی مشغولی تبلیغاتی دینی عیسی‌بون ٠

بەرامبـەر بەم هەمو معجزات‌و برکاتە ظاهرە یهود لەسـەر قاعدەو اصـولە عادیەکەی خویان دەستیان کـرد بە افسـادو اخلال‌و عنادو انکارو مکابرەیان لەگەل عیسـی‌و اتباعەکەیا ئـەکردو

بەدەستیاری حکومتەکەیان بەرهەلستی نشرو رواجی دینی حضرتی عیسی‌یان کردو ، لە نتیجەدا اتفاق‌یان کرد بیکوژن ، دەکەسیان هـاتن عیسایان گرت‌و ، ویستیان بیبەن بیکەن بەدارا خودای تعالی حضرتی عیسای لە ناویانا لابردو بردی بو آسمان‌و صورت‌و سیمای عیسای خستە سەر یەکی لەو دەکەسـەو

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوشخصـــەیان بردو کوشتیان ، لە عاقبتا کـــە رفیقەکەی خویـان دیار نـــەبو تأملیان کرد لـــە کوژراوەکە حالی بون ئـــەم کوژراوە رفیقەکـــەی خویانەو عیسی نی‌یە ، بەلام‌تازە چی‌بکەن عیسی لـــە آرادا نەماوەو نازانن چی‌لی‌هاتوە • موافقی ظاهری آیت خودای تعالی عیســـای بردوە بو آســمان ، وە موافقی حدیثی صحیح لە آخری زەمانا لە آسمان دیتە خوارەوە بو سەرزەوی‌و مدتی لەشاما اقامت ئەکاو لەسەر نهجی شریعتی اسلامی رفتارو معاملە ئەکات‌و لە مدینەی منورەدا متوفی ئەبیت •

لەپاش رفعی حضرتی عیسی یهود کەوتنە هەولی لەناوبردنی آثاری دینەکەی وە اصولی دینەکەی نەما، وە هەندی لە اتباعەکەی لەبەر تضیق‌و اذیت‌دانیان بلاوبونەوە • مشهورە دی‌ی(هَوْرِین) لە ناحیـــەی میدان تابعی قضـــای خانقین بـــە ناوی (حَوْارِیین) ناوبراوە وە لە زمانی کوردی‌دا بوە بـــە (هورِین) حتی لـــە بعضی ئەهلی کشـــف لەعهدی حضـــرتی شیخ المشائخ عمر ضیاءالدین قدس سرە بیسراوە کە لەوحوارییینەی لەو موقعەدا بە (مُکاشَفَە) بینیوە •

لـــەپاش‌رفعی عیســـی علیە السلام لـــە اثری افسادات‌و اخلالاتی‌یهودا انجیلی صحیح لەسەر زەویا نەماوە ، دەستی تحریف‌و تبدیل برایە توراتیشەوە ، روژبەروژ دنیا بـــە تاریکی جهل‌و وحشـــت‌و آدابی

www.iqra.ahlamontada.com

غیرمشروعه داگیر ئەکرا بە نوعی لە هەمو نقطەییکی جزیرة العربا بتپرستیو دینو آیینی خرافیە دائر بو وە ئەموضعە تقریباً پینجسەدسالو کسور دوامی کرد · ئینجا دنیا زور محتاج بو بە آفتاییکی عالمتابو چرایکی شعلەوەر کە هەمو گوشەییکیدنیا

رووناك بکا تەوە ، بەم مناسبەوە خودای تعالی روژی طلعتو سیمای باصفای حضرتی (محمد المصطفی)ی ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە افقی شرقیوە لەدنیا آشکرا کرد ·

(درسی سیودوهەم) حضرتی مُحَمَّدُ الْمُصْطَفىٰ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ لە پیش نبوتا :

ئەمذاتە عالیدرجاتە ، وە ئەمسەروەرە سەرئەفرازە ، وە ئەمشافعی روژی نیازە ناوی مبارکی محمد (ص) کورری عبداللّهیە · عبدالله کورری عبدالمطلبە ، عبدالمطلب کورری هاشمە ، هاشم کورری عبدالمنافە ، دایکی ناوی آمینەیە ، آمینە کچی وهبە ، وهب کورری عبدمنافە ، عبدمناف کورری زهریە ·

اجدادی ئەمذاتە لە عەربی حجازو لە طائفەی قریشو لە نسلی قیداری کورری حضرتی اسماعیلن · ئەم سلسلە عالیە لە آدمەوە تا خاتم هەمو خودا پەرستبوون · وە « آزەر » باوکی حضرتی ابراهیم نەبو بەلکو مامی بوە فقط چونکی بە مندالی حضرتی ابراهیم لەلای ئەو بوە پییووتوە بابە ·

www.iqra.ahlamontada.com

حضرتی فخری عالم (ص) پینجسەدو حەفتا سال لە پاش میلادی عیسی لە وەرزی بەهارا لە روژی بیستەمی نیسانی رومی لە وەختی طلوعی فجرا ریکەوتی دوازدهەمی ربیع الاول لە روژی دوشەنبەدا تولدی بوە ٠

خودای تعالی بە لطفی خوی بو دامەزرانی بناغەی شرافتی ئەو لە شەوی تولدی ئەوا چەند فەرمانیکی گەورەو علاماتیکی بەقیمتی نشانی ئەهلی عالمدا ٠ ایوانی سلطنتی کسرای لەت کرد ، چوارده طاقی داکەوت ، آگری مجوسیت کە هەزار سال بو لە خاکی فارسدا ئەگررا کوژانیەوە ، وە آوی بحری طبریە روچو ووشك بو ٠ ئەمذاتە دومانگ لە پیش تولدیا باوکی لە سفری تجارەتا متوفی بو ، ئینجا کە تولدی بو اول کەسی کە شیری پیداوە بیجگە لە والدەی ثویبەی جاریەی ابو لهب بو ٠ لەپاش مدتی (حَلِیمَه)ی سعدیە هات بو مکەی مکرمە وە بە صورتی دایەنی وەری گرتو بردی بوقبیلەی (بَنِی سَعْد) تا نهایتی مدتی شیرخواردن شیری پیدا ئینجا هاوردیانەوە بو مکە بو مالی (عبدالمطلب)ی باپیرەی ، وە لە عمری شەش سالیدا لەگەل والدەی مطهرەی آمینە رویشت بو مدینەی منورە بو دیدەنی خالەکانی ، کەلەوسەرەوە هاتنەوەو گەیشتنە (أَبْوَاء) ، والدەی نەخوش کەوتو وفاتی کرد ٠ وە لە عمری هەشت سالیدا بو کە عبدالمطلبی باپیریشی وفاتی کرد ، وە لەسەر وصیتی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو لەلای مامی کە (أبو طالب)ە دانیشت • لە عمری دوانزە سالی‌یا لەگەل ابو طالبی مامی رویشت بو مملکتی شام • کە گەیشتنە شاری (بُصْرٰی) لەسەر اشارەی (بُحَیْرای) راهب گەررانەوە بو مکە • وە لە عمری هەژدە سالی‌دا لەگەل (زُبَیْر)ی مامی سفری کرد بو مملکتی یەمەن‌و هاتەوە • لە عمری بیست‌و‌چوار سالی‌یا بو بە وکیلی (خَدیجَە)و رویشت بو مملکتی شام بو تجارت ، کە گەیشتنە بصری لەسەر اشارەی (نسطورا)ی راهب هەر لە بصرادا معاملەی کردو گەررایەوە بو مکە • ئینجا (خدیجە)ی کچی خویلد کە لە اشرافی مکە بو نکاحی کرد وە لەسەر حالەتی عزت‌و رفاه‌و شرف پیکەوە رایان ئەبوارد •

(درەسی سی‌و‌سی‌یەم) بحثی حضرتی فخری عالم (ص) لە أول أوضاعی نبوتی‌یەوە تا وەختی هجرت ، یەعنی رویشتنی لە مکەوە بو مدینە زادهما الله شرفاً •

ئەهلی سیرت‌و تواریخی اسلامی ئەلین : حضرت (ص) لە عمری سی‌و پینج سالی‌یا میلی خلوت‌و عبادت‌و طاعەتی پەیدا کرد ، وە لەم تاریخەوە لە هەمو سالیکا مانگی ئەررویشتە غاری حراء وە بو دوزینەوەی صانعیکی صاحب قدرت‌و عظمت تفکری ئەکردەوە ، ئەیزانی کە وضعی بت‌پەرستی خرافات‌و جهالتە ، وە ئەیویست کە بەشەر لەم‌تاریکی وحشتە نەجات بدا • کە سالی (چل) هاتە پیشەوە علامات‌و

www.iqra.ahlamontada.com

نشانەی نبوتی دەرکەوت وە انشراحو دلرونا کیکی فوق‌العادەی بو پەیدا بو ، حتی شەش مانگ لەپیش تەواو بونی ئەم سالا هـــەر خەویکی ئەبینی وەکو روشنایی روژ ئەهاتەدی • لە ســـەری چل‌سالەدا روژی لە غاری (حِراء) دا بە رسمی سابقی دانیشتبو کوتوپرر حضـرتی جبرئیلی ئـەمین علیه السلام کـە ملائکەیکە لەچوار ملائکە مقربەکان وە ئەمینی وحی بوە لە طرفی ذاتی خودای تعالی‌وە بو لای پیغەمبەران عَلَيْهِمُ السَّلام ، بە ئەمری خوادای تعالی هات بولای حضرت (ص) وە چـــەند ئایەتی لە قرآن بەســـەرا خویندەوە ، لەم تاریخەوە تا سی‌سال وحی بو نەهات ، لە سالی چلو سی‌دا روژی لە غاری حراوە ئەهاتەوە بو مکە لە ریگەدا بو دەنگی حضرتی جبرئیلی بیست وە خوی پی‌نشاندا • لە دوای ئەمە پەی‌دەرپەی آیتی بو ئەهاورد وە ئەمری پی‌کرا کە هەمو بەشەر بانگ بکا بو توحیدو خوانasین • یەکەیەکەو دودو ئەهلی مکەو اطراف ئەهاتن ایمانیان ئەهیناو موسولمان ئەبون • طبقەی اول لەوانە کە مسلمان بون حضرتی ابو بکری صدیق ، حضرتی علی ، زیدی کورری حارثە ، بلالی حەبەشی ، خدیجەی عائلەی ، ام الفضل حرەمی حضرتی عباس‌و اسمای کچی حضرتی ابوبکر بون •

طبقەی دوهەم حضـرتی عثمان‌و زبیری کورری عوام‌و عبدالرحمانی کورری عوف‌و سعدی کورری ئەبی وقاص‌و طلحـەی کورری عبداللهو ابوعبیدەی

www.iqra.ahlamontada.com

کــــورری جـراحو ابو ســــلمەو ارقمی مخزوەیو عثمانی کورری مظعون لەگـــەل دوبرایا عبداللە وە قدامە ، وە عبیدەی کورری حارث وە سعیدی کورری زید ، وە فاطمەی کچی خطابو حضرتی عمری کورری خطاب بون . لەپاش مسلمان بوونی حضــرتی عمری کورریخطاب (ض) ئینجا دەنگی اسلامیت بە مکەو اطرافا شهرتی وەرگرتو عەربە مشرکەکان دەستیان کرد بە اذیتدانی اصحابەکانی پیغەمبەر (ص) لەبەر ئەمە حضرت (ص) ئەمری پیفەرمون برون بو مملکتی حبشە بو لای (نجاشی) پاشای حبشستان . قســمی اعظمیــان هجرتیان کردو رویشــتن بو حبشە ، وە لەواقعا (نجاشی) زور بەشرافت وە جوانمەردی جیگای پیدانو اکرامو حرمتی گرتن . ئەمە أول هەنگاو بو لە شهرتســاندنی اسلامیت لــە خاکی خارجەدا . مشرکەکان زور متأثرو نارەحت بون ، لەناو خویانا قراریاندا مادام ابوطالب کومەكو یارمەتی حضــرت بدا هەمو بەجاری تەرکی معاملەو تجارتو دوستیی طائفەی بنیهاشمو بنی مطلب بکەن . ئینجا لەبــەر ئەمە ابو طالب بەراستی نصرتو مساعدەی حضرتی ئەکرد ، مشرکەکان قرارەکەی خویان دابەست وە بنو هاشم وە بنو مطلب بە مجبوری لە شاری مکە دەرچون وە لــە جیگایــە لەونزیکا کە مشــــهورە بە (شعبی عبدالمطلب) مانەوە تا سیسال ئەم مقاطعەیە دوامی کرد ، ئینجا بعضی لە اصلاحخواهانی عەرەب کەوتنە

www.iqra.ahlamontada.com

بینەوەو ئەم دوطائفەیانە هیناو بو شاری مکە ، کە هاتنەوە مکە لەم تأریخا کە نوسال لە نبوت رائەبورد سورەتی (وَالنَّجْمِ) نازل بو ، کە حضرتی فخری عالم (ص) ئەم سورەتەی خویندەوە بەسەر عەرەبەکاناو ،

گەیشتە آیتی سجدە لە آخریەوە هەمویان لە هیبتی ئەوآیەتە سجدەیان برد ، مهاجرەکانی حبشە ئەمحادثەیانە بیست وا حالی بون کە مکەیی مسلمان بوون لەبەر اشتیاقی وطن هەمو هاتنەوە بو مکە ۰

کە گەیشتنە بەرەوە وە وضعیتیان چاك نەبینی تکرار رویشتنەوە بو حبشە ۰ لەپاش ئەمە کە سالیدەهەم هاتە پیشەوە ابوطالب وفاتیکردو سیروژ لە پاش ئەو حضرتی خدیجەش وفاتی کرد ۰ حضرت (ص) لەم

اوضاعە زور متأثر بو ، وە تشریفی رویشت بو شاری طائف ، مدتی مانگی لە طائفا دعوتی ئەو ملتەی ئەکرد بو اسلامیت قبولیان نەکرد ۰ ئینجا تشریفی لە طائف دەرچو بو مکە ۰ کە لە طائف هاتە دەرەوە حضرتی جبرائیل نازل بو وە عرضی کرد خودای تعالی سلامت لیئەکا وە ئەمری فەرموە کە من مطیعی تو بم ئەگەر ئەفەرموی با شاری طائف ویران بکەم ، حضرت (ص) فەرموی نەخیر رازی نیم چونکی ئەم قومە بی معرفت وە نەزانن بەلکو لە نسلی ئەمانە انسانی بە معرفتو عاقل پەیدابی ۰ کە حضرت (ص) تشریفی گەیشتەوە مکە رویشتە پەنای (مَطْعمی کورری عدی) کە واقعا ئینسانیکی بەغیرتو شرافت بو ۰

www.iqra.ahlamontada.com

(درسی سی‌ی‌وچوارەم) بحثی هجرت کردنی حضرت (ص) لە مکەوە بومەدینە :

لەپاش وفاتی ابوطالب‌و خدیجەی عائلەی کەوتە سەر فکری دەرچون لە مکە · ئینجا هەمو سالی لە وەختی حجدا کە قبایلی عەرەب ئەهاتن بو طوافی (کَعْبَةُاللّٰه) حضرت ئەررویشتە ناویان وە دعوتی ئەکردن بو مسلمان بون وە داوای نصرت‌و مساعدەو جیگەی اقامتی لی‌ئەکردن · لەسالی پەنجاویکدا تشریفی رویشت بو ناو حجاجی مدینەیی ، حەوت کەسیان مسلمان بون ·

هەر لەم‌سالەدا لە بیست‌و حەوتی مانگی رجبا خودای تعالی سەربەرزی کرد بە رتبەی (معراج) · بە نەصصی آیت‌ثابتە کە لە شەویکا لە مکەوە گەیاندیە مسجدالاقصی کە عیبارەتە لە بیت‌المقدس لە شاری (قدس) · وە بە حدیثی صحیح ثابتە کە لە بیت المقدسەوە لە عینی شەوا بەجسم‌و جسدی مبارکی عروجی پی‌کرا بو ژوری هەمو آسمانەکان‌و خطاب‌و کلامی ذاتی خودای تعالی‌ی بیست‌و پینج فرضەی نویژی لەسەر خویو امتی واجب کرد · هەر لەوشەوەدا تشریفی هاتەوە بو مکەی مکرمە · لە سالی پەنجاو دودا لە موسمی حج رویشتەوە بو ناو حجاجی مدینە · پینج کەسی تر لەگەل حەوت شخصەکەی سالی پیشو هاتن ایمانیان هینا · وە لە سالی پەنجاو سی‌دا لە موسمی حجا جماعتیکی زور لە

www.iqra.ahlamontada.com

مدینەیی هاتن ایمانیان هینا وە وعدەی نصـــرتو کومكیان دا بە حضرت (ص) وە رجایان لی کرد کـە تشریفی بروا بو مدینە ، کە ئەم جماعتە گەررانەوە بو مدینە اســـلامیت لە مدینـــەو اطرافی مدینەدا بلاو بوەوەو رغبتیکی زوریان پەیدا کرد لە قبولکردنی دینی اسلام · کە کافرانی مکە لەم وضـعە خبردار بون کەوتنە خطرەوە لە قوتی حضرت (ص)وە قراریان هاتە سەر تدبیری مدافعەی ئـەمذاتە وە لەشـــەوا رویشتن بو مالی حضرت (ص) بەقصدی کوشتنی ، حضرتی جبرئیل بە ئەمری خودای تعالی زو خبری دا بە حضرت (ص) ئەویش تشریفی لەمال هاتە دەرەوە ، ملاحظەی فـــەرمو جماعتی وان لەدرگای مالەکـەدا ئەویش اولی سورتی (یسن)ی خویند بە مشتی خولا وە وەشانی بە رویانا بە قدرتی خودای تعالی هـەدو بەرچاویان تاریك بو تا حضرت (ص) لەوآرادا دەرچو وە رویشـــت بو مالی (اَبُوْ بَکْری صِـــدِّیق) خودای لی راضی بی · ئینجا پیکەوە هەستان لەمکە چونـە دەرەوەو تشریفیان بردە (غاری ثور) خویان پەنادا· جا کە کافرەکان رویشتنە مالەوە گەرران حضرتیان نەبینی بەنامیدی هاتنەدەرەوە وەکەوتنە تعقیباتەوە بە هەمو لاییکا حتی لە شار دەرچون وە رویان کردە غارەکە لەویا ابوبکری صدیق خەوفی پیدا کرد کە کافرەکان بیان دوزنەوە ، حضرت (ص) فەرموی هیچ مەترســـە خودای تعـالی لەگەلمانـــە ئەمانپاریزی ،

www.iqra.ahlamontada.com

لەم‌وەختـا بو محافظـــە ئەم‌ذاتانە خـودای تعـالی (عنكبوت) جولایی کەرەی نارد درگای غارەکەی تەنی وە کوتریکیشی نارد لە درکای غارەکەدا هیلانـەی کـرد ، کـە کافران هاتنـــە لای دەرگای غارەکـە ئـــەم‌وضعەیان چاوپی‌کـــەوت مأیوس بــون وە

گەررانەوە · خولاسە لە پاش سی‌روژ حضـرت (ص) لەگەل ابوبکری صدیقا کەوتنە ریگە بو مدینــــەی منورە · کافرەکانی مکە چونکە ئەیان‌زانی کە حضرت (ص) ئەروا بو مدینە وعدەی سی‌وشتریان دا بـــە (سراقەی بن مالك) بروا لــــە ریگادا بیان‌گریت ·

ئـــەویش رویشت بە شـوینیانا کە نزیکیان بووە هەررەشەی لی‌کردن · حضـرت (ص) لای‌لی‌کردەوە بەخویو وشترەکەیەوە رویشتنە خوارەوە بەزەوی‌یا ، سراقە کـە ئەمەی بەســـەراهات زور پاررایەوە تا ئەجاتی بو ، تکرار خەیالی کرد ئەم روچونە لەبـــەر زوری‌رەلی موقعەکەیەو تەکانی‌دا بروا بیان گریت

دوبارە حضرت (ص) لای‌لی‌کردەوە وەکو جاری پیشنو خویو وشترەکە روچونەوە بەزەوی‌یا · دیسان سراقە پاررایەوە تا نــەجاتی بو ، دیسان‌هەلەتی بردەوە حضرتیش (ص) لای‌لی کردەوەوە رویشتنەوەخوارەوە بەزەوی‌یا ئینجا حضرت (ص) فەرموی ئەی‌سـراقە خیالی عبث مکەوە ایمان بهینە مژدەبیت امتی من غالبە ئەکـەن‌و تاج‌و لباسی کسری لە غەنیمەتدا ئەگرن‌و ئەدریت بەتو · ئینجا سراقە قناعتی کردو گەررایەوە

www.iqra.ahlamontada.com

بو مکـــەو معـذرتی کردو وتی‌پی‌یان‌نەگەیشتم ٠ حضرت (ص) لەگەل ابوبکری صـدیقا رویشتن تا گەیشتن بە (قباء) کە شوینیکە لە نزیکی مدینەی منورە ، لەوی دانیشتن‌و بیست‌ودو روژ اقامت‌یان کرد جا تشریفی ریکەوت بو شاری مدینەو طائفەی (أَوْس‌وخَزْرَج) پیشـــوازیەکی زور بەشـــەرف‌و اهمیت‌یان لی‌کرد وە لە خزمەت‌یا واردی مدینـــەی منورە بـون ٠ حضـــرت (ص) لـــە مالی ابوایوبی انصاری‌دا دابەزی وە لەوی سکونەتی کرد ٠ لەپاش حەوت مانگ عەرەسەییکی کرری مزگەوتیکی عالی‌و

چەند هودە خانـوی تیاکردەوە ٠ ئـــەمجار ناردی بەشوین عائلـەی خویو حضـــرتی ابوبکرا هاتن بو مدینەی منورە ٠ ئینجا اصحابەکانیش کە لە مکەوە هجرت‌یان کرد بو بو مملکتی حبشە هەمو هاتن بو مدینە وە بە شادی‌و فرح کەوتنە ترتیباتی تبلیغی دینی پیروزی اسلام ٠ انصاری مدینە زور معاونت‌و

مساعدەیان بە مهاجرەکان نشان‌دا ، حتی ئەگـــەر حضـرت (ص) منعی نەکردنایە ئەیان‌ویســـت ژنی خویان طلاق بدەن بو ئەمە مهاجرە بی‌ژنەکان نکاح‌یان بکەن وە بە اتفاق‌و برایەتیکی راست حاضـربون بو خزمەت‌کردنی حضرت (ص) ٠ وە دەستیان‌کرد بە جهادو محاربەکردن لەگەل دوژمنانی اسلام‌دا، با براو خزمی خوشیان بونایە ٠ بە یـەك دلی‌و اخلاص لـە مدتیکی کەما زور پیشکەوتن وە لە مدتی دەسالا کە

www.iqra.ahlamontada.com

حضرت (ص) له مدینـــــەدا مایەوەو بەرحیات بوە ، بیستوحەوت حەربی بەاهمیتیان لەگــەل کافرانا کرد . له «نو»حرب یانا حضرت (ص).. نفسی مقدسی خوی حاضر بو .

مهمترینی ئەم حربانه حەربی (بدر)و (حنین) بوو . خاکی حجازو یەمەنیان بەتەواوی فتح کرد . له سالی هەشتی هجریدا شاری مکەی مکرمەی فتح کــرد . وه له سالی دەهەمی هجری لەگەل سەدوچوار هەزار کەس له اصحابی کرام (ض) تشریفی رویشت حجی کعبة اللّەی کرد . که لەم سفره گەررایەوه له ریگەدا زوروعظو نصیحتی دینیو اجتماعی بو فەرمون ، له پاش ئەم سفری حجه که مشهوره به (حجة الوداع) بەمدتی سیمانگ له دوازدەی ربیع‌الاولا وەفاتی کرد. وه له حجرەی حضرتی عایشـــــەدا دفن کرا ، عمری مبارکی شەستو سی سال بو .

ئەمذاته عالیه له عصری خویا هەمو تبلیغاتیکی فەرمو وه قرآنی شریف که خــودای تعالی لــه مدەی بیستوسیسالدا بە واسطەی جبرئیلی امینەوه بوی رەوانه کردو عبارته له شەش هەزارو شەشسەدو شەستو شەش آیت لەگـــەل سنتی قولیو عملیو تقریریدا یــەعنی فەرمایشاتی مبارکی ، یا ئـــەو رەفتارو کرداره که بالذات خوی کردویەتی وه یا خود کەســـی فەرمانو رەفتاری یا قسـەییکی کردبی وه حضــرت (ص) آگادار بوبی وه بـــەبی مانع انکاری

www.iqra.ahlamontada.com

نەفەرموبی • ئەم مجموعەی بەجی هیشـــت بۆ امتی
کە رەفتاری پی بکەن • وە لە وەختی وفاتیا سـەدو
چواردە هەزار کەس لە اصحابی کرام موجود بوون
وە چواردە هەزار کـــەس نویژی جنازەی مقدس یان
کردوە • ئـــەم اصحابانە کە خودای تعالی اختیاری
فەرموون بو رەفاقەتی خوشەویستی خوی لـە دوای
انبیای کرام لە هەمو کەس چاکتر بوون وە خودای
تعالی لە قرآنا زور مدحو ثنای فەرموون، بە چاکترینی
امتی پیغەمبەرانی داناونو بە امتی وســطو عدلی
ژماردون ، وە بە آمر بـە چاکەو ناهی لــە خراپەی
تعـریف کردون وە فەرمویەتی ئـەم قومـە خوفو
مبالات یان نی یە بە لومەی هیچ کەس لە خصوصـی
اطاعـەی خودای تعالی ، وە لەبینی خویانا نـەرمو
بەرحمو شفقتن ، وە لە سەر دوژمنانی دین بەقوتو
هیبتو شدتن ، مژدەی داوە کە ئەم قومە لە خودای
خویان رازین وە خودا لەوان رازیە •

ئینجا ملاحظە بکەن گروهی خودا وەها تعریف یان
بکاتو تأریخی صـــحیحی اســـلامو غیرە مناقبو
مفاخریان نقل بکات • معلومە اصولو فروعی دینـی
خویان باش محافظە ئەکـــەن وە لە اعمـالو اخلاقو
رەفتارا صاحب امتیازی فوق العادەن ، کەوابو لازمە
هەمو مسلمانی بە ادبو احترام تەماشایان بکات وە
لە وەختی ناوبردنیانا داوای رضاو رحمتی خودای
تعالی یان بو بکـــات • رِضْـــوَانُ اللهِ عَلَيْهِمْ وَعَلَيْنا

www.iqra.ahlamontada.com

ببركاتهم اجمعين ٠

(درسي سي‌ی‌و پینجەم) بحثی خلیفەی‌اول لە چوار خلیفەی حضرت (ص) وَرَضِيَ اللهُ عَنهُمْ ٠ (ابو بكری صدیق) (ض) :

ئەم‌ذاتە پاك‌مشـــربە عالی‌حسبە ناوی عبدالله یە ، كنیەی ابوبكرە ، لقبی صدیقە ، باوكی ناوی عثمانە ، كنیەی ابوقحافەیە ، دایكی ناوی سلمی‌یە كنیـــەی ام الخیرە لە عــەربی مكە وە لە طائفەی حضـــرتی فخری‌عالە (ص) ٠ لە باپیرەی شەشەما كە (مرە)ی كورری كعبە ئەگات بە حضرت (ص) ٠ ئەم‌ذاتـــە اول‌كسیك بو تصدیق‌و باوەری كرد وە ایمانی هینا بە حضـرت (ص) وە قطعا لـــە آدابی زەمانی جاهلیتا متاثر نەبوە و خوی پیوە نەگرتوە ٠

حیات‌و مال‌و جاهی خوی لە ریگەی اســـلامیتا صرف كردوە ٠ حضرت.(ص) لـــە نەخوشینی وفاتیا كردی بە امام بو اصحابەو هەمو لە پشتیەوە نویژیان ئەكرد حتی روژی حضـــرت بعضـی افاقەی بوبو ، تشـــریفی لە وەختی نویژا رویشـــت بو مزگەوت لەووەختا حضرتی ابوبكر حسی كرد بە هاتنی ویستی بیتە دواوە ٠ حضرت (ص) اشارەی فەرمو بەمە كـە لەسەر وظیفەی خوی دوام‌بكات ٠ كە حضرت متوفی بو بەر لە دفن‌كردن هەمو اصحابەی كرام مهاجرین‌و انصار لە ساباتی طائفەی بنی ساعدەدا گرد بونەوە بو دانانی خلیفە وە بە اتفاقی هەمولایە بیعتیان كرد

www.iqra.ahlamontada.com

به ابو بكری صديق (ض) • له پاش ئه‌مه ابو بكر تشريفی هه‌ستا خطبه‌ییكی خوینده‌وه ، منهجی ره‌فتاری خوی پی نشان‌دان • خولاسه‌ی مضمونه‌كه‌ی دو نقطه‌ی جوهری بو • نقطه‌ی اول تشجیعی اصحاب له‌سه‌ر خوداپه‌رستی وه قوت‌و دیانت ، نقطه‌ی دوهه‌م ئه‌مه بو كه من خوم له ایوه به‌چاكتر نازانم وه ایسته ایوه منتان‌كردوه به گه‌وره‌ی خوتان كه‌وایه دائماً ملاحظه بكه‌ن ئه‌گه‌ر ایشی چاكم كرد معاونت‌و مساعده‌م بكه‌ن ، ئه‌گه‌ر ایشی خرابم كرد ارشادم بكه‌ن وه بم‌گیرنه‌وه بو سه‌ر منهجی استقامت • به‌م‌خطبه‌یه هیزو توانایه‌كی به‌رزی خسته ناو ریزی موسولمانانه‌وه كه هه‌مو به‌یه‌ك‌دل‌و یه‌ك روح بو به‌رزی دینی مقدسی اسلام بكوشن وه سعی‌بكه‌ن بو پیش‌خستنی •

ئه‌م‌ذاته عالیه (مع الْأَسَف) دوسال‌و سی‌مانگ له‌دوای حضرت (ص) ژیا ، به‌لام گه‌لی فه‌رمانی زور مهمی كرد ، ئه‌ول : ئه‌وجیشه كه حضرت (ص) له حیاتی خویا ریكی خست‌بو بو روم به ریاستی «اسامه»ی كوری زیدو له‌به‌ر نه‌خوشین‌و وفاتی نه‌رویشتبون ، ابوبكری صدیق ناردنی واقعاً رویشتن‌و به‌منصوری گه‌رانه‌وه • دوهه‌م : ئه‌واعرابه بده‌وی‌یانه كه عصیان‌یان كرد وه حقوقی بیت المال‌یان نه‌ئه‌دا تسخیری كردن وه مجبوری كردن به‌اطاعت •

www.iqra.ahlamontada.com

سی‌هه‌م : خالدی بن‌ولیدی نارد بو سه‌ر طلیحه‌ی اسـدی وه بو سـه‌ر «بنی تمیم» تفرقه‌ی کردن ٠ چواره‌م له‌شکری کرد بو سه‌ر مسیلمه کذاب لـه یمامه ، وه هه‌ر چه‌ند تبعه‌و قومیکی به‌قوت‌و شوکتی بو فوتاندنی ، له‌م حه‌ربا مسیلمه‌ی کذاب به ده‌ستی (وحشی) ناو کوژرا ٠

پینجـه‌م : به مشورت کردن له‌گـه‌ل عمر بن الخطاب‌و زیدی‌بن ثابت وه بعضی له کباری اصحابه قرآنی گردکرده‌وه عمومی له (جِلْدی مَدْبُوغ) پیستی ده‌باغ‌کراو نوسینه‌وه چونکی وه‌ختی خوی له‌بـه‌ر ته‌بونی اسباب بعضیکی له له‌وح وه بعضیکی له‌سه‌ر ایسکی ساف به‌م‌نوعه نوسرابوه‌وه ، وه معرّض بوو بو په‌ریشـانی‌و فه‌وتان ئـه‌ویش حافظانی قرآن‌و کاتبانی زه‌مانی سعادتی احضار کرد (علی رؤوس الاشهاد) هه‌موی نوسی‌یه‌وه ، بـه کتابتی زیدی بن ثابت که عالمیکی مهم وه کاتبیکی به کفایت‌و امانت بو له کاتبه‌کانی حضرت (ص) خودا جزایان بداتـه‌وه ٠

شه‌شـه‌م : خالـدی بن‌ولیدی نارد بو عـراق (حیره‌وانبار)ی فه‌تح کرد ٠ حه‌وته‌م له‌شکری هه‌نارد بو یه‌مه‌ن بو سه‌ر (اسودعنسی) هه‌شته‌م له‌شـکری نارد بو (بحرین) ٠ نوهه‌م له‌شکری ریك خست بو شـام به‌ریاستی ابوعبیده‌ی بن جراح ، هیشـتا ئه‌م‌له‌شکره له شاما بو خالدی بن ولیدی له عراقه‌وه هه‌نارد بو معاونت‌یان له شام‌و ابوعبیده‌ی عه‌زل‌کرد

www.iqra.ahlamontada.com

وه خالدی کرد به آمری لەشکر • لەماثنایەدا لــه بیســتو دوی مانگی جمادی الاولی لــه عمری شەستوسیدا متوفی بو وه له حجرەی سعادتا دفن کرا (ض) •

(درسی سی‌ی‌و شەشەم) خلیفەی دوهەم عمر الفاروق (ض) :

ئەمذاتــه صاحب‌شهامته ناوی عمرو کنیــەی ابو حفصه ، باوکی ناوی خطابه دایکی ناوی حنتمه‌یه وه له باپیرەی حەوتمدا (لۆی) ئەگات به حضرت (ص) • حضرتی ابوبکر له نەخوشینی وفاتیا بانگی کرد وه به حضــوری جمــاعتی له اصـــحابی کرام عهدی خلافت‌نامەی بونوسی وه لــه پاش وفاتی ابوبکری صدیق هەمو بیعتیان پی‌کرد ، وه مدتی دەســالو شەش مانگ خلافتی کرد ، وه له عهدی خـویا زور اســلامی بەرز کردەوه • حەزرەتی عمر انسانیکی بــەغیرتو عزیزنفسو فکرساف بوه ، لــه حیاتی حضرتا (ص) له کباری مشورت‌پی‌کروان بوه •

له هەژده رووداودا هەرچون فکرو رأی نشان‌داوه آیت لەسەر موافقەی نازل بوه ، وه له مدەی خلافتیا تاریخی هجری دامەزران بو مبدئی حساب • قاضی له محاکمدا دانا ، دفتری مرتزقەی گرت ، حســابی واردات‌و صــادراتی حکومــەتی اســلامیەی راگرت عراق‌و شام‌و مصری فتح کرد ، بلادی کوردوستان‌و ارمنستان‌و قفقازیەی استیلاء کرد ، قسمیکی مهم له

www.iqra.ahlamontada.com

لەغەرب‌و جنوبی ایرانی فەتح کرد ٠ ئینجا لە اثــری طعنــی ابولؤلؤەی ناپاکــەوە شــهید بو ، لە روژی بیست‌و شەشی ذی‌الحجه لـــە عمری شەست‌وسی‌دا وفاتی کرد وە لە حجرەی سعادتا دفن‌کرا (ض) ٠

(دِرسی‌سی‌وحەوتەم) خلیفــەی ســی‌هەم عثمان ذِی‌النُورَیْنِ (ض) :

ئەم‌ذاتە صاحب حیاو ایمان‌و احسانە ناوی عثمانە لقبی (ذی‌النورین)ە ، باوکی ناوی عفانـــە ، دایکی ناوی (اروی)یە لە باپیرەی سی‌هــەم‌دا کە عبدالمنافە ئەگات بە حضرت (ص) ٠ حضــرتی عمر (ض) کـــە زخم‌دار بو وسعت‌و طاقتی تعیینی خلیفەی نەما فقط مسئلەکـــەی بە (شُورٰی) لەبینی شەش کەس لـــە اصحابی کرام : علي ، عثمان ، طلحه ، زبیر ، سعد بن ابی وقاص ، عبدالرحمن بن عوف دانا ٠

لە پاش وفاتی حضرتی عمر ئەم‌ذاتانە حضــرتی عثمانیان تعیین کرد وە هەمو اصحاب بیعتیان پی‌کرد چونکـــە زۆر خزمـــەتی بەدەنی‌و مالی بـــەدینی ئیسلام‌کردبوو لە حیاتی حضرتا (ص) حتی حضرت (ص) لە دوای ئەمە کە حضرتی عثمان بیری رومــەی سەند بە هەزار دینار بو اصحاب وە لەشکری مشهور بە (جَیْشُ الْعُسْرَه)ی بەصرفي مالي خوی معاونت کرد ، فەرموی (اِشْتَرٰی الْجَنَّةَ مَرَّتَیْنِ عُثْمانُ) یەعنی دودفعه عثمان بە صـــرفی مال لــە رَیگای خوادا بەهەشتی کرری ٠

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمذاتە لە ایامی خلافتنا اعمالی بەقیمەتی کرد زور مملکت لەوانــــە کە لـــە پاش وفاتی حضــرتی عمر عصیانیان کرد گرتنیەوە ، جزائــری (قبرص) وە (جزیة)و (رودس)ی لە بحری ابیضی متوسطا گرت وە زور جیگای لە ئەفەریقادا فتح کردو فتحی مملکتی عجمی تەواو کرد .

وە لەبەر ئەمـــە کە (قرآنی عظیم) بە محفوظی بمینیتەوەو اختلافــی تیا پــــەیدا نەبی لـــە پاش مشورت کردن بە اصــــحاب لجنەیەکی پیکەوەنا وە حضرتی علي کوری ابو طالبی کرد بەرئیس . لەژیر اطلاعی ئەمانە حەوت نسخەیان لە قرآن نوسیەوە ، یەکی کیان کە مشهورە بەمصحفی امام لە مدینــەی منورەدا هیشتەوە باقیەکەیان نارد بو مکە . شام . کوفــە . بصــرە . بحرین . یەمـەن ، تا مسلمانان نسخەیان لی بنوسنەوە . حضرتی علي (ض) شکری ئەم فەرمانە بەقیمەتەی کردو فەرموی ئەگەر رئیسی اسلام بومایە زوتر ئەمایشەم ئەکرد . حضرتی عثمان لە پاش ئەمە کە مدەی دوازدە سالی الا چــەند روژی خلافـــەتی کرد لـــــە عمری هەشتاودوسالیا لــــە هەژدەهەمی ذي‌الحجەدا بە شهیدی لە دنیا دەرچو وە لـــە مقبرەی جَنَّةُ الْبَقِيعدا لە مدینــــەی منورە دفن کرا (ض) .

(درسی سی‌و هەشتەم) خلیفــەی چوارەم علي کوری أبو طالب (ض) :

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمذاتە مقدسە ناوی علی وە کنیەی ابوتراب وە لقبی اسداللّهیە ٠ باوکی ناوی عبدالمنافە وە مشهورە بە ابوطالب دایکی ناوی فاطمەیە ٠ لەپاش وفاتی حضرتی عثمان اصحابەی کرام بیعتیان پی کرد ئەمذاتە لەگەڵ ئەمە کە شەخصیکی عالمو عالیهمت وە شجیعو بەغیرتو سخاوت بو وە امل ئەکرا وەکو آثاری گەورەی بو لە حیاتی حضرتا (ص) لە زەمانی خلافتی خویا نتائجی حسنەو اعمالی بە قیمتی ببی ، بەلام مع الأسف غوغای داخلیە میدانی نەدا وە لەدواییدا بە دەستی انسانیکی شقاوت کردار لە طائفەی بنیمراد شهیدکرا ، وەختی صبح لە شاری کوفەدا لەسالی چلی هجری لە عمری شەستو سیسالیداو لە کوفەدا دفن کرا ٠ مدتی خلافەتی چوار سالو نو مانگ بو ٠

لە پاش وفاتی حضرتی علی ئەهلی حلو عقد بەیعەتیان کرد بە حضرتی حەسەنی کورری ، وە شەش مانگ خلافەتی کرد ، فقط لە نتیجەدا بو خاطری اصلاحی عالمی اسلامی تنازلی کرد لەخلافەت ە تسلیمی کرد بە حضرتی معاویە ، بەم پینج شخصە ںدەی خلافەت گەیشت بە سیسالوەکو حضرت ص) بیانی فەرموبو ٠

(درسی سیو نوهەم) بەحثی باقیەکان ئەکات ە (عەشەرەی مبشرە) :

دیارە چوار لەودەیە چوار خەلیفەکان بوون پینجەم (طَلْحَة) ئەم ذاتە مشهورە بە طلحةالخیر

www.iqra.ahlamontada.com

وه طلحة الفياض ، باوكى ناوى عبدالله‌يه ٠ له باپيره‌ى شه‌شه‌م‌يا كه ناوى (مره) بوه ئه‌گات به حضرت (ص) وه له‌پيش هجرت‌دا له مكـه مسلمان بوو له‌گـــه‌ل اصحابه‌كانا هجرتى كرد بو مملكتى حه‌به‌شــه ، وه له حه‌ربى (اُحُدا) فدائى حضرت بو وه‌كو په‌روانـــه به‌ده‌ورى حضـــرتا (ص) ئه‌گـــه‌ررا وه مدافعـه‌ى دوژمنه‌كانى ئـه‌كرد ، له‌واثنايـــه‌دا شمشيريكيان داهيناوه بو حضرت (ص) ئه‌و ده‌ستى دايه بـه‌رى له‌م‌خسوسه‌وه ئه‌و ده‌سته‌ى شه‌ل‌بوو ٠

وه له‌پاش هاتنه‌وه‌ى له حه‌به‌شه‌وه بو مدينـه‌ى منوره حضرت (ص) عقدى برايه‌تى له‌بينى ئـــه‌وو سعدى بن ئه‌بى وقاصا بـه‌ست ٠ له مانكى جمادى الاولى له تاريخى سى‌ى‌وشه‌شى هجرى‌دا لـه عمرى شه‌ست‌و چوار ساليا له بصره شهيد درا ٠ مقبره‌ى مباركى له بصره‌يه ٠

مشهوره ئه‌م‌ذاته مباركه له پاش سى‌سال لــه وفاتيه‌وه رويشته خه‌وى بعضى اقاربى خوى شكاتى ته‌ررى قبره‌كه‌ى كرد ٠ كه قبره‌كه‌يان هه‌ل‌دايه‌وه راست‌بوو ته‌رربو له‌به‌ر ئه‌مه له‌وقبره نقل‌يان كرد وه به‌ده‌نى مباركى ساغ‌و سليم بو وه‌كو ئه‌وسعاته كه وفاتى كردبـــو ٠ خوداى تعالى لـــه‌وو له باقى اصحابه‌كان راضى بى هه‌مويان ٠

شه‌شه‌م (زُبَيْر)ه ئه‌م ذاته كوررى عوام بوه وه له باپيره‌ى چواره‌مى حضرتا كه ناوى (قصى) بوه نسبى

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگات بە حضرت ، دایکی صفیەی کچی عبدالمطلبو پوری حضرت (ص) بوە • زبیر لە فداکارانی حضـرت بوە لە حەربی احد وە حەربی حندقدا حضــرت زور تعریفو ثنای فەرموە ، لە سالی سی‌وشەشی هجری لە عمری شەستو چوار سالیدا لە نزیکی بصـرەدا شهید کراوە ، وە قبری لەوی معروفو مشهور وە زیارت گاهی مسلمانانە •

حەوتــەم (أَبُوعُبَيْدَه) (ض) ئەمذاتـــە کورری عبداللّەی کورری عامری ملقب بەجراح بوە ، لە (فهر)ا کە با پیرەی دەهەمینی حضرتە نسبی ئەگات بەحضرت (ص) : ئەمذاتە لــە مکەدا لە ئـــەوائلی اسلامیتەوە مسلمان بو وە لە معتبرانی اصحابی حضرت بوە • حضرت (ص) فەرمویەتی لە امتی هەمو پیغەمبەری کا پیاویکی زور ئەمین بوە وە ئەمینی ئەم امتی منەیش ابو عبیدەیە ، لە غەزای بدرو غەزای احدا حازر بوە • وەختـــی کە لـــە هیزی پـــەیکانی دوشـــمنەوە (زری‌و خودە) رویشت بەروی مبارکی حضرتا (ص) ابوعبیدە بەددان ئەوزری‌یەی دەرهینا ، لە اثری ئەم زحمتەوە ددانی پیشوی دەرهات • لە سالی هەژدەی هجری لە عمری حەفتاو سی‌دا لــە شاما بــەطا عونی مشهور بە (طاعوونی‌عَمْواس) متوفی بــو • قبری مبارکی لە (سلع) مشهورو معلومە (ض) •

هەشتەم «سعد» ئەمذاتە کورری مالکی مشهور

www.iqra.ahlamontada.com

به ئەبی‌وقاصە ، لە باپیرەی حەوتەمی حضرتا کـــە ناوی کعب بوە نسبیان ئەگات بەیەك · حضـــرتی سعد لە اوائلی اســــلامیتەوە مسلمان بو ، وە لـــە معتبرانی اصحابی حضرت بوەو مستجاب الدعوە بوە هەر دوعاییکی بکردایە قبول‌ئەبو ، لە فنی تیرەندازیا ماهربوە ، زور حەرب‌و فتوحاتی لە اسلاما هەیە ، لەسالی پـــەنجاو پینجی هجری لە عمری حـــەفتاو سی‌سالی‌دا لە (عقیق) کە موقعیکە لە نزیکی مدینەی منورەدا متوفی بو · قبری مبارکی لە مدینەیە ·

نوهەم (سَعید) ئەم‌ذاتە کورری زیدو لە باپیرەی حەوتەما ئەگات بە حضرت وە لە اوائلی نشأتی اسلاما مسلمان بووەوحازر بوە لە حەربەکانا ، لە سالی پەنجاو یکی هجری لە عمری حەفتاو چوار سالی‌دا لە مەدینەی منورەدا متوفی بو ، مەرقدی مبارکی لە مدینەیە ·

دەهەم : (عبدالرحمن بن عوف) ئەم ذاتە کورری عـــوف کورری عبد عوف بوە لە باپیرەی پینجـــەمی حضرتا (ص) نسبیان بەیەك ئـــــەگات ، لە اوائلی اسلاما مسلمان بوەو صـــاحبی ثروت‌و مالیکی فوق العادە بو · بەم‌مالەی زور خزمەتی بە اسلام کردوە لە حەربەکانا حازر بوە ، لە سالی سی‌ودوی هجری لە عمری حەفتاوپینج‌دا لە مدینەی منورە متوفی بو · مەرقەدی مبارکی لە مدینەیە (ض) اجمعین ·

ئەم دەکەسە ناویان هـــەیە لە دوشعری فارسی‌دا بویادگار ئەیان نوسین :

www.iqra.ahlamontada.com

دەكەس كــــە مبشرند ميــدان
بوبكرو عمـــر عليو عثمـــان

طلحەاستو زبير ، ابو عبيـــــدە
سعداستو سعيد ، عبدالرحمان

(درسی چلهەم) بحثی امامانی مجتهدین ئەكا :

ئەم امامانە شەشەن ، چواريان لە فروعی دينـــا اجتهاديان كردوە وە دوانيان لە اصولی دينا ، يەعنی مسائلی اعتقاديە · ئـەوچوار امامە كـــە لـــە فروعا اجتهاديان كردوە امام ابوحنيفە ، امام مالك ، امام شافعی ، امام احمد بوون · وە ئەو دو امامە كە لـــە اصولا اجتهاديان كردوە : شيخ ابوالحسنی اشعری وەشيخ ابومنصوری ماتريدی يە · امام ابو حنيفـــە (ض) ناوی نعمانە باوكی ثابت وە لە كوفە لە تاريخی هـــەشتای هجری دا لـــــە دايك بوە ، وە لـــــە تاريخی سەدو پەنجاەدا وفاتی كرد · عمری حـــەفتا ســـــالبوە ، مرقدی مباركی لە بەغدايە ··· خودای لی راضی بی ·

امام مالك (ض) ناوی مالك ، باوكی ناوی أنس بوە ، لە مدينـــــەدا لە تاريخی نەوەدی هجری لـــە دايك بوەو لە سەدو حەفتاو نوی هجريدا لە مدينـــە وفاتی كرد ، وە عمری نەوەدســال بوە وە مرقدی لـــە مدينەی منورەيە · خودای لی راضی بی ·

امام شـــافعی (ض) نـــاوی محمدە باوكـــی ناوی

www.iqra.ahlamontada.com

ادریسه ، له باپیره‌ی سی‌هه‌می حضرتا (ص) سببی ئه‌گات به حضرت (ص) ، له تاریخی سه‌دو په‌نجای هجری‌دا له غه‌زه ، له‌دایك بوه ، له تاریخی دوسه‌دو چوارا متوفی بوه ، عمری مبارکی په‌نجاو چوار سال بوه ، مرقدی مبارکی له قاهره‌ی مصره (ض) ٠

امام احمد : ئه‌م‌ذاته کورری حنبل وه له طائفه‌ی بنی‌شیبانه ، له تاریخی سه‌دوشه‌ست‌و چواری هجری‌دا متولد بوه ، له تاریخی دوسه‌دو چل‌ویه‌کا متوفی بوه ، مرقدی مبارکی له به‌غدایه ٠ (ض) ٠

ئیمامی اشعری ناوی‌علی‌یه ، کنیه‌ی ابو الحسنه ، مشهوره به اشعری له جدی نوهه‌ما ئه‌گات به ابوموسی‌ی اشعری صحابی مشهور ، له تاریخی «۲۷۰»ی هجری‌دا له‌بصره متولدبوه وه له تاریخی «۳۰۳» متوفی‌بوه ، قبری مبارکی له به‌غدایه ٠

ئیمامی‌ماتریدی ناوی محمده ، کنیه‌ی ابومنصوره مشهوره به ماتریدی چونکه له‌ماترید که موقعیکه نزیکی شاری سمرقند ٠ له تاریخی ۳۳۲ هجری متوفی بوه ، قبری مباره‌کی‌له شاری سمرقنده ٠

ئه‌م‌امامانه له‌سه‌ر حق‌و هدایتن وه مذهبیان موافقی کتاب‌و سنته وه‌هه‌ر که‌س تقلیدی یه‌کی له‌و چواره بکا له فروعا وه تقلیدی یه‌کی له‌م‌دو امامه‌ی دواییانه بکاله اعتقادا ئه‌وه ئه‌هلی نه‌جاته ،

www.iqra.ahlamontada.com

خودا نەجاتمان بدا بەلطفو مرحمتو استقامتمان بی بدا لەسەر ریگەی شریعتی مُحَمَّدُ المُصْطَفیٰ (ص) ٠

سُبْحانَ رَبِّكَ ، رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ٠

سیشەمە دوانزەی مانگی شەعبانی سالی

١٣٥٨ی کوچی ـ بیارە ـ هەلەبجە ـ سلیمانیە

www.iqra.ahlamontada.com

٤

چل چرای ئیسلام

www.iqra.ahlamontada.com

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ الْعَلِيمِ الْخَلَّاقِ ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلٰى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ الْمُتَمِّمِ لِمَكَارِمِ الْأَخْلَاقِ ، وَعَلٰى اٰلِهِ وَصَحْبِهِ وَكُلِّ مَنْ جَاهَدَ لِنَصْرِ الدِّينِ وَالْاِتِّفَاقِ .

لەپاش پیش کەش کردنی (حمدو ثناو صلاةو سلام) عەرزم ئەمەیە لەبەر ئەمە کە حەزرەتی محمد (ص) فەرمویەتی : هەر موسولمانێ چل حدیث لە حدیثەکانی من لەبەر بکا وە بیگەیێنی بە موسولمانان شەفاعەتی بۆ ئەکەم لە قیامەتدا ، وەدووباره فەرمویەتی خوای گەورە ناردومی بۆ ئەوەی خۆورەوشتی جوان لە دنیادا تەواو بکەم ، چل حدیثم لە حدیثەکانی خوورەووشت هەلبژارد ، وەبەپێی ریوشوین معنام بیان کردن وە تفصیلمدان ، وە لەبەر ئەوەی کە مەولانای جامی ـ خوا لیی خوش بی ـ لەسەر هەر حدیثی لەوانە ، دوشعری فارسی داناوە ، منیش دووباره دووشعرم بە زوبانی کوردی نوسی ، تا مندالانی موسولمان ، لە بەریان بکەن ، وە دلیان بە نوری معنای ئەوحدیثانە روناك ببیتەوە ، وە ئەم دەفتەرە موبارەکەم ناوناوە چل حدیثی پیغەمبەر (ص) یا « چل چرای اسلام » وَعَلَى اللهِ التَّوَكُّلُ وَبِهِ الْاِعْتِصَامُ .

www.iqra.ahlamontada.com

حدیثی یەکەم

(خَيْرُ النَّاسِ اَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ)

یعنی : چاکترین ئادەمیزاد کـەسیکە قازانجی زوتـر بی بۆ ئادەمیزاد ، جا وەسیلەی قازانج گەیاندن بـە ئادەمیزاد چوارشتە ، یەکەم. لەش : پیویستە انسانی موسولمان هەر خذمەتیکی بۆ بگونجی بەلەشی خوی لەگەل موسولمان بیکا ، وەکو خزمەت و دەرمان کردنی نەخوش ، دەس گرتنی کویر ، شارەزایی کردنی غەریب ، ئاوونان هاوردن بۆ هاوری ٠ دووەم نفوذە : یعنی دەسەلات ، پیوستە لەسەر انسان مادام پیاویکی قسەرەواو بەحورمەت بۆ هەول بدا بەوشەرەف و حورمەتی خویەوە قازانج بگەینی بە موسولمانان ئەگەر داماویك هاواری بۆ هاورد ، هەول بدا رزگاری بکا ، ئەگـەر مستحقی وەظیفەیەك تشبثی پی کرد اهتمام بکا لەسەر ئـەو وەطیفـەیە دای بمـەزرینی ، ئەگـەر کاسبیکی بی دەسمایـە پەنای پی هینا ، لـەلای کـەسیکی دەولەمەند دەسمایەی بۆوەرگری ٠

سی هەم : مالە : پیویستە انسان مادام سەروەتی هەبو ، پیشەکی هەرحەقیکی شەرعی لەسەرە بیدا بە مستحقان ، لە پاش ئەوە هەرمحتاجیکی بەرچاو کەوت بەگویرەی توانای خوی مالی بۆصرف بکا ، داخلی ئەمەیـە ، سیلەی رەحم و بەخشش بەقوم و

www.iqra.ahlamontada.com

خويش ، چاكه لەگــــەل دراوســى ، سەرپەرەشتى هەتيوان ، جيگەكردنەوەى غــەريبان ، حورمــەت ، گرتنى ميوان ، دروست كردنى مزگەوتو قوتابخانەو پردو خستەخانە .

چوارم عيلمە : پيويستە هەركەس عيلميكى دينى يا دنيايى بو ، بەبىدريغو تقصير نيشانى بدا بـــە موسولمانان ، بە تايبەتى بەوانە كە اهلى استعدادن، دەرەجەو روتبەى ئادەمىزاد لاى خواى گەورە بەپىى زورى قازانجيتى . لەمبابەتانەوە كە بيانمان كرد .

مەولاناى جامى فەرمويەتى :

ايكه پرسى كه بهترين كـەس كيست
گــويم ازقــول بهترين كەســـان

بهترين كس كســـى بود كه ز خلق
بيش باشــد بــه خلق نفع رســـان

منيش نوسيومه :

گەر ئەپرسى لە چاترين بەشـــەر
كىيــە لەمعالەما ، بەنصـــى خبر

چاترين بەشــەر كەسيكە كە وا
نەفعى زورتر بدا بەنەوعى بەشەر

حديثى دووەم

(اَلعِلْمُ لاَ يَحِلُّ مَنْعُهُ)

يعنى : درووست نىيە منع كردنى علم لە خەلق .

www.iqra.ahlamontada.com

بی‌گومان هیچ شتی نی‌یـــه له دنیادا بـــه‌بی علم ری‌بکه‌وی ، به علم خوا ئه‌ناسری ، به‌علم ئادابی دین به‌راستی جی‌به‌جی ئه‌کری ، به‌علم دووستو دوژمن له‌یه‌ك جیائه‌کرینـــه‌وه ، بـــه علم ئه‌سبابی یارمه‌تی دوستو مدافعه‌ی دوژمن په‌یدا ئـــه‌کری ، به‌علم ژیانی دنیاو قیامه‌ت ده‌ست‌ئه‌خری ، به‌کورتی علم بنچینه‌ی هه‌مو به‌ختیاری‌ییکه بۆیه خوای تـــه‌عالاو پیغه‌مبـــه‌ر (ص) لـــه « قرآن‌و حدیثا » زور تعریفی علمیان کردووه ، وه کومه‌لی ئاده‌می‌زادیان له‌سه‌ر پیداکردنی علم هه‌ل‌ناوه‌و حه‌زره‌ت (ص) فه‌رمویه‌تی (اطلبوا العلم ولو بالصین) یه‌عنی : به‌دوای علم‌دا بکه‌رین‌و داوای بکه‌ن با له وولاتی چینیشدا ده‌ستتان بکـــه‌وی ، هه‌ندی لـــه تی‌گه‌یشتووان فه‌رمویانه : سه‌رچاوه‌ی به‌ختیاری ئاده‌می‌زاد حه‌وت‌شته : عقل ، علـــم ، دین ، أدب ، بیستنی حق ، خوشـــه‌ویستی ئاده‌می‌زاد ، هه‌لگرتنی ناره‌حه‌تی‌لی‌یان ، وه علـــم سه‌رچاوه‌ی هه‌مو ئه‌مانه‌یه جگه له‌عقل که ســـه‌ر چاوه‌ی علمه • بنا له‌ســـه‌ر ئه‌مه هه‌ر که‌سی منعی اسبابی به‌ختیاری له ئاده‌می‌زاد بکا شایانی به‌دبه‌ختی ئه‌به‌دی‌یه ، ئـــه‌وه‌نده هه‌یه له‌به‌ر ئـــه‌وه‌ی که علم گه‌وهه‌ریکی زور به‌نرخه پیویسته به‌که‌سی پیشان بدری که اهلیت‌و ئاماده‌گی‌بی •

مه‌ولانای جامی فه‌رمویه‌تی :

www.iqra.ahlamontada.com

ای گرانمایــه مــرد دانشــور
کـــه ترا علمو دین بود معلوم

مســتعدرا ازان مشــو مانــع
مستحق‌را ازان مکن محـــروم

منیش نوسیومه :

هەرکـەسی علمی خوی بلّی بـەغبی
عمرو علمی بـە دەفعەیی تەلەفـە

بۆ زەکی چاکە علمی تو ، بـــەمثل
قەترە بارانە ، ذهنی ئەو سـەدەفە

حدیثی سی‌هەم

(لا یُؤمنُ أحَدُکُمْ حَتّی یُحِبَّ لِاَخیهِ ما یُحِبُّ لِنَفْسِهِ)

یەعنی : هیچ کەس لە ئیوە ئیمانی تەواو نابی ، تا حەز نەکا بۆ برای دینی خوی ، هەرشتی کە حەزی پی‌ئەکا بۆ خوی .

ئەم‌حدیثە یەکیکە لەوچوار حدیثانە کـە ئادابی چاکەیان تیاکوبۆتەوەو ، مقصودی حەزرەت لـــەم حدیثـــــە ئەمەیە هـــــەمو موسولّمانی لەگـــەلّ موسولّمانانی‌تر ئـــەوپەڕ دەرەجە ناسراوی ببی تا کاروباری دنیـــاو قیامـــەتیان زیك‌وپیك بـی ، بێ‌گومان‌کە هەمو موسولّمانی حالّی وابوو ئـەوەی بۆ خوی حەزی پی‌کرد بۆ غـەیری خویشی حـــەزی پی‌بکاو ، هەرچی بۆ خوی حەزی پی‌نەکا بۆ غـەیری

www.iqra.ahlamontada.com

خویشی حەزی پی نەکا ، وە هەموکەس لە چاکەو خراپەدا وەکو خوی بزانی ، بنالەسەر ئەمە هەمیشە چاکەیان لەگەل ئەکاو زەرەرو نارەحەتی یان لی لائەدا ، موسولمانی تریش کە ئەم طبیعەتەیان بۆدەرکەوت ، ئەم کەسەیان خوش ئەوی و ئەوانیش طبیعەتیان چاك ئەبی و هەمویان خەریکی یارمەتی یەکتر ئەبن ، بەرەنگیک هەرکەس لەخیریکا دیارنەبی ، وەکو حازر بەشی بۆ دائەنریت ، وە هیچ کەس تەنها بەدوای مقصودی تایبەتی خویدا ناگەرری ، کە موسولمانان حالیان وای لی هات بە بەختیاری دنیاو قیامەت ئەگەن .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

هەرکەسی را لقب مکن مؤمن
گرچە از سعی جان و تن کاهد
تا نخواهد برادر خودرا
آنچە ازبهر خویشتن خواهد

منیش نوسیمە :

نی یە ئیمانی بی خەلەل بۆکەس
گەرچی وەك روحە بۆ هەموانسان
تا نەحوببینی بۆ برای دینی
وەکو بۆ خوی منافعو احسان

www.iqra.ahlamontada.com

حدیثی چوارەم

(لا يَشْبَعُ الْمُؤْمِنُ دُونَ جارِهِ)

یەعنی : انسانی موسوڵمان بەبی دراوســـیی تیر نابی .

مقصودی حـــەزرەت (ص)لەم حدیثە شـــریفە هەڵنانی موسوڵمانانە بۆ حورمەت گرتن‌و چاودیری دراوسی‌کانیان ، چونکە دراوسی لەبەر ئەوە کە نزیکی انسانە ، وەکو لە پەنای انســـانا بی وایە ، وە بۆ کەسی کە شـــەرفی ببی زور شوورەیی‌یە چاودیری کەسی نەکا کە لە پەنایا بی ، زیاد لەمە دراوسی لەبەر نزیکی ئاگایان هەیە لە دراوسی‌ی خویان ، ئەگـــەر خواردەمەنیەکی خوشیان ببی مندالەکانیان ئاگادار ئەبن وە نەفسیان پیوە ئەبەسری ، لـــە سورەتیکا انسان یارمەتیان نەداو بەشیان دانەنی ، زور نزیکە ئەوخواردەمەنی‌یەی ئـــەیخون ببی بە نـــەخوشی‌و ناساغی لە لەشیانا ، دوبارە بی‌بەش‌کردنی دراوسی لە خیرات پیچەوانەی برایەتی اسلامی‌یە . لە « بخاری شریف »دا هەیە : زور دراوسی لـــە روژی قیامەتدا دراوسی‌ی خـــوی ئەگری‌و ئـــەیبا بو خزمەتی خواو شکاتی لی ئەکا ، ئەڵی : خوایە ئەم‌دراوسی‌ی منە لە دنیادا دەرگای لەسەرم دائـــەخست‌و خیراتی خـــوی لی ئەگرتم .

www.iqra.ahlamontada.com

دراوسی ئەگەر کافر بی تنها حەقی دراوسی‌یەتی هـــەیە ، ئەگـــەر موســـولمانیکی بیگانـــە بی حەقی‌دراوسی‌یـــەتی‌و موســـولمانی‌یەتی هـــەیە ، ئەگـــەر خویشـــی بی حـــەقی دراوسی‌یـــەتی‌و موسولمانیی‌و خویشـــی هەیـــە ، حەزرەت (ص) فەرمویەتی : ئەوەندە جبرائیل ـ سەلامی خـــوای لی‌بی ـ لە بابەتی دراوسیوەوەسیەتی بوکردم خەیالم ئەرویشت کە لە پاش‌مردن دراوسی لەمالی دراوسی میرات ئەبا ٠

مولانای جامی فەرمویەتی :

هەرکە در خطـــەیی مسلمانی
باشـــد از نقـــد دین گرانمایـــە
نبود ازفضـــل حق عجیب‌و غریب
بنشـــیند گرســـنە همســـایە

منیش نوسیومە :

اعتبارم نی‌یـــە بە صەدقی کەســـی
لی‌بـــدا لافی دین‌و عقـــل‌و کمـــال
لـــەو بەسەرچی زمان بەعیش‌وفرح
لەدراوســـی بەئیش‌و دەردو وبال

حدیثی پینجەم

(اَلْمُسْتَشَارُ مُؤْتَمَنٌ)

یەعنی : کەسی تەگبیری پی‌کرا ئەوە بە ئـــەمین دانراوە ٠

کەوابی پیویستە لەسەر انسان لەهەر مەتلەبیکا

www.iqra.ahlamontada.com

تەگبیری پی کرا بـــەبی خەیانەت هـــەرچی ئەزانێ
دەری ببری ، حتی لە کاتی تەگبیر کردنا غەیبـــەت
درووستە ، مثلا ئەگـــەر کەسی پرسی لـــەتو حالی
فلان کەس چونە ؟ ئاخو بۆ ئەوە ئـــەشی هاوری یی

بکەم یانە ؟ وەتویش ئەتزانی حالی خراپە ، پیویستە
بەیانی ئەو خراپی یەی بکـەی تا ئەوکابرایە کـــە
تەگبیرت پی ئەکا خوی لی‌لادا · حقیقتی تەگبیر ئەمەیە
انسان هەروەختی فرمانی هاتەریی ، بەر لە ئەمـە
دەستی پی‌بکا داوای تەگبیرو پرس‌ورا بکا بەخاوەن
عقل‌و تی‌گیشتوەکان تا ئـەوان هـــەرریگاییکیان

بەباش زانی ئەم کەسە بەوریدا بروا ، وە هەر ریگایی
بەخراپ‌بزانن خـــوی لی لادا · تەگبیر ســـەبەبی
سەرکەوتنی دین‌و دنیایە چونکـــە هەرمەتلەبیک
کومەلی لی‌ی کولیبنەوە چاکەو خراپەی دەرئەکـەوی
وە ئەهلی ئەومەتلەبە بەچاوروشنی خەریکی ئـــەو
فرمانە ئەبن تەگبیرکردن لە ئایینی اســـلاما زور

ئەهمیەتی پی‌دراوە ، خوای تعالی ئەمری فەرموە بـە
پیغەمبەر (ص) کە لە کاروبارا پرس بە هاوری‌کانی
بکا وە لـــە تعریفی پیغەمبـــەر (ص)و هاوری‌کانیا
فەرمویەتی (أَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) یـــەعنی فەرمانیان

لـــەناو خویانا بەتـــەگبیرە حـــەزرەت (ص)زور
موسولمانانی لـــە سەرتەگبیرکردن هـــەل‌ناوە مثلا
فەرمویەتی (اَلْحَزْمُ اَنْ تُشَاوِرَ ذَا رَأْيٍ ثُمَّ تُطِيعُهُ) یعنی
بیری‌ساغ ئەوەیەلە کاروبارا تەگبیر بکەی بەکەسیکی

www.iqra.ahlamontada.com

خاوەن عقل لە پاشما چی بو داناى بەدوى بكەى بەلام پیویستە ئەو كەسە تـــەگبیری پى ئـــەكرى عاقل و دوسـو ئەمین بى ،چونكە لە تەگبیر كردن بە انسانى بى عقـل یا دوژمن یا نائەمین لـــەزەرەر زیاتر هیچ پەیدا نابى ٠

هەندى فەرمویانە : (اَلْمَشْوَرَةُ مَحَكُّ الْاَمَانَةِ) . یەعنى ئەمینى خەلك لە تەگبیر پى كردنیانا ئاشكرا ئەبى لەواقعا هەركەس لەتەگبیرا خەیانەتى نەكرد ئەو كەسە بەراستى ئەمینە ٠

مەولاناى جامى فەرمویەتى :

هەركە در مشورت امین تو شد
گرچـــه باشــد امان روى زمین

چون نهان‌دارد آنچه مصلحت‌است
خـائنش خوان بحكـــم دین امین

منیش نوسیومە :

اعتبـارت نـــەبى ئەمینـــە كەسى
گەرچى مەشهورى عالەمە بە ئەمین

تا بە دل وەختى مەشوەرەت بى‌غەش
رى‌ى نەجاتت لەبو نـــەكا تأمین

حدیثی شەشــەم
(اَلْمَجَالِسُ بِالْاَمَانَــةِ)

یەعنى : جوانى و شـــەرفى مجلس بەئـــەمینى

www.iqra.ahlamontada.com

دانیشتوانی ئەو مجلیسەوەیە ، واتە : مجلس بـەم شەرطە جوانو خاوەنشەرفە کـە دانیشتووەکانی لەسەر نهینییەکانی ناوخویان ئەمین بن وە ئاشکرای نەکەن ، بەلام ئەمە وەختی وایە کـە دانیشتووانی ئەو مجلسە خەریکی حەرام نەبن ئەگەرنا پیویستە هەرکەس بە نهینی یەکانیان بزانی دەری‌ببری وە بو بەرهەلستی ئەو پیلانە تی‌بکوشی . مقصـــودی حەزرەت (ص) لەم‌حدیثە شریفە هەل‌نانی موسولمانانە لەسەر شاردنەوەو پەنهان‌کردنی نهینی ، بی‌گومان شاردنەوەی نهینی زور صفتیکی بـە ئەهەمی‌یەتە ، بەشاردەنەوەی نهینی ناموس ئەپاریزری ، گیـانو مال ئاگاداری ئەکرین کومەل بەیەکەوە ئەبەسرین . زور کومەل‌بوون بەواسـطەی پەنهان‌کردنی نهینی خویان هیزیان‌گرتوەو بە ئامانجەکانیان گەیشتون ، بنالەسەر ئـەمە پیویســتە انســانی موسولمان پاریزگاری‌نهینی‌یە چاکەکانی اسلام‌بکات ، ئـەرنا ئەکەویتە تەنگ‌و چەلەمەوە ، ئەووەختە سەرپەنجەی خوی بەداخو پەشیمانی‌یەوە ئەگەزیت وە سودیشی نابیت ، بویە حەزرەت «ص» فەرمویەتی : (إِسْتَعِينُوا عَلىٰ قَضاءِ حَوائِجِكُمْ بِالْكِتْمانِ ، فَإِنَّ كُلَّ ذِي نِعْمَـــةٍ مَحْسُــودٌ) ، یــەعنی : کومەك‌پەیدا بکـــەن بو جی‌بەجی‌کردنی پیویستی‌یەکانتان بەپەنهان‌کردنی ئەوپیویستی‌یانە چونکە هەموخاوەن نعمەتی بەخیلی پی‌ئەبری ، ئەگەر ئارەزوی خوی لای هـــەموکەس

www.iqra.ahlamontada.com

دەربىرى وا ئەبى لە گەڵیکیانەوە زیانی توش ئەبی ٠
حەزرەتی علي ـ كَرَّمَ اللهُ وَجْهَهُ ـ فەرمویەتی : (سِرُّكَ أَسِيرُكَ فَإِنْ تَكَلَّمْتَ بِهِ فَأَنْتَ أَسِيرُهُ) ، یەعنی : نهینی دلت دیلتە ، کە ئاشكرات كرد ئـــەو وەختە تو دیلی ئەوی وە پیی گیرودە ئەبی ٠ هەندی لە تیگەیشتوان ووتویانـــە : چاكترینی صفەتەكانی ئادەمیـــزاد دوصفەتــە :

سخاوەت بەماڵ لە ریی خیرو حق بەخیلی بە سرر لەگەل هەمو خەڵق ٠ دانایان فەرمویانە : بی‌هیزترینی ئادەمیزاد کـــەسیكە نەتوانی نهینی‌یـــەكانی خوی بپاریزی ، وە بەهێزتریان کـــەسیکە لە کاتی رقو کینەدا بەســـەر طبیعـــەتی خویدا زاڵبی یـــەعنی لەوکاتەدا قسەو فەرمانی ناباری لی‌دەرنەكەوی ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای‌شـــده محرم مجـالس راز
راز هر مجلسـی امانت تســـت

مکن افشـــای راز هـــر مجلس
زانكه افشای ان خیانت تســت

منیش نوسیومە :

ســری مجلس ئەمانەتیكە وەهـــا
حفظی ئەو حفظی ماڵو جاەو سەرە

هەركەسی سری خوی بلی بەمو بەو
توشی داخی‌دەرونو دەردی ســـەرە

www.iqra.ahlamontada.com

حدیثی حەوتەم

(اَلْقَنَاعَـةُ مَالٌ لَا يَنْفَدُ)

یەعنی قەناعەت مالیکە نابریتەوە ٠

قەناعەت ئەمەیە انســـان رازی بی بەوئەندازە خوای تعالی پیی ئەدا لە خواردنو خواردنەوەو جلو بەرگو شتی تر ، وە دلی خوی نەبەستی بە تەماعو ئارەزوی زیادەوە ، وە بە سەروەتو مالی خەلقیش دلی نارەحەت نەبی ٠

قەناعەت قازانجی دینیو دنیای زورە ، قازانجی دینی ئەوەیە ئەوانەی کە بە بەشــی خویان رازین وە هەولی تالان کردنی مالی خـــەلك نادەن لــــەروژی قیامەتدا توشی لیپرسینەوەی زور نابن ، چونکە مالی خــەلکیان نەخواردوە ، وە جگە لەمـــەش خوا خیری زوریان بو ئەنوسی چونکە بە بەشی خویان داکەوتونو صبریان کردووە ، قازانجی دنیاییشی ئەمەیە لـــە تەنگوچەلەمـــەکانی ژیان خویان پیرائـــەگیری وە ئەتوانن بژینو توشی سەرشوورریو منەتی هـــەمو نامەردیك نابن ، بەلام ئەوانەی کە هەمیشە خویان فیری بـــەرگی جوانو خواردەمـــەنی خوشو جیگای رەحەت کردوە کە نارەحەتییەکیان بەســـەراهات بەکورجی ئەروخینو جلـــەوی خویان لەدەســـت دەرئەچی ٠

قەناعەت مەعنای وانییە کە انسان هەول نەدا

www.iqra.ahlamontada.com

بو بەختیاری خوی وە لەسەر ذەلیلیو هەژاری خوی بهیلیتەوە ، چەندەها ئایەتو حدیث هەن کە خـــەلك بانگك ئەکەن بو ئەوەی کاسبی بکەن وە ژیانیکی پر لـــە کامەرانی پیکەوە بنین ، مەبەس لـــەو ئایەتو حدیثانەی کە خەلق بو زهدو قەناعەت بانگك ئەکەن ئەوەیە انسان بە هەموو ریگاییکی راستو چـەوتا هەلپە نەبا وە نەیەوی مالی خەلك زەوت بکاو بو خوی کوبکاتەوە ، لەلاییکەوە یـــەکی بەئینتەلا بمری ، لەلایەکی تریشـــەوە یەکیکی ، تر لەبرسـا گیانی دەرچی ، بەشی زوری ئەوئایەتو حدیثانەی کە داوای زهدو قەناعەت ئەکەن دەرهەق بـە دەولەمەندەکانی قریشو وتراوون کە بەسودو فایزو پیلانی شەیتانانە شانی عەرەبە رەشو رووتەکانیان قورس کردبو ، ئەمروش لە جیاتی ئەوەی کە ئەو ئایەتو حدیثانە بو ئەو دەولەمەندانە بخوینرینەوە کە بە فایزو غـەش مالی موسولمانان ئـــەخون ، داخی گرانم بەســـەر ئەوانەدا ئەخوینرینەوە کە بەیانی تا ئیوارێ بەرەنجی شانو عەرەقی ناوچەوان هەول ئەدەن کەچی هـەر لەمەینەتو دەردی سەری رزگار نابن . وە وایان حالی ئەکری کە ئەبی هەتا ئەمرن لەســـەر حالی خۆیان بمیننەوە ، وە هیچ هەولو تەقەلایەك نەدەن بو چاك کردنی ئەوضاعی خویان .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

www.iqra.ahlamontada.com

صاحب حرص‌را ز خوان کرم
فیض‌و احسان نمی‌رسد هرگز
بەقەناعەت گرای کان‌سالی است
کە بەپایان نمی‌رسد هرگز

منیش نوسیومە :

ئەهلی حرص‌و طمع بە روژو بە شەو
وەکو دەرویشی دل پەریشانە
هەرقەناعەت بەکارە بو انسان
وسعتی حالە ، عزتی شانە

حدیثی هەشتەم

(اَلْغِنٰی اَلْیَأْسُ مِمَّا فِي اَیْدِی النَّاسِ)

یەعنی : دەولەتمەندی بی‌ئومیدیە لەوەی وا لە دەستی خەلقا ، بەمەعنایە دەولەتمەندی هەر ئەمە نی‌یە انسان سەروەت‌و حورمەتی ببی ، بەلکو دەولەتمەندی راستی ئەمەیە انسان لە خویا ئەوەندە همەتی بەرزو طبیعەتی بلاوو عزەتی نەفسی ببی ، ئومیدی بە مال‌و نعمەتی کەس نەبی وە ئیشیکی وەها بو خوی ساز بکا بی‌احتیاج ببی لەخەلق ، ئەگەرنا انسان با دەولەتمەندیش بی کە طبیعەتی سوك بو وە چاوی لە خەلقەوە بو ئەوە لەلات‌ترە ٠

حقیقەتی ئەم حدیثە شریفە هەمو ئادەمیزادیك بانگ ئەکا بو ژیانیکی مەردانەو گوزەرانیکی

www.iqra.ahlamontada.com

بەختیارانە ، وە ئەم ئاموژگاریە نیشانمان ئــەدا هەروەکو انسان لەلەش‌و ئەنداما لە هەموو کەسی جیایە ، پیویست ئەکا ئەسبابی ژیان‌و گوزەرانیشی سەربەخوو جیابی ، چونکە خوا ئەم خەلقانەی بوئەوە دروست نەکردوە بەبی پیویستی‌و ناعیلاجی ، خویان بکەن بە باری نارەحەتی لەسەر خەلقی‌تر · قانونی دنیا داوای ئەوە ئەکا هەرکەس بو استراحەتی خوی هــەول‌بدا لــە ریگاییکی حلال‌و شــەرافەت‌دارەوە گوزەران پەیدابکا ، انسانی تەمەل لەناو ئادەمیزادا وەکو مردو لەناو کومــەلی زیندودا ، یاخــود وەکو انسانیکی افلیج لەناو چــەند انســانیکی جوان‌و پالەواندا دیاری ئەدا ، وە انســانی شــرفی ببی بەمرەنگە رازی نابی ·

لقمــانی حکیم بەکوررەکــەی خوی فەرمووە : خوت‌بپاریزە لە داواکردنی شت لەخەلق ، داوا کردن دودەردی هەیە ، یەکەم ئەمــە کە ئابرروی انسانی پی‌ئەرروا · دوهەم ئەمەیە بەسوکی تەماشا ئەکری· هەندی زانایان ووتویانە احتیاجیت بەهەر کەس ببی ئەبی بە دیلی وە لە هەرکەس بی‌احتیاج‌بی ئــەبی بەهاوچەشن‌و هاودەمی ·

لە عەرەبیکیان پرسی دەردی بی‌دەرمان چی‌یە ؟ ووتی (حَاجَةُ الْكَرِيمِ اِلَى اللَّئِيمِ) ، یەعنی : احتیاجی کەوتنی پیاوی بەحورمەت‌و ناموس بو لای پیــاوی نامەرد ، چونکە ئەگەر احتیاجی‌یەکەت جی‌بەجی بکا

www.iqra.ahlamontada.com

ئەتكا بە بەندەی خوی ، ئەگینا بەسوكی ئەت گیرزیتەوە ، لەبەر ئەمانەیە حەزرەت « صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ » فەرموویەتی : (لَأَنْ يَأْخُذَ أَحَدُكُمْ حَبْلَهُ فَيَأْتِيَ بِحُزْمَةِ الْحَطَبِ عَلَىٰ ظَهْرِهِ فَيَبِيعَهَا فَيَكُفَّ اللّهُ بِهِ وَجْهَهُ ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ النَّاسَ أَعْطَوْهُ أَوْ مَنَعُوهُ) یەعنی قەسەم بەخوا ، یەكی لە ئیوە گوریسەكەی هەلگریو كولیدار بە پشتی خوی بینیو بیفروشی بو گوزەرانی خیزانەكەی صەرفی بكاو ئابرروی خوی پی بپاریزی چاكترە بوی لەوە كە داوای شت لە خەلق بكا چ بیدەنی چ نەیدەنی .

بیداری :

ئەیخوشەویستەكان ! لەم تفصیلەوە گومان نەبەن كەوابو خویندن بیسودە ، وە چاك وایە خەریكی كاسبی ببین ، بوچی ؟ چونكە خویندن خوی كاسبییكە لەهەموو كاسبییك بەئەهمیەتترو قازانجی زیاترە ، ئیشی دنیاو دین پیویستی بەعلم هەیە وە بەبی علمو معارف هیچ میللەتی نە سەركەوتنی دین نەدنیای دەست ناكەوی ، ئەگەر شیوەی كاسبی وەكو ئادەمیزادیك وابی ؛ علم لەو ئادەمیزادەدا وەكو روناكی چاوان یا هیزی گیان وایە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

گــر دلترا توانگری بایــد

كە توانكر دلی نیكو هنریســت

www.iqra.ahlamontada.com

بازکش دست همت از چیزی
که بەدست تەصەروفی دیگریست

منیش نوسیومە :

مال‌و دەولەت نە سەروەتە نەلباس
نەعەمارەت نەقەیسەری، نەئەساس

ئەمەیە دەولەتت ئەگەر مەردی
بی رجا بی لەجاه و نعمەتی ناس

حدیثی نۆهەم

(لَيْسَ الْغِنٰى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرْضِ ، اِنَّمَا الْغِنٰى غِنَى النَّفْسِ)

یعنی : دەولەتمەندی بەزوری شت‌ومەك نی‌یە ، بەلكو دەولەتمەندی تەنها ئەوەیە دلت دەولەتمەندبی ٠

چونكە مەعنای ئەم حدیثە لە حدیثی پیشو جیاواز نی‌یە ، نوسینی هیچ تفصیلاتیكمان بەپیویست نەزانی ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

نە توانگر كسی بود كە بە مال
كار پردازو چارەساز بود

آن بود كز شهود فضل خدای
از زرو مال بی نیاز بود

www.iqra.ahlamontada.com

صیێش ترسومه :

دەولەمەندی ئەوە نی یە کە بەبار
هەڵبریژی مەتاعو ، زەرر بەطبق
دەولەمەندی لەسەر حدیثی صحیح
نفسی شادو دلی گوشادە ، بەحق

حدیثی دەهەم

(یَشِیبُ ابْنُ آدَمَ وَیَشِبُّ فِیهِ خَصْلَتَانِ اَلْحِرْصُ وَطُولُ الأَمَلِ)

ئەمە رِوایەتی حەدیثە بەمەعنا ، اصلی لفظی حدیسە کە وەکو لە بخاری شریفا روایەت کراوە لە انسی کوڕی مالکەوە ــ خوای لی رازی بی ــ ئەمەیە : (یَکْبُرُ ابْنُ آدَمَ وَیَکْبُرُ مَعَهُ خَصْلَتَانِ اَلْحِرْصُ وَطُولُ الأَمَلِ) یەعنی : ئادەمیزاد بەتەمەن پیر ئەبی ، بەلام دوخو لەگەلیا جوان ئەبنەوە یەکەم تەماع دوەهەم دریژی ئومید ، تەماع یەعنی زوری حەزو ئارەزو لە دەولەمەندیو پایەبەرزی ، ئەم خووە زور خراپو ناسربنە . وە بنچینەکەی لەسەر نارەزاییی یە بەبەشی خوا ئەرنا ئەگەر انسان بەبەشی خوا رازی بی هەولی ناشەرعیو لە ئەندازەبەدەر نادا ، کە انسان لەسەر ئەم خووە مایەوە حالی وای لی دی ، لەهەر ریگاییکەوە دەولەمەندیو پایەی بەرزی دەسکەوی هەر چەند

www.iqra.ahlamontada.com

خلافی شەرعو شرفو انسانیتیش بی قبولی ئەکا ،
ئەم هەمو فرمانی بیمەعنایە کە هەن وەکو دزی ،
جەردەیی ، کوشتن ، خواردنی سودو بەرتیل ،
وەرگرتنی وەظیفەی سوکو بی قابلەت ، زوریان لە
تەماعەوە پەیدا ئەبن ، تیگەیشتووان لیکیان
داوەتەوە انسانی تەماع کار تا لەدنیادا بی هەمیشە
نارەحەتە ، وە ئاخری بە دەردی خراپ ئەرروا وە
هەرگیز دلی تیر نابی ، بویە حەزرەت « صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ
وَسَلَّمَ » فەرمویەتی : (اِيَّاكُمْ وَالطَّمَعَ فَاِنَّهُ الْفَقْرُ
الْحَاضِرُ) یەعنی خوتان بپاریزن لە تەماع چونکە
بەراستی تەماع هەژاری هەمیشەیی یە ، بەم مەعنا
کەسی تەماع کاربی باماڵی دنیاشی ببی ئەوە لەبەر
ئەو حالەتی خویە تاماوە هەژارە وەقەت دلی تیر
نابی · ئەهلی عقل ووتویانە : کەسی بیەوی لەدنیادا
بە ئازادی بژی ریکای تەماع نەدا بو دلی خوی · لە
اسکندریان پرسی خوشیو ناخوشی دنیا بەچی
ئەبی ؟ لە جوابا ووتی خوشی دنیا بەقەناعەتو
ناخوشی دنیا بەتەماع کاری یە · هەندی کەس
ووتوویانە ، بەندە لەدنیادا سی جورە : بەندەی (رِقّ) ،
بەندەی ئارەزو ، بەندەی تەماع : بەندەی (رِقّ) ئەو
کەسەیە یا دیلی شەررە یا لە نەتەوەی دیلە وە
کرینو فروشتنی بەسەرا دیت · بەندەی ئارەزو
کەسیکە ئەوەندە خزمەت کاری ئارەزوی خوی بی
حەزی لەهەرچی کرد بو بەجی هینانی ئەو شتە خوی

www.iqra.ahlamontada.com

...ولەو ذەلیلو بێ‌شرف ئەکات • بەندەی تــەماع کەسێکە لەهەرلایی تەماعیکی چاوپی‌کەوت بو ئــەو تەماعە گیانی خوی ئەخاتە خەتەرەوە ، وە خوی لەناو ئەبا • زیانی تەماع ئەوەندە زورە انسان ئەتوانی بلی لەو روژەوە دنیا هەیە تا ئیستا هەر نارەحەتی‌ییك رو‌ی‌داوە دەسی تەماعی تیابووە •

دریژی ئومید ئەوەیە انسان ئەوەندە لە تأثیری قدرەتی خوا بی‌ئاگا بی لەسەر هەرشتی کە ئارەزوی کرد خەیالی دورو دریژ بکا • مثلا هەر لە ئیستاوە بو رابواردن‌و خوشی چەند سالی‌تر دەس بکا بەخــەم خواردن وەیا لە ترسی هەزاری حقوقی شرعی بگریت‌و بەی‌دا وە یا بە ئومیدی ئەمە لەپاش چەند ســال روتبەییکی دەس‌بکەوی ئیستا خوی توشــی خلاف شەرع‌و بی‌شرفی بکا •

شایانی زانینە کە تەماع‌و دریژی ئومید لە ئیشی چاکەدا بەختیاری‌ییکی تەواوە ، پیویستە انســان هــەرگیز کول‌نەدا لــە فیر بونی علم‌و معــارف‌و ریك‌خستنی قازانجی دینی‌و دنیایی موسولمانان‌دا ، بەچەشنی کە موافقی شەریعەت بی ، پیویستە لــە روژەکانی استراحت‌دا انسان خەریکی یەك‌خستنی موسولمانان‌و نــەهیشتنی ناکوکی‌و دودلی‌بی لــە ناو یانا . وە هــــەول بدا بو ئامادەکردنی ئەسبابی بەرهەلستی دوژمن نەوەك لەکاتی خەتەردا زال ببی بەســـەرمانا ، وە بو ئــەوەی لە کاتی فرصت‌دا

www.iqra.ahlamontada.com

موسولمانان سەرکەون ·

مەولانای جامی فەرمویەتی :

آدمـی زاده پـیری افزایـد
هرزمـان دربنـای عمـری خلل

لیك در وی جوان شـود دوصفت
حرص در جمـع مالو طـول امل

منیش نوسیومە :

پیر ئـەبی ئادەمی بـەعمرو مزاج
پرر ئـەبی قالبی لـە دەردو خلل

هیندە بەدبەختە جوان ئەبیتو لەوا
صفەتی پیـسی حرصو طولی امل

حدیثی یازدەهەم

(مَنْ لا يَرْحَمِ النَّاسَ لا يَرْحَمْهُ اللهُ)

یەعنی : کەسـی رەحم بە خلق نـەکا ، خوای تەعالاش رەحم بەو ناکا ئەمحدیثـە شریفە هـەمو ئادەمیزاد هـەل ئەنی لەسـەر رەحم کردن بـە هاوچەشنی خویان ، تا خوایش رەحم بـەوان بکا ، چونکە انسان کە بە توندیو رقو کینە لەگەڵ خەلقا جولایەوە ، دلی رەش ئەبیتەوە وە دوعای شـەرر ئەکەویتە شوینی ، وە دەرگای ئەسبابی چاکـەی لیئەبەسری ، کەوای پیهات ئەبی بە مستحقی غضبی

www.iqra.ahlamontada.com

خوا ، ئەگەر ماوەیەکیش وازی لی بینی ئاخری هەر غضبی لی ئەگری ، وەکو پیشینان ووتویانە : (خوا دیرگیرەو سەختگیر !) ٠

جا هەرچەند پیویستە انسان لەگەل هەمو کەسیکا بەرەحم بی ، بەلام لە دەرەجەکانی رەحمدا فەرق هەیە ، ئاشکرایە رەحم کردن بە انسانی ضعیفو داماو یا غەریب ، یا خزمو کەس و کار ، یا کەسیکی لی قەوماوی نەجیب ، یا کەسی قازانجی بو خەلق بوبی ، لەخلقی تر پیویستترە ٠ رەحمو ناسیاری بەهیزترین ئەسبابی رزگاربونەوە تووندیو روترشی بەهیزترین ئەسبابی نائومیدییە ، زورکاری نارەحەت بەخوشی جی بەجی بووە ، وە زور کاری رەحەتو ئومیدی چەند سالە بەواسطەی دو قسەی خراپو دو جولانەوەی نامناسبەوە لەدەس دەرچووە بویە حەزرەت «ص» فەرمویەتی : (مَنْ اُوتِيَ حَظَّهُ مِنَ الرِّفْقِ فَقَدْ اُوتِيَ حَظَّهُ مِنَ الدُّنْيا وَالآخِرَةِ) ، یەعنی کەسی بەشی خوی لە نەرمیو روخوشی پی درابی ئەوە بەشی خوی لەدنیاو قیامەت پی دراوە ٠ حەزرەتی معاویە فەرمویەتی سەرمسوور ئەمینی لەکەسیك بەتوندیو توورەیی خەریکی فرمانی ببی کەچی لە دەسەلاتیشیابی بەخوشی جی بەجی ی بکا ٠ هەندی لە حکما فەرمویانە : دەستی نەرمی بەری سەلامەتی ئەچنیتەوەو ، دەستی توندیو توورەییش داری پەشیمانی دائەچەقینی ٠

www.iqra.ahlamontada.com

مەولانای جامی فەرمویەتی :

رحم کن رحم زانکه بر رخ تو
در رحمت جز از تو نگشاید

تا تو بر دیگران نبخشایی
أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ نبخشاید

منیش نوسیومە :

تا حەیاتت هەیە رەحم کە بە خەلق
بەقسەی خوش‌و سەرفی نان‌و درەم

تو کە رەحمت نەبی ، خودا ناکا
لە حەقی تو ، نەرەحمت‌و نە کرم

حدیثی دوازدەهەم

(مَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَّاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللهَ)

یەعنی : کەسی‌خوی‌وابی سوپاسی نعمەتی ئادەمیزاد نەکا ، ئەوە سوپاسی نعمەتی خوایش ناکا .

سوپاس ئەمەیە انسان دان‌بنی بە نعمەتی خاوەن نعمەتا ، وە لە ئەندازەی خویا بەزوبان تعریفی بکا ، وە حقوقی وفا رابگری ، انسان کە طبیعەتی پیاوانەو ئەخلاقی مەردانە بو ، هەرکەس چاکەییکی لەگەل کرد لە پیش چاویا رای ئەگری ، وە سوپاسی ئەو کەسە ئەکا ، وەکە حالی لەگەل ئادەمیزادا وای پی‌هات

www.iqra.ahlamontada.com

چاکتر سوپاسی نعمەتی خوایش ئەکات . بەلام ئەگەر طبیعـــەتی سپلە بو هـــەروەکو حقوقی ئادەمیزاد ئەشارێتەوە بەگویرەی ســوکی طبیعـــەتی خوی سوپاسی خوایش ناکا ؛ چونکە هەر خوییك لە دەرونی انسانا دامەزرا دەربارەی هەمو کـــەس نیشانەی دەرئەکەوێ ٠

سوپاسی نعمەت زور جوانە ، پیویستە کـــەتا نعمەتی نعمەتدەر زیاتر بی لە بەرابەریەوە سوپاسی انسانیش زیاتر بی ، بویە پیویستە لەپیش هـــەمو کەسیکدا سوپاسی نعمەتی خوا بکا ، چونکە هـــەمو نعمەتیك بـــەری ئارەزوو هیزی ئـــەوە ٠ لە پاش سوپاسی نعمەتی خوا پیویستە انسان سوپاســـی نعمەتی باوكو دایك بکا ، چونکە لەخوا بەولاوە لـــە هـــەموکەس حقوقیان زورترە ، بویە خوا لـــە قرآنا فەرمویەتی : (أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ) ، یـــەعنی سوپاسی نعمەتی منو باوكو دایکت بکە ، ئـــەمجار سوپاسی ماموستاییك کە علمو معارف پیشمان بدا ، وە انسان لە تاریکی نەزانی دینیو دنیایی بخاتـــە رووناکی زانستو بەختیاریەوە ٠ ئەمجار سوپاســـی حاکمی عادل کە مایەی استراحەتی میللەتە ، ئەمجار سوپاسی نیشتمانو دانیشـــتوانی نیشـــتمان ، هەروەکو نیشتمان بووە بە بیشکەی پەروەردەبونو، دانیشتوانی نیشتمان بوون بە واسطەی ژیانی تو هـــەروەها پیویســـتە توش بو ئاوەدانیو قازانج

www.iqra.ahlamontada.com

گەیاندن بە دانیشتوانی هەول بدەی ، تا لـــە پاش مردنی خوت اولادو فامیلت لە نیشتمانا بە بەختیاری دینیو دنیایییەوە بژین ۰

بیگومان سوپاسی نعمەتی ئادەمیزاد ئەبی لـە ئەندازەییکا بی شەریعەت قەبولی بکا ئەنا ئەبی بـە دروو دووروییو منافقی ، لە دنیادا کەسی استحقاقی سوپاسی نعمەتی هەیە ، کە لەسەر نعمەتەکەی منەت دانەنی ئەنا اعتبارو قەدری ئەکەوی ، وەکو هەندی لە حکما فەرمویانە :

(مَنْ مَنَّ بِمَعْرُوفِهِ سَقَطَ شُكْرُهُ ، وَمَنْ اَعْجَبَ بِعَمَلِهِ حَبِطَ اَجْرُهُ) یەعنی : کەسی لەسەر نعمەتی خـوی منـەتدانی حقی سوپاســـی نامینی وە کەسی بـە کردەوەی چاکەی خوی بایی ببی ، خیری بو نانوسری ۰

مەولانای جامی فەرمویەتی :

بتو نعمەت ز دست هر کـه رسـد
نـــه بمیدان شـــکر کویی پـای

کی بـه شـــکر خدا قیـام کنـد
تـارك شـــکر بندگان خـــدای

منیش نوسیومە :

هەرکەســـی نعمەتی بـــەتو دابی
لاتـه ، پاشایه ، شیته ، دانایـه

گەر نەکەی شکری نعمەتی ، ناکەی
شکری خالق کـه تاكو تەنهایـــه

www.iqra.ahlamontada.com

حدیثی سیازدەهەم

(إِنَّ اللهَ يُحِبُّ السَّهلَ الطَّلْقَ)

یەعنی : بەراستی حوا انسـانی طبیعەت نەرم‌و رووخوشی خوش ئەوی ·

ئاشکرایە هەرکەس روی خوش بی ئەوکەسـە نیشانەی بەختیاری بە ناوچەوانیەوەیە ، قسەییکی کوردی‌یە ئەلی : انسانی روخوش مژدەی بەهەشتی پی‌یە ؛ انسانی روترش دەنگ‌و باسی جهنم ! انسانی کە روی خوش بو هەرکـەس چاوی پی‌بکـەوی دلی خوش ئەبی ، وە هـەر کەس احتیاجی‌ییکی پی‌ی‌ببی ئەتوانی پی‌ی‌بلی ، وە ئەگـەر لە ئەهلی علم‌و معـارف بی قازانجی لی‌ئەکری ؛ بەپیچەوانەشـەوە انسانی روترش یا قازانجی بو کەس نابی ، یا ئەگەر قازانجی ببی بە تالی‌ی روی بەتالی ئەکاتەوە ، وەکو ووتوویانە سرکەی روخوش لە حەلوای روترش خوشترە ·

لەئاییینی اسلامدا روخوشی زور مهمە ، وە قسەی خوش بەصدقە دانراوە بەراستی انسان ئەگـەر مالیشی نەبی بیدا بەخەلق مادام بەروخوشی لەگەلیان بجولیتەوەو جوابیان بداتەوە وەکو مالی پیدابن وایە ، بویە حەزرەت «ص» فەرمویەتی : (إِنَّكُمْ لَا تَسَعُونَ النَّاسَ بِأَمْوَالِكُمْ ، وَلَكِنْ يَسَعُهُمْ مِنْكُمْ بَسْطُ الْوَجْـهِ وَحُسْـنُ الْخُلُقِ) یـەعنی : ئیوە ناتوانن مـال‌و سەروەتتان بگەیینن بە هـەمو کەسیکا ، بـەلام

www.iqra.ahlamontada.com

ئەتوانن روخوشیو خوش خویی تان بگەیین پیایانا ، یەعنی مالتان بەشی هەمو ئادەمیزاد ناکا بەلام خوی باش بەشی هەمویان ئەکا ، چونکە انسان ئەتوانی بەروخوشی لەگەل هەمو ئادەمیزادا بجولیتەوە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

تا خدا دوست داردت ، با خلق
یك دلو یك زبانو یك رو باش

شاد طبعو شگفته خاطر زی
نرم خویو گشادە ابرو باش

منیش نوسیومە :

گەر بەدل طالبی نەجاتی برا !
یەكدلو یەكزوبانو یەكرو بە

سالمو خوش کلامو خوش مشرب
دائما میهرەبانو گولرو بە

حدیثی چواردەهەم

(اُطْلُبُوا الْخَيْرَ عِنْدَ حِسانِ الْوُجُوهِ)

یەعنی : داوای چاکەو قازانجی دینیو دنیایی بکەن لەلای ئەو کەسانە کە رویان جوانە ، چونکە رەنگو خو مناسبەیان بەیەکەوە هەیە ، کە انسان رەنگی جوان بو ؛ زور نزیکە خوو طبیعەتیشی نەرمو

www.iqra.ahlamontada.com

پیاوانه بی وه لەگەڵ لی قـــەوماوو داماوانا یارمەتی‌و پیاوەنی ببی ، یاخود مقصود لـــه زوجوانی دەرون گوشادی‌و روخوشی‌یه لەکاتیکا کەسی داوای چاکەی لی بکا ، بنا لەسەر ئەمە مەعنای حدیثەکە وایه داوای چاکه بکەن له کەسی کەروی خوش‌بی · چونکه مادام انسان لەوکاتانەدا روخوش بی یا فرمانی انســان ریك ئەخات وەیا بەقسەی شیرین‌و بـەادب جوابی ئـەداتـەوه · دیـــاره مقصـــــود له داواکردنی چاکه ئەوه نی‌یه انسان وەکو ســوالکەر بچیته لای روخوشان ، وه داوای شتیان لی‌بکا · بەلکو مقصودی حەزرەت (ص) ئـەوەیه انســـان که ئارەزوی لـــه تی‌گەیشتن‌و پی‌گـــەیشتن ، وەیا لــه پەیداکردنی دەس‌مایه بو کاسبی ، وەیا ویستی له تەنگ‌وچەلەمەو نارەحەتی‌ییك رزگاری بی لەهەمو ئەمانەدا تابوی دەس بدا ، پـــەنا بەرێته بەر انســـانی روخوش‌و طبیعەت مەردانه ·

مەولانای جامی فەرمویەتی :

بر دری خـوب روی منـزل گـیر

چـون پـەیی حاجتی بـــیرون آیی

تا ازان بیشـــتر کـــه حاجت تست

دهـــد ، از دیـــدنش بیاســـایی

منیش نوسیومه :

www.iqra.ahlamontada.com

هـــەردەمی توشــی علتی هاتی
دەردی دنیـــا بی : یا مضــرتی دین
بو دەوا هــەر پەنا بە روخوش بــە
گەر طبیبیش نــەبی حبیبــە یقین

حدیثی پازدەهەم

(اَلْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَـدَقَةٌ)

یەعنی : قسەی خوش صدقەیە ٠

چونکە مقصود لە صدقە دلخوش کردنو بەهیز کردنی برایەتی‌یە لەگــەل موسولمانانا ، کەواتــە دیاری‌یە هەروەکو انســان بەخششی ببی لەگـــەل موسولمانانا ناسیاری لەناویانا پەیدا ئەبی ، بەقسەی خوشیش عەینی مقصود دیتەجی ، سەرەرای ئەمەش بنالەسەر ظاهری احادیث صدقە تەنها ئەمە نی‌یــە انسان پارەو شتومەك بدا بە خەلق ، بەلکو هـــەر چاکەیی‌بی لەگەل هەر مستحقی بکا ئەوە صدقەیە ، کــەوابو ئەگـــەر ووردبیبینەوە ئـــەزانین لابردنی نارەحــــەتی ، وەکو بەردودارو دررك لەسەرەریگە صدقەیە ، کومەکی لی‌قەوماوان صــدقەیە ، تکا بو رزگارکردنی داماوان صدقەیە ، چونــەلای نەخوش صــدقەیە ، دلخوشــی دانەوەی انســـان خەمبار صدقەیە ، شوین کەوتنی جنازە صدقەیە ، شارەزایی کردنی انسانی نەشـــارەزا صدقەیە قســەی خوش صــدقەیە ٠

www.iqra.ahlamontada.com

مەولاناى جامى فەرمویەتى :

سخن نرم گوى با سائل
گر زمالش نمى دهى صدقه

زانكه در روى اهل حاجت هست
قول خوش ازمقولەى صدقه

منیش نوسیومه :

دلى سوالكەر بە ئاگرى محنەت
پرر لەئیشو خروشو دەردو كوله

نعمەتت گەر نىیه قسەى شیرین
صدقەى شرعىیەو بەراتى دله

حدیثى شازدەهەم

(اَلسَّماحُ رِباحٌ)

یەعنى : سخاوەتو بەخشش مایەى قازانجه بو خاوەنەكەى ٠

بىگومان انسانى خاوەن بەخشش لەدنیاو قیامەتا قازانجى پىئەگا ، قازانجە دنیایىیەكەى ئەمەیه : یەكەم انسانى سخى ناوبانگى چاكەى ئەرروا بەدنیادا ، كە روى كردە هەرجیگایى بەحورمەت تەماشاى ئەكرى ، ئاشكرایه ژیان بو انسانى بەناموس ئەوەیه لەگەل حورمەتا بى ، انسان كه حورمەتى نەبو مردنى چاكتره ، دوهەم ٠ انسانى

www.iqra.ahlamontada.com

خاوەن بەخشش هەروەختی توشی نارەحەتی‌ییك هات بەواسطە انسانیەتی خویەوە هەمو کـەس دەستی ئەگری‌و یارمـەتی ئەدا ، ســی‌هەم : بەخششـی بەهەرکەسی دابی ئەو لەسە ئەوپیاوەتی‌یەی ئـەوی

لەبەرچاو ئەبی وەکو مشهورە : (انســان بەندەی احسانە) • چوارەم : تجربە کراوە پیـاوی خاوەن بەخشش هەردەولەمەندییکی ببی بەرەحەتی ئەی‌خوا وە ئەبی بە مایەی حەســانەوەی ، بـــەلام انسانی رژدوسوك‌و چاوچنوك رەحەتی لە مالی خـوی نابینی

بەهەر رەنگی ببی خوا دوژمنیکی وای بو تایەن ئەکا گوزەرانی لی‌تال بکا ، تەنانەت ئەولادو خیزانی حوی لی ئەبن بە دوژمن • پینجەم : انسان کە بە بەخشش بو هەر گری‌ییکی هاتـەری زوبوی ئەکریتـــەوە • قازانجـــەدینی‌یەکەشی ئەمەیـە خـوای تــــەعالا فەرمویەتی : مثالی ئەومالە کە موسولمانان لـەریی خوادا صەرفی ئەکەن وەکو دانەییکە کە جوتیاری لە زەوی ییکا بیچینی وە ئەو دەنکە حەوت چلی لی سەوز

ببی وە لەهەر چلی گولی وە لەهەر گولی ســەددەنك پەیدابی ، کە بەم حسابە لەهەر دەنکی حەوت‌سەدد دەنك دیتەبەرهـەم • خولاصـــە جزای چاکە لـە قیامەتدا تا حەوت‌صەدد چەندانەی لەریدا هەیە ، وە بو هەر کەسی کە خوا ئارەزووی لی‌بی لەو ئەندازەیەش زیاد ئەکات••

دیارە مادام کە خوای تەعالا مثالی چاکەی بـــە

www.iqra.ahlamontada.com

تووێ جوتیار هینایەوە دەرئەکەوی هەروەکو لــە فەلاحەتا ئەگــەر تووچاکترو جوتیــار ووریاترو جیگەجوتەکە باشتر بی زورتــر قازانجی ئــەبی ، هەروا لە احسانیشدا تا ئـەوشتە کە ئەبەخشــری بەسودترو ئەو کەســە یی‌ی ئــەدری محتاج‌ترو ئەوکەســە خیرەکە ئــەکا نیازی پاکتربی ، جزای زورترو ، دەرەجاتی جزا لەم خصوصــانەوە تفاوت ئەکا کەوابو هەرکەســی بەخشش بکا پیویســتە لەم‌خصوصانەوە زور سەرنج‌بدا ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ســود أگر بایدت ز مایەی خویش
دســت بخشش گشــاو بخشایش

ســـودت اکنون ستایش‌و فــردا
در جــوار خــدای آســـایش

منیش نوسیومە :

تاجــری طـالبی حقیقـت بــی
پی‌ی بلین راەو رسمی سودی حلال

یــەك بە حەوسەد بدا لــە دنیادا
لــە قیامەت وەری‌گری بــە کمــال

حدیثی حەڤدەهەم

(تَهٰــادَوْا تَحٰابُّوا)

یەعنی : دیاری بو یەکتر بەرن ، خوشەویستی‌تان

www.iqra.ahlamontada.com

لەناوا پەیدا ئەبی ٠

ئاشکرایە انسان دیاری بو هەرکەس بەری ، خوشەویستی‌یان لەناودا پەیدا ئەبی ٠

ئاشکرایە انسان دیاری بو هەرکەس بەری بەئومیدی خوشەویستی‌و ناسیاری ، سود ئەبەخشی ، ئەگەر دیاری بو دوژمن بەری ، دلی لە دوژمنایەتی پەشیمان ئەبیتەوە ، وە ئامادە ئەبی بو ناسیاری‌و دوستایەتی ، وە ئەگەر بو کەسیکی دوستی بەری خوشەویستی‌و دوستی‌یان تازە ئەبیتەوە وە بەهیز ئەبی ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

دوستی مغزو پوست دشمنی است
تا کی ازمغز سوی پوست شوی

بە هدایا کنند دادو ستد
تا بهم زان وسیلە دوست سوی

منیش نوسیومە :

نعمەتی گەر ببی لە دنیادا
دوستی ئەهلی رشدو تقوایە

دوستی وەك بناو هدیە اساس
دیدەنی دوست وەکو چرا وایە

www.iqra.ahlamontada.com

حدیثی هەژدەهەم

(آفَةُ السَّماحِ الْمَنُّ)

یەعنی : دەردی سەخاوەتو بەخشش منـــەت دانانە لەسەر ئەو کەسنە نعمەتەکـــەی پی ئەدری ٠ بەڵی : انسان کە لەسەر نعمەتی خوی منـــەتی دانا لەدنیاو قیامەت دا جزای ئەفەوتی ؛ چونکە انســـانی خاوەن نعمەت وەختی بە حورمەت تەماشای ئـــەکری کە باسی نعمەتەکەی خوی نـــەکا وە ئابرروی نعمەت پیدراوەکان رابگری ، ئەگەرنا نعمەت بەهەرکەسی بدا وە لەناو خەلقا باسی بکا ، ئەوە چەجایی ئـــەوە ئەوکەســـە جەزای بـــەخیر بداتەوە وە سوپاسی نعمـــەتەکەی بکا بەدل ئەبی بـــەدوژمنی وە وەختی جەزای قیامەتی دەست ئەکەوی کە هەرچی ئەبەخشی بەنیازی رەزای خوابی وە لە سەر نعمەتەکەیشی منەت دانەنی ، ئەگەرنا بەمنەت دانانو ئازاردانی هەژاران خیرەکەی بەتال ئەبیتـــەوە ، وە ســـودی نامینی ، بەگویزەی قرآنی شریف انسان ئەگەر قسەی خوش لەگەل هـــەژارانو لی قـــەوماوان بکا ، بەصـــدقە بوی ئەژمیرری ٠

بەلام صندقەیەك کە منەتی لەسەردانی بیسوتە وە بەگوناە بوی ئەنوسری ٠ ئەم حدیثە شریفە بەشیکە لـــە حدیثیکی دریژ کە مەعناکەی ئەمەیـــە : دەردی زیرەکیو فصیحی زوبان دریژی یە لەسەر هاوری یان،

www.iqra.ahlamontada.com

دەردی ئازایی ظلمو زور کردنە ، دەردی بەخشش منەتدانانە ، دەردی جوانی خوبە باش زانینە ، دەردی عبادەت تەمەلی‌یە ، دەردی قسە دروکردنە ، دەردی علم لەیادبردنەوەیە ، دەردی حلمو حەوسەلە پەلەکردنو خورانەگرتنە ، دەردی شرفو پیاوەتی خولی‌بایی‌بونە ، دەردی سخاوەت اسراف کردنە ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

کی به نعمت کسی شود دل‌گرم ؟
چون زمنت کنند دم‌سردی

غیر باد خزان منت نیست
آفت روضەی جوانمردی

منیش نوسیومە :

ئەهلی بەخشش کە ئەهلی منت بو
با فریدی زمانە بی ، خرفە

لەبەرەو منتەی بەئەمری خوا(١)
ئەجرو مالی بەدەفعەیی تلفە

حدیثی نوزدەهەم

(اَلْبَلاَءُ مُوَكَّلٌ بِالْمَنطِقِ)

یەعنی : ئارەحەتی بەسراوە بەقسەوە ٠

قسەکردن بو انسان واسطەی ناسیاریو ئاشنایی‌و یاری‌یەدانی ئادەمیزادە ، قسە ئەسبابی

---

(١) لەبەرەو = لەبەم ئەو

www.iqra.ahlamontada.com

پەیداکردنی بەختیاری دنیاو قیامەتە قسە تەرازوی بەراوردکردنی پیاوەتیو ناپیاوییە ، وەکو مشهورە: (اَلْكَلَامُ صِفَةُ الْمُتَكَلِّمِ) ، یەعنی : قسە ئەخلاقو خوورەوشتی قسەکەر ئەکەیینی • بیگومان انسان تا قسە نەکا چونیەتیو خوورەوشتو طبیعەتی دەرناکەوی کە قسەی کرد هەمو ئاشکرا ئەبن ، کەوابو ئەبی انسان لە قسەکردنا زور بە پاریز بی ، وەهەر وەختی ویستی قسەیی بکا لە پیشا ووردببیتەوە ئەگەر سودی هەیە وە قسەییکی شرعیو بیزیانە ، ئەوجار بیکا بویە حەزرەت (ص) فەرمویەتی : (رَحِمَ اللّٰهُ اِمْرَءً قَالَ فَغَنِمَ أَوْ سَكَتَ فَسَلِمَ) یەعنی: رەحمەتی خوا لەکەسی بی قسەیی بکا قازانجی لیدەستکەوی یا دەنگ نەکاو لە ضرری قسە سەلامەت بی •

تیگەیشتووان چەند ئادابیان بو قسەکردن داناوە ، یەکەم تا پیویستی بە قسەکردن نەبی نەیکا ، کەوابو لە خویەوە قسەی بیسود بەدەمیانەیی ، وەئەگەر شتیکیان لە یەکیتر پرسی ئەم زو جواب بەداتەوە ، مەگەر ئەو کەسە جوابەکەی پی نەدریتەوە ، وە جوابی قسەکەیش پیویست بی ، هەروەها قسە نەخاتە ناو بەینی قسەی خەلقەوە تا گفتوگو تیك نەچی • دوهەم زیاتر لە ئەندازەی پیویستی قسە نەکا ، بو ئەوەی نرخی نەشکی ، نەلماس بەو گرانبەهاییە کەمە ، مادام زور بو

www.iqra.ahlamontada.com

قیمەتی ئەشکی . بویە عاقلان ووتویانە انسان هەمیشە عقلی بەسەر قسەیا زال بی چاترە لەوە قسەی بەسەر عقلیا زال بی . سیهم لەپیش قسەکردنا بیر بکاتەوە لە قسەکەیا تا قسەییکی ریكوپیکی وا کە بو ئەووەختو جیگایە دەستبدا بدوزیتەوە ، وەکو ووتویانە : (هر سخن جایی و هر نکتە مقامی دارد) وە قسەکە لەدلی خویا لیكبداتەوە نەوەك لەپاشا صرری لی ببینی وەکو ووتویانە قسە لەپیش کردنا وا لە بەندی خانەی انسانا لەپاش کردنی انسان لە بەندی خانەی ئەوایە . چوارەم : قسە ئەبیت لە ئەندازەی شانی خاوەنەکەیا بیت تا لە وەختی ئیش کردنا روزەرد نەبیت . پینجەم : هەر قسەیی ئەکا بەلفظیکی سهل و سادەوە بەئارام و لەسەرخو بیکا تا هاورری کەی باش لە قسەکە بگا .

شایانی باسە کە خراپترین و گوناەترین قسە سعایت ، غەیبەت ، نەمیمە ، درو ، جوینە . سعایت ئەوەیە انسان ناوی کەسی ببا بەرەنگی ئەوکەسە پیی ناخوش بی ، نەمیمە ئەوەیە انسان قسەی هەندی کەس بەری بولای هەندیکی تر بەنیازی ئەوە ناوبەینیان تیكبدات ، درو ئەوەیە انسان دەنگ و باسی ناراست بگیریتەوە ، جوین ئەوەیە انسان بەقسەی نامناسب و ناشیرین ئابروی خەلق ببا وە عەیب و کەم و کورری یان بداتەپال ، زیان و خراپەی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمانە بو نوسین ناشێن ؛ ئەم چەشنە قسانە بنچینەی تیكچونی شیرازەی دوستیو یەكیەتیو ، مایەی پاش کەوتنی انسانن.لە هەمو قازانجیكی دینیو دنیایی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

هر که شد مبتلا به پر گویی
به بلای عجب گرفتاراست

هر بلایی که میرسد به کسان
بیشتر از ممر گفتاراست

منیش نوسیومە :

بەمثل سەر ئەمیرە دل مەخزەن
دەموەکو قاپییەو ، زوبان حەرەسە

که حەرەس نائەمینی دەرگا بو
زەحمەتی پادشا هەمو عەبەسە

حدیثی بیستەم

(كَفٰى بِالْمَرْءِ اِثْماً اَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مٰا سَمِعَ)

یەعنی : بەسە بو گوناهی پیاو ئەمەهەر قسەییكی بیست بیگیریتەوە .

بەممەعنا ئەگەر انسان هیچ گوناهیكی نەبی لەمەزیاتر کەهەرچی بیست بیگیریتەوە ئەمەی بەسەچونکا ئەمە گوناهیكی گەورەیە . مقصود

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمەیە پیویستە انسان هەرقسەییکی بیست لەپیشا تەماشای بکا ، ئەگەر لەریگەییکی باوەرر پی کراوەوە نەبو گویٚی پی نەدا؛وەئەگەر لەریگەییکی راستەوەپی‌ی گەیشت ئەمجار بیربکاتەوە ئەگەر لەگیرانەوەیدا سودیکی دینی یادنیای بو بیگیریتەوە ئەنا وازی لی‌بینی ، چونکە لەگیرانەوەی قسەی خراپەوە زور کەس توشی دەردو بلا بوون ، پیویستە انسان ئەم ملاحظەیەی لە یاد نەچی ·

مەولانای جامی فەرمویەتی :

مردرا بس همین گنە کە قدم
از مقر امان نهد بیرون
هرچە آمد درون روزن گوش
از ممر دهان دهد بیرون

منیش نوسیومە :

هەرچی بیستت لەسەر قیاس‌و نظر
هەل‌بژیرە لەوا ئەوی چاکە
حەیفە گیرانەوەی هەمو قسەیەك
شەررە یا خیرە ، پیسە یا پاکە

حدیثی بیست‌و یەکەم

(كَثْرَةُ الضَّحْكِ تُمِيتُ الْقَلْبَ)

یەعنی : پیکەنینی زور دل ئەمرینی ·

www.iqra.ahlamontada.com

دیاره پیکەنینو کەیفخۆشیو گاڵتـەی زور دل دور ئەخاتەوە لەیادی خوا ، وە مادام انسان لەسـەر ئەم حالەتە مایەوە دلی وا رەش ئەبیتەوە لە فیربونو تیگەیشتن ئەکەوی ، وە بە طبیعەت وەکو مردوی لیدی کە بو ئەوە ناشی هیچ وەرگری ٠

بزانن : پیکەنینی زور لەبی ئاگایی یەوە پـەیدا ئەبی ؛ چونکە ئەگەر انسان ئاگای لە نارەحـەتی مردنو بەجی هیشتنی مـالو مندالو دەسو پیوەند بی وە یا لە نارەحەتی حسابو کتـابو عذابی روژی قیامەت ووردببیتەوە ، وە یا خود بیری ئەوە بکاتەوە کە دوژمنانی دینو میللەت هەمیشە وان لەسـەر مەیلو ئارەزوی هیرش بردن بو سەر موسولمانان وە ئەیانەوی لەناویان بەرن وە بیانکەن بە بـەندەی خویان وە ملك ومالو سەروەتیان لەدەست وەربگرن وەکو ئیستا لەپیش چاومانا ئاشکرایە ، قەت بـە پیکەنینی زورو گالتەوگەپ عمری خوی صرف ناکا وە شەوو روژ خـەریکی ریکخسـتنی ئەسبابی بەرهەلستیو دفع کردنی دوژمن ئەبی ٠ تەماشـا ئەکەین هەر کەس مشکلەییکی بیتەری تا حلی نەکا تامی استراحەت ناچیژی وە خوشی لە خوی حـرام ئـەکا ، زور پیویستە موسـولمانان لەم مثالـە ئاشکرایەوە ئاموژگاری وەرگرن وە لەم وەختـە نالەبارەدا خویان بە رابواردنو شتی بی کەلکـەوە نەخلافینن وە لە عاستی وولاتەکانیانا چاو نەنوقینن ٠

www.iqra.ahlamontada.com

مەولانای جامی فەرمویەتی :

خرم آنکس کــه بهر زنـــده دلـــی
زیـر لب خنـــدەرا بمـــیراند

خنـــده کم کن که خندەی بسیار
صـــد دل زەنـــدەرا بمـــیراند

منیش نوسیومە :

خوزگه بــەو نفســه طالبی یــاده
هــەر بــه یادی خــوا دلی شـــاده

خـــەندە ناکا نـــه کا دلی بمـری
بەتبســـم دولیـــوی ئـــازاده

حدیثی بیستی دوهەم
(اَلْعِـدَةُ دَيْنٌ)

یەعنی : وەعدە قەرزە ·

واتە : کەسی وەعدەیدا بەکەسی کە فلان چاکەت لەگەل ئەکـــەم بە گویرەی دوستایەتی اســـلامی پیویستە لەسەری ئەوفرمانـــە جی بـــەجی بکا هەروەکو قەرزار واجبە ئەو قەرزە کە لەسەریەتی بیداتەوە ·

وەفا بە وەعدە لە دیانەتازور بەمهم ناسراوە خوای تەعالا لە قرآنا تعریفی حەزرەتی اسماعیلی بەوەکردوە کە لە وەعدەدا راستگو بووە · امامی غـــــەزالی

www.iqra.ahlamontada.com

ره‌حمه‌تی خوای لی بی فه‌رمویه‌تی : حه‌زره‌ت (ص) بو چاوه‌روانی کابراییك سی‌روژ له جیگاییکدا مایه‌وه چونکه وه‌عده‌ی پی‌دابو ٠ انسان که وه‌عده‌ییکی‌دا پیویسته دلی له‌سه‌ر ئه‌وه بی تا له ده‌سه‌لات یا بی وه‌فا به‌ووه‌عده‌یه بکا ، به‌لام ئه‌گه‌ر به‌ده‌م وه‌عده بداو به‌دل نیازی نه‌بی بیباته‌سه‌ر ئه‌وه به منافق ئه‌ناسری ، وه‌کو حه‌زره‌ت (ص) فه‌رمویه‌تی : (ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ فَهُوَ مُنافِقٌ ، وَاِنْ صامَ وَصَلّى وَزَعَمَ اَنَّهُ مُسْلِمٌ : اِذا حَدَّثَ كَذَبَ وَاِذا وَعَدَ اَخْلَفَ وَاِذا اُئْتُمِنَ خانَ) ٠ یه‌عنی : سی‌ره‌وشت هه‌ن هه‌رکه‌س ئه‌و ره‌وشتانه‌ی تیابی ئه‌وه منافقه ، با روژو بگری‌و نویژیش بکاو خویشی به‌موسولمان بزانی ، ره‌وشته‌کان ئه‌مانه‌ن : وه‌ختی قسه‌ی کرد درو بکا ، وه‌ختی وه‌عدی‌دا به پیچه‌وانه‌ی بجولیته‌وه ، وه‌ختی به‌ئه‌مین دانرا له‌سه‌ر شتی خه‌یانه‌تی تیابکا ، به‌لام وه‌ختی خلاف وه‌عده‌یی به منافقی ئه‌ناسری که له کاتی وه‌عده‌که‌دا له دلیا نه‌بوبی بیباته‌سه‌ر ٠ انسان که وه‌عده‌ی‌داو له‌دلیابو که وه‌فای پی‌بکا پیویسته ئه‌و نیازی دلیه بینیته‌دی مادام عذریکی معقول ری‌ی‌لی‌نه‌گری ، چونکه انسانی وه‌عده‌خلاف به دروزن ده‌رئه‌چی وه شرف‌و اعتباری لای خه‌لق نامینی ٠

مه‌ولانای جامی فه‌رمویه‌تی :

مردرا هرچه بگزرد به زبان
عیب باشد ورای آن کردن

www.iqra.ahlamontada.com

وعـده درذمـەی کرم قرض‌اسـت
فـرض باشـــد ادای آن کـردن

منیش نوسیومه :
وەعدە عنوانە بو شـەرافەتی پیاو
وەعدە میزانە بو جـەوان مـەردی
لایقـە بو وەفا بـە وەعدە ، بـرا
سەری حوت دابنێی ئەگەر مەردی

حدیثی بیست‌وسی‌هەم

(اَلنَّظْرَةُ سَهْمَةٌ مَسْمُومَةٌ مِنْ سِهَامِ اِبْلِيسَ)

یەعنی : تەماشاکردنی ژنی نامەحرەم بـــەبی ضرورەتیکی شەرعی تیریکی زەهراوی‌یە لە تیرەکانی شـــەیتان .

ئەم حدیثە شریفە مناسبەییکی جوانی دەربریوە، چونکە هەر وەکو تیریکی زەهراوی بدری لەلەشـــی انسان با زامەکەشی ئەوەندە نەبی انسان بکوژی ، بـەلام بەتأثیری زەهرەکە گوشتی لەشی انســـان دائەرزینی هەر بەورەنگە گوناهی تەماشاکردنیش بالەو دەرەجەدا نەبی انسان بفەوتینی بەلام ئـــەو تەماشاکردنە ئارەزو لە دلی انساندا ئەبزوینیتەوە وە ئەو ئارەزووە ئەبی بە باعثی تەماشاکردنیکی تر وە هەروەها انسان توشی فرمانی ناشیرین ئـەکا وا بەتەنینەوەی تەماشا کردنی یەکەم انســان فەوتا .

www.iqra.ahlamontada.com

سەرەرای ئەمە انسان کە تەماشای هەر ئافرەتیکی کرد ئەگەر تەماشا کراوەکە جوان نەبو دلی انسان بەوگوناهە دائەگیری ، وەئەگەر جوان بو سەرەرای گوناهەکە توشی مەراقو خەمو خەفەت ئەبی وە ووردە ووردە ئەو مەراقە وە کو تیری زەهراوی چون ئەتەنیتەوە ئەویش هەروەها لە جگەری انسانا ئەتەنیتەوە وە انسان توشی دەردی جگەر ئەکا ، وا دەرکەوت کە تەماشا کردنی نامەحرەم بەحەقیقەت تیریکی زەهراوییە ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

دیدەن خالو زولف نامحرم
دانەی کیدو دام تلبیس است

هر نظر ناوکیست زهر آلود
کە زشصت کمان ابلیس است

منیش نوسیومە :

نظری خالو زولفی نامەحرەم
تیری شەیتانو نەفسی بەدکارە

نەك بە تەنیا زەرەر لەدینی ئەدا
جگەریش بەو نیشانە زامارە

حدیثی بیستو چوارەم

(خَصْلَتَانِ لا يَجْتَمِعَانِ فِي مُؤْمِنٍ : اَلْبُخْلُ وَسُوءُ الْخُلْقِ)

یەعنی : دوو شت هەن بەتەواوی کو نابنەوە

www.iqra.ahlamontada.com

له انسانیکا ایمانی تەواوی ببی ، یەکــەم رژدی ، دوهەم بەدخویی یە ٠

رژدی ئەوەیە انسان مال صرف نەکا لە جیگای خویا ، لە رژدی یــە نەدانی ئـەوحقوقانە کە خـوا دای ناون وەکو زەکات ، سستی کردنی دەولەمــەند لەدانەوەی قــەرز ، خوگرتن لــە خەرج کردن بو گوزەرانی خیزان ، گوی نەدان بـە خزمەتی میوان و بیگانە ، نائومید کردنی هەژاران و لی قەوماوان ٠

بزانن : رژدی چەندە دەرەجەی هەیە ، هەندی کەس ئەوەندە رژدی یەکەیان زورە هەروەکو خویان هیچیان لەدەست نابیتەوە ، ئەگەر کەسیکی تریش بەخششی بکا ئـەمان پی یان ناخوش ئەبیت ٠ هــەر چــەند رژدی بەســرف نەکردنی مال مــەعنای لی دراوەتەوە ، بەلام بەحەقیقەت گەلی شتی تریشە ، وەکو مەنع کردنی علم لە مستحقان کـە رژدی ییکی زور زیان دارو گەورەیە ٠

بەدخویی کلمەییکە هەموســوکی و خراپەییك ئەگریتەوە ، هەروەکو خوش خویی کلمەییکە هەرچی رەوشتی چاکەیـە ئەی گــەیینی وەکو : راستی ، پیاوەتی ، چاوپوشی ، ئەدەب ، رەحم ، روخوشــی ، حــەیا ، داوین پاکی ، خوراگرتن ، ســوپاس ، نیازچاکی ، دەرون پاکی ، عزەتی نەفس ، ناسیاری ، وە گەلی شتی تر ، وەهەرچی پیچەوانەی ئەمانــە بی بەدخویی یە ٠

www.iqra.ahlamontada.com

لەپاش رەحمی خوا مهم ترین ئەسبابی خوش‌خویی هەلسان‌و دانیشتنە لەگـەل ئەوکەســانە کــە خوورەوشتیان بەرزە ، نیشانەی ئەوانیش مانەوەیە لەسەرشوین‌کەوتنی رەفتاری پیغەمبەر (ص) ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

بــذل‌کن مال‌و خــوی نیک‌و زر
راه ایمــــان اگر همـــی پویــی

زانکــه در هیچ مؤمنــی باهـــم
نشـــود جمــع بخل‌و بدخویــی

منیش نوسیومە :

هەر کەسی حەز ئەکا لە رەحمی خوا
باســەخی بی‌و شــریف‌و بی‌ئازار

چونکــە گــیراوە ری‌ی موسولمانی
لە دلی پیاوی رژدو بــەد رەفتــار

حدیثی بیست‌و پینجەم

(طُوبىٰ لِمَنْ شَغَلَهُ عَيْبُهُ مِنْ عُيُوبِ النَّاسِ)

ئەم حدیثە بەشیکە لە حدیثی کە عبارەتەکـەی ئەمەیە : (طُوبىٰ لِمَنْ شَغَلَهُ عَيْبُهُ مِنْ عُيُوبِ النَّاسِ ، وَاَنْفَقَ الْفَضْلَ مِنْ مَالِهِ ، وَاَمْسَكَ الْفَضْلَ مِنْ قَوْلِهِ ، ووسعته السنة) ، یــەعنی : خوزگە بەوکەســە تەماشاکردنی عەیبی خوی ری‌ی‌لی‌بگری لەناوبردنی

www.iqra.ahlamontada.com

عەیبی خەلق ، وە هەرچی زیاد لە گوزەرانی خـوی‌و خیزانی هەبی صرفی بکا لە ریگای خوادا ، وە قسەی زیادو بی‌سودی خوی بگری‌و نەی‌لی . وەلە رەوشت‌و رەفتارا شوینی پیغەمبەر (ص) بکەوی ٠

شتیکی ئاشکرایە کە هەمو کەس لەسەر حالی خوی ئاگادارترە لە ئەحوالی غەیر ، وە خوای تـەعالا نارازی‌یە بەعەیب‌و گوناه لەهەر کەسیکەوە بی ٠ بنالەسـەر ئەمـــە حق وایە انســـان خـــەریکی تەماشاکردنی عەیبی خوی ببی ، وەدەس نـەبا بۆ کەسیکی‌تر چونکا بەم‌صفتە انســـان دوسـودی دەس‌ئەکـــەوی یەکـــەم ئەمـــە مادام انســـان بەگوی‌پی‌دانەوە لە عەیبی خوی وورد بووەوە ، وە چەندو چونی لەگەل خویا کرد ترسی خوا پەیدا ئەکا وە لە گوناه دەس‌بەردار ئەبی ٠ دوهەم ئەمە کـــە انسان خەریکی چاك‌کردنی حالی خوی بو ســـەری ناپەرژی تەماشای عــەیبی باقی موسولمانان بکا ، بەم‌وەسیلەیە لە خراپـەی غەیبەت‌و بوختان‌وسوئی ظن پاریزراو ئەبی ٠

مقصود لەم حدیثە شریفە هەل‌نانی موسولمانانە لەسەر تەماشاکردنی عەیبی خویان‌و هـەول‌دانیان بو پاك‌راگرتنی دەرونیان لەخراپەو شورەیی ، ئیتر مقصـــود ئەمە نی‌یە انســـان لەعـــەیبی خەلق بی دەنگ‌بی ، چونکە بەگویرەی شـــرع پیویســـتە هەرکـــەس دەســـتی بڕواو لە دەســـەلات‌یا بی

www.iqra.ahlamontada.com

هەرگوناهو خراپەییکی چاوپی کەوت لە هەرکەسیکەوە بو نەی‌هیلی، وە بە هەموو وەسیلەیەك، بو نەهیشتنی تیکوشی بەدەس یا بە زوبان یا بەدل چونکە ئەمر بەچاکەو نهی لە خراپە فرضی کفایەیە ·

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای خوش انکس بە عیب بینی خویش
پیشوای هنروران گردد
عیب او پیشی دیدەو دل او
پردەی عیب دیگران گردد

منیش نوسیومە :

بەر لەوەی باسی عەیبی خەلقی کەی
خوت لە عەیبو خراپە دورخەرەوە
وا نەکەی ، هەر نصیحەتی ئەیکەی
پیت‌بلین : ئەم نصیحەتەت بەرەوە

حدیثی بیستو شەشەم

(اَلْحَزْمُ سُوءُ الظَّنِّ)

یەعنی : بیری ساغ ئەوەیە کە بەدگومان بی لەگەل ئەوانەی کە گومانی خراپەیان پی‌ئەبری ·

یەعنی : پیویستە بو انسان ، بە تایبەتی ئەوکەسانە کە خاوەنی جیکەو ریگەن ، هەموکەس وەکو یەك تەماشا نەکەن وە بەبی لی‌کولینەوەو

www.iqra.ahlamontada.com

تحقيقات باوەرريان بەهەمو کەس نەبی وە لەسەر نهینی دلی خویان ئاگاداریان نەکەن ٠

ئەمحدیثە مبارەکە زور نەصیحەتیکی بەرزو بەسوودەو ، موسولمانان لەم خصووصەوە قصوریان کرد کە لە ئەطرافی دنیاوە دلسافیو سادەلەوحییان هینایە پیشەوە تا هەموو بیگانەکان لە بیروباوەرریان گەیشتن وە لە هیزو بیهیزی ئاگادار بون ٠ وە رەخنەیان خستەکاروباری دینو دنیایان ، وەبە جاری بەسەریانا زالبون ٠ زور کەسی گەروکو دنیاگەرد بەناوی خواناسیو پیاوچاکی‌یەوە خویان پیشانی خەلقدا وە بە هەموو رەنگی سوودیان لیوەرگرتن، دوایی حقیقتیان بەپیچەوانەی ادعاکەیان دەرکەوت ٠ چەند لە بیگانەکان سەروگویلاکی خویان گورری وە بەناوی بازرگانیو زیارەتو سەیاحەتەوە گەرران بەدنیادا ، وە موسولمانان بەدل سافی لەسەر هەموو نهینی‌یەکانی خویان ئاگاداریان کردن ، ئەمکردەوانە پیچەوانەی ئایینی اسلامن ، انسان ئەبی شعوری ببی ئاگادار بی لە قازانجو ضرری خویو نیشتمانو میللەتەکەی ٠

(بیداری) : خەیالتان نەروا ئەمحدیثە پیچەوانەی ئەوئایەتو حدیثانەیە کە مەنعی‌یان کردوە لەبەد گومانی ، چونکا ئەوانیش جیگەی خویان هەیە وە علما لەم باسەدا تحقیقاتیان کردوە ، فەرمویانە بشر سی نوعە ، نوعیك چاکەی ئاشکراو تجربەکراوە ،

www.iqra.ahlamontada.com

نوعیك خراپەی دیاری‌یە ، نوعیك نە چاکەی نــە خراپەی دیاری نی‌یە · نوعی یەکەم پیویستە انسان خەیالی لەگەلیان باش بی ، ئەگەر دەفعەیی بەریکەوت خراپەییکیان کرد یاپاساوی بدا یا بەسهوو زەللەی دابنی‌و وە بەتــەنها ئەو خراپەیە خــەیالی خــوی لەگەل‌یانا خراپ نەکا · نوعی دوهەم پیویستە هەمو کاتی انسان خوی بپاریزی لی‌یان ، ئەگەر جـــاری چاکەییکیان کرد بەو جارە هەل‌نەخەلەتی وە فریب نەخوا · مەشهورە مار جار بەجار سررە ، پیشینان وتویانە : مار کارژ فری‌ئەدا بەلام طبیعت فری نادا ، زیاد لەمەش ئەو کەسانە کە لەســەر فکری تەفرەدانی خەلقن مجبورن بــەوە کە ظاهرا خوش خویی بیننەپیشەوە تا بەئارەزوی شـــومی خویان ئەگەن · نوعی سی‌هەم یــەعنی ئەوانــە کە حالیان پەنهانە ئەوانیش بەشیکیان بەزیرەکی‌و عــەقل یا بەواسطەی ووردبونەوە لە بعضی نیشـــانە حالیان دەرئەکەوی وەکو سەرنج‌دانی حالی ئەوانەی کــە لەگەلیانا هەل‌ئەسن‌و دائەنیشن ، وە وەکو مبالات‌و بی‌مبالاتی بە احکامی دین ، ئەمە دوبارە وەکو دونوعە پیشووەکەی لی‌دیتەوە ، بەشیکیشیان انسان بۆی ریك‌ناکەوی تحقیقی حالیان بکا وە ظاهرا نیشانەی خراپەو چاکەیان دیار نی‌یە ، ئەوانە انسان بــەبی دلیل ناتوانی بەچاك یا بە خراپەیان بزانی بــەلام پیویستە لەگەل ئەمە احترامیان بگری وە بــەدل پاکی تەماشـــایان بکا ، احتیاطیشــــی ببی تا ووردە

www.iqra.ahlamontada.com

ووردە حالیان دەرئەکەوی ٠
مەولانای جامی فەرمویەتی :

حـزم مرد آن بود که درهمه وقت
در حق خلق بدگمـان باشـد

در همـه کار احتیـاط کنـد
تا ز هر کید در أمـان باشـد

منیش نوسیومە :

تیگەیشتن ئـەوە نی‌یـە بە دەوام
نیازی خوت لای هەمو کەسی دەرخەی

تیگەیشتن وەهایـە وریابـی
لە قسەت‌دا کە بو یەکیکی ئەکەی

حدیثی بیست‌و حەوتەم

(لَا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ)

یەعنی : انسانی موسولمان لەکونیکەوە دو جـار ناگەزری ٠

ئەم‌حدیثـە موبارەکـە ادبیکی کومەلایـەتی بەموسولمانان پیشان ئەدا ، وە مەعناکەی لە صورەتی نهی‌دایـە ، ئەفەرموی انسـانی موسلمان ئـەبی هەمیشە ووریاو بە احتیاط بی لەکارو باری دین‌و دنیادا وە خوی گیل نەکا بو انسانی فیل‌باز تا هـەر کاتی بوی ریکەوی تەفرەی بدا ، چونکا کەسی حالی وابو هەمیشە دەس‌و پیوەندی وان لەضرری دین‌و

www.iqra.ahlamontada.com

دنیـادا ٠

مشهوره پیاوی رویشتە خزمـــەتی امام احمد ـ خوای لی رازی بی ـ عەرزی کرد لە دولاوە لەشکری اسلام غەزا ئەکەن ، سەرکردەی لەشکریکیان زور بە کفایەتو ئاگادارە بەلام خوی پیاویکی زور چـاك نی‌یە ، وە سەرکردەی لەشکرەکەی تر زور پیاویکی چاکە ، بەلام لە کاروباری شەررا زور ووریا نی‌یە ، وە من ئارەزوی غەزام هەیە شوینی کامیان بکەوم ؟ امام احمد پی‌ی فەرمو شوینی ئەو سەرکردەیانـــە بکەوە کە ووریاو تی‌گەیشـــتووە ، چونکە باخوی پیاویکی زور چاك نەبی بـەلام بو میللەتی اســـلام قازانجی هەیە ، وە لەشکرەکەی لەسەر کەوتنایە ، ئەم سەرکردەکەی‌تر با خوی پیاویکی زور چاك بی کـــە بی کفـــایتو کارلی‌نـــەهاتو بو خـــوی‌و شوین‌کەوتووانی وان لە تالوکەدا ٠ ئەم حدیثە زور پەیوەندی بە حدیثی پیشووەوە هەیە ٠ لە حدیثی پیشـــو ئەمە دەرئەکـــەوی انســـان احتیاط بکا لەوکەسانە کە بەدئەخلاقن ، وە لەو کەسانە کـــە نایان‌ناسی نەوەك زیانیکی توش ببی ، وە ئـــەم حدیثە ئەوە پیشان ئەدا ئەگەر انسان بەواسطەی دل‌ســـافی خویـــەوە جاری زیانیکی توش‌بو لـــە کەسیکەوە ئەوجارە لەبەر نەشارەزایی چاوپوشـــی لی‌ئەکری ، بەلام بو جاری دوهەم گلەیی لەســـەر خویەتی وە لومەی خوی ئەکری چونکە ئەبو لەپاش جاری یەکەم عبرەتی بگرتایە ٠

www.iqra.ahlamontada.com

(بیداری) : حەزرەت «ص» ئەمحدیثە مبارەکەی بەیەکی لە بتپرستە کانی عرب فەرمو کە نـاوی ابوعزە بو ، پیاویکی شاعر بو ، ذمی موسولمانانی ئەکرد ، تا لە غەزای بدر بەدیل گیرا ، کە بردیانـــە خذمەتی پیغەمبەر «ص» زور پاررایەوە ، وە ووتی خیزانم زورە ئەم جارە لیم ببورە لەمەولا هـەرگیز ذەمی موسولمانان ناکـــەم ، وە زیانیـان لی نادەم ، حەزرەت «ص» بەگویرەی رەحمو شفقت ئـەوجارە بەرەللای کرد ، ابوعزە دیسان دەستی کردەوە بـە ذەمی موسولمانان تا لەغەزای احد بەدیل گیرایەوە ، ئەمجارەش دەستی کردەوە بـــەعذر هینانـــەوەو پاررانەوە بو بەرەللابون ، حەررزەت «ص» ئەم جارە عذرەکەی قبول نەکرد وە ئەم قسەی پیفەرمو ، وە فەرموی نابی ئـەم جارەش بەرەللابکریی تا نـەلی دوجار بەفیل خوم لەدیلی موسولمانان رزگار کرد ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

دگـــر ازوی مـدار چشـــم وفـا
هرکـــە بروی در جفا گســـتاخ

زانکە هـــەرگز دوبارە مؤمن‌را
نگزد مار دریـــکی ســـوراخ

منیش نوسیومە :

باشـە کاری قضـا وەلی بـەخووا
حەیفـە گیلی لـەحد ئەوەندە بەدەر

www.iqra.ahlamontada.com

لــــه كونيكو بــدا بەانســــــانو
دوكەررەت مــاری حیلەبازی بشر

حديثى بيستو هەشتەم

(اَلسَّعِيدُ مَنْ وُعِظَ بِغَـيْرِهِ)

يەعنی : بــەختيار كەســـيكه له يەكيكی ترەوە عبرەت وەربگری · عبرەت گرتن بــــەغير صفتيكی زور باشه ، پيويسته انســــان له دنيادا عبرەتگر بی ، هەركەسيكی چاوپی كەوت له ريگايەكەوە زيانی توش بو خوی لەو ريگەيە لادا · كه زانی كەسيك له خلاف وبەدخوييیەوە توشی غضبو قهری خودا بووە لازمه ئەويش ئەو كردەوانه له خوی دور بخاتــــەوە ئەگـــــەر لەچەرخيكا له دەســتی خيليكی دل پيسو بیانصافا گيرودە بو تەلاش بكا بو رزگار بونی خوی له دەسيان وە لەباقی ژيانيا تەفرە نەخوا، مەشهورە: كوسه بەنديكی بينیو پەنديكی گرت · پيويسته لەســـەر انســــان روداوەكانی زەمانی وەكو تاريخ بنوسی وە لای خـــوی رایبگری ، تا خویو فاميلو هاونيشتمانەكانی له چەشنی ئەو روداوانه بەدور بن · ئــەوميللەتانه كه ئيســــتا گيرودەی ستەمی زوردارن ئەگەر تأريخی رووداوەكانی سەدســــال لەمەوبــەريان بەدەرس بخويندايـــە وە بيريان لی بكردايەتەوە ئيستا حاليان وایلینەئەهات ، چونكا واقيعاتی زەمانه زور ئاموژگاری كەريكی بـــەكارە

www.iqra.ahlamontada.com

بویه عاقلان فەرمویانه : (مَنْ لَمْ يُؤَدِّبهُ اَبَواهُ يُؤَدِّبهُ الدَّهْرُ) ، یەعنی کەسی باوكو دایکی ئەدەبی نیشان‌نەدەن زەمانه ئەدەبی پی‌نیشان ئەدا ؛ بویه زور گەورەی طائفه بوون پارراونەتەوه لە خوا کە طائفه نەزانەکەیان گیرودەی ناڕەحەتی بکا تا بیداربنەوه ٠

مهم‌ترین ئەسبابی عبرەت‌وەرگرتن سی‌شتە ، یەکەم گیرودەبون بەزەحمەت ، دوهەم لی‌کولینەوە لە تأریخی رابوردووان ، سی‌هەم سەیاحەت‌و گەرزران بەدنیادا ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

نیك بخت آن کسی کە می‌نبرد
رشك بر نیك‌بختی دگران
سختی روزگار نادیده
پندگیرد ز سختی دگران

منیش نوسیومە :

عاقبەت خیرەهەرکەسی بگری
عبرەت‌و موعظەبە چەرخی زەمان
پەندی دنیا بکا بە پەندی دلی
حەپسی یاران بکا بە مەشقی ئەمان

www.iqra.ahlamontada.com

حديثى بيستو نوهەم

(كَفى بِالْمَوْتِ واعِظـاً)

يەعنى : بەسە بو انسان ئاموژگارى كـەريكى وەك مردن •

مەبەست لە ئاموژگارى كەر ئەوەيـە نصيحتى انسان بكاو ئەدەبى دا بدا وە شارەزاى بكا بو ريگاى خيرو روشنايى وە لە خراپەو گومراهى بيگيريتەوە ، شتيكى ئاشكرايە هەركەس بير بكاتەوە لە مردن وە لە زەحمەتى بەجىهيشتنى ئەولادو خيزانو علاقەى خوى وورد ببيتەوە ، وە باوەررى ببى مادام كردەوەو خوورەوشتى خراپ بى لەپاش مردن گيرودە ئـەبى بەعذابو زەحمەت ئەوەندە پەند ئەگرى كە صـەد واعظى گەورە ئەوەندە ئاموژگارى دانەدەن ، بويە قرآن بەوگەورەيىو بلاغەتە كە هەيە ، وە لەگەل ئەو هەمو پەندو ئاموژگارىيەى كـە تيايدايە حەزرەت «ص» لەموعظە كردنا بە هاوررىى مردنى داناوە ، وەكو بەعضى ئەحاديثى شـريفە ئەمە ئەگەيينى كـە فەرمويـــەتى : (من دو واعظـــم لــــەناو ئيوەدا بەجىهيشـــتووە ، يەكيكيان گوياو قســـەكەر ، ئەوىتريان خاموشو بىدەنگ ، قســـەكەرەكەيان قرآنە ، بىدەنگەكەشيان مردنە) ، بنا لەسەر ئەمە زور پيويستە انسان لەهەر روژيكا چەند جار بيرى مردن بكاتەوە ، بەلكو دلى روبكاتە كردەوەى جوانو بەگوىكردنى شرع •

www.iqra.ahlamontada.com

مەولاناى جامى فەرمويەتى :

چند گیرى بــــه مجلس واعظ
پى منبــر پى گرفتــن پنـــد
وعظ تو بس به مرگ همسایه
نــەعرەى نەوحەگەر به بانگ بلند

منیش نووسیومه :

گەر هەته فکرو معرفت بـــەخودا
ناتــەوى موعظەى ســەرى منبــر
مردنى قومو خویشو دوستو برا
واعظیکه به دەهشەتو رەهبــــەر

حدیثى سىیهەم

(لُعِنَ عَبْدُ الدِّينارِ لُعِنَ عَبْدُ الدِّرْهَمِ)

یەعنى : دور خراوەتـــەوه له رەحمــــەتى خوا ئەوکەسەى که بەندەى دینارو درهەمه ٠

ئەم حدیثه مبارەکه دەربارەى ئەوکەسانه هاتووه که له چاودیرى خلیفەى موسولمانانداند ؛ وه هـــەتا خلیفه پارەیان ئەداتى لىى راضین وه بەگوى ئەکەن ، وەهەر وەختى پارەیان نەداتى لىیراست ئەبنەوه ، بـــه کورتى خذمەتکردنیان بو پەیداکردنى پارەو پوله ، نەك بو ئـــەوه کلمەى حق بـــەرز بیتەوه ، هەرچەند ئەمحدیثه دەربارەى ئەو نەوعــه کەسانه

www.iqra.ahlamontada.com

ووتراوه ، به‌لام چه‌ند صوره‌تی تریش دائه‌گریته‌وه ؛
یه‌که‌م ئه‌وکه‌سانه که به‌نده‌ی مالی دنیان ، له‌هـــه‌ر
لایی وه‌لای هه‌رکـــه‌سی مالیان ده‌س‌که‌وی شوینی
ئه‌که‌ون با ئاینیشیان لـــه‌ناو بچی : مثلا زورکه‌س
هه‌ن له‌به‌ر که‌م‌گوزه‌رانی ده‌س‌به‌رداری کاسبی حلال
ئه‌بن وه وه‌ظیفه‌ی حرام قبول ئه‌که‌ن ۰ دوهه‌م ئـــه‌و
که‌ســـانه له به‌نده‌گی خوا ده‌س‌بـــه‌ردار ئه‌بن وه
گوی‌ناده‌ن به جی‌به‌جی‌کردنی حقوقی شرعی ، نه‌وه‌ك
ماله‌کـــه‌یان بفـــه‌وتی ، وه‌نویژو واجبـــاتی دینی
ئه‌فـــه‌وتینن ۰ سی‌هه‌م ئه‌وکه‌ســـانه له شوینیکا
به‌ئه‌ندازه‌یه‌ك ثروه‌ت‌و پاره‌یان هه‌یه ، هه‌رچه‌ند له‌و
جیگه‌دا توشی ذه‌لیلی دینی‌و دنیایی ئه‌بن وه هه‌تکی
شه‌رافه‌تیان ئه‌کری ، له‌بـــه‌ر ملاحظه‌ی ماله‌که‌یان
قبولی ئه‌که‌ن ، وه‌ئـــه‌و خاکو بومه به‌جی ناهیلن ۰
چواره‌م ئه‌وکاسانه کـــه بو ده‌س‌خستنی مالی دنیـــا
میللـــه‌ت‌و نیشتمانی پیروزی خویـــان ئه‌فروشـــن
به‌بیگانه ۰ وه به‌عقلی ناته‌واوی خویان وائه‌زانن ئه‌و
ثروه‌ت‌و مالـــه تا دنیادنیایـــه هـــه‌ر ئه‌مینی وه
خوشه‌ویستی بیگانه‌کان بویـــان به‌رده‌وام ئـــه‌بی
وه‌له‌وه ووردنابنه‌وه که هه‌روه‌ختی ئه‌و دوژمنانـــه
له‌وجیگه‌یه‌دا دامه‌زران هه‌ر پاره‌ییکیان صرف کردوه
به‌زیاده‌وه وه‌ری ئه‌گرنه‌وه‌و ، به‌پیچه‌وانه‌ی ئاره‌زوی
ئه‌وان ئه‌یان‌که‌ن به به‌نده‌ی خویان ، ئه‌م‌جار هه‌رچی
ته‌لاش بکه‌ن رزگار نابن وه له‌و جیگه‌یه‌دا به ذه‌لیلی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمرن ٠ پینجەم ئەوکەسانە تا مالی دنیایان زورتر بی زیاتر ئەکەونە مەراقەوە ، وەهەرگیز دەسیان ناڕواتە مالی خویان وەصرفی ناکەن ، فقط وەکو مشك پارە ئەدزی وە لەسەری ئەنوی ، بەوچەشنە لەگەل مالەکەیان ئەمیننەوە تا لەکوتوپڕرا ئەمرن ، هەندیکیان مالەکەیان گوم ئەبی وەکەس نایدوزیتەوە ٠ هەندێکیشیان ئەکەویتە دەستی چەند کەسیکی وەها هەرگیز نەخیری دین نەخیری دنیایان بو ئەم کابرایە نابی ، کە دەرکەوت خزمەت کاری مالی دنیا وا خراپو ناشیرینە ، پیویستە انسان خزمەت کاری خوا بی وە دینارو درهەمی بو دەستخستنی بەختیاری بو خویو انسانیت بی ، وە بی‌یان‌کا بە ئەسبابی رزگاری خوی لە دنیاو قیامەت‌دا وە لە ریگای میللەت‌و دین‌و نیشتمانی خویا صرفی بکا وە شرافەت‌و ئازادی خوی پی‌رابگری، تا لە دنیادا بەئازادی بژی ، وەلە قیامەتا سەرفراز بی ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

گرچە هست ئافتاب رحمت حق
شامل ذره‌ی عالم

باد ازان دور بندەی دینار
باد ازان دور بندەی درهم

منیش نوسیومە :

www.iqra.ahlamontada.com

باشـه دینــارو درهمی نافــع
بو دەوامی ســعادەتی بشــری

لاکن ئەو ذاتە ئەی پەرستی بەدل
لەهەمو رەحمەتی خودایە بــەری

حدیثی سیو یەکەم

(اَلدُّنْیٰا مَلْعُونَةٌ ، مَلْعُونٌ مٰا فِیهٰا اِلاّٰ ذِکْرَ اللهِ وَمٰا وٰالاٰهُ وَعٰالِمٌ وَمُتَعَلِّمٌ)

یەعنی : دنیاو هەرچە لە دنیادا هەیە دورن لــە رەحمەتی خوا الا بیرو یادی خوا نەبی ، وە هەر شتی بە شوینی ئەوا بروا ، وەکەسیکی عالم کــە قازانج بگەیینی بەخەلق ، وەکەسی خەریکی فیربونی ئــەو علمە ببی ، لەگەلی ئایەتو حدیثا ذەمی دنیاو مافیها کراوە وە لــە زوریشیانا تعریفو مدحیان کراوە ٠ خولاصەی کلام لەمباســەدا ئەمەیە هــەر دنیایی ئەسبابی بەختیاری انسان بی ، بەم رەنگە لە ریگەی شرعییەوە پەیدا بکری ، وە لە ریگەی کامەرانیدا صرف بکری ، ئەوە ممدوحو جوانە ، وەهەر دنیایی وا نەبی بەمرەنگە لەریگای خلافشرعەوە پەیدا بکری وە یاخود لە ریگەی شرعییەوە صرف نەکری ئــەوە مذمومو ناشیرینە ٠ ئیتر مقصود لەمحدیثە ئەمە نییە انسان خەریکی کاسبی نەبی ، چونکە عقل شتی وا ناگونجینی ، وە لــە چەند ئایــەتو حدیثا امر بــە

www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردنی ئەسبابی بەرهەلستی دوژمن کراوە ، وە ئاشکرایە بەرهەلستی دوژمن بەبی دەولەمەندی زەحمەتە ، وەلە بعضی حدیثا ریگامان نیشاندراوە بو ئەوە لە پەیداکردنی دنیادا حالمان وابی وا بزانین هەرگیز نامرین ، تا بە هەولو دلگەرمی خەریکی کاسبی ببین ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

هـــدف لعنت خـــدای آمـــد
دنیـــاو هرچـــه هســـت در دنیـــا

غیر ذکـــر خـــدای صـــاحب ذکـــر
دردو عـــالم به رحمت‌اســـت اولی

منیش نوسیومە :

دورە دنیا لـــە رەحمـــەتی معبود
خوی‌و هەرچـــە لەوا هەیە موجـــود

غیری هـــەرچی سعادتی بشـــرە
وەکو کسبی حلال‌و ذکرو ســـجود

حدیثی سی‌و دوهەم

(دُمْ عَلَى الطَّهَارَةِ يُوَسَّعْ عَلَيْكَ الرِّزْقُ)

یەعنی : دەوام‌بکە لەســـەر پاکوتەمیزی رزق‌و روزیت گوشاد ئەبی ٠

پاکی ئەوەیە انسان لەش‌و بەرگ‌و خواردەمەنی‌و

www.iqra.ahlamontada.com

جیگای دانیشتن‌و نوستنی خوی بپاریزی له چلك‌و پیسی ، انسان که پاك‌و خاوین بو خه‌لق خوشیان ئه‌وی وه که خه‌لق خوشیان ویست هه‌مو جوره یارمه‌تی‌ییکی ئه‌ده‌ن ، وه‌له هه‌مو کاتیکا ده‌سی برایه‌تی بو دریژ ئه‌که‌ن ؛ که‌وابو گوزه‌رانی خوش ئه‌بی وه به خوشی رائه‌بویری • انسانی پاك‌و خاوین دوره له نه‌خوشی وه به له‌ش‌ساغی عمری خوی ئه‌باته سه‌ر وه‌له ژیانیدا وه‌ختیکی زوری بو کاسبی کردن ئه‌بی که معلومه ئه‌مه‌ش سببیکی به‌کاره بو خوش گوزه‌رانی ، زیاد له‌مه‌ش انسانی پاك هه‌میشه له‌شی ساغی وه عقلی ساغیش له له‌شی ساغه‌وه‌یه، انسانیك که عقلی ساغ‌و ریك بو ، که بیری کرده‌وه ریگای راست ئه‌دوزیته‌وه ، وه به‌مه ژیانیکی خوشی پرر له کامه‌رانی بو خوی مسوگه‌ر ئه‌کا ، له‌به‌ر ئه‌م هه‌موو ده‌لیلانه‌یه پیغه‌مبه‌ر «ص» فه‌رمویه‌تی (اَلنَّظَافَةُ مِنَ الإِيمَانِ) • یه‌عنی : پاکی به‌شیکه له موسولمانه‌تی •

مه‌ولانای جامی فه‌رمویه‌تی :

ای کز آلودگی‌ی تو شب‌و روز
فاقه‌و فقر تو زیاده شود
بی طهارت مباش تابر تو
روزی تنگ تو گشاده شود

منیش نوسیومه :

زینه‌تی دینی احمده پاکی
بدن‌و منزل‌و لباس‌و طعام

www.iqra.ahlamontada.com

بەخەبەر بە لەسەر حدیثی صحیح
باعثی دەولەتـەو کلیلـی مـەرام

حدیثی سی‌ی‌و سی‌هەم

(اَلصَّبْحَةُ تَمْنَعُ الرِّزْقَ)

یەعنی : خەوی سبەینان مەنعی رزق ئەکا ٠

سبەینی وەختیکی پیروزو بە نەشئەیە ، وەختی دەرکەوتنی لطفو رەحمەتی خوایە ، وەختی هاتنی ملائکـەی رەحمەتە بو سـەر زەوی ، کەوابو زور پیویستە انسان لەموەختە جوانەدا بیداربی وە بە یادی خواو پاررانەوە خوی ئامادە بکا بو لطفی خوا ، ئەگەر انسان لەسەر ئەم خالە دەوامی کرد لە هەمو خصوصیکەوە دەرگای رەحمەتی خوای لی ئەکریتەوە ، خو ئاشکرایشە گوشادی رزقو روزیش رەحمەتیکە لە رەحمەتانی خوا ٠ وەئەگەر بەبی ئاگایی‌و نوستن ئەو وەختە مناسـبەی لەناوبرد لەو هـەمو خیرو بەرەکەتە بی‌بەش ئـەبی ٠ وە دیسـان لە جهتی دنیاشەوە کە تەماشا ئەکەین زورتر ئەسبابی رزق‌و روزی‌و قازانج وەرگرتن لە کاسبی حلالەوە بو خەلقی شار یا دیهات لە سبەینی‌دا دەست ئەکەوی ، کـە انسان لـەو وەختەدا نوسـت لەوقازانجە بی‌بەش ئەبی ٠ هەروەها ئەوکەسانە کە درەنگ لەخـەو هەلئەسن لەشیان تەواو ساغ نی‌یە ٠ وە کەسی کە نـەخوش‌و دەردەدار بو کاسـبی پی‌ناکری ٠ وە

www.iqra.ahlamontada.com

گوزەرانو رزقی هەر رو لە کزی ئەبی

مەولانای جامی فەرمویەتی :

ای کمربسته کسب روزی را
صبح خیزی دلیل فیروزی‌است

بهر خواب صباح چشم مبند
زانکه این خواب مانع روزی‌است

منیش نوسیومە :

لە سحردا نسیمی رحمت دی
بو دلو گیانی هەرکە با خیرە

مەنوە با رزقو رحمتت بوبی
لەو خوداوە کە خالقی قدرە

حدیثی سی‌و چوارەم

(اَلدَّيْنُ شَيْنُ الدِّينِ)

یەعنی : فەرز وەسیلەی زەدەبونی دیانەتە ٠

قەرز ئەوەندە خراپەی لی‌ئەوەشیتەوە کە بەهەر رەنگی بووە پیویستە انسان خوی لی‌لابدا ، یەکەم ئەمەیە انسان قەرزی لەهەر کەسی کرد بەمەجبوری توشی‌ریاکردن ئەبیت ، وە زور جار لەبەر دلی ئەو کەسە چاوپوشی لەحق ئەکا ، دوهەم : لەبەر چاوی خەلقا شرفی کەم ئەبی وە قدرو اعتباری ئەرروا ، بە تایبەتی ئەگەر خاوەن‌قەرزەکە بی‌مروت بی بەقسەی

www.iqra.ahlamontada.com

ناخوش له دنیادا ئابرروی ئه‌با ، بویه‌ووتویانــه :
قه‌رز له بی مروه‌ت تالانی مالو حورمه‌ته ، سی‌هه‌م
مادام که‌سی عاده‌تی گرت به‌قه‌رز کردنه‌وه به‌ئومیدی
ئه‌وه که پاره‌ی ده‌س‌ئه‌که‌وی جله‌وی خــوی له‌ده‌س
به‌رئـــــه‌بی ، وه خووئـــه‌گری به اســــرافو
پاره‌خه‌رج کردنــه‌وه ، چواره‌م که انســــان عاده‌تی
به‌قه‌رزکردنه‌وه گرت زور جار مه‌جبوری ئه‌کـــه‌ن
بــه‌وه که (فایز)ســـــود بدا به خاوه‌ن پاره‌که ، وه
معلومه سود دانیش وه‌کو ســــود کردن گوناهیکی
گه‌وره‌یه ، پینجه‌م : چونکه قه‌رزار هه‌میشـــه داوای
پاره‌ی لی‌ئه‌که‌ن هه‌رگیز به‌ئاره‌زوی خــوی ده‌ستی
ناکه‌ویته کاسبی‌یه‌وه٠ شه‌شه‌م : قه‌رزار به‌بی ئیذنی
خاوه‌ن‌قه‌رز هه‌ر سفری بکا حه‌رامه وه له‌وسفره ،
هـــــه‌رچی روخصـــــه‌ته بو موســــولمانان وه‌کــو
کورت‌کردنه‌وه‌و کوکردنه‌وه‌ی نویژ ، بوئه‌و که‌سه
دروست نی‌یه ٠ حه‌وته‌م : قه‌رز کردن زور ده‌ردیکی
کاری‌یه بو خوشه‌ویستی : زور دوســـتو برابوون
به‌واســـــطه‌ی قه‌رزکردنه‌وه دلیان له‌یه‌ك ئیشاوه ،
وه‌ناوبه‌ینیان تیك‌چووه ، بناله‌ســــــه‌ر ئه‌مــه زور
پیویسته تاممکن ئه‌بی انسان قه‌رز نه‌کا وه هـــــه‌ر
وه‌ختی قه‌رزی کرد له ئه‌ندازه‌ی خوی لانه‌دا ، وه‌بیری
دانه‌وه‌ی ببی ، وه‌تا ئه‌توانی زو بیداته‌وه ٠

مه‌ولانای جامی فه‌رمویه‌تی :

نکشـــد بهـــر مال دنیــــا رنج
هر کــه خواهد کمــال بهره‌ی دین

www.iqra.ahlamontada.com

جهـرەی دینمکن بنـاخن دیـن
تانکاهـــد جمــال چهـرەی‌دین

منیش نوسیومه :

قەرز بە گویرەی حدیثی پیغەمبەر
واسـطەی نقصی حورمەت‌و دینـە

وەکو زەهرە جگـەر ئەکا لەتلـەت
هوی پەیا بوونی عاجزی‌و قیـــە

حدیثی سی‌و پینجەم

(مِنْ حُسْنِ اِسْلامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لا يَعْنِيهِ)

یـەعنی : لەجوانی موسولمانەتی انســانە واز هینانی لە شتی کە مقصدی نەبی ٠

ئەگەر موسولمانەتی ئەم پینج رکنە مشهورە بی وەکو شهادەت‌و نویژو روژووو زکات‌و حج ئەوە مەعنای ئەم‌حدیثە وای‌لی‌دیتەوە : انسان با بە تەنها ئەوە کە ئەم فرمانانە بەجی‌بینی بە موسولمان بژمیرری ؛ بەلام وەختی موسولمانەتی‌یەکەی جوان‌و خاوینە زیاد لـە کردنی ئەوانەیش واز لە شتی بی‌سود بینی ، وەخوی خەریك نەکا بە فرمانی غیرەمطلبەوە ، وە ئەگــەر موسولمانەتی عبارەت بی لە بەجی‌هاوردنی هـــەمو ئادابی شـرعی وەکو کردنی واجب‌و سنتەکان ، وە دورکەوتنەوە لـە حرام‌و مکروە ئـــەمجار مەعنای حدیثەکە وایە باانسانی موسولمان هـــەمو واجب‌و سنتی جی‌بەجی بکا وەواز لەهەمو حرام‌و مکروهی

www.iqra.ahlamontada.com

بینی ، وەختی موسولمانەتی‌یەکەی جوان‌و دیاری‌یە
کە پاریزگاری ببی لە شتی حلالی بی‌سود ، چونکا
فرمانی حلالیش مادام کە قازانجیکی شرعی تیا نەبو
لە خەریك‌بونیا وەختی انسان بەخوررایی ئەفەوتی ،
وە طبیعەتی ئەگوری ٠

ئەم‌حدیثـــە اصلیکی راســـت‌و دروســـتە بو
پاك‌کردنەوەی دەرون لە ئەخلاقی سوك‌و خراپە ، وە
هەموو موسولمانان بانگ‌ئەکا بو ئـەوە کـە ژیانی
خویان تـەنها بو بەختیاری دنیا بــەکاسبی حلال‌و
ریکخستنی هەرچی بە کەلك بی بو کامەرانی ژیان ،
وەبو بەختیــاری قیامـــەت بـــە بەگوی‌کردنی
فەرمودەکانی خوا صرف‌بکەن ، وە خویان لادەن لـە
بەجی‌هینانی ئارەزوی نەفسانی‌و حەزی جانەوەرانە
وەکو نوستن‌و خواردن‌و خواردنەوەی لە ئـەندازە

بەدەر ، وە خەریك نــــەبن بەشتی بی‌سودەوە وەکو
زیادەرەوی لە دامەو شەترنج‌و فرمانی بی‌ســـودی
ترا وەکو قسەی زورو گەرانی ناوەخت بـــە بازاررو
کولان‌و جادەو دەشت‌و دەرا ، ئەم‌فرمانانە ئەگـــەر
گوناهیشیان لی‌پەیدا نەبی خو بە خوررایی وەختی
ئادەمیزاد ئەکوژن ٠ مەشهورە پیاوی چاوی کەوت
بە لقمانی حکیم لە مجلسیکا دانشتبو ، ئاموژگاری
دانیشتوانی مجلسەکەی ئەکرد وە ئەوانیش زور بە
حورمەت تەماشایان ئەکرد ، پیاوەکە پی‌ی ووت ئەی
تو خذمتکاری فلان هوز نەبوی ؟ فەرموی بەلی ، ووتی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی بەواسطەی چی‌یەوە ئەم‌پایەت دەست کەوت ، فەرموی بەواسطەی سی‌شتەوە ، یەکەم : قضـــاو قدری خوا ، دوهەم : راستی لە قسەکردنا ، سی‌هەم : وازهینان لەشتی بی‌قازانج ·

مەولانای جامی فەرمویەتی :

تا شـــود درجهـــان علم‌و عمـــــل
شـــــاهد دین تو جمـــال افــــزای

زانچـــه درخـــور نباشـــدت بازآی
زانچـــــه لایق نباشــــــدت بازآی

منیش نوسیومە :

عمری انسان ژمارەیە بـــە نَفَس
ئەوە دەس‌مایە بو تجارەتی کـــەس

حەیفە ضـــایع ببی بە پوچ‌و عبس
بو کەسی کەس بی ئەم ئیشارەیە بەس

حدیثی سی‌و شەشـــەم
(زُرْ غِبّاً تَزْدَدْ حُبّاً)

یەعنی : هـــەر بەینی نەبـــەینی برو بو دیدەنی دوست‌و برات ، تا خوشەویستیت زیاد ببی ·
ئەگەر کەســـی بی‌یـــــەوی خوشەویستی لەگــــەل برادەریکیا زیاد ببی ، حقی وایە کەم‌کـــەم دیدەنی ، چونکە ئـــەگەر کــــەم دیدەنی کرد هــــەمو وەختی لــــەوماوەدا کـــە لەیەك ئـــەبرین ئاگری اشتیاق‌و

www.iqra.ahlamontada.com

خوشەویستی هەل ئەگیرسی وە بە دل گەرمی ئەچی دیدەنی ئەکا ، وە بە خوشی ئەکەرریتەوە بەلام ئەگەر زور دیدەنی بکا خوشەویستی‌یەکەیان کەم ئەبیتەوە لەبەر چەند دلیل ؛ یەکەم : مادام هەروەختی حەزی کرد چاوی بەوبرایە کەوت ئەودوستە لەبەر چاوی بی‌ئەهەمی‌یەت ئەبی ، وە بە طەبیعەت وەکو هاورری‌یەکی عادەتی‌لی‌دی ، مەشهورە : بویە روژ لە هاوینا قدری نی‌یە چونکە هەمیشە دیارە ، وە بویە لەزستانا خوشەویستە چونکە کەم‌کەم دەرئەکەوی .
دوهەم لە هات‌وچوو هەلسانو دانیشتنی زورەوە وائەبی چاوی بەکردەوەو رەفتاری نامناسب ئەکەوی وە ئەمە ئەبی بە مایەی ناکوکی‌و دل لەیەك ئیشانیان.
سی‌هەم : لەتیکەلی هەمیشەیی‌وە انسان توشی بی‌ئەدەبی ئەبی ، وە بی ئەدەبی مهمترین ئەسبابی لەناوچونی خوشەویستی‌یە ، چوارەم هەمو وەختی ئەو برایە وەختی ئەوەی نی‌یە بروا بولای ، وائەبی خەریکی فرمانیکی تایبەتی خویەتی ، یا حەزی لە تەنهایی‌و حەسانەوەیە ؛ حەزناکا بە چاوپیکەوتنی کەس ، وە ئەگەر کەسی برروا بولای پی‌ی‌ناخوشە ، ئاشکرایە دیدەنی وا لەبی‌محبەتی زیاتر قازانجیکی لی‌وەرناگیری ؛ بویە ووتویانە : عهدو پەیمان بە حیات ، دیدەنی دوست بە سەعات .
مەولانای جامی فەرمویەتی :

دیدن دوست دوست را گەگە
چهرەی دوستی بیاراید

www.iqra.ahlamontada.com

زاتفـــاق دوام صحبتشـــــــان
شـــــوق كـامل ملال افـــزايد

منيش نوسيومه :

هه‌ر كه‌سى حه‌ز ئه‌كا له دوست‌و برا
كه‌م كـــه‌مى ديده‌نى بكا لى‌يـــان

نـــه‌ك وه‌رسيان‌بكا به ديده‌نى زور
بو ئـــه‌وه‌ى زيـــاد بكا محبتيـــان

حديثى سى‌ى‌و حه‌وته‌م

(مَنْ اَعْطىٰ لِلّٰهِ ، وَمَنَعَ لِلّٰهِ ، وَاَحَبَّ لِلّٰهِ ، وَاَبغَضَ لِلّٰهِ ، فَقَدْ اِسْتَكْمَلَ إيمٰانَهُ)

يه‌عنى : هه‌ركه‌س له‌به‌ر خوا شت‌بدا به‌خه‌لق ، وه له‌به‌ر خوا لى‌يان بگريته‌وه ، وه‌له‌به‌ر خوا خه‌لقى خوش بووى ، وه‌له‌بـــه‌ر خوا رقى لى‌يان‌بى ئـــه‌وه موسولمانيكى ته‌واوه .

مثلا ئه‌گه‌ر كه‌سى ره‌فتاى چاك‌و ره‌وشتى جوان بو له‌به‌ر ئه‌وه كه به گويره‌ى شـــرع ئه‌جوليته‌وه ، انسان يارمـــه‌تى بدا ، وه‌هه‌ركاتى كـــه روى كرده ره‌فتاى خراپ‌و ره‌وشتى ناشيرين له‌به‌ر ئه‌وه كـــه له‌گوناهايه هيچى نه‌داتى ، يا خود براده‌ريكى ببى تا به ديانه‌ت‌و روشت‌بـــه‌رز بى خوشـــى بووى وه‌هه‌ر كه روى كرده بى‌دينى رقى لى‌ى بى وه وازى لى‌بينى ، ئه‌وه نيشانه‌ى ته‌واوى ئيمانه .

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمحدیثە هەمو موسولمانان بانگ ئــەکا بو (اِخْلاص) : اخلاص ئـــەوەیە انســـان هـــەر فرمانی بکا بەنیازو خیالیکی باش‌و دلیکی خاوینەوە تەنها لەبەر رەزای خوا بیکا ، نەك لەبەر پیشان‌دانی بەخەلق ، یا بوئەوەکە خـــەلق بیبیسنەوە ، یا بو ئەوە کە ناوبانگ دەرکا وەلە هەمو لاییکەوە خـەلق دەست بکەن بە مدح‌و تعریف‌کردنی ، انسان ئەگەر

هوش‌و فامی ببی ئـــەزانی ملاحظـــەی غیری خوا لەعبادەت‌کردنا بی‌عقلی‌یە ، چونکە بشر هەمو وەك یەك ضعیف‌و محتاجن ، وەلە خوا زیاتر نە دەســـەلاتی کەسا نی‌یە لە ریگاییکی غەیبی‌یەوە قازانجی یا زیانی بگەیینی بە یەکیکی‌تر ، وە هــەر عبادەتیك بو ریا بکری خوا ئەی‌داتەوە بەناو چاوی خاوەنەکەیا .

بەگویرەی حدیث هەرکەس نیازی دلی چون بی خوا بەگویرەی ئەو نیازەی لەگەلیا ئـەجولیتەوە ، حضرت «ص» فەرمویەتی : (مٰا أَسَرَّ عَبْدٌ سَرِيرَةً اِلاّٰ اَلْبَسَهُ اللهُ رِدٰائَهٰا ، وَاِنْ خَيْراً فَخَيْرٌ وَاِنْ شَرّاً فَشَـرٌّ) ،

خولاصەی مەعناکەی ئەمەیــــە هەرکەس هەرشتی لەدلی خویا دابنی ، خوای تەعالا بەگویرەی ئەوشتە لەگەلیا ئەجولیتەوە ، ئەگەر نیازی چاکی بوبی خوا چاکەی بو ئەکا ، وەئەگەر نیازی خراپەی بوبی خوا

خراپەی لەگەل ئەکا ، بنا لەسەر ئەمە پیویســـتە انسانی موسولمان هەول بدا هەر فرمانی ئەکا تەنها لەبەر خوابی تا خواش لی‌ی قبول بکا ، بعضی لــــە

www.iqra.ahlamontada.com

تیگەیشتووان ووتویانە : چوار شت هەن بەچوار شت دەست ناکەون : رەحمی خوا بــە عیبادەتی ریا دەست ناکەوی ، خوشەویستبون لای خەلق بـــە بەدخویی دەست ناکەوی ، وەفای دوستو برا بەبی وەفایی دەست ناکەوی ، علمو معرفت بە تەمـەلیو حەسانەوە دەست ناکەوی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

انکـه در حبو بغضو منعو عطـا
نبودش دل بـــەغیر حق مـبـائل

نقـد ایمـان خویشـرا یابـــد
برمحك قبـــول حـق کـــامل

منیش نوسیومە :

هەر کەسی حبو بغضو منعو عطای
خالصـــە بو خـــودای عزۆجل

مژدەبی دینی کاملـــە بە خودا
رەحمی خوای پی ئەگا لە کاتی اجل

حدیثی سیو هەشتەم

(اَلْجَنَّةُ تَحْتَ اَقْدَامِ الْاُمَّهَاتِ ، مَنْ شِئْنَ اَدْخَلْنَا ، وَمَنْ شِئْنَ اَخْرَجْنَا)

حەزرەت ئەم حدیثەی دەربارە صحابییێك فەرمو کە ئەیویســـت بچی بو غــەزا ، بـــەلام دایکی نەیئەهیشت .

www.iqra.ahlamontada.com

مەعنای ئەم حدیثە وایە : بەهەشت بو موسولمانان لەژیر پیی دایکیانایە ئارەزویان لە هەر کەس بو ئیذنی ئەدەن بیخەینە لەشکرەوە بو غەزا ، ئارەزوشیان لەهەر کەس نەبو دەری ئەکەین وە نایەلین بچی بو غەزا ئەم حدیثە هەلنانیکی زوری تیایە بو موسولمانان لەسەر بەگوی کردنی دایکیان ، ئەم حدیثە بەئاشکرا ئەلی : غەزا بەوهەمو ئەهمیەتەوە کە هەیە تانەبی بەفرضی عین ـ یەعنی تا دوژمن هیرش نەهینیتە سەر وولاتی اسلام ـ بەبی ئیذنی دایك حەرامە ، ئەمە شتیکی سەیر نییە ، لە راستیدا دایكو باوك حەقیان لەسەر مندال زورە ، وەلە پاش ارادەی خوا بەتأثیری باوكو دایك ، وە بە زەحمەت کیشانی ئەوان پەیدا ئەبیو پی ئەگا ، بەتایبەتی دایك کە زەحمەتیکی زور ئەچەژی ، نو مانگ بە پیستی سك هەلی ئەگری ، کە پەیدا ئەبی مەینەتیکی زوری توش ئەبی ، گەلی جاریش گیانی خوی دائەنی ، ئەنجا بە دریژایی سالانی شیر خواردنی تا پی گرتنی ئەبی بەدیاریەوە شەونەخونی بکیشی ، وە کە گریا رایژەنیو شیری بداتیو زیری بکاتەوە ، ئەگەر خویشی شیری نەبو مال بەمال بیگیری ، یا شیری بوبکری ، ئەبی لەشو بەرگی بشوریو چاودیری بکا ، سەرەرای ئەم هەموئیشو ئازارانەش ئەوەندە بەرەحمە ئەگەر مندالەکەی توشی ناساغییك بو حەسانەوە لەخوی حەرام ئەکا بو

www.iqra.ahlamontada.com

خاتری چاودیری ئەو ، لەبەر ئـەمەیە جزادانەوەی بەخێری دایك‌و چاکە لەگــەڵ کردنی زور لـــە باوك پیویست‌ترە ، وەکو حەسەنی بەصری فەرمویەتی : (حَقُّ الْوَالِدِ أَعْظَمُ ، وَبِرُّ الْوَالِدَةِ أَكْرَمُ) . یـەعنی : حقی باوك گەورەترە ، بەلام چاکەکردن لەگەل دایکا پیویست‌ترە .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

سـر ز مادر مکش کـه تاج شرف
گردی از پای مادران باشـــــد

خاك شـو زیر پای آن که بهشت
در قدمهـای مادران باشـــد

منیش نوسیومە :

داییکی خوت لەســـەر سەرت دانی
دای‌مەنی قەت لەماڵ‌و منزڵ‌و دەشت

گەر بەخذمەت بررویتە ژیر قدمی
هەرلەویوە ئەررویتە باغی بەهەشت

حدیثی سی‌و نوهەم
(لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ ؛ إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ)

یەعنی : ئازا ئەو کەسە نی‌یە کە خەلق زور بدا بەزەوی‌دا ؛ ئازا ئەو کەسەیە کە خوی بگری لەکاتی ررق هەستانا .

www.iqra.ahlamontada.com

بەم چەشنە کـــە لەکاتی ررق‌هەستانا بتوانی مەنعی‌ررقەکەی بکا ، وە ئەگەر هەر زوری پی‌هینا خوی بگری لەقسەی ناشیرین‌و کردەوەی نارەوا ۰ لیکدراوەتە کە ررق‌هەستان زور خوییکی ناشیرینە ، حتی بعضی لە تیگەیشتووان ووتویانە هەر شەرری کە توشی انسان ئەبی یا لە حەزو ئارەزوی نفسەوەیە یا لـــە ررق هەستانەوەیە ، مثلا کوشتن ، بریندار کردن ، جوین‌دان ، ناشکوری کردن ، طلاق‌خواردن ، سویند خواردن ئیشاندنی دلی دوســـتو برادەر ، وازهینان لەکەس‌و کار ، وە امثالی ئەمانە هـــەموو لەخووی ررق‌هەستانەوە پەیدا ئەبن ، وە زورکەس بوون لە وەختی ررق‌هەستان‌دا گیانیان دەرچووە ،

بنالەسەر ئەمە زور پیویستە انسان ئاگای لەخوی بی ، وەهەر چون بووە منعی رق‌هەستان لەخوی بکا ، وە ئەگەر بە ناچاری ررقی هەستا خوی لەقســـەو کردەوەی ناشیرین بپاریزی وە بو ئەمە چەند وەسیلە هەیە ، یەکی لەوانە بیرکردنەوەیە لەگەورەیی خوای تەعالا کە دەستی ئەرروا لە جزای ئەم ررق هەستان‌و ناشیرین ووتنەدا انسان لەناو بەری ؛ یەکیکی تریان بیرکردنەوەیە لە اجرو ثوابی ئەهلی حلم‌و حەوسەلە ، وە ووردبونەوەیە لەمە ئەگەر خوی رابگری لەوەختی ررق هـــەستانا خوا جەزای ئەداتـــەوە ، یەکیکی تر لەوانە دەست‌نویژ گرتنە ، یەکیکی تر لەوانە ئەوەیە ئەو جیگەیە بەجی بهیلی ، وە برروا بو جیگەییکی تر ۰

www.iqra.ahlamontada.com

(بیداری) : ررق‌هەستان وەختی ناشیرینە کە بەناحەق بی ، چونکە ررق هەستان لەسەر حق زور شتیکی جوانو بەجی‌یە ، حەزرەت «ص» بەو هەمو حلمو حەوسەلەوە کە بووە زور جار لەسەر اموری دیانت بەتوندی عاجز بووە ، امام احمد خوا لی‌ی‌رازی بی فەرمویەتی : (نِهٰایَةُ اَلْکَمٰالِ اَلْغَضَبُ فِي مَوْضِعِهِ ، وَالْحِلْمُ فِي مَوْضِعِهِ) ، یەعنی : ئاخر دەرەجەی تەواوی بو انسان ئەوەیە لە جیگاییکدا ررقی هەستی کە موناسبی ررق هەستان بی وە لە وەختیکا حلمی ببی کە مناسبی حلم بی .

مەولانای جامی فەرمویەتی :

پهلوان نیست آنکه در کُشتی
پهلوانی دگر بیندازد

پهلوان آن بود که گاه غضب
نفس امارەرا زبون سازد

منیش نوسیومە :

پالەوانی ئەوە نی‌یە کە بە زور
خەلق زەلیل کەیتو لاتو مالویران

پالەوانی وەهایە خوت بگری
لە خرابە لەکاتی ررق هەستان

www.iqra.ahlamontada.com

حدیثی چل هەمین

(اَلْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ يَدِهِ وَلِسانِهِ)

یەعنی : موسولمانی تەواو ئەوکەسەیە کـــە موسولمانان لە دەستو زوبانی سەلامەت بن ٠

بەمەعنایە موسولمانی تەواو کەسیکە نە بەقسە نە بەکردەوە موسولمانان توشی زیان نەکا ٠ نەدەس دریژی بکا بو مالو گیانو ناموسیان ، وە نە لەپاش ملە ناویان بەری وە قسەی خراپیان پی بلی وە جوینیان پی‌بدا ٠ وە بوختانیـــان بوبـــکا وە ناوو ناتورەی ناشیرینیان بو هەلبەستیت ٠

پیویستە لەسەر هەمو انسانی چاودیری حقوقی خواو هەمو خەلق بکا ٠ وەبزانی کە بەتەنها چاودیری حقوقی لایەکیان نەجاتی نابی بەلام لەبەر دوشـــت لەمحدیثەدا تەنها باسی حقوقی خەلق کراوە٠ یەکەم : چونکە بو ژیانی دنیا چاودیری کردنی حقوقی خەلق گرنگترە ، چونکە ئەگەر انسان لەمدنیادا چاودیری حقوقی خەلق نەکا نازی ، وە دنیا پرر ئەبی لە شەررو ئاژاوەو کوشتنو بررین ، کەئەمەش ناشی ببی ، بە پیچەوانەی ئەمەوە ئەگەر چاودیری حقوقی خـــوا نەکا گوناهەکەی تەنها بو خویەتی ، وەهەر خـــوی توشی زیان ئەبی ، وە مەسئەلەکە ئەکەویتە بـــەینی خویو خوای خویەوە ، خوایش ارحم الراحمینە دوز نە بەکە لی‌ی ببوری ٠ دوهەم لەبەر ئەمە مادام انسان

www.iqra.ahlamontada.com

حالی لەگەل خەلقا باش بو زور نزیکە حالی لەگەل خوای خویشـــیا باش بی ، وە بـەکویرەی فەرمودەکانی بجولیتـەوە وە هــەرچی پیویستی بـەندەکی بی جی بەجی ی بکا ٠

مەولانای جامی فەرمویەتی :

مسلم آنکس بود بەقول رســول
گرچی عامی بود وکـر عالـــــم

کـە بەهـەر جا بود مســلمانی
باشــد از قولو فعل أو ســـالم

منیش نوسیومە :

بەصریحی حەدیثی پیغەمبەر «ص»
ئــەو مسلمانە دینی ساغە کـە وا

لە زبانو لە دەستی ســالم بی
هەرکەسی باوەرری هەیــە بـەحوا

اَللّٰهُمَّ اجْعَلْنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ الَّذِينَ يَسْلَمُ الْمُسْلِمُونَ مِنْ اَيْدِيهِمْ وَاَلْسِنَتِهِمْ سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ٠

١٣٧٣ی کـوچی – ١٩٥٤ی زایینی
سـولەیمانی – مزگـەوتی حاجی‌خان

www.iqra.ahlamontada.com

٥

نوورونەجات

www.iqra.ahlamontada.com

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

بـەناوی ئەوخالیقەی کـە کامیلەو بەکەرەم
بەخشندەیەو میهرەبان خاوەنی «بەیتوحەرەم»

سـەناو سوپاسیکی وا کەمی‌ی نەمینی لەوا
بو خالیقی ماسیوا بـەحیکمەتی مونتەظـەم

دروستی فەرموو هەموو دنیا ، کە هیچی نەبوو
نووسی لە «لەوحا» بەزوو هەرچی ئەبی زوروکەم

ئینس‌و فریشتەو پەری، عەرزو سەماو ئەختەری
هەر ئەو بوو وینەگری لەسەر هەتاکو قـەدەم

بە لوطفی‌خوی ئەوخودا بە ئادەمی‌ی عـەقلی‌دا
اَيَّـدَهُ بِالْهُـدٰى ، عَلَّمَهُ بِالْقَلَمِ

هـەم قووەتی عـەقلی‌دا بـە ناردنی ئـەنبیاء
تەبشـیرو ئینذاری‌دا بـە نیعمـەت‌و بەئەلەم

ئەزەلی‌یە هـەر بووە ، ئەبەدی‌یە هەر هەیـە
تەنیایە بی وینەیە ، خاوەنی حوکم‌و حەشـەم

قادرو زانایـە ئـەو ، بیسەرو بینایە ئـەو
خواهشـی بالایـە ئەو ، گویایە بی دەنگ‌ودەم

يٰا رَبِّ صَـلِّ عَـلٰى اَفْضَـلِ مَنْ أَرْسِـلَا
وَالْاَنْبِيـٰاءِ ، وَعَلٰى مَـنْ اِقْتَـدٰا فِـي الْاُمَـمِ

www.iqra.ahlamontada.com

[بریژه ڕەحمەت خوا لە بەحری فەیض‌و صــەفا
سەرحەرزەتی موصطەفاو ئەصحاب‌و ئالی بەجەم

پیغەمبەری ڕەحمــەتە بو ڕوحي ئــەم ئوممەتە
خاوەنی مەرحــەمەتە بو عــەرەب‌و بوعەجــەم

پیغەمبەری « خاتەمــە » بو دینی ئەم عالەمــــە
ڕەهبەری چەن «حاتەمە» بو بەخشش‌و بو کەرەم

لوقمانی دەردو غەمە ، لوطفی وەکو مەرهەمـــە
دەوای دەردو ئەلەمــە بو قەلبی خاوەن ئەلــــەم

سەروەری گشت عالەمە ، لەم نەتەوەی ئادەمــە
بو فەیزی ئەو خادیمە چەن شاهی خاوەن عەلەم !

باجی لەسەر سەلەفە ، تاجی ســــەری شەرەفە
بەلکو شەرەف سەدەفەو ، ئەو دورری فەردی یەکەم

بو چەرخی پیغەمبەری شەمسی سەمای سەروەریی
بودایبرەی ڕەهبەریی « طاها »یە بەدری ئەتەم

هەربەو هەوا هەل‌ئەکا شووشەی شەقاوەت شکا
هەر بەوە خوررەم ئــەکا بارانی فەیزو کــەرەم

لەوشوینە گول بەستەیە ئەو گولی سەردەستەیە
لەوشوینە دل خەستەیە ئەو مەرهەمە بو ئەلــەم

هەرئەو پەنای ئەمەلــە بو ســـەردەمی زەلزەلە
ســوجدە ئــەبا یەپەلەو تکا ئەکا بو ئومـــەم

---

(١) ئەم بەیتە بو ئەوەیە وەکو سەربەند بەکومەل بخوینریتەوە .

www.iqra.ahlamontada.com

جیا لەگــەل عالەما نەمذاتــە ئیللا لــەما ،
خالیقی عــەرزو ســەما هیناوونی لـــە عەدەم

[رەبی بریژە صـــەفا بو رەهبەری ریی وەفا
بو لابــەری هوی جەفا بەحیلمو حوکمو قەلەم]

بو ئــەو چرای عالــەمە نووری دلی ئادەمـــە
کە رەهبەری خاتەمە بو عەرەبو بو عەجـــەم

ئەو شاهی صاحیبسەنا ، ئەو ماهی دوور لە پەنا
کە ئــەو ئەبی بە پەناه بو کاتی ئێشو ئــەلەم

ئەو ئەنوەری ئەنبیا ، ئەو ســەروەری ئەصفیا
لامیع بــە نوورو ضیا دافع لــەبو توزو تــەم

دنیا لەبەحرو لە بەرر ، زەوی لە ووشكو لە تەرر
پرر بولە خیرو لەفەرر ، کەنایە ســەریان قەدەم

نوورەو نەجاتــەو صـــەفا ، بو دلی خاوەن وەفا
دەرمانی دەردەو جــەفا ، مەرهەمی ئازارو غــەم

بەشــیری ئــەهلی وەفا ، نەذیری ئەهلی جــــەفا
مونیری خاوەن صەفا ئــەمیری خاوەن كـــەرەم

مەحببەتی یەك نەفەس بەگیان ئەگەر بیتە دەس
بو ئەهلی مەیلو مەبەس چاترە لە بەیعو ســەلەم

موحەممەدە ، ئەحمەدە ، مەسعوودە ، هەم ئەسعەدە
لە مەرتەبەی دەسمەدە ؛ نایگاتی دەم یا قەلــەم

ئــەو شاهە پایە قـــەوی پیغەمبەرانی زەوی
داویانە موژدەی ئــەوی بەعەینی ناوی عەلـــەم

www.iqra.ahlamontada.com

هاتووه نیشانه‌ی نه‌بی‌ی به عه‌جه‌می‌و عه‌ره‌بی‌ی
« مُبَشِّراً بنبيّ » نه‌قله له (عیسا) بـــه ده‌م

خوا که ناردی روسول په‌یمانی فه‌رموو به‌کولل
بو کومه‌کی ئه‌و به‌دل ، بو نه‌شری حه‌ق بوئومه‌م

له‌نیو سوپای ره‌هبه‌ری‌ی ، چ ئامیر ، چ عه‌سکه‌ری
هه‌ر بو ئه‌وه سه‌رووه‌ری‌ی ، هه‌ر ئه‌وه خاوه‌ن عه‌له‌م

وه‌ك په‌روانه بوو په‌ری‌ی بوشه‌مه‌ی رووی ئه‌نوه‌ری
بویی وه‌کو (موشته‌ری) جوبریل ئه‌هات ده‌م‌به‌ده‌م

حه‌یرانی ده‌ورو به‌ری زوهره‌و سوهاو موشته‌ری
سه‌یوانی تاجی سه‌ری چه‌رخی سه‌مای مونته‌زه‌م

دنیایـــه بوو هیمه‌تی ، ده‌ریایه بوو نیعمه‌تی ،
شه‌یدایه بۆ ته‌لعه‌تی ئه‌ومانگه ده‌ردی له‌تـــه‌م

مه‌نبه‌عی صیدق‌و صه‌فا ، مه‌جمه‌عی شه‌رم‌و وه‌فا
ره‌قیببی جه‌ورو جـــه‌فا ، طه‌بیبی ده‌ردو سته‌م

شه‌یدای شه‌میمی ده‌ری باغی به‌هه‌شتی بـــه‌ری
چـــاکیری دررکی ده‌ری گولباغی ده‌شتی ئیره‌م

چون ئه‌و ئومیده‌و په‌نا بو روشنایی‌و ســـه‌نا
نوختـــه‌ی ره‌شـــی دانه‌نا له کاغه‌ذا به‌قه‌لـــه‌م

هه‌ر نووره باره‌و به‌شی ، هه‌ر پاکی‌یه‌و بی‌غه‌شی‌ی
دووره له له‌ککه‌ی ره‌شی‌ی به‌روح‌ودل ده‌ست‌وده‌م

بو شه‌رحی صه‌دری ئه‌تو ، بو ره‌فعی ذیکری ئه‌تو
بو نووری فیکری ئـــه‌تو ئایه‌ت پرره لـــه حیکه‌م

www.iqra.ahlamontada.com

رەفیقی فەتحو ظەفەر لە حـەزەرو لە سـەفەر
بو نەفەرو ، بو خەفەر ، لە تیپی تو ، زوروکەم

وَنُورُهُ فِي الْوَرٰى عَمَّ السَّمَا وَالثَّرٰى
بِجُهْدِهِ لِلْهُدٰى ، وَصَدِّهِ لِلصَّنَمِ

[برریژه رەحمەت خوا ! لە بەحری فەیضو صەفا
سەر حەزرەتی موصطەفاو ئەصحابو ئالی بەجەم]

رشتەی نەسەبی لە هەردوولاوە

نەسەبی موعتەبەری بو شەرەفو سـەروەریی
هەموو لە لەککە بەریی ، موحتەرەمو موحتەشەم

لەخەبەرا واریدە : ئـەم سەروەرە سـاجیدە
هەرکەس بەئەو عائیدە گەورە بووە، موحتەرەم

بەندی دوررو گەوهەرە ، لە مەعدەنی جەوهەرە
حوببی ئـەوان وەرگرە بـەروحودل نەك بەدەم

ئامینەیـە والیدەی ، باسی ئوصولی بکـەی
بە وەهبو زوهرە ئەگەی عبدولمەنافی یەکـەم

باوکی بولەند مەرتەبە (عبدالله)ی مونتـەخەبە
لـە (عەبدی مطلبە) خاوەنی جاەو حەشـەم

(هاشم) عەتای خوی بەسە، (عبدولمەناف) ئەقدەسە
(کِلاب)ە پینجەم کەسە (مەررە)یە جەددی شەشەم

(کەعب) ، (لووەی) هەشتەمە (غالب) بلی نوهەمە
(فیهرە) بە حەق دەهەمە (مالیك) لەوی یازدەهەم

www.iqra.ahlamontada.com

(نەضر)و (کەنانە) لەبەر ئینجا [خذیمە] لەسەر
(مودریکی) خاوەن ئەمەر لای عەربو لای عەجەم

(ئیلیاس)ە، ئەنجا (موضەر)، (نەزار)ی عالی سی‌یەر
موعەدد گەلی موعتەبەر ، عەدنان گەلی موحتەشەم

ئەمرشتە ئەروا هــەتا (قەیدار)ی خاوەن وەفا
کورری ذەبیحی (صەفا) ئیسماعیلی موحتــەرەم

سیلسیلەیی بەشەرەف بەرزە لە هەردوو تەرەف
نە لە سەلەف ، نە خەلەف وینەی نەبوو بو کەرەم

لە ئادەمۆ نەســــەبی ، هــــەتا خەلیلی نەبی‌ی
تا بابی خوش حەسەبی ، موحتەرەم لە موحتەرەم

بو حورمەتە ، ئەی برا ! ، کە گەوهەری شەوچرا
ئەبریتــە عالی‌سەرا لە شوینیکی موعتەصـــــەم

چەن‌کانە ئــەم عالەمە ؟ ئــەم نەتەوەی ئادەمــە
خوش خولکە ، موحتەرەمە ، لە عەرەبا ، یا عەجەم

پەیدابوونی حەزرەت (ص)

[بریژە رەحمەت خوا ! هەتا قیامەت لەســــەر
سەردەفتەری ئەنبیاء رەهبەری جینن‌و بەشەر](۱)

ئەوکانی حیلم‌و وەفا کاتی بــەنوورو صــــەفا
دەرچوو لە پەردەی خەفا روو ناکی کرد دەشت‌ودەر

(۱) ئەم‌بەیتە وەك سەربەند دەووترێتەوە .

www.iqra.ahlamontada.com

بیستەمی نەیسانی زوو بەهاری خوش رەنگو روو
غونچە بەلیو خەندە بوو لەبەر نەسیمی سەحەر

مانگی رەبیعی یەك بوو ، لە روژی دوانزەهەمی
دووشەممە بوو صوبح دەم هەتاو لەگەل هاتە دەر

بە صوورەتی دلبـــەری نازاری بێ‌ســـیبەری
بەشەوقی رووی ئەنوەری (كَالشَّمْسِ ، لَا كَالْقَمَر)

روون‌بوو زەوی تا سەما تووزو تـەمی تیانەما
خەم جێی نەما لەودەما ، لەم‌عالەمە کەوتـەدەر

ئەم عالەمی پررتەمە ووشـکی نەما ئـەو دەمە
بە نمی ئـەو شەونمە بەخورر ئـەباری لەسـەر

کەوتە تەبەسسوم هەموو لیوی جیهان زوو بەزوو
لە عەرزەوە موژدە چوو لە بو فریشتە لە سـەر

فەوجی فریشتەی سەماء بـە نەشئە هاتەسەما
غـــەم لە نیوانا نـــەما (وَالدَّهْرُ قَدِ ازْدَهَر)

میللەتی دل پررلەتەم بە (ئەبرەهە)ی پررستەم
بە نووری بەدری ئەتەم نەشئەی صەفای کەوتەدەر

بە مەقدەمی (موصطەفا) نـــەما نموونەی جەفا
حیجازو مەککەو صەفا پرربوو لـە خیرو لەفەرر

بە شەوقی رروی موصطەفا روشن بوو دەشتی صەفا
بەبای شەمالی وەفا دەرچوو جەفا بو (سـەقەر)

حەق کەوتە جیلوەو سەنا ، باطل بەرەو لای فەنا
نوور دای لـە پیچوپەنا ، تاریکی روییشتە دەر

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو نیشانانەی کە لەپیش لەدایكبوونی دەرکەوتن

بو شەرەفی (موصطەفا) ئەوچلچرای ری‌ی وەفا
زوو هاتەدی‌ی بەصەفا گەلی نیشانەو ئەثـــەر

یەکەم نیشانەی قەوی لەســەر بیســاتی زەوی
پایەی مەجوسی‌ی نەوی ، شوکوهی کەوتە خەتەر

کیسرای قەوارە قەوی ، خاوەن شوکوی خوسرەوی
مەئموری هاتە خەوی ، بی‌ترس‌و بیم‌و حـــەذەر

پی‌ی‌ووت مەقامت هەموو تەسلیم‌بکە زووبەزوو
بە مەردی خوش خولك‌و خوو ،خاوەن عەسای بی‌زەرەر

پاش‌ئەمە هەیوانی ئەو بو شیوانی‌ناوی ئـــەو
چواردە تاقی بەتەواو شەق بوو لەخوارولەسەر

بەوخەوە پرر وحشەتە ، بەم حادثەو دەهشەتە
ئەوشاهە باشەوکەتە کـەوتە خەیال‌و خەتـــەر

گەورەی موغانی(۱) نەوی ، ئەویش خەوی دی شەوی
خەوی کە دل نەیەوی پی‌ی‌کەوتە بیم‌و حەذەر :

چەن ئەسپی خوش‌رەوت‌و ررو،چەن ووشتری نەرم‌خوو
لە دەجلەوە ، دەوبەدەو ، پەرینەوە رووبەسەر

یانی ســـوپای دینە وا بەورەنگە شـیرینەوە
بەشان‌و تەمکینەوە بـەویا ئەکـــەن ری‌گوزەر

(۱) موغ : پیاوی ئایینی‌ی ئاگرپەرستەکان ٠

www.iqra.ahlamontada.com

مەجووس لە بـــەد ئەختەری کوژایەوە ئاگری
ئەگەرچی بوون لەسەری چەن جەرەسی باخەبەر

گۆلاوی ساوەی بەفەرر روچوو وەکو دەشتی بەرر
یانی قوراوی بەسەر رروم لەمسەرو کەوتەپەرر

ریگەی جنوکە نـــەما لە هاتووچو بو ســـــەما
(کاهن) لە چالی خـــەما داما وەکو کویروکەرر

کە نوبە بی بو هودا ، بو نووری وەحیی خــودا
عەرراف ئەبی بێ صەدا بمری بەصەد دەردیسەر

ئەوانەی شیریان داوەتیو بەخیویان کردووە

دایەنی شیری ، لەسەر بەیانی ئـــەهلی سیـیەر
یەکەم (ثووەیبە) عەتیقی بوونی (خَیر البشـر)

دووهەم (حولەیمە) ئەویش گەییشتە ئەو نیعمەتە
بە فەیزی ئەوخزمەتە ، بو قەومەکەی بوو بە فەرر

دووسال لەناو بادیەیە ئەو ســەروەرە هادییە
بەم دایەنە (سەعدییە) پەروەردە بوو بێزەرەر

پاشئەوە هینایــــەوە ، لای والیدەی مایــــەوە
چون والیدی ماجیدی لەمعالەمــــە چوبووە دەر

شەشسالە بوو موصطەفا دایکی بەشیوەی وەفا
هەتا (مەدینە)ی صەفا بردی بەعەزمی ســەفەر

کەهاتنەوە ، دیبـــــەدی ، بو والیدەی هاتەجی
کە خاکی (ابواء)ببی بەقــەبری ، نِعْمَ المقرّ !

www.iqra.ahlamontada.com

له تەمەنی هـــەشتی‌یا باپیرە گەورەی نـــەما
ئینجا لـــەلای مامی ما (بوطالب)ی موعتەبـــەر

لـــەعومری دوانزە لەگەل مامی (زبیر)ی بەطـــەل
بەهوی تیجارەو عەمەل چووبو یەمەن بەسـەفەر

لەعومری هەژدەدابوو بـــە عادەتی کاســـبی
چوو شاری بوصرایشی دیی لە شامی خاوەن ثەمەر

لەمسەفەرا مەیسەرە لای سەری ئەو سەروەرە ،
پارچەیە هەوری ئەدی سیبەری خستبوەســـەر

جا شورەتی ئەو وەها دای‌گرت جیهان بەبـــەها
(خدیجە) دل‌خوازی‌دا بو عەقدی شاهی بەشەر

ئەویش لەسەر رەغبەتی ، بەئارەزووی عەشرەتی
عەقدی صەفاو عوشرەتی کرد بە بناغەی ثەمەر

شکوو شیوەی حەزرەت (ص)

وەصفو ثەنای بی‌گومان مەحالـــە بو ماسیوا
حەیرانە ئینسان لەوا فریشتەیە ، یا بەشەر ؟

بەبە کە چەن ئەنوەرە ، هـــەتاوی بی‌سیبەرە
نە فریشتە نە بەشەر ، بەمسیرەتە کەوتە دەر

لـــە حوسنی بی‌ئافەتی میانـــەبوو قامـــەتی
کەچی لەناو عەشرەتی بەبەرز دەهاتە نـــەزەر

لەبەر شکوهی سەری (زوهرە) بەدل ، (موشتەری)
بوخادمی‌و چاکـــیری ببی بـــە دەربانـــی دەر

www.iqra.ahlamontada.com

بەدری دوجای ظولمەتە ، شەمسی ضوحای رەحمەتە
نووری هودای ئوممەتە بو گەلی جینن‌و بەشـەر

مووی رەشی قوببەی سەری بینداری وەك عەنبەری
تا شانی دائەپەرری دەم‌دەم لەمـەش کورت‌تر

تـەویلی خوش هەیئەتی بە زینـەتی طەلعەتی
کە دەرئەکەوت وات‌ئەدی روژە لەکەل هاتەدەر

دووخەتی ئەبروی شەوی ، وکوو هیلالی نەوی(١)
کەوان‌و تیریش‌موژەی بو قـەلبی صاحیب‌نەزەر

تەشبیهی چاوی مەکەن بە چاوی ئاهووی خوتەن
خـەتایە دەم لی‌مەدەن بە نیسبەتی بی‌ئـەثەر

ئەیدیی لەپشتی سەری وەکوو لەپیش نەزەری
یانی : لەشـی ئەنوەری پاکە لە توزو کـەدەر

ئیمامی عامـەو ئەبی چاوی لە عالەم هـەبی
لە راستەوە یا لە چەپ ، لە پشتەوە یا لە بـەر

نیرگسی چاوی رەشی ئەنووست وەکو غونچەگول
بەلام لەخەودا بـەدل بیدارو خاوەن خەبـەر

رووی پرر لە شەرم‌و حەیای ، قەندیلی دەشت‌و چیای
لە شەوقی نوورو ضیای روژ رووی نەبوو بیتەدەر

غونچەی دەمی ئەنوەری ، بەبینی وەك عەنبەری
عاشق لە بووی موشتەری بەدل ، بەروح‌و ، بەسەر

(١) نەو : تازە ،

www.iqra.ahlamontada.com

نفی ئـــەبو بە شــیفا بو زامی دەردو جـــەفا
بە شەرتی صیدقو صەفا بو شاهی (خیر البشر)

بـــە صونعی (ربِّ الْفَلَق) سینەی وەکو لاوەرەق
واسیع لەبوو نوری حەق ، لامیع بە وینەی قەمەر

لەسینەیۆ دەر ئەچوو خەطیکی شیرین لــــەموو
طوولی هەتا نافی بوو بە میثلی رەیحانی تـەزر

لای چەپی ناوشانی ئەو ، بو عیززەتو شانی ئەو
هەبوو نیشانی کە بەو شاهیدە ئـەهلی سیەر

بەقەدری هیلکەکەوی ، ئەستیرە بوی ریك کەوی
مەممنوونە بو پررتەوی نووری ئـەوی بینەسەر

بونی ئەرویینشتەدل چاتر لــە نەسرینو گـول
بوی ئەتلایەوە بەکول عەنبەرو میسکی تەتـەر

دەســتی دریژ بوون برا لەبو عـــەتای فوقەراء
دائەپەررین لەســــەرا تا بەندی ئەژنو بـەدەر

چونکە شەهادەی شەرەف بەوکەیی یە شەش تەرەف
پەنجەی شەهادەی لە کەفف ئەعلاو، ئەوان موختەسەر

بوئەوە تا شوینی پیی راس بی لەسەر عەرزی ریی
قوولی نەبوو ژیری پیی بە نـــەقلی ئەهلی سیەر

پاش بە بیغەمبەربوونی

ئـــەوذاتە مونتـــەخەبە کە مەعدەنی ئـــەدەبە
نەك سەرووەری عەرەبە ، بەلکو بو هەموو بەشەر

www.iqra.ahlamontada.com

له ئەووەلی حالـەوە تا کەوتـــە ناوســـالەوە
لەدەر وە یا مالەوە ئەیکرد لە پەستی حـــەذەر

فیکری وەهابەرز ئـەبوو لەم عالەمە دەرئەچوو
بیری لە خالق ئەکرد ، نەك لەزەوی‌و دەشت‌ودەر

کاتی کـــە ویستی خودا یـەکی بگا بـەهودا
فیکری وەهای پی‌ئـــەدا پەنای بدا لە خەتـــەر

بەلی هیدایەت کە بوو عەون‌و عینایەت بـە زوو
ئەم روح‌و جیسمە هەموو ئەکا بەخاوەن هونەر

لەبـــەر چرای ئیهتیدا ئەکەوتە یادی خـــودا
لەئەووەل‌و ئیبتیدا ئەکەوتـــە دەریای نەظـــەر

هەرســـالی مانگی ، برا ، ئەرۆییە غاری (حیراء)
فاریغ لەگشت ماجەرا بەروح ، بە دل ، بە بەصەر

کەسالی چل هاتەدی شەش مانگ هەرچی خەویەدی‌ی(١)
راس‌دەرئەچوو بی‌کەمی‌ی وەکو سفیدەی سەحەر

هـــەتا لـە غاری (حیراء) ریســـالەتی پی‌درا
بوو بە چرای چل‌چرا بو ریی نەجاتی بەشـــەر

دووشەممەبوو هەژدەهەم لە رەمەزانی ئەهەمم
(جبریل)ی خاوەن کەرەم وەحیی خودای بردەسەر

چـــەن ئایەتیکی خودا ، لە خەلق‌و عیلم‌و هودا
هینا لەبو ئیهتیداو ، وون‌بوو لە دەرکی بەصەر

---

(١) خەویەدی‌ی = خەوی ئەدی‌ی .

www.iqra.ahlamontada.com

کە وون بوو لێی ئەودەمە ئـەو خاتەمی ئەکرەمە
وەکویــــەکی پڕرغمە هاتــــەوە دڵ بەحـــەزەر

کـــە هاتەوە مـــەنزڵی لەپاش ئیفاقـــەی دڵی
فەورەن بـــەبێ ماتەڵی کەوتە بەیانی خەبـــەر

گێرایــــەوە ماجـــــەرا ئەوزاعی غاری (حيراء)
بۆ هاوسەری دووسەرا ، بۆ هاودەمی موعتەبەر

پاش باسی ئەم صادیقە ، ئەوهادەمی موشفیقە
بردی‌یە لای (وەرەقە) زانا بـــەعیلمی سـیـیەر

ئەویش بە لەهجەی وەفا فەرمووی بە موژدەی صەفا
ئەوذاتە بێ ئیختیفا (جبريل) بوو ، بوت کەوتەدەر

پاش ئەمە سی‌ساڵی دیی ، ڕووی جوبرەئیلی نەدیی
وقلبُ حَضـــرتـِهِ ضـــاقَ لَـهُ وانحصـــر

تا جاری ئـــەو ڕووچرا ڕوییشتبوو بۆ (حيراء)
کە هاتەوە بەوســـەرا (جبريل)ی هاتە نەظـــەر

بە هەیئەتیکی عەجەب ، بەهەیبەتو بە حەسەب
لەدەهشەتا شای عەرەب کەوتەوە لەرزو خەتەر

کـــە هاتەوە ماڵــــەوە بەوڵــەرزە هـــەرمایەوە
پیچای لـــــە ئەعزایەوە جلی لـــەپێ تابەســــــەر

هەتا لەبۆ ڕەهبەریی (جبريل) گەیشتە سەری
ســـوورەتی (مدثر)ی هینا بەشانو قـــــەدەر

ئینجا بەشانو شەرەف حەرزەت لە هەر چوار تەرەف
بەیانی کرد ، وەك سەلەف ، تەوحیدی ڕەببولبەشەر

www.iqra.ahlamontada.com

صیددیق‌و ، زەیدو ، عەلی ، بیلالی مەشرەب وەلی
عوثمان بە نووری جەلی‌ی گەیین بەبی دەردی‌سەر

طەلحەو زوبەیرو سەعید سەعد ئیبنی عەوفی رەشید
ئەبوو عوبەیدەی شەهید ، ئەرقەمی عالی سیەر

یاران بە صیدق‌و صەفا ئەچوونە لای موصطەفا
بەترســــەوە نــەبادا بگەن بــە ئیش‌و زەرەر

یەك‌یەك‌و دودو ئەچوو لای شاهی خوش خولك‌وخوو
تا وەرگرن رووبــەروو ئادابی دینی بەفــــەرر

بوکاتی فیربوونی حەق گرد ئەبوونۆ یەك‌نەسەق
لای‌شاهی شیوەشیرین ، بەلام بەبیم‌و حــەذەر

هەتا بەرەحمی خودا قــــەبوول بوو لای بارەگا
دوعای (نَبِيُّ الْهُدٰى) ئیمانی هینــا عومــــــەر

ئینجا بەشـــان‌وشکۆە عومەر وەکو شــیری کۆ
کوففاری هینا ستۆە لەشــارو دی‌و دەشت‌ودەر

شمشیری خوی کردەمل ئەیگوت بە پیاوانی زل
کی زیددی دینە بەدل فــەرموو دەبا بیتــــە دەر

تا هاتەخوار زووبــەزوو [فَاصْدَعْ بِمٰا تُؤْمَرُ]
بو نەشری دین رووبەروو لە شاری مەککەو لە دەر

جا مەککە کـــەوتە پەلە لە شورش‌و زەلزەلــە
لە زیددی ئەم سیلسیلە بو کردەوەی شوروشەرر

تائەو شەهی ئەکرەمە فەرمووی لەبەر مەرحەمە
بررونە لای (ئەصحەمە) شای حەبەشی موعتەبەر

www.iqra.ahlamontada.com

یاران لەترس تەلەف چوون بو حەبەش بەسەڵەف
لای ئەصحەمەی بەشەرەف مانەوە بیدەردیسەر

یارانی دلبــەوەفا لە دووری رووی موصطەفا
دیل‌بوون بــەداوی جەفا تا هاتەلایان خەبــەر :

کافرەکان صەف‌بەصەف چوونەتە سوجدەی شەرەف
بو خالقی شەشی تەرەف (والنجم)ی ناردوونەسەر

لەشەوقی ئـــەم وەحدەتە یارانی ئەمحەزرەتە
گەرچی سەفەر زەحمەتە هاتنەوە مەککەی بەفەرر

دەرکەوت کافران هەموو هەروان لەسەر عەینی خوو
بویــە گەررانەوە زوو لەبو حەبەش بەســەفەر

رەضــای خودا حــــازرە ، هاتنی زور ظــاهرە
بو ئەوکەسەی صابرە لەبەر بەلاو دەردیســەر

ئەرواتە ناو قەلبی حەی بەروژوشەو پەی‌بەپەی
ئەوەی نەکا باسی وەی لە ئیشـــی دەردورەرەر

دەرچوونی بەنی‌هاشم بو شەعبی عبدالمطلب

ئـــــەمجارە خیلی جـــــەفا ، کافرانی بی‌وەفا
لەبو سزای موصطەفا کەوتنە قەسدی خەتــەر

ئەبی موحەممەد بەزوو لەگەل ئەقاریب هــەموو
بررونە دەر زووبەزوو ، نەکەن بەشــارا گوزەر

خزمان خەم‌لەدل هەموو ، دەرچوون لە مەککە لەبو
شـــیوی (عبدالمطلب) دل‌عاجزو غەم‌لەبــــەر

www.iqra.ahlamontada.com

روحم بـــەقوربانی تو ، بو دلی بوریـــانی تو
نیشی دلو گیـانی تو ، ئاگرئەخاتە جیگـــەر

بـەلابدا لەوکەســـە بوت‌بو بەمایـەی زەرەر
باشەل ببی ئەو دەسە نوسیویە پەیمانی شەرر

بەلی شەرەف وای ئەوی ، قەت گەنجی دەس‌ناکەوی
نادالەکەس پررتەوی بی‌ئیش‌و بی دەردی‌ســەر

مــــەردی خوا بوخودا گیانی ئـــەکا بــەفیدا
باکی نی‌یـــە ئـەبەدا لەزەحمەت‌و لـــەزەرەر

روحم فیدای ئەودەسە بە زیددی ئەوچەن‌کەسە
کەوتە تەقالاو قســـە بو دەفعی پەیمانی شــەرر

صەبرە وەسیلەی صەفا ، صـــەبرە دەلیلی وەفا
صەبرە لە روژی جەفا ، ئەبی بە مایــەی ظەفەر

صـــــەبری دلی عارفە کـــە خوگـرو واقیفـە
لە شەرری ئەو تایەفــە ، نەوەك دلی بی‌خـــەبەر

صەبری دلی حەزرەتە وینەی قەلای حیکمەتــە
بەوگەلە پررشیددەتە نەکەوتــە لەرزو خەتــەر

باسی میعراجی پیغەمبەر (ص)

بو شانی ، بو شەوکەتی ، بو قەدرو ، بو حورمەتی
وەکوو لەلای ئوممەتی لەلای مەلاییك لەســـەر

هــــات جوبرەئیل لای‌خودا ، بولای ئیمامولهودا
لەگەل بوراق بی‌صەدا بو سەیری خەیرولبەشەر

www.iqra.ahlamontada.com

لەمەککە وەك نووری گەش تاقودسی بی گەردوغەش
رویی بەگیانو بەلـەش ، بەئایەتی بی کـەدەر

جەمبوون لەوی سەروەران ئەقطابی پیغەمبەران
تا سەروەری رەهبەران گەپیشتە جی بیخەتـەر

(صَـارَ اِمَامَ الْهُدٰی وَالرُّسُـلِ فِي الْاِقْتِدٰاءِ
مِنْ شَـرَفٍ قَـدْ بَدٰا عَقْلُ الْوَرٰی وَابْتَهَر)

ئینجا لەبەر پررتەوی لەگەل فریشتەی قـەویی
سەرکەوت لەرووی سەرزەوی جیما هەواو بەحروبەرر

(بوراق) بە ئەمری خودا بالو پـەرری لی ئـەدا
(اَحْسِـنْ بِمٰا قَدْ بَدٰا ، وَالْاَوْجُ قَـدِ ازْدَهَر)

لِمَـنْ اَجـٰاب النـِدٰا لِعَلَمِ الْاِهْتِـدٰاء
رَفْعُ الْبِنا قَدْ بَدٰا ، وَالْكَسْـرُ قَدِ انْكَسَر

عالەمی طەی کرد هەموو سەروەریخوش خولكو خوو
تا شەجەرەی سیدره بوو جبریلی یاری سـەفەر

فەوجی فریشتە بەصەف ، حازر هەموو گیانبەکەف
تا توزی پیی بوشەرەف بکەن بەسورمەی بەصەر

ئەوشاهی رووچلچرا نوورو ضیای دووسـەرا
تیكنەچوو لەمماجەرا نەبەدل ، نە بە بەصـەر

من بابنازم بـەتو ئـەی شـاهی خاوەنشکوّە
رویشتی بو گوفتوگو لەلای خوای بەحروبـەرر

بو قوربی ذاتت لـەوی مەسافە رینا کـەوی
با (قابیقوسین) لـەوی ببی بەوینەی نەظـەر

www.iqra.ahlamontada.com

بەفەیضی جیلوەی قیدەم کە بوی ئەچوو دەم بەدەم
گیان بوو بە بەحری کەرەم دڵ بوو بەکانی ئەمەر

بیستی گەلی سیرری حــەق لە خالیقی ماخەلەق
ناکری بەحەرف و وەرەق شەرح و بەیانی خەبەر

جادا پەرری لەودەما لە ئــەوجی بورجی ســـەما
عالەم تەمی تیا نــەما لەبەر نەسیمی ســـەحەر

شەهابە ، یا بەرقە خۆی دنیا بەبی فەرقە بــوی
دەستت لە دنیا ئەشوی بزانی چونــە خەبـــەر

کوچی حەرزەت (ص) بو (مەدینە)

ئینجا بە وەحیی ســەما وەختی ئیقامەی نـــەما
با (سَیِّدُ الْکُرَماءِ) لـــە مەککە بررواتـــەدەر

هات ئەمری هیجرەت بەحەق لای ذاتی (رَبِّ الْفَلَقِ)
لەبەر شەرری (ما خَلَقَ) کەوتە تەهی یەی سەفەر

لەگەل رەفیقی وەفی ، صـــەدیقی دل موکتەفی
بە صوورەتی موختەفی لەشـــارەوە چوونەدەر

لەغاری ثەورا لــەوی مانــەوە تا سێ شـــەوی
بەڵکو هەلی هەلکەوی هەتا بررون بەســـەفەر

بووبەکری خاوەن صەفا ، رەفیقی صاحیب وەفا
پێی خوشی بوو دەردوجەفا لە پیناوی پیغەمبەر (ص)

صـــەدیقی نـــازاری تو ، رەفیقی ناوغاری تو
گولباخی بی خاری تۆ بو تو ئەبوو بەسـوپەر

www.iqra.ahlamontada.com

بەدەوری ئـــەویارەدا مارگـــەستی لەوغارەوا
لـــەوغارە پڕمارەدا بۆ یار ئەکـــەوتە خەتــــەر

سێشـــەو لەوی مانـــەوە ئینجا بەپەنهانــــەوە
وەك ڕوژ لەکیوانەوە طلوعی بوو ، کەوتـــەدەر

بەشەرمو شـــانو شـــکۆوە نەسیمی داوینی کۆوە
ڕووی کردە جەبهەی سەروو لە ساحیلۆ بوسەفەر

هەرچەنە باران نەبوو کەچی ڕیگاوبان هـــەموو
بە یومنی ئەو زووبەزوو پڕر بوو لە خیرولەفەرر

لەمسەفەری هیجرەتە لە فەضلی ئەو حەرزەتـــە
هەر خاریقەی دەهشەتە دەرئەکەوی بوبەشـــەر

باسی (سوراقە) مەکەن ، لەوخاریقە دەسمەدەن
سیجار لەرری بەبەدەن رووچوو گەییشتە خەتەر

با بەرگی (کیســرا) ببا لە جائیزەی ئـــــەدەبا
خەلات لەلای نوجەباء شمشیرە یا تاجیســــــەر

لە ئوممومەعبەد مەدوو ، مەرریکی پیری هەبوو
بە یومنی شا زووبەزوو بوی‌بوو بەجیی‌خیروفەرر

کە شەوقی داوە لەدوور خاوەن صەفای بەرقی نوور
ئەنصار گەیینە حوزوور ، حوزووری (خیر البشر)

بـــــە عادەتی نوجـــــەباء پیشـــوازی‌یان‌لی‌کرا
کە دابەزین لە (قوباء) میوانی زور موعتەبـــــەر

روون‌بوو هەموو سەرزەوی بەنووری سیمای ئەوی
تاریکی‌ی کەوتە نەوی‌ی، دەرچوو سوفیدەی سەحەر

www.iqra.ahlamontada.com

راستە ئەمە یا خـــەوە ، بە روژە یا بەشـــەوە
ئەوخاوەنی پرتەوە لای عاشیقان کەوتە دەر ؟؟

(ئەنصار)ی ئەو روژوشەو پەروانەوینە بەتەو(١)
بوشەوقی روخساری ئەو ئەچوون بەسۆزی جیکەر

چەن خوشە دل ئەودەمە سەرشارو خاترجەمە(٢)
نە میحنەتەو ، نەغەمە ، نە زەحمەتەو ، نە کەدەر

لەمحالـــە ویجدانی‌یە ، میقداری یـەك ثانی‌یە
بەمعالەمـــە فانی‌یە قیمـــــەتی نایبتــەدەر

پاش موودەتی لە (قوباء) لەگەل‌گەلی بـــەوەفا
وەکو شنەی بای‌صەبا چوو بو مەدینەی‌بەفەرر

پیش‌وازی‌کەران بەجەم دلخۆش‌و خالی لەغــەم
سرو‌ودی شادی‌ی بەدەم : (طَلَعَ نُـورُ الْقَمَر)

یارانی مەککەش هەموو لە زوروکەم هەرچی بوو
گەیین هەموو زووبەزوو بە حەزرەتی پیغەمەر (ص)

موهاجرینی (حەبەش)پاش زەحمەتی روژی رەش
جەم‌بوون لەلای بەش‌بەبەش بە میثلی هالەی قەمەر

چەن‌خۆشە دل بەصەفا ، لەپاش فیراق‌و جەفا ،
بەیاری خاوەن‌وەفا بگا ، بەبی دەردیســـەر !!

جا سەروەری رووچرا فەرمووی : چرا هەلکرا
ئیعلانی ئاین درا بو ئـــەهلی بـــەدوو حەزەر

---

(١) بەتەو = بەتاو ، بەتین .
(٢) سەرشار = مەست ، شاد .

www.iqra.ahlamontada.com

بە وەعظو ئیرشادی حەق ، عالەم طەبەق بەطەبەق
گەیین بە نووری شەفەق دڵشادو دەس بەکەمەر

بەلام بە هوی بەدرەوی‌ی جوولەکەی رەوشت نەوی‌ی
تەمکەوتە سەر رووی زەوی لەبەر تەمای أخذ وجر

شیری سپی ئیهتیدا رەش بوو بەشیوەی عیـداء
جا وەکو شـــیری خودا ئەصحابە دەرچوونە دەر

بەدرو ئوحود هاتەروو ، خەندەق‌و خەیبەر بەزوو
بەفەتحی مەککەش کە بوو ، حونەینی پڕ لە زەفەر

ئیمانی ئەهلی «یەمەن» بەســـەییدی موئتەمەن
حیجازی خستە کەمەن ، ئیسلامی پی کەوتەسەر

وەصفو ئەنای ئەصحابەکان (رض)

من بم بـــەقوربانی تو ، قوربـانی یارانی تــو
ســینە سپیرانی تۆ بو روژی بیم‌و خەتـــــەر

صەدیەکی باس ناکری وەصفی صەحابەی (نبيّ)
دەبی بە بی‌ئەدەبی‌ی دەم‌بیتە نوطق‌و خەبـــەر

هـــەموو نوجومی خودا بو رەجمی جننی عیــدا
بەوان لەناوچوو صەدان لــە ئەهلی غەدروزەرەر

بوفەرر هەموو ماڵ تەلەف بو شەرر هەموو گیان بەکەف
کــە دائەمەزران لەصەف ئەباری فەتح‌و ظەفەر

ۆخۆ هەموو نەرم‌خوو ، دڵ ئاگرین بو عــەدوو
کاتی ئەبوون رووبەروو دوژمن ئەکەوتە خەتەر

www.iqra.ahlamontada.com

قِفْ بِمَقَامِ الصَّفَا ، وَصِفْهُمُ بِالوَفَاءِ
فَهُمْ هُمُ الشُرَفَاءُ وَالصَفْوَةُ فِي البَشَر

أَجْسَامُهُمْ عَذَّبُوا ، أَنْفُسَهُمْ هَذَّبُوا
أَجَلْ ، فهم ذَهَبٌ ، وَغَيْرُهُمْ كَالغَبَر

ئەرواحو مالیان لەلا ، وەکو وەتەن خاکو با
دایان ئەنا بەفیدا تا دینی حەق بیتەدەر

لە ذەوقی هیجرەتی تو ، بە شەوقی نەصرەتی تو
بە عەشقی حەزرەتی تو سەرزەویان گرتەبەر

بەبە لە (ئەنصاری) تو ، ئەحبابی ئەخیاری تو
فیداکاری گیانی تو لە روژی تووشو خەتەر

گیانیان فیدابوو لەبوی ، مالیان بە قوربانی ریی
دلیان لەبەرخاکی پیی تا دابنی پیی لەسەر

موهاجیرین دلبرین ، ئەنصار بە قوربانی دین
بویە ئەناو ئافەرین ئەهاتەسەریان لەسەر

ئەصحابەکەی (بەدر)ی تو ، قوربانی ریی قەدری تو
لەعەشقی رووی بەدری تو سەرمەستی ذەوقی کەدەر

صِفْ أَهْلَ بَدْرِ الفِدَا أَحْيَاءً أَوْ شُهَدَاءِ
بِكُلِّ وَصْفٍ غَدَا لِخِيرَةٍ فِي البَشَر

سیصەدو سیانزە کەسن بەروحو دل ئەقدەسن
ئەتگوت گولی نەورەسن لەباغی ئیحسانو فەزر

فریشتەروو بوون هەموو خوش خولکو خوو بوون هەموو
قوربانی تو بوون هەموو، بو تو ئەبوون بە سوپەر

www.iqra.ahlamontada.com

بویی فریشتەی سەما بوون بە مەدەد لـەو دەما
لە بەدردا غەم نەما لە شەوق‌و شادی ظەفـــەر

لە کیوەکەی (ئوحود)ا چــەن موخلیسی جانفدا
چووە ریزی شوهەدا بەرگی گولی کردەبـــەر

ئەصحابی بەیعەی رەضا ، رازی بەئیش‌و سـزا
هات بو ئەوان بەجەزا ئـەناو رەزای موعتـەبەر

ئەصحابی خَیْرُ الرُّسُـل ، ئالی وەکو بەستەگول
پیویستە بو نووری دل حوببی ئەوان بو بەسەر

مەخصوص لە بو خولەفاء ، هاومەجلیسی موصطەفا
مەنبەعی حیلم‌و وەفا ، مەجمەعی دین‌و ئەـــەر

بووبەکری صیددیقی ئەو ، حازری تەصدیقی ئەو
ناصیری تەحقیقی ئەو ، لە غارو خاری کـــەدەر

هەم یاری خاوەن شکوە ، شیری دەرو دەشت‌وکو
کوففاری هینا ستوە ، حەزرەتی مەولا عومــەر

عوثمانی کانی حەیا ، دل پرر لە نوورو ضـــیاء
دوو نووری شای ئەنبیاء لە مالی ئـەو هاتنەدەر

ئەکبەری ئالی (نبی) هاوسەری زەهرای (نبی)
حەزرەتی مەولا عەلی ، حەیدەری خاوەن هونــەر

نەرگسی شەهلا حسن ، حسین شەقیقەی چەمەن
بو دل ئەبوون بە کەمەن ، بو حەق ئەبوون بە سوپەر

عەباس‌و حەمزەی شەهید زوبەیرو سەعدو سەعید
ئەبوعوبەیدەی رەشید ، طەلحەی حەمیدە سی‌یەر

www.iqra.ahlamontada.com

هەم ئیبنو عەوفی میثال بو صەرفی ثەرەوتومال
جەعفەر کە ئەفریی بەبال ، کما أتى في الخبر

رەزای خوای عالەمین ، لەسەر ئەوان اجمعین
هەم بو ئەوەی تابیعە بو دینی خیر البشر

باسی قورئانی قەدیم

[بابی لە قودسی سەنا ، رەببی ، سەلامو ثەنا
بو سەروەری ئەنبیاء بو رەهبەری ئومەنا[1]]

وَصَلِّ رَبِّ عَلى مَنْ نُورُهُ عَمَّنَا
وَفَيْضُ بِعْثَتِهِ تَمَّ وَعَمَّ لَنَا

من بم بە قوربانی تو ، قوربانی قورئانی تو
دەلیلو بورهانی تو أظْهَرُ مِنْ شَمْسِنَا

وەصفی قەدیمی خودا ، بی‌حەرفو صەوتو صەدا
(كَلامُ نَفْسٍ غَدَا يَلْمَعُ فِي نَفْسِنَا)

وك سائری وەصفی ئەو لازمە بو ذاتی ئەو
مونەززەهە لە عەتەب موزەیەنە بە ثەنا

هەروا بە صەوتو صەدا کە لامی لەفزی خودا
صەدوچوار بەجودا بی‌عەیبو پێچو پەنا

صەدیان بەحەق صوحوفن بو ئەنبیای سەلەفن
کە مەجمەعی شەرەفن هەم لاییقی ئیعتینا ..

---

(١) ئەم بەیتە سەربەندە ، بە کومەل دەخوێنرێتەوە .

www.iqra.ahlamontada.com

چواریان بەناوی عەلەم ، تەوراتی مووسا یەکەم
زەبووروئینجیلە هـــەم بوئەنبیای ئومـــەنا

قورئانە ئاخر رەقـــەم بو ئەحمـــەدی موحتـــەرەم
ناسخی باقی بەجەم ، هـەموو چوون بو پـــەنا
بیدەخلی ئینسو پەری ، بیخەتەری موفتـــەری
پاكو نـــەزیەو بەریی گەیی بـــە (خَیْرُ الْوَرٰی)

لەبەر بولەندی قەدر ، لە حەددی عالەم بـــەدەر
موعجیزی جینو بەشـــەر (وَلَوْلَـهُ اسْتَظْهَرَا)
جامیعە بو خەیری كول ، بو لەش ، لەبو گیانو دل
عەتری وەكو بەرگی گوڵ ئـــەروا بەدل بەسەرا

بەجەوهەری ئەنوەری لەگەوهەری شـــــەوچرا
دەركەری ئینسو پەری لـــە میحنەتی ماجـــەرا
باعیثی نووری دلـــە ، هاودەمو هاوەمـــــەنزلە
حەللی هـــەموو موشكیلە لەقـــەلبی باخەبـــەرا

شـــیفابە بو زامی دل صـــــەفایە بو جامی دل
وەفایە بو كامی دل بو ئـــەهلی حـــەق ئـــەیبرا
ئەوكەســـە بەومایلە دوورە لەهــەر غایلـــــە
ئەوكەســـە لەوغافلە دوورە لـــە نووری چـــرا

نـــووری وەها ناریـــــە لەناو ذلا ســــاریە
كەســـی بەحەق قاریە ئەگا بە بەهرەو عـــــەتا
بینی لە لای عالیـــە ئـــەوی بـــەدل تالیـــەە(١)
لە عەنبەرو غالیە ، لە میسكی ئاهووی خــــەتا

(١) تالی : لەتیلاوەتەوە وەرگیراوە ، واتە : ئەوی ئەیخوینیتەوە .

www.iqra.ahlamontada.com

نه نه جیان لێك ، برا ، بەقـەد تورەیاو تـەرا
ســامِحْ عَلیٰ ما جَـریٰ بِالسَّـهْوِ مِنّا اَ تیٰ

ئاوی فوراتی صـــەفا بو قـەلبی ئـەهلی وەفا
لەو کەسە ئەرروا جەفا کە خوی ئەشوا لەوشەتا

خیرو جەزای ئەوەیـە حەرفیکی یـەك بەدەیـــە
زیادە جەزایشی هەیە ئەرروا لەگـــەل نی یـەتا

بەقەد هەموو حەرفی ئەو برژی کەرامەت بەدەو
سەر روحی رەهبەری ئەو هەم بەسەری ئومەتا

باسی خوورەووشتی بەرزی حەزرەت (ص)

ئەی شاهی خوش‌خولك‌وخوو ئەی ماهی گول‌رەنگ‌وروو
گیان‌و لەش‌و دل هـەموو بو تو ببی بـــەفیدا

ئەخلاقی خوش نەرزی تو لە سوننەت‌و فەرزی تو
وەك موعجیزەی بەرزی تو دایەوە دەنگ‌وصەدا

رەوشـــت‌و عادەتی تو ، زیکرو عیبـادەتی تو
صـەبرو صـــەداقەتی تو ، قیبلەیە بو ئیفتیدا

چون باسی ئەوصافی تو تەواو ئـەکا گوفتوگو
قورئان کە بو نەعتی تو «خولقی عەظیمی» هینـا

خولقی عەظیمی ئەتو قورئانی خاوەن شـــکۆە
بو شەوکەت‌و شانی تو قورئان بووە بە پـەنا

بـە نووری ئیمانی تو ، بـــە عیلم‌و عیرفانی تو
بەوەعزو تبیـانی تو ئەم‌چەرخە کەوتـە صەدا

www.iqra.ahlamontada.com

بەحیلمو ئیحسانی تو ، بــە عەفوی ئاسانی تو
بەرەحمو ویجدانی تو بوت‌بو بەشـــەر بە فیدا

ئەوەنەبوو تا دەســـەر لە کافری بەدئەثـــەر
بو کوشتنت هاتـــەبەر بەنی‌یـــەتی ئیعتیدا

کە لی‌ی ئەبووی باخەبەر بی زەجرو بی دەردی‌سەر
رووت‌کردە صەرفی نەظەر لە کینەوو لــە عیدا

صاحیبی سەیفو قەلـــەم ، طالبی عیلموعەلەم
عاجز لە ئیشو ئەلـــەم مەر بو جەزای ئیعتیدا

سەرگەردی هیممەتی تو ئاصەف کورری بەرخیا
شاگردی حیکمەتی تو (لوقمان) بەچەن ئیعتینا

لەبەر مەلاحەتی تو (یووسف) قەلەم‌برر بەدەس
لەبەر فەصاحەتی تو (سەحبان) عەلەم دەرفەنا

بو سەعدی طالیعی‌تو (زوهرە) بەدل موشتەری
لە نووری لامیعی تو شـــەمسو قەلەم دەرپەنا

«کاف» بوکیفایەتی تو ، «هی» بو هیدایەتی تو
«یا» بو جەماعـــەتی تو رەمزی خیطابـــەو نیــدا

«عـــەین»بو عینایەتی تو عیلمو عـــەدالەتی تو
«صاد» بو صەداقەتی تو ، رەمزە لـــەبو ئیهتیدا

«طاها»و «طاسیم»ی تو «طاسین»و «یاسین»ی تو
راستە بە ناسیینی تو بەشـــەر ئەگا بــە خودا

بو«صـــاد»ی چاوانی تو ، کومـــەلی لاوانی تو
وەك قوچی قوربانی تو خویان ئـــەکرد بـــەفیدا

www.iqra.ahlamontada.com

به «قاف»ی قورئانی تو ، به «صاف»ی عیرفانی تو
چەن موخلیسی شانی تو چونه ریزەی شـوهەدا

بە«نونی» نامەی کەرەم بو عەرەب‌و بو عەجـەم
چەن سەروەری موحتەرەم چوونه گەلی سوعەدا

کە طەلعەتت کەوتە دەر ، لەشەرمی رووی تو قەمەر
شەق‌بوو لە خوارو لەسەر لەوجیگە کەوتە پـەنا

تەنیا نەوەك هەر قەمەر ئەم عالەمە سەربەسەر
خادم‌و دەس‌بەکەمـەر دەم‌بەسوپاس‌و ثـەنا

سوجدەبەرە داری دەر ، لە سووسەمار دی‌خەبەر
ئاهوو شـکاتی خەتەر دینیتە لات بو پـەنا

لەبـەر فیراقی ئەتو کولەکـە هاتـە ستۆه
حەقیـە بـەبی گفتوگو بیتـەفغان‌و زەنا

چون سیرری حـەق سـاری‌یە لە جامیدو نامی‌یا
لە جینن‌و ئادەمی‌یا ، لە جەوهەری مـەعدەنا

ئەتوی مەسیحا نەفەس کەلیمی طوری قەبـەس
عەصـای ئەتو عیلمە بەس ، واللهُ أَوْر ثَنا

سکالایەك لای فەخری عالەم (ص)

ئـەی گولی باغی دلـم ! توگول‌و من بولبولم
لەبو سـووروری دلم خـەندە بکە بـە صـەفا

با بەس‌بی ئەسرینی چەم ، وکوو گولی نم‌بەدەم
با بەس‌بی نالین‌و غەم لـەداغ‌و دەردی جـەفا

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی شاهی بەیتو حەرەم ! فەرمووو بە شیوەی کەرەم
با گوشـــەچاوی بخـــەم بو خادمی بـــەوەفا

تا بـە بەلاغەو ئـــەدەب وەك بولبولی بەتەرەب
بەنەزمو نەغمەی عەجـەب بیمە ثەنای موصطەفا

بەسۆزو ســـەودایە دلبە زەوقو ئینشایە دل
بو تویە شەیدایەدل ئـــەروا بە شەش تـــەرەفا

«بوردی‌یە» یا «کوردی‌یە» هەرشەوقی ئەحمەدی‌یە
عەشـــقی موحەمـــەدی‌یە لـي ولمِن ســـلفا

بەحریکە بی بیخوپەی ، چەن کەعبو حەسسانی حەی
«جامی» بەچەن جامی مـەی مِن عینـهِ اغترفا

هەرچی هـەبوو ئەصفیا لـە ئـەنبیاو ئـەولیا
موقـەررەبی کیبریـــاء لـە جامعـەی عورەفاء

ئیحسانو جوودی هەمو سیماو سوجودی هەموو
نوری شوهوودی هەموو مِنْ حَضْرَةِ المصطفی

مـەقامی مەحموودی تو ، جیگەی فغانەو پـــەنا
لـە حەوزی مەورروودی تو گردئەبنەوە ئومـەنا

صوورەتی مەحبووبی تو ، سیرەتی مەرغووبی تو
بو دلی مەحـســـووبی تو نوریکە ناگری پـــەنا

نیعمەتی مەشهوودی تو ، مەرحەمەتو جوودی تو
بو قـــەومی مەســـعوودی تو عَمَّ ودامَ لَنا

بەماددە ئینسانی تو ، مـەرکەزی ئیحسانی تو
ئەمما مەلەکسانی تو لە ئەوجی قودسی ســـەنا

www.iqra.ahlamontada.com

رُوحٌ عَلَى عَرشــــهِ يُوجِبُ إجْلالَنـــا
شـــخصٌ عَلَى فَرْشِـــهِ يَجْلِبُ إقْبالَنـــا

ئەیپادشاهی حـــەرەم خاوەنی خوانی کـــەرەم
ساکت بەبی«لا»و «نەعە»م هاتوومە سایەو پەنا

دەخیل بەوینەی عەرەب ئەی پایەبەرزی حەسەب
ویلم نەکەی بیدەلیل لە دەشتی صاحیب تـــەما

منخادمو ، شاهی تو ، ئەمیری جـــەمجاهی تو
حەیفە لـــەبو جاهی تو بەندەت لەناو ماتـــەما

ئەســـیری دنیایـــە دل لەگیژی دەریایـــە دل
با رەحمی تو بیتەکول ئەی کانی فـــەیزی سەما

تووو مەرتەبەی سەروەری تووو مەنقەبەی رەهبەری
نەسیمی بو عەنبـــەریی با بیتەدل لـــەمدەما

جا با بە ئیحسانی تو ، دوو دەستی دەربانی تو
بگەن بـــە دامانی تو دەرچم لـــە چالی غـــەما

يا شَمْسَ نُورِ الضُّحَى ، يا بَدْرَ لَيْلِ الدَّجا
مَنْ بِالْهَـــوَى فَلَجا لِبابِكُمْ اِلْتَجـــا

وَجائِيـــاً قَـــدْ اَتى مِـــنْ اَجْلِ نَيْلِ الْعَطـــا
فَجُدْ لِمَنْ قَدْ أتَى يا خَيْرَ مَنْ يُرْتَجى

بو خادمی حەزرەتت ، ســـایەی لیوای رەحمەتت
پایەیـــە بو ئیهتیدا ، مایەیـــە بو ریی نـــەجا

لـــە حالی بیحاصـــلم بەســـراوە دەرگای دلم
ســـا حەل بکە موشکیلم وَافْتَحْ لَنـــا مَخْرَجـــاً

www.iqra.ahlamontada.com

هاتوومه ئاسانەکەت بو فەیزی ئیحسانەکەت
با هەوری نەیسانەکەت برژینی سەیلی رەجا
ئاوی حەیاتم ئەوی ، سایەو پەناتم ئەوی
« نوورو نەجاتم » ئەوی ، یَا اَمَلِي لِلنَّجَاةْ
شوکری خودا بیخەفا دل مولهەمە بە صەفا
لای حەزرەتی موصطەفا قەبوولە هیواو رەجا
دوولیوی دەربانی ئەو ، لە عەینی ئیحسانی ئەو
شەربەت ئەبا روژوشەو ، نەك هەردەمی ئیلتیجا

پاررانەوە لە خوای تەعالا

يَا رَبِّي ، يَا رَاحِمِي ، يَا خَالِقِي ، مُنْعِمِي
يَا صَاحِبَ الْكَرَمْ ، يَا مَنْ بِهِ يُلْتَجَى
يَا رَافِعَ السَّقَمْ ، يَا دَافِعَ الأَلَمْ
بِاِسْمِكَ الأَعْظَمِ اَلُوذُ حِينَ الرَّجَا
وَكَافَّةِ الأَنْبِيَاءْ ، السَّادَةِ الأَوْفِيَاءْ
وَسَائِرِ الأَصْفِيَاءْ مَنْ فِي الصَّفَا وَلَجَا
لا سيّما المصطفى اَشْرَفِ اهلِ الوفا
مَنْ لِلْوَرَى بُعِثَا ، مَنْ فِي العُلا عَرَجْ
وَآلِهِ المُحْتَرَمْ وَالصَّحْبِ سُحْبِ الْكَرَمْ
وَكُلِّ اَهْلِ الحَرَمْ ، وَمَنْ بِهِ يُرْتَجَى
وَاَهْلِ عِلْمِ الاَثَرِ لِلدِّينِ اِذْ يُسْتَطَرْ
وَاَهْلِ ذِكْرِ السَّحَرْ ، مَنْ بِالْوَفَا اَدْلَجَا
اِرْحَمْ بِنَا رَبَّنَا ، فَاِنَّنَا فِي الْعَنَا
وَمَا اَلَمَّ بِنَا مِنْ وُسْعِنَا خَرَجَا

www.iqra.ahlamontada.com

وَاكْشِــفْ لَنَا رَبَّنَــا كَرْباً اَحَاطَ بِنَــا
وَالْطُفْ بِنَا رَبَّنَا ، وَاجْعَلْ لَنَا مَخْرَجَا
وَاشْـرَحْ لَنَا صَدْرَنَا ، يَسِّرْ لَنَا اَمْرَنَا
وَاخْتِــمْ لَنَــا عُمْرَنَا بِرَحْمَــةٍ وَنَجــاة

من خوم به شيوەی وەفا ئيقرار ئەكەم بی خــەفا
بە بەردی جورمو جەفا جامی صەفاكەم شـــــكا
بـــەلام كە دل هاتەكول ، داوينە پرربوو لەگول
لــە عــەرەقی شـــەرمی دل زەردەگولی لی تكا

كوورەی كەرەم ديتەدەم گوناه ئـــەبا زورو كەم
لای رەببی بەيتو حەرەم دی ئەمری عەفوی خەتا
رەحمی خودا لەمدەما ئەرژی لــە ئەوجی ســەما
اِنْ عَمَّ مِنَّــا الْخَطَا ، قَدْ عَمَّ مِنْهُ الْعَطـا

بريژە رەحمـــەت خــودا بی ئەوەلو ئينتيهـا
سەر سەروەری ئەنبياء سەررەهبەری ئەصفياء
سەر ئالو ئەصحابی ئەو ، ئەتباعو ئەحبابی ئەو
طـالبی ئادابی ئـــەو لە ئـــەتقياو ئـــەوليا

تا بەرقی نووری سەما ئەرژی بەســـەر عالەما
تا لە بـــەنی ئادەما طـالب هەيـە بو ضـــياء
تا (نامی) يە(١) شـــاخی گول لەديبەری بــەرچيا
تا ســـامی يە باغی دل لە سيبەری ئەصـــفياء

مانگی رەمەزان ــ سالی ١٣٧٥ی كوچی
تەكيەی تالەبانی ــ لە شاری كەركووك

---

(١) دانەركەليمەی « نامی » بەكارهيناوە بو نازناو ٠

www.iqra.ahlamontada.com

٦

ئيقبالْ نامه

www.iqra.ahlamontada.com

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

حەمدو ثەنای عـام بو خودای عـەلیم
رەهنومای بەشـەر بو عیلمو تەعلیم

برژی بارانی صـەلاتو سـەلام
بەسەر روحی شای میللەتی ئیسلام

ئیسمەن موحەممەد ، رەسمەن موەجەد
ئەکمەلو ئەجمەل ، ئەشرەفو ئەمجەد

هەم لە سەر ئالو صـەحبو تابیعین
خـودا رازی بی لی‌یـان ئەجمەعین

پاش ئەمە ئـەلی بە صیدقو تەسلیم
چاوەڕی‌ی فـەیضو تـەوفیقی علیـم

(عەبدولکەریم) ناو طالبـی حیکمەت
مائل بـە نەشری ئەسبابی رەحمەت :

مـەولانا (خضـر) شیخی رووارى
روتبـەی عالی‌کا حـەزرەتی بـاری

لەسـەر زوبانی هـەورامی عامـە
نەظمی فەرموو بوو یەك (دەولەت نامە)

چونکـە نەظمێکی بـە ئینتیظام بوو
لـەبو خاص‌وعام نەفعی تـەمام بوو

لەهجەکەم گۆڕی سەهلو بی‌عیللەت
تا نەفعی بگا بە هـەموو میللـەت

www.iqra.ahlamontada.com

تەرتیبم گـــورری بو ئاســـانی یاد
هەندی جیم کەم کرد ، هەندێکی زیاد

چونکـە ئیقبـــالم لەمـە مەرامـە
نـــاوم بو دانا بـــە (ئیقبال‌نامە)

ئومیدم وایـە بو گـەورەو منـــال
ببی بـە مایەی عیززەت‌و ئیقبـــال

تەرتیبی وایە : یـــەك (موقەدیمە)
دوازدە (باب)و ئەمجار (خاتیمـە)

(موقەدیمە)

(بِسْمِ اللهِ) ئـــەلیم بە موقـــەدیمە
مەقصوود لـە کتیب هـــەتا خاتیمە

بزانن خودای حـــەکیم‌و وەهـــاب
دای‌مەزرانووە دنیا بـە ئەســـباب

دنیای بەش‌بەش کرد بە چەن تەقسیمی
بەهـەر قیسمیکی ئـــەلین ئیقلیمی

لەهـەر ئیقلیمی داینـــا میللـــەتی
بو هـــەر میللەتی یـەك طەبیعـەتی

هەرچـەن مەوالید هەیـە لـە دنیـا
حـەیوان‌و مـەعدەن ، یا جنسی گیـا

دای‌بـە هەریەکی هـــەندی لەئاثار
بۆ دەلیل لەســەر قودرەتی قەهار :

www.iqra.ahlamontada.com

ئینسانی رەشە، یەکی خوش روخسار،
گیایی دەوایـە ، گیـــایی ئازار ،

یاقووت بو ئەرووەت، طەڵا بو عیززەت،
ئەڵماس بو دەفعی بەرقی بە هەیبەت،

بەمەدحو ثەنا دل ئـەبی خوش حال ،
بـــەذەمو جــەفا عاجزو بەدحـــال

هەردوویان قسەن : یەعنی هەوای دەم
ئەوەلیان نۆشە ، ئەمیان ئیشو ئەم

کە شـــاخی بزن بین بکا لــە خـــاك
لیی پـــەیدا ئـەبی ماریکی ناپـاك

زوو پەیدا ئـەبی لــــە خشتی نمدار
دووپشکی چزدار ، بە زەهرو ئازار

چەن ئاداب هەیە بەدل ئەدەن نوور ،
چەنی عومرو مال پیی ئەبی مەوفوور !

هەندی کار هەیە عومرت ئـەکا کەم
هەندی کار شەررەو ، مەینەتەو ، ماتەم

هەندی بیرو هوش پیی ئەبی زیـاد
هەندی بیرو هوش پیی ئەبی بەرباد !

هەندی کار مایـەی شانو عیززەتــە
هەندیکیش کوسپەو ، مایەی نوشوستە

هــەندی بـــەکارە بو بینایی چـاو
هەندی هیزی چاو ئـەکا ناتــەواو

www.iqra.ahlamontada.com

والحاصل سەبەب لەگەل موسەبەب
رەبطیکیان هەیە شەرعیو مورەتتەب

ئــەم عالەمیشــە جیگای ئەسبابە
مەزرەعــەی رۆژی خیرو عیقابــە

کەواتــە باشــە بە قەدەر طاقــەت
ئینسان بە ئەسباب بیبێ مەعریفەت :

بزانــی کامــە مایەی ثەوابــە
کامــە باعیثی شــەررو عیقابــە

تا لەمیان لاداو ، روویکاتە ئــەولا
ببی بە جێگــەی ئــەلطافی مــەولا

بابی یەکەم باسی ئەوشتانە ئەکات
کە دل روشن ئەکەن

ئــەو فەرمانانەی روشن ئەکەن دل
یەکەم صەلەواتدان لە شاهی رسل (د٠خ)

یادو ذیکری حــەق چرای دەروونــە
ژیر ئاگــادارە لــەمچەنو چوونــە

ئایاتی قورئــان ســەرچاوەی نوورە
خوێندنی بۆ دل مایــەی سروورە
زانینی مــەعنای نوور لەسەر نوورە
بی نوورە هەرکەس لە مەعنای دوورە

دل روشــن ئــەکا تەقواو عیبــادەت
نویژی چیشتەنگاو ، نویژی جەماعەت

www.iqra.ahlamontada.com

نوێژی نیوەشەو ، بیداریی سەحەر
ئەبنـــە رووناکی بو دلی بەشـــەر

ریزو گوێگرتن لـــە دایكو بـــاب
دل روشن ئەکەن بی حەدو حیســاب

هاوڕێیی چاکـــان روشـــنی دلـــە
دەوای ژەنگی دل شـــیخی کاملـــە

دل روشـــن ئـــەبی وەکو ئاویینـــە
مادام تیا نـــەبی بەخیلیو کینـــە

کەمخوریو ، پاکیو ، حەلالی طەعام
دل روشن ئەکەن، بی گەرد، وەکوو جام

زورخوریو پیسیو حەرامی طـەعام
دل دوور ئەخەنۆ لە فەیضو ئـەنعام

بوکـەم مـەجالان صـەفا محالـــە
فەراغـەت مایـــەی عەقلو کەمالـە

بابی دووەم باسی ئەوشتانە ئەکات کە ئەبنە هوی دریژیعومر

عومرت زور ئەکا ، ئەی نووری بەصەر
تەماشای بالاو روخساری دولبـەر ،

دەنگو رەنگی باش، خەطو ناوی خۆش
نە زۆرو نە کەم شادیو عەیشو نوش
بینی خوشی کچ مەنکووحەی حـەلال
بەعەقلو کەمال ، بالا وەك شمشـال

www.iqra.ahlamontada.com

کەلامی هەیە عــەرەبی‌و مەرغــووب
« شــــفاء القلوب لقـــاء المحبــوب »

هەیوان‌و خانووی گوشـــادو عالــی
مەخصووص مــەنزلی بەرەچاو حــالی

کیوانی بولــەند وەکو « دەماوەند »
وەك تەختی «شەهو»و «ئەلبورز»و «ئەلوەند»

عومری ســـاکنیان دریــژە داییــم
رەنگیان ســـالمەو ، بەدەنیان قاییم

پیاوەتی‌و چاکـــە لا تــــەبا بـــەلا
زیاد ئەکا عومر بــە ئــەمری خــودا

عومرت زیاد ئــەکا یومنی حەسەنات
وەك کــەمی ئەکا شوومی ســەیئات

نافیعــە بو عومر ، رافیعــە بو ئیش
بەجی‌هینانی صیلەی رەحمــی خویش

بو خوشی‌ی دلیان زور بکە تــــەلاش
بە دەهەندەیی ، یا بە قســەی باش

قاوەلتی‌و شیوت بکە بە تــــەرتیب
ئەو پیش نیوەرو ، ئەم لە پیش مەغریب

شیوی نیوەشەو ، قاوەلتی درەنگ
عومرو صیحەتت لەسەر ئەکەن تەنگ

شافعی فــەرمووی : « اَلْعِلْمُ عِلْمَـانِ
عِلْـمُ الْاَدْیــَانِ ، وَعِلْمُ الْاَبْــدَانِ »

www.iqra.ahlamontada.com

لـەبو ساغی دین عیلمی ئەدیانـە
بو ســاغی بەدەن عیلمی ئـەبدانە

بناغـەی ســاغیی کـەمخوراکی‌یە
زورخوریی مایـەی دەردناکی‌یە

بو مانـی ژیان « کلوا واشـربوا »
لە بوو لەش‌ساغی « ولا تسـرفوا »

خـەوی موعتەدیل : نە زۆرو نە کـەم
دەوامە بو گیان ، دەوایە بو غـەم

مروی بـە ئـەدەب عومری زیـادە
بی‌شەرمو ئـەدەب عومری بـەربادە

ئـەدەب لە ئـەهلی عەقلو عیلمو دین
مایەی دریژیی عومرە بـە یـەقین

حەدیثە : « هەرکەس حورمەتی پیریٚ
بگر ، بەپیریی حورمەت ئـەگیریٚ »

صـەلاوات مایـەی عومرو دەولەتە
چونکە میفتاحی حوبی حەزرەتە (د٠خ)

عومـری دریـژە حاکمی عـادل
رەحـەتی روحـە ئوستادی کامل

جار جار تەماشای گولی « هەرمەلە »(١)
باعثی شـادیی‌و فـەرەحی دلـە

---

(١) هەرمەلە = هیرۆ ٠

www.iqra.ahlamontada.com

شکار ، جاربەجار ، مایەی شادیی‌یە
صـــەیادیی دایبـــم نامورادیی‌یـــە

یاری بە شەترنج شادی‌یە ، کەم‌کەم ،
زوری ســـەبەبی نەگبەتـــەو ماتـــەم

ئیش‌کردن بو لـــەش دەرمانی دەردە
بەدەنی کاســـب وەك پولاو بـــەردە

هەرکەس بی‌کارە موبتـــەلای دەردە
ئەغلـــەب بازاریی رەنگیـــان زەردە

ســـەفەری کوتاە لەگـــەل ســـواریی
فەرەحی روحەو ، دەوای غـــەمباریی

وەختی بو ســـــەفەر رویشتیتە دەر
بکە دوورکات سبو ننەتی ســـــەفەر

ئەم‌جار بخوینە سوورەتی «قورەیش»
لەوسەفەرەدا ئەبی صاحیب عەیش

عەصـــــا لە بو پیر مایەی ئیقبالـــــە
چاکتر لـــــە « میلۆ » بادامی تالـــــە

ئینســـانی بی‌دەنگ عومـــری زیـــادە
هەرزەگو عومری خـــەیلی بەربادە

زیان دریژیی شەررە بو ئینســـان
تَلَفُ الإِنْسَانِ طَرَفُ اللِّسَانِ

هەرکەس زبانی مەحفووظەو مەخزوون
ئەوکەسە دلی قـــەت نابی مـــەحزوون

www.iqra.ahlamontada.com

نەقشبەندی یان حەپس ئەکەن نەفەس
هــەتا عومریان نــەروا بــە عەبەس

زبانت یەکە ، گوێچکـــەت دوانـــە
یـانی : یـــەكبڵێو ، دوان بزانـــە

بابی سی‌یەم باسی ئەوانە دەکات
کەعومر کورت دەکـەن

بــوت بــەیان ئەکەم جوانو تەمییز
هەرچی زیانە بو عومری عـــەزیز :

یەکەم فکرو غــەم . پەریشـــانی دل
هەرکەس غەمبار بی زوو دەروانە گل،

ئارەزووو طــەماع بو مالی کەســان
بەخیلو حەسەد ، وەکوو ناکەســان

توورەیی زیاد عومر ئــەکا بــەرباد
هــەم خەجالەت بوون لە بەینی عیباد

داری نەسووتی ، چرایــە نەگــرری
میداد نەنووســی ، تیغی نــەبرری .

وولاغی کــەمپی ، رەفیقی‌ی نادان ،
ئیحتیاجی‌ی مەرد بو لای نامەردان ،

مەحکوومی‌ی لەدەس حاکمی جەببار ،
لە ناو ناکەسان ببی گوروفتـــار ،
قــەرزاری پارەی پیاوی ناپەســەند
مەخصووص ئینسانی تازە دەولەمەند ،

www.iqra.ahlamontada.com

دلوپـەی خانوو ، کەوشی بـە ئازار
بەدخولقی ژنان مەخصوص بەدکردار ،

بی کەوشی چاکە ، نەك پیلاوی تەنگ
بۆمالی چاکە ، نـەك مالی پردەنگ

رەنگی ترش و تال، طەعنەو قسەی سەرد
لـە دلا دەردە ، لە چاوانا بـــەرد

خەوف و فەرەحی لـە میزان زیـــاد
وەك سەیری مردوو عومر ئەکەن بەرباد

لـەمانە بـەدتر پیریی و ئیحتیـــاج
مـردن چاکترە بو پیری موحتـــاج !

بـــەتایبەتی کەسـیکی شـــەریف
لەچەرخی گەردون کەوتبی و زەعیف

جیمـــاعی زیـاد وەکوو پاســـاری
کەم‌عومری دینی هـــەم دەردەداری

چوونەلای حائیض ، هەرچەن‌حەرامە ،
مایەی نەخۆشیی و کزیی ئـــەندامە

خوینی ئـەو ئەبی بە نوطفە واصــل
دەردی خـــراپی لی‌ئـەبی حاصـــل

گوشتی حـــەیوانی لات و دەردەدار
مـەخو ؛ باعیشـــە بو دەردو ئـازار

پارووبـەك زورباش نەیبرری ددان
فرییدە مـەیخو ؛ ئەبی بە سـننان

www.iqra.ahlamontada.com

ددان گـــەوهەرە لایدە لـــــە رەقیی
پیمەشکینە یەرد بە کەللەشەقیی

لەمســـــی ســــــوورا خواردن زەرەرە
ســــپیکراو بی تـــوزی چـاكترە

بەدەنت مەگرە لـــــە قەزای حاجـەت
زوو بەردە گمیز ؛ نـــەبێ بە عیللەت

لای «ئیبنوحەجەر» ، هەم قەولی «ئەنوار»
حەرامە هەنگوین بو شەخسی تادار ؛

گرانـــەتادار هـــــــەنگوین بچیـژی
مەرخوا نـــەیکا ئـــەرنا ئـــەیکوژی

بو تەسکینی تا خەســـتەو ماسو دو
بــــە لوطفی خــــودا دەوایـــە بو تو

لە هی هەنگوینا ئەگەر ئەکەی باس :
فەرموویە : « فِیهِ شِـــــفَاءٌ لِلنَّاسِ » ؟

بو جوابی تو بــــە صـــــــەبرو قــەرار
ئـــــەلیم شـــفایە بو بەعضـــــی ئازار

لە بو ئلشی ســـك مەخصوص شفایە
بو دەفعی بـــەلغەم ئـــەعلا دەوایـــــە

بو چـــەن مەعجوونی روكنی وافیـــــە
بو مەعنای ئایــــــەت ئەمە كافییـــــە

چونكە فەرموویە : تیاهەیە شـــیفا ،
نەیفەرموو بو گشت عیللەتو جـــەفا

www.iqra.ahlamontada.com

بەدیی‌و بەدناویی مەکــە گەوارا ؛
« وَلَا يَــزِيدُ اِلا تَبَــارًا »

بابی چوارەم قسە لەوشتانە دەکات

کە باعثی نەگبەتین

بزانــە هەرکەس ئــەهلی عیصــیانە
لــە هەردوو دنیــا کاری نوقصــانە

بە فیسق‌و فجــوور بزانــە مەعلووم
لــە دەولەت ئەبی بێ‌بەش‌و مەحرووم
گەر ئەلی‌ی زور کەس صاحیب دەولەتە
هەم ئەهلی فیسق‌و دروو غەیبەتــە ؟

ئــەلیم : ئەومالــە مالی دەمدەمــە
بی عاقیبەتەو روو لــە عەدەمــە

یاخو ئەوکەســە بەوهەموو مالــە
داییم مەلوولــەو ، حالی بەدحالــە

بەهەر مالیکیش مەلوول ببی حــال
ئەوە نەگبــەتە ، نەك خیرو ئیقبــال

کوی ئەکاتەوە بە هــەزار زەحمــەت
بەجێشی دێلی بــەئاخ‌و حەســـرەت

« ناله » ، ئەگەرچی صاحیب حەیوانە
چون بو خوی نابی مەعلووم شــوانە
نەگبــەتی‌ی زورە « تَارِكُ الصَّــلَاةِ »
لە هــەر مالی بی پرە لــە ظولمــات

www.iqra.ahlamontada.com

هەرکەسی نەیدا زەکاتی مالی
« نَعُوذُ بِاللهِ » لە بەدیی حالی

نەدانی زەکات مەنعی بارانە
بە « زینا » وولات چولو ویرانە

هەرکەسی نەگری روژووی رەمەزان
دوژمنی دینەو هاورریی شەیتان

ئەگەر حەج نەکا خاوەنی سەروەت
نگینو مالی ئەبی بە نەگبەت

دروو هەرزەیيو یاریی ناشیرین
نەگبەتین ، برا ، بو دنیاو بو دین

دەخیلە مەخۆ ، بە درو ، قەسەم
مال ویران ئەبی ، بروا ئەبی کەم

کەواتە لەبو شەخصی موسلمان
گوناه باعیثە بو شەررو نوقصان

مەلی : وانییە ؛ خۆ شەخصی کافر
بەدەنی ساغەو سامانی زیاتر

دنیا زیندانە لەبو موسولمان
بەهەشتە لە بو بیدینو ئیمان

خەو ، نەزۆر نەکەم ، مایەی صیحەتە
زوری هەوینی شەررو نەگبەتە

خەوی سبەینی تا خۆرئەکەوی
هەرکەسی بیکا نەگبەتیی ئەوی

www.iqra.ahlamontada.com

« قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ » هەتا « اَحَدًا »
بەشەو بیخوینە لە کاتی خەودا

لە وادەی دلخواز ئەبی خەبەردار
سیرری قورئانە ؛ بتبی ئیعتیبار

لە نیوەرروودا « قەیلوولە » چاکە
دوای عەسران نووستن مایەی هیلاکە

سەرت لە دەرگاو ، بەدەنت لەمال
مەنوو ؛ باعیثە بو شەررو وەبال

لە خەو دامەنی دەس لە ژیری سەر
مەر بو ئیتیباع سەیدی سەروەر (ص)

بە قەصدی سوننەت شەرریش ئیحسانە
ئەمە ئەزانی هەرکەس ئینسانە

مەنووە لە مزگەوت بەبی زەروورەت
تفی تیمەخە ئەدبارەو نەگبەت

لە قەبرستاندا نووستن نەگبەتە
نووستن لە حەممام فەنای دەولەتە

هەندیکت لە خور ، هەندیك لە سیبەر
مەنووە ؛ بوت ئەبی بە دەردو زەرەر

لە سەرەریدا نووستن زەحمەتە
کاتی لەشپیسی خواردن نەگبەتە

لەگەل لەشپیسی خوێندنی قورئان
بیجگە لە گوناە ، نەگبەتەو نوقصان

www.iqra.ahlamontada.com

رویشتن لـــه بو مزگــه‌وت‌و بازار
به له‌شی پیســی‌ی نه‌گبه‌ته‌و ئــه‌دبار

ئه‌گه‌ر حه‌ز ئه‌که‌ی نه‌بینی موشــکیل
هه‌رگیز مه‌شوره ده‌س بــه ئاووگل

ده‌س‌نویژ مــه‌گره له ئه‌ده‌ب‌خانـــه
بو مال‌وحالت شـــه‌ررو نوقصـــانه

له سه‌ره‌ری‌دا بــه‌ول‌و نه‌جاســـه‌ت
هــه‌م له مه‌جلیســا زیانه‌و نه‌گبــه‌ت

له‌ژیری دارا ، مه‌خصووص به‌ثه‌مه‌ر ،
هه‌م روو له قیبله نه‌گبه‌تــه‌و زه‌ره‌ر

ته‌ماشای پیسی مایــه‌ی خه‌ســـاره
له‌سه‌ر نه‌جاســه‌ت قسه ئـــه‌دباره

بو عه‌وره‌تی خوت ، یاعه‌وره‌تی غه‌یر
مه‌ررووانه ، شه‌رره، شه‌رر نابی به‌خه‌یر

هــه‌رگیز مه‌ررووانه لــه بو نامه‌حره‌م
خه‌فه‌تــه بو دل ، دینیش ئه‌کاکــه‌م

چه‌ن‌که‌سی شیت‌کرد مــه‌راقی نه‌ظه‌ر
چه‌ندی موبته‌لا بــه ده‌ردی جیگه‌ر !!

بویه فه‌رموویه حــه‌زره‌تی ره‌ئیس :
نه‌ظـــه‌ر تیریکه لـــه تیری ئیبلیس

به پال‌که‌وتنو ، یا بـــه راوه‌ســتان
نه‌گبه‌ته ، هــه‌رگیز مــه‌خو ئاوونان

www.iqra.ahlamontada.com

نان له هەژاران ، دەروزەکـــەران ،
وەرمەگرە ؛ مالت پێی ئـەبی ویران

تیکە لــــە دەمدا بیجـــاوە جـــوان
بابۆلـــەی مەکــە بە وینــەی نادان

لە تەنشتەوە ، یا لــە ســــەری ران
یا لە دوورەوە قــــەت دامــەنی نان

لە بەردەمتدا بەقــەدرو حورمــــەت
دای‌بنیءو بیخــوو بــە ئیستیراحــەت

نان‌مەخە بــەرپی ، شەررو نەگبەتە
ئیکرامی طـــەعام مایەی ســەروەتە

بــەددان لــەنان مــــەبرە تیکـــە
هەرزەکار مەبە ، قــەت مەکە فیبکە

ئاو مەخورەوە لــە گوزەی شــــکاو
مەخوو مەخوورو لەکاســەی بەســـراو

بەکارمەهینە شـــانەی ژنانـــە ،
شــانەی شەریکی‌یءو شکستەدانـە

ریشت بە ووشکی مەکە بەشـــانە
شــانەی ئەمانەت نەگبەت نیشــانە

مەگرە بـــە ددان سمیلءو ریشـــت
بوچی بـــەتالی برو بو ئیشـــت !

هــەرگیز ناخوونت مــەگرە بە ددان
ناخوونت مـــەدە لــــە بیخی ددان

www.iqra.ahlamontada.com

ناخوونت مـەگرە لە چوارشـــەممە
باشـــە لە دوای عەصری پینجشەممە

کە ناخوونتکرد دەس بشو جـوان
بەخلیلـــەی مورد ماژنـــە ددان(١)

طەعامی بەدبو دوور لە رەحمەتـــە
بو شـــەوو روژی جومعە زەحمەتـە

دوور بە لە هەرکەس هەرزەکەلامـە
مەخـــەرە ژیرپی شـــالو عەمامـــە

قـەط مەدوورەوە لیباس لــــەبەردا
با بی‌ئەوزاعیت نەیـــە بەســـەردا

بـــە دانیشـــتنو دەرپی بکـــەپی
میزەر بـــە پیوە ؛ خیرت ئـــەگاتی

قەط بە داوینە یا بەگوشـــەی جل
رووی خوت مەسرە ، فەقرت دیتەمل

لەسەر هەردو پیت ئەگەر دانیشـی
بەقنجۆ ، ئەلییت موشتەریی ئیشی

بە دەستەوئەژنو دانیشتن شـــەررە
سەر لەسەری ران مەنی ؛ بی‌فەررە !

لە خانووی تاریك تـەنیا دانیشـــی
دیارە بەتەمای ئیشو ئەندیشـــی !

---

(١) ماژنەددان : واتەچیلکەیووردی داری مۆرد مەکە بـە بەینی دندانتـا ٠

www.iqra.ahlamontada.com

بە ئارام بررو ، روژە یا شـــەوە ،
خوتلادە لـــە رری ، لە خولەکەوە

دەسمەبـــە دوا وەختی حـــەرەکەت
لەهیچ حەیوانی قەط مەکە لەعنـــەت

قەط مەسووتینە گەلای پیازوسـیر
پیشمەکـەوە لـــە ماموسـتاو پیر

لـــە بەینیرانو گاگـەلو قـــەطار
ئەگـــەر رابووری دەبینی ئـازار

بـــەناو خەلـــــەدا گوزەر ئـازارە
مەخصووص خەلەیـە مالی هـــەژارە

لەسەر ئاویپاك قـەط دامەکـە تف
مەکوژێنەوە چرای شـــەو بـــە پف

قامیشی مەعقوود یـــەعنی گریدار
قەتپیی مەنووسە ؛ نەگبەتەو ئەدبار

مەخەزیری پی کاغـــــەزو قەلـــەم
خەوشوخال مەکە لەناومالدا جـــەم

قـەت تـەفرە مـەدە فەرمانی خیرات
تـاخیری خیرات ئـەبی بـــە ئافات

عەجەلـە مەکـە لـەکارا ، دەخیل !
مەگـەر لە خیرا ؛ «فِي الْخَيْرِ تعجيل»

ئیمساك نەگبەتەو ، ئیسراف مەذموومە
ئیقتیصاد چاکە ؛ خـەیری مەعلوومە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر لە دەخلت زیاتر بی خـەرجت
بـەچاو ئەبینی زەحمـــەت‌و رەنجت

مـەدە لە هەتیو مەگـەر بۆئـەدەب
لەگەل کەورەدا مەکە گالتەو گـــەپ

یانــەی « عَنْکَبُوت » جولایی کــــەرە
لایبــە لـــەمالا بـــەدو بی‌فـــەررە

هـــەر تەویلەیە تیابی عەنکەبووت
وولاغی لـەرە ، لات‌و نامـەزبووت

خانوو نـــەیمالی ، یا شـــەو بیمالی
ئـــەبی بـەمایەی پەریشـــان حالی

چیلکە مەتاشـــە ؛ کاری بەتالـــە
کوترچی‌و صـــەیاد داییم رەجالـــە

هەرگیز دوعای شەرر مەکە لە ئەولاد
ئەگـــەر ئەتـەوی بمینی دلشـــاد

دایك‌و باوکی خوت بانگك مەکە بەناو
تا ریســوا نەبی ســووك‌و ناتـەواو

باویشك مـەدە رووبەرووی کەســی
یا دەمت بگرە بـــەپشتی دەســـی

بەچاوی سووکی مەروانـە بوکـەس
مەبە بەفیتنە قســەی کەس بوکەس

بەنامــەکی خوت مەبـە بو کەســان
سـرر وەکو سەرە مەیدە بە هەرزان

www.iqra.ahlamontada.com

رامه‌گره له‌مال نه‌سه‌گ، نه سوورەت
ئیللا سه‌گی پاس له‌بـەر زەرووره‌ت

له‌ده‌وری تـەرمو له‌سه‌ر مه‌قبـەره
واتـــەی دنیـایی گـەلی زەرەره

کاتی ئـەخوینری حـەدیثو قورئان
گوی‌بگره : چونکه ئارامن بوگیـان

قسه‌ی پررو پووچ ، زه‌مزه‌مه‌و صه‌دا
نه‌کبه‌ته ، مه‌خصووص له یانه‌ی خودا

مزگه‌وتی ئیسـلام خانـه‌ی خودایـه
شـوینی توبه‌و یاد ، نزاو دوعایـه

پررمه‌کـەره‌وه هـەر ئاوی پاکـــه
ده‌ستت دامـــه‌نی له ژیر چـــه‌ناکه

خاکی گوررســـتان مه‌یینه بو مـال
گـەر پادشا بی ئـەبی به حـەممال

« وَفَّقَنَـا اللّـٰـهُ عَـــلَى الْآدَابِ
أَعْنِـي آدَابَ أَهْلِ الصَّـــوَابِ »

بابی پینجه‌م قسه له‌وشتانه ئه‌کا که

بیرو هۆشی مرۆڤ زیاد ئه‌که‌ن

پشت به‌خوای گه‌وره بوت‌ئه‌که‌م به‌یان :
هه‌رچی زیادئـه‌کا حافیظه‌ی ئینسان

www.iqra.ahlamontada.com

ئەعلای وەسـیلە سـەعییکە داییم
حافیظە بە سـەعی زور ئـەبی قاییم

کرداری چاکـە نوێژی نیوەشـەو
ئەدا بەذیهنت شەعشەعەو پررتـەو

خوێندنی قورئان، مەخصووص بەنەظەر
چاکترە لـەوەی بیخوینی لەبـەر

گەر لـەبی حیفظی خەیلی ئەترسی
بکە بـە ویردت ئایەتولکورسـی

دوعای حافیظـە بـەبی ئیرتییـاب
لە « ئیحیا »دا هـەن لە بابی ئاداب

روژانی جومعە بخوینـە صـەلەوات
صەلەوات دەبیتە هو لەبو خـەیرات

بە خۆشویستنی رەسوولی ئەکرەم (ص)
ئامـانجی خیرت بۆدیتەبەرهـەم

تەوبە لەگوناه ، تـەرکی مەعاصـی
بەقوووەت ئـەکەن حافیظـەی ناسی

چونکا حیفظو ذیهن نووری خودایـە
نایێتـە دلی بـە شـەرر سیایـە

ئـەم ئادابانـە لـەبو ئیسـلامە
ئادابی ئیسـلام مایـەی مەرامـە

لـە بوو حافیظە سـیواك دەوایـە
بەكاری بێنـە ؛ سـوودی تیایـە

www.iqra.ahlamontada.com

خاوینیی لـەش‌و پۆشـاك‌و خوراك
پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ پیاوی چاك

بـەخواردن‌و خـەوتن بەقـەد حـاڵ
بـیرو زیرەکیت دەگاتـە کـــەماڵ

عومرت بـە فیررو مـەدە بـــەتاڵان
مەبە بەهاورریی هەرزەو بـەطاڵان

لەگەل بەطاڵان مەبـە بە هاوسـی ؛
هاوسی لە هاوسی ئەگری سەراسێ(١)

دەخیل صـەددەخیل رەفیقی خـراپ
خوتی لی‌لادە بی‌حـەددو حیســـاب

موجاوەرەیان ســـەممی قاتلـــە
مایـــەی رەفیقیان پووچ‌و باطلـــە

تووی نیفاقیان ســەوز ئەکا لـەدل
داری ، بەرەکەی هەمووی غەشەو غەل

لـە هـــەڤاڵەوە زۆر مروڤی پـاك
دلی تاریك بوو ، وەك ئـەهلی هیلاك

لـەلای ئاسنگەر کەسـی دانیشـــی
جلی ئەســـووتی ، یا ســەری ئێشی

لەگـــەل پیاوچاکان ببـە بە رەفیق
کە خوشتویستن ئەگەیتە تـەوفیق

---

(١) سەراسێ : سەرئێشە .

www.iqra.ahlamontada.com

هیممـــەت داواکـە لـە پیاوچاکان
لە سینەصافان ، لـە دەروون پاکان

فائیدەبەخشن صـولەحای ئوممەت
مەجلیسیان پڕە لە نووری ڕەحمەت

هەرکەس دانیشی لە حوجرەی عەططار
لـە دەماغیدا بـوی خوش دەکاکار

بگەڕی لە شوین ماموستای شەفیق
خاوەن دیانـەت ، طالبی تـەحقیق

عالمی عامیـل طەبیعـەت عـالی
خووڕەووشت پەسەند خاوەن مەعالی

وەك دەرس ئەخوینی زور بەموشتاقی
فیرببـە وەزعی حـالو ئـەخلاقی

لەگەل ئوستاذا ڕەفیقی مەسـرورور
تەبیعـەت شیرین « نور عـلی نور »

مەحەککی ڕەفیق چوارن بـە صیحەت
تەماعو، سەفەر، هاوڕڕی‌یی‌و، میحنەت

(دایـەن) ئـەخلاقی منـال ئەناسـی
هاوسی ئـەناسی حالی دراوسـی

کـە ئەمەت دەس کەوت لابدە لەغەیر
مەکەوەرە دوای وەهمی «ثَمَّ الخیر»(۱) !

---

(۱) وەهمی « ثم الخیر » : واتە دوودلی‌و دانەمەزران لەسەر رایەك ٠

www.iqra.ahlamontada.com

ئــــەدەب لــە ئوستاد حازرو غائیب
هـــەم لــە رەفیقی رەشیدو طالیب

موطالەعەی شـــەو لەگـــەل تی‌بینین
دەرسی چیشتەنگا لەگـــەل تیفکریین

یەك لەدوای یەك پیاچوونەوەی دەرز
لەگەل هەڤالی رووخوش‌و ســـەربەرز

بەومەرجەی کـــە خوت بەکەم‌بزانی
ئــــەتکا بە ئـــەهلی عیلمی رەببانی

کە پیاچوویتەوە ئـــەنجا بیکەبـــــەر
بەرکردنیکی ســـاغو بی‌کـــــەدەر

بـــە دەوری داییم قـــەت ناچی لەبیر
قەترەی ئاو ئـــەکا لـــەبەردا تەئثیر

هـــەلبگرە داییم قەلـــەم‌و دەوات
هەر عیلمیکت بیست بینووسە لەلات

هـــەرچی ئەزانی لی‌ی‌مەبە بـــەطال
هـــەرچی نازانی بیزان بـــە سوئال

لە پرسیار کردن کەسی ئـــەیبی عار
کە خوی بـــەنازان بکا ئیعتیبـــــار

ئەگـــــەر طـــالبی ئـــەنواعی دەرسی
هەرکەس فەننی خوی ، ئەبی بپرسی

هەردلێ عەقلێ ، هەرســــەری فامێ
هەرکەس مەشرەبێ ، هەردەم کەلامێ

www.iqra.ahlamontada.com

لەگــەڵ موعانید بە فیکری بــەطاڵ
دەخیلە نەکــەی نیزاعو جیــدال

کە بووی بە عالم باش‌بکە عەمــەل
عەمەلی خالیص ، خالی لــە خەلــەل

خوێندن بــۆ زانین ، زانین بۆ کردن
کــردن نافیعـــە بو دوای مــردن

ئـــەم نەسیحەتە بـــە ئیعتیبـــارە
مـــەرو بو موشکیل بی « اِسْتِخارَه »

نویژی دوورکات دوعای مەشهوورە
لـــەبوو موهیممات گـەلی زەروورە

پاش « ئیستیخارە » هەم ئیستیشارە
بەشەخسی ئــەمین ئــەمری موختارە

« صلاة الحاجه »یش هەیـە بی‌گومان
بو کرانەوەی موشکیلەی ئینسان

دوعای ئەم نویژەیش هەیەو مەئثوورە
لەپاش نویژەکە ســەرانسەر نوورە

ئینسان سی‌بەشە : شتو نیوەشت
بەشی سی‌یەمین پیی ئــەلین ناشــت

شت‌ئەو کەسەیە کاری ری‌کەوت بووی
عەقلی‌تر بینی بو لای عەقلی خـــوی

نیوەشت کەســی هەر بە عەقلی خوی
یا بەعەقلی غـــەیر کاربکا بو خــوی

www.iqra.ahlamontada.com

ناشـــت کەسیکە خـــوی ناعاقلـــە
لەپرســـی پیـــاوی ژیریش غافلـــە
(وَفَقَنَا اللهُ عَلَى الإ نتعاظ
وَادْخلنا فِي القَوْمِ الوُ عاظ)

بابی شەشەم باسی ئەوشتانە ئەکات

کە بیرو هوش کەم ئەکەن

ئـــەلیم بە عەونی پادشـــای ئـــەکرەم
چی بیرو هوشی ئینسان ئـــەکا کـــەم

خوراکی ناپاك ، شـــتی ترش‌و تـــال
مـــەیخو زیانە بو عەقل‌و کـــەمال

لەهەر خوراکی ، مشکی بەد مـــەزاج
خواردوویە ، مەخو تا نەبی موحتـــاج

خواردن‌و نووســـتن لـــەمیزان زیـــاد
زیاد لە نەگبەت عەقل ئـــەدەن بەباد

لەپشتی سەرت مەگرە کەلەشـــاخ
زیانـــە لـــەبو ووشیاری‌و دەمـــاخ

لەهـــەموو بەدتر خەفـــەت‌و غـــەمە
ئینسانی غـــەمبار حافیزەی کەمـــە

زەرەرە ، مەخـــــە کیلی مەقبـــەرە
هـــەم خویندنەوەی خـــەیلی زەرەرە

www.iqra.ahlamontada.com

مــــەراقی زیاد نـــەزەری حـــەرام
تەماشـــای پیسـی زەرەرە بو فـام

پیکـــەنینی زور گالتــەی بی‌پایان
زیانن لـــەبو حافیزەی ئینســـان

قــەت لە حەماما مەخوینـــە قورئان
مەکــە رەفیقیی هــەرزەو منـــالان

بابی حەوتەم

قسەلەوانە ئەکا ئابرووی ئینسان زیاد ئەکەن

ئـــەوەی ئابرووی پی‌ئـــەبی زیــاد
عیبادەتی ســـاغ لەگــەل زیکرویاد

هەم وەرع‌و تــەقوا ؛ ئــەتقا ئەکرەمە
نەصصی کــەلامی خودای ئەعلەمـــە

خولق‌و خووی شیرین مایەی عیزەتە
رەوشتی پەسەند وەسفی حەزرەتە(ص)(١)

کاکە ! پیت‌بلیم ئــەعلای خوش‌خوویی
شیرین کەلامی‌و گوشـــادە روویی

رووخوشی چاکە لەگەل خاص‌و عام ،
مەخصووص غەریب‌و، فەقیرو، ئەیتام

رەحم بە بچووك ، ئەدەب لە گــەورە
مایەی سەربەزری‌و عیزەت‌و قەدرە

---

(١) ئیشارەیە بۆ ئایەتی : « وانك لعلى خلق عظيم » .

www.iqra.ahlamontada.com

ڕەحمو دلت بــی خو تو ئینســـــانی
ئولفەتت ببی ، نەك هەراســــانیی

« لاْ تَكُنْ فَظّـــاً غَلِيظَ الْقَلْبِ
وَكُنْ رَحِيمــاً كَثِيرَ الْجَلْبِ »

ئەگەر ئەتەوی سەربەرز بی لای خەلق
خوت بەگەورەتر مەگرە بــە ناحــەق

بو دوست مرووەت ، دوشمن مودارا
ئینسان ئەباتە دەرەجـــەی « دارا »(١)

لەگــەل خراپان جــەزا بەچاكـــە
ئەمخولقە خولقی شاهی « لولاك »ە

پەیداكردنی دوشمن زور ســـەهلە
دوســـت پەیدائەكا هەركەسی ئەهلە

خولقی قەناعەت زۆر شیرین طــەرزە
لە هــەردوو دنیا قانع ســـــەربەرزە

گەدا ســولطانە ، ئەگــەر قانیعـــە
قانع گەدایــە ، ئەگـــەر طامیعـــە

هەم شوكری نیعمەت زیاد ئەكا نیعمەت
نیعمەت باعیثە بو شەئنو حورمەت

عیزەتی نەفسو بولەندیی هیممەت
ئەتكا بە خاوەن عیزەتو قیمـــەت

(١) دارا : پادشایەكی گەورەو بە ناوبانگ بووە

www.iqra.ahlamontada.com

قــــەدرو قیمەتت مــەدە بە دوونان
خوایــە دەهـــەندەی نیعمەتو ژیان

ئەمنەصیحەتە ووردەو موقــەدەس :
سەرمەبە ناوی مەحرەمانەی کــەس

چپە ، یا نامەو قســەی خصووصــی
تو دەخلت نی‌یە بوچی ئەپرســـی ؟!

وەفا بـــــەوەعدە ، راستی لەگوفتار
بــوت پەیدائــەکا پایەو ئیعتیبـــار

قەدری هــەرکەسی بگرە بـــەمیزان
لەگەورەو بچووك ، لەزاناو نـــەزان

بــەچاوی سووکی مەروانە فــــەقیر
خوی ناگوریتو فەقیر بـــە ئــەمیر

هەرکەس لـــەمالی خویا پاشـــایە
ئەگــەر دەولەمەند ، ئەگەر گەدایــە

کومــەكبە لەســـەر عەمــەلی خیرات
موشکیل‌گوشا بە بو ئەهلی حاجــات

خوگر بە لەبەر میحنەتو زەحمــەت
تا ئەکریتەوە دەروازەی رەحمـــــەت

دەخیل صەددەخیل نەشکینی هیممەت
شەیتان بەزەحمەت نەتخاتە تومەت!!

جیهان لە ســوورڕا وینەی دولابـــە
هەرروژی یــەکی عالی جـــەنابە !!

www.iqra.ahlamontada.com

هەرگیز مەطلەبت بەرمــەدە لەدەس
پشتت قاییم بی بە خودای ئەقدەس

نە ذیتــەجی کار ، نە ئەتبرری خــار
بەبی خواستو برریاری « قەههار »

کەوایـــــــە خـــوا ئیرادەو حــوکمی
ئەبی خوگربی ، هەرچەند بی حیلمی !

بەخۆشی سەهلە؛ هەموو کەس عەبدە !!
عەبدی موجەررەب هاوسەری «سەعد»ە

بــەلام بخوازە لــە قاپی رەحمـــــەت
باری وانــەدا دەرچی لــە تاقـــەت

خولاسەی کەلام : نیشـــانەی مەردان
خورراگرتنـــە لـــە کــاتی دەردان

ئەگــەر ئەتەوی پایەی ســـــەعادەت
لەدنیای روشن بتبی ســــەخاوەت

ســــــەخی حەبیبە بــــەلای خــواوە
ســــــەخی گەورەیە بــەروی دنیــاوە

بە بەخشش موشکیل زوو ئەبی ئاسان
« إِنَّ الإِنْســـــانَ عَبْدُ لِلإِحْســـان »

صـــەدەقە : پەنهان ، یا ئاشــکرایە
هوی بەرزی پایــەو دەفعی بـــــەلایە

نازانی نــزای دامـــاو رەوایـــە ؟!
بەزەیی خوایش بیبەرو دوایـــە ؟!

www.iqra.ahlamontada.com

دەرگایی لەسەر گەدا بی قاییم
لەسەر طەبیبان گوشادە داییم !

هەناسەی فەقیر زور بەخروشە
کوورەی سەطوەتی خودایش بەجوشە

بو هەردوو دنیا ، لە دوای ئیمان ،
چاکەیە لەگەل دراوسیو میهمان

هەرکەس پررئەکا توشە بو میهمان
ئەژی بە عیرزەت ، ئەمری بە ئیمان

تەکلیف مەکیشە زیاد لە میزان ؛
تانەبی بەشەرر حوببی عەزیزان

هەرچی خودا دای بیهینە ؛ خوشە
بو میهمان چاکەو خویشت بینوشە

« من زار حَيّاً ولم يَذُقْ شَيْئًا
فَكَأَنَّمَا زارَ غَيْرَ الْحَيِّ »

بیداریی سەحەر بکە بە عادەت
بە دوعای مەئثوور بکررە سەعادەت

چلویەك دفعە لە کاتی سەحەر
« یاعەزیز » بلی ؛ هەیەتی ئەثەر

ئاخری « إسْراء » ئایەی عیززەتە ؛
بیخوینە، چاکە؛ ئەمری حەرزەتە (ص)

« هَذانَا اللّهُ لِلْخُلُقِ الْكَرِيم
وَوَهَبَنَا النَّعِيمَ الْمُقِيمَ »

www.iqra.ahlamontada.com

بابی هەشتەم

باسی ئەوشتانەیە کە ئابرووی پیاوئەبەن

بوت بەیان ئەکەم هوبرای ئەشـرەف
هـەرچی ئابرووی پی ئەبی تەلـەف

دوو ررووو نابینی شـەئن و ئیعتیبار
نە لە لای خزمان نە لە لای ئـەغیار

ئینسانی لار بی هەر رووی لە عوسرە
مالی چـەپولار هەرکەمو کەسـرە

لەگەل پیاوچاکان شـەررو ستیزە
ئابرووت ئـەبا ، ئـەتخا لـەریزە

شـەررو بەدکردار خەیانەت پیشە
نمەك بەحـەرام دەردی لە رریشـە

قـەدری نامینی پیاوی بی ئـەدەب
هەرزەو هەرزەگو ناگا بـە مەطلەب

هەرکەس بەکەسـی حەسەد بکیشی
ئابرروی ئەرراو ، دلیشـی ئیشی

تەماع رەنگ زەردیت دینی بەسەردا
بـەرگی ریسواییت ئـەکا بەبەردا

هەواو تەکەببور بەدە بو ئینسـان
ئەخاتە شانت نیشـانەی نوقصـان

www.iqra.ahlamontada.com

باش ئاگادار بـه پێی نالین هــــەوا
پاك بی لیباست ، عــەبا ، یا كـــەوا

هەرچەن بو دەفعی سەرماو گەرمایە
زینــەتی ناوی شـــەخسی بەمایـــە

بەڵام پۆشــاكی حـــەلالو لـــەتیف
موبارەكت بی ، بی‌پوشــــە زەریف

خو جوان‌راگرتن شـــەرعەن رەوایە
خاوینیی مایـــەی رەزای خوایـــە

مـەعنای تەكەببور ئەوەیە كـــە وا
خوت گەورە بگری لەسەر « ماسیوا »

بەهـــەموو رەنگی دەعیــە زیانـــە
بـو دین‌ودنیـــا تالی ژیانـــــە

فیزو دەعیەی تو گــەر بەســـامانە
مال وەكو سیبەر روو لــە نەمانـــە

جا ، پیاوی هــەژار كــە نابا مــالت
بوچ ژیردەستە بی لــەبو ئیقبالت ؟!

شــیعری بـــەزمانی فارســـی باوە
مەعنای ئــەمەیە لیرە نوســـراوە :

كــە من رازی بووم بــە نانێكی جــۆ
چێمە لە «خاقان»، چیمە لە «خەسرەو» ؟!

ئەگەر ئەنازی بە ناوو نەســـەب :
باوكت وەزیر بوو گەورەو موقەررەب

www.iqra.ahlamontada.com

بزانــــه دنیــا دەوران دەورانــــه
ئەمرو ئەمانــه ، سبەی ئــەوانه !!

گــەر ئەلیٖ باوکم بەطەریقەت بوو
یاخـــو عالمی بەحــــەقیقەت بوو

ئەوه بــەتوچی ، ئەگـــــەر عاقلی ،
مــادام لـــــه عیلمی ئـــەوان غافلی

ئەگەر ســـەییدیت عەلەوی ئەفضەل
وەختی شـــەریفی که بت‌بی عەمــەل

فریات ناکەوی گەورەیی نەســـــەب
«لا یُغْنِي النَّسَبُ : حَسْبُكَ الْحَسَبُ»

باش تی‌بفکره لەگـــەل بەصــیرەت
له قسەی (حەزرەت) لەگەل عەشیرەت

ئاخری ســـوورەی « شعراء » بینــــه
تەفســـیری لــەلای زانا بخوینــــه

عـــــەلاوه ، نەســەب بی‌ئیختیاره
ئینســـان ئینســـانی فیکرو ئاثــاره

ئەگـــــەر عالمی خاوەن مــــەهارەت
عیلمی خوت بو خوت مەگره حەرارەت

لەگـــــەل دەعیــەدا عیلمت بــەطاله
عیلمی بی‌عەمەل عـــــەینی ضــــەلاله

ئەگەر صالحی صــاحیب عیبــادەت
شوکری خوا بکه که دای ســـەعادەت

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر هەیئــــەت و رەنگت لائیقـــە
تو خـوت بی‌دەخلی ؛ خـوا خالیقـــە

سەگیکی قـەبیح لـە سـەرەری‌دا
شەخسی بـە سـووکی رروانی پیدا

سەگەکە پی‌ی‌ووت بـە زبانی حال :
«ئەگەر بەخوم‌بی پیم‌خوشە جەمال !!

چارم‌ناچـارە ؛ خــەللاقی ئەکبـەر
منی کرد بە سەگ ئەتویش بە بەشەر !!»

دوژمنایەتی یـــەزدانی قـــەههار
لەگەڵ سی‌چینە بەگویرەی ئـــەخبار

یەکەم سوودخوران ؛ ئایـەی ئیلاهی
« فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ» تا « مِـنَ اللّـهِ »

دووەم کەسانی خاوەن تەکـــەببور
خوا دوژمنیانە ، ئەشـکین کوتوپرر

سی‌یەم دوژمنی فیرقەی ئــەهلی دین
دوژمنن لـــەبو رَبُّ الْعـــالَمِین .

دوژمنی خودا ئـەنجامی وایـــە :
بی ئیمان بررروا بی‌ســـوودو مایـە

خودا لامان‌دا لـە شـەررو زەحمـەت
دواییمان‌بینی بـە خیرو رەحمـــەت

www.iqra.ahlamontada.com

بابی نویەم : قسە لەوانە ئەکا کە بینایی چاو زیاد ئەکەن ..

بوت بەیان ئەکەم ئـەی نووری دیدە
هـەرچی بو نووری چاووت موفیـدە

یەکەم : چاو رەشتن بە سورمەی سیا
میلی زیررو زیـو ، یا روح تووتیـا

بو هـەر چاویکت سی میل سـوننەتە
لە وەختی خـەودا دەئبی حـەزرەتە

دووهـەم : خویندنی کەلامی باری
پی‌ی روشـن ئەبی دوو دیدەی قاری

سی‌هەم تەماشای شـیرین جـەمالان
لـە ئەربابی دین صاحیب کـەمالان

چوارەم : تەماشای جەمالی ئـەحباب
براو باوکو دایك یا باقی ئەصـحاب

پینجەم : تەماشای خـەطی خوش کالا
شەشەم : تەماشـای نوقرە یا طلا

نافیعـە بو چاو سـەیرانی بـەهار
تەماشـای شـەتاو باخو لالـەزار

دەس نویژ گرتن بـەئاوانی سـەرد
ئاو بەلووتادان لـە چاو ئـەبا دەرد

www.iqra.ahlamontada.com

نەفع ئـەدا بە چاو نەفعیکی تـــەواو
لــە ئاوی‌ســـاردا بکەیتـەوە چـاو

بینی بین‌خوشـــان صاحیب ئەمـەرە
خوشـــی‌ی دەروونەو نووری بەصەرە

مووی لووت بە مەقەس مووی‌بن‌بال بکێش
واچاکە بو چاو ، مەترســـە لە ئیش

ئەگەر بو نووری چـاو بە پەروشـی
مووی لووت بە موکیش قەت رانەکیشی

نزیکی ئـاگر ، یا ســـەرمای زیـاد
مەستی‌و زور خوری‌ی چاو ئەکەن بەرباد

دوو کەل‌و غو دار چاو ئەکەن موحتـاج
هەرچی سپی بی وەکوو بـەفرو عاج

شـــەلەم بـەکالی ببرژی تـــەواو
بیخـو نافیعـە لـــەبو نووری چـاو
بـەکارە بوچاو هــــەرچی موسهیلە
وەك سینەمـەکی‌و گول‌و هـــەلیلە

گیـــای قنگاولـە زور بەئەمـــەرە
ببرژی بەســـاج تی‌ی‌بخری کـــەرە

بابی دەهەم قسە ئەکا لەوانەی
کە هوی زوربوونی روزین

بابی دەهــــەمین بەقــەدەر تاقــەت
ئەنووسین ئەسباب دەولەت‌و ویسعەت

www.iqra.ahlamontada.com

هەرکەس بەدەوام «طاها»و «واقیعە»
بخوێنی ، دائیــم رزقی واســـیعە

سوورەی «مز ّمّل» ، «وَاللَّیلِ»و «نَشْرَح»
مایــەی دەوڵــەتن بزانە ئەصـــەح

حیفظو خوێنــدنی ئایاتی قورئــان
صەلاوات لەسەر سەیدی عەدنان (د٠خ)

دەوامی دەس‌نوێژ مایەی صـــەلاحە
بۆ ماڵو ســامان وەکوو ســـیلاحە

لە پاشی دەس‌نوێژ ریشێت دابینـــە
«إِنَّا أَنْزَلْنَا»ش ســی‌جار بخوێنـــە

زووبڕو مزگــەوت ، درەنگ بێرەدەر
ئــەبێ بەخاوەن ئەرووەتو ثەمـــەر

نوێژی ڕیك‌وپێك بە خەوفو خەشیەت
ئــەبێ بەمایەی سامانو نیعمـــەت

سوننەتی بەیان ، باهی چیشتەنگاو
مـــەیان فەوتێنە ئــەی‌بینایی چــاو

عیشا لەمزگەوت لەگەڵی «وتر»ی ماڵ
ســەبەبە لە بۆ دەوڵەت‌و ئیقبـــاڵ

« آيَةُ الْكُرْسِــيّ » قەدری مەشهوورە
بۆماڵو ، بۆ ذیهن ســەبەبی نوورە

« قُــلِ اللّٰهُـمَّ مَـالِكَ الْمُلْــكِ »
بخوێنـــە ئەگـــەر بەتەمای موڵکی

www.iqra.ahlamontada.com

« فسبحانَ اللهِ حينَ تمسونَ
صـوبح و ئیواره تا « تخرجونَ »

هەم « لا مانِعَ لِما اَعطیتَ
ولا مُعطِيَ لِما مَنَعتَ »

لەپاش نویژەکان بیلی بەدەوام
سامان و روزیت بو دیته ئەنجام

لەکاتی سەحەر یەکصەد تەسبیحات
ئەبیتە مایەی رزق و بەرەکات

بلی بەم نەهجە : « سُبحانَ اللهِ »
« وَبِحَمدِهِ ، سُبحانَ اللهِ
اَلعظیم » ، ئەمجار « اَستَغفِرُ اللهَ »
روزیت بو دینی بەعەونی اللە

هەم « لا اِلاهَ اِلّا اللهُ » یەقین
« المَلِكُ الحَقُّ » هەتا « المُبینُ »(١)

لەشەوو روژا صەد دەفعەی کامیل
رزق و سامانت بو ئەکا حاصل

« اَستَغفِرُ اللهَ » صەد یا حەفتا جار
سەحەر بیخوینە ؛ هەیەتی ئاثار

تا هەزار دەفعە ذیکری یا وەهاب
رزقت بو دینی بیحەدو حیساب

---

(١) واتە : « لا اِلاهَ اِلّا اللهُ المَلِكُ الحَقُّ المُبینُ » .

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەت ئەفەرموی بە ئەهل‌وبەیتی :
دەس‌بکەن بە نویژ لە وەختی سەختی‌ی

کە نویژیان ئەکرد ئەیانبوو نــەجات
« وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّـــلاةِ »

بو دانەوەی قــەرز بی‌طوولی مــوددە
دوعایە هەیە ، نەقلــە لــە « عِدّه »[1]

دوعا زور هەیە لە « اصُــولُ الرِّزْقِ »
تەصنیفی جــــەلال بوویسعەتی رزق

نەفەقــەی واســیع بو مال‌ومنــال
رزقت زور ئەکاو ، شاد ئەکا ئەحوال

گەر سەحەر رەوی‌ی ، یا شەورەوی کەی
بو هەر داخوازی ، بەئاوات دەگــەی

شورینی حاجەت ، پاکی‌ی حەوش‌ومال
سەبەبە لـــەبو سامان‌و ئیقبـــال

گفتوگوی شیرین ، هەم رووگوشادی‌ی
باعیثـــــە لە بو رزق‌و دلشــــادی‌ی

لە بـــەرو دوای خواردنی طـــەعام
هەردوو دەس بشو ئەگەی بەمەرام

فائیدەی زورە بەواتەی « خەبــەر »[1]
تەنوورو ، ئەسپ‌و ماین ، لەگەل مەرر

(١) ناوی کتیبیکە لە کتیبەکانی ابن حجر .
(١) خەبەر : حدیثی پیغەمبەر (د.خ) .

www.iqra.ahlamontada.com

خێرکردن ، چاکە ، نان بە میوان دان
بوت ئـەبارینی روزیی ئاســمان

پاداشی چاکەش حەوسـەد چـەندانە
زیاتریش ئـەبی ؛ وانـەی قورئانە

وورياكردنەوەيەك

باش خەبەردار بە ئـەی نووری دیدە !
لەم نەصیحەتە ، کـــە زور موفیدە :

کـە دنیا شوینی مادەو ئەسبـابە
باسی « ذُو الْقَرْنَيْنِ » نەصصی کتابە(۱)

من وەهـــا نالیم تو بروی لــەماڵ
دوعا بخوینیو دانیشـی بــەطاڵ !!

ئەبی صـەنعەتی باش بگریتە دەس
تـەوفیقت بدا خـودای فریاد رەس

وەك بازرگانیی یاخـو فەلاحـەت
یا کاریکیتر خـاوەن صـەلاحەت

عیلمو خەتت بی لەگەل خوشخەتیی
تا مەهتووك نەبی رووتو پیپەتیی

هـەتا ئەتوانی بـەدەم داعی بـە
بو دینو دنیاش داییم ساعی بـە

---

(۱) ئیشارەیە بو ئایەتی [ویسئلونك عن ذي القرنين] لە سوورەتی (الكهف) کە باسی ئەوە ئەکات (ذو القرنين) ئەسبابی بەکارهینا ٠

www.iqra.ahlamontada.com

بی یارمەتی حوا کە سببیش بەطالــە
گەرخوا نـــەیدا نەروەت مەحالـــە

زور ئینسانم دی بە کەسبو زەحمەت
دنیای دەس نەکەوت، رویی بە حەسرەت

زور ئینسانیش هەن بی دەردو زەحمەت
ئـــەگا بەمالو نیعمەتو رەحمـــەت

مەقصـــوود لەدوعا جـــەلبی رەحمەتە
چون خوای عالـــەم بەمەرحەمەتـــە

مەبـــەس لـــەدوعا ئـــەوەیە خـــوا
روتبەی مەحبووبیت بدا بەســـەردا

وەصیەتت بی‌و ، نەصـــیحەت نامـــە
رای‌بگرە بـــەدل هـــەتا قیامـــە

قـــەت خزمەتکاری‌ی مەکە لـــەدنیا
نە بو ئەهلی دین ، نە ئـــەهلی دنیـــا

شەخصی خزمەتکار خولقی فاســـدە
لـــە دین‌و دنیا مایـــەی کاســـیدە

خزمەتکار داییم سووکەو بی‌مایـــە
داییـــم مەشـــغوولی درووو ریایـــە

بی‌ئابروو ئـــەبی‌و بی‌پایەو هیمـــەت
عومری بـــەبادە بی‌موزدو مننـــەت

وەختیکیش ئەمری بـــەدەردو وەبال
ئـــەهلو منالی ئـــەرون مالـــەومال

www.iqra.ahlamontada.com

له صەد دوو کەسیان صاحیب نیعمەتە
ئەویش نیعمەتی بوهتو غەیبەتــــە

زور باشــە بە روژ بکـەی حەممالی
بـەس نیی‌یە بەشـــەو صاحبی مـالی

لـەمریوە بررو ئەگەیتە مەقصـــوود
« اِنـّــهُ هُـوَ الرّئوُفُ الْـــوَدُوْدُ »

بابی‌یانزەهەم باسی دوعای مەئثوور ئەکات

بابی یانزەهەم بەعەونی غـــەفوور
ئەکـەم بەیانی ئەدعیەی مــــەئثوور

«قُلِ الْحَمْدُ» ئاخری سوورەی «سُبْحاْنَهُ»
دەوایــە بوغــــەم راستی بیزانـــــە

هــــەم « لٰاالٰهَ اِلاَّ اللّــهُ »ی جـەلیل
« حَسْــــبِيَ اللّـــهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلْ »

دەوایــە بو غەم مەبـە موشـــتەبیە
« اَللّـهُ رَبـّي لاٰ اُشْـرِكُ بِـــهِ

شَــيْئاً »تا سی‌جار ، بەلام هەمووجار
کەلیمەی « اَللّهُ» باش بکەی تەکرار

« آيَةُ الْكُرْسِيّ »و « آمَنَ الرّسُـــولُ »
بیخوینە دوعای پی ئـــەبی مەقبوول

« يٰا حَيّ، يٰا قَيّومُ » لە وەختی سوجدە
زور زور موفیدەو پیت‌ئـــەدەم موژدە

www.iqra.ahlamontada.com

« يَا ذَا الْجَـلاَلِ وَالإِكْـرَامِ »ی زور
بیخوینه ؛ نـەفعی دیاره وەك خـور

بو زەحمەت‌باری شیخی « نەوەوی »
تەعلیمی فەرموو دەوای مەعنـــەوی

بـە « بِسْـمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيـــمِ »
« لاَ حَـوْلَ وَلاَ » هـەتا « اَلْعَظِيــمِ »

ئاخریان تـــەنیا مایـــەی شیفایە
بو نـەوەدونو عیللـەت دەوایـــە

شـــەخصی داوای کرد لە مولاعــەلی
بو جەبری گوناه دوعایـــە جـــەلی

یەکی دوعای باغ ، یـەکی بو مندال
یـەکی لە بو ئاو ، یەکی لـەبو مـال

بو هەمووی فەرمووی ویردی ئیستیغفار
بە شـــەرطی دەوام لەگـەل ئیعتیبار

بەدلیل فەرمووی لە سوورەتی «نوح»
ئایەی «فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا»ی مەشرووح

تەسبیحات لەبو دەولەت‌و ویسعەت
بیکە بە عادەت ئـەیبی مەنفەعـــەت

ئایاتی ئـــەرزاق بو جـــەلبی روزی
ئایاتی فتـووح لـــەبو فـەیروزی

تەفسیری «احزاب» لە «رُوحُ الْبَيَانْ»
چل‌کەلیمەی فەتح باش ئەکا بـەیان

www.iqra.ahlamontada.com

بو دەفعی شــەرری چاوی ئینسانی
زیـانی دابی لـــــە موســـــولمانی

بە نەقلی «توحفە» بابی «جنایـــەتٍ»
دوعای «ماشاءالله» ئــەكا كفایەت

بیخوینە لەســەر موبتەلا بـــە چاو
زوو شیفای بو دی شیفایە تـــەواو

بو دەفعی شــەیتان «اَعُوذُ بِاللّٰـهِ»
بوفەتحو نەصرەت «نَصْـرٌ مِنَ اللّٰهِ»

ئەگەر لە جننیو شــەیتان ئەترسی
بكــە بـــە ویردت «آیةُ الكُرْسِـيّ»

گــەر بەتەرتیبی مەولانای «جامی»
خەتمت كرد قورئان صاحیب مەرامی :

جومعە : «بەقەرە» تا سوورەی «ئەنعام»
شەممە لە «ئەنعام» تا «یووسف» تەمام

یەك شەممە :«یووسف» تا «طاها» مزبووت
دووشەممە :«طاها» هەتا «عەنكەبووت»

سی‌شەمم :«عەنكەبووت» تا سوورەی «تەنزیل»
چوارشەممە :هەتا «واقیعەی» جەلیل

پینج‌شەمم «واقیعە» هەتا بــە خیتام
«خەتم الاحزاب»ە بو قەصـــدو مەرام

لە سوورەی «یاسین» سی‌جی مەعلوومن
لەوسی جیگەدا ئەســرار دەكتوومن

www.iqra.ahlamontada.com

«وَكُلَّ شَيءٍ أحْصَيناهُ في
إمامٍ مُبِين» ئەووەڵی وافی
«كُلٌّ فِي فَلَكٍ» هەم بکە تەسلیم
«سَلامٌ قَوْلاً مِنْ رَبٍّ رَحِيمٍ»

سوورەتی «یاسین» تەواو بخوێنە
لەوسیجی قەصدی مەطلووبت بینە

گەر دوعا بکەی بە ئیسمی ئەعظەم
مەقصوود دیتەجی ، ببە خاترجەم

ئەگەرچی ئەڵێن : ئیسمێکە مەکتووم
ئەرجەح «اَللهُ ، یا حَيُّ ، یا قَيّومُ»

نەقلە لە عەلی «یا هُوَ ، یا مَنْ هُوَ
یا مَنْ لا إلاهَ إلاّ اللهُ»

جەعفەری صادق عالمی ماهیر
پێنج دەفعە فەرمووی : «رَبَّنا ظاهِر»

شەش ئایەت هەیە بێ نەقص و مەزید
تا «ذات الصدور» لەسوورەی (حەدید)

لەوانا ئیسمی ئەعظەم داخلە
بە تیلاوەتیان مەقصوود حاصلە

هەرکام لە ئەسمای واجب الوجود
مەعنای دیاری‌یە بەگوێرەی مەقصوود

ئیسمی «یافتاح» بۆ فەتح و نەصرەت
وەکو «یا غفّار» لەبۆ مەغفیرەت

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ عەطاو بەخشش ئیسمی «یاوَهّاب»
«وَدُود»و «رَئُوف» بو حوببی ئەحباب

بو رەحمی ظالم ئیســـمی «یارَحِیم»
بوسەخاو کەرەم ئیسمی : «یاکَرِیم»

لــەبو مەحفووظی ئیسمی «یاسَلام»
بوعیلمو عیرفـــان «عَلِیم»و «عَــلّام»

بو شتی گومبوو ئیســـمی «یاهادِی»
«یاقَهّار» لــەبوو قــەهری ئــەعادی

هەتا ئەتوانی لە دوعای مــــەئثوور
بـــەنیازی خێر بیکە بــە دەســـتوور

مەئثوور ئەوەیە مەنقوولبی لەســـەر
قــەولی ئیمامان ، یا «خَیْرِ الْبَشَــر»

زانایان ئــەلین لەبـــەر ئیعتیبـــار
«اِذْهَبْ بِعِ الدّارَ وَاشْتَرِ الاَذْکارَ»(١)

« اَلْحِصْنُ الْحَصِینُ » ، کتیبی « عدة »
دوعای ئـــەمانە گەلی پەســـەندە

بابی دوانزەهەم باسی ئادابی دوعا ئەکات

کە دوعات زانی بە وەجهی صــەواب
ئـــەبی بزانی تـــەرتیبو ئاداب

---

(١) اذکار : واتە کتیبەکەی ئیمام یەحیای نەوەوی کە ناوی « اذکار»ە .

www.iqra.ahlamontada.com

لـــەبو موســولمان دوعا ســـیلاحە
شەخصی دوعاخوین روو لە صەــلاحە

دوعا مایەیـــە بو نووری هـــودا
بو خیرو خوشــی ، بو رەزای خـــودا

هەرکـــەس بو دوعا تـەوفیقی درا
دەروازەی قەبوول لیی گوشادکرا

دوعا ویردت‌بی وەختی خوش بەختی
تالیت قەبوول‌بی لە وەختی سەختی

نـەك لە خوشـــی‌دا نەکەی موبالات
بەسی وەختی سەختی بکەی موناجات

دەس‌نویژت ببـــی ما دام الامـــکان
رووبەقیبلـــە بە لـــە هەموو مەکان

دەستت بو دوعا بولەندو گوشـــاد
بـــەلوطفی خـــودا دلت بکە شـــاد

« بِسْـــمِ اللهِ » بلی کلیلی خـــیرات
پاش ئەوە حەمدو سەلام‌و صەلات

ئـــەم‌جار بیرە سەرطەلەبی حاجات
بەدوعای مەئثوور بکـــە موناجـــات

لەخاتیمـــەدا صـــەلات‌و ســـەلام
بوگیانی پاکی ســـەییدی ئـــەنام

چونکە مەقبوولە دوعا بو رەســـوول
دوعا لەوبەینا باش ئـــەکری قەبوول

www.iqra.ahlamontada.com

بە صەدای خەفیف لەگەل تەضەرروع
بەنەبی و وەلی بکــە تەشـــەففوع

موبالات مەکە بەئـــەهلی بیدعــەت
لامەدە.لەســەر جادەی شـــەریعەت

خونالیین نەبی صــاحیب تـــەئثیرە
تەئثیر هــەر لە بوو خودای قــەدیرە

فەقــەط پیغەمبەر روتبەی ئەعلایــە
مــەظهەری فەیضــی ذاتی مەولایـــە

عولـــەمای کیرام ، یا ئـــەولیای دین
مـــەحبووبی خودان بزانە یـــەقین

لـــەکاتی ذیکری صـــەلاحەت کـاران
بەرەکەت ئـــەرژی وەك سەیلی باران

تەوەسسول بــەوان موفیدە ، موفید
« وَاللّـــه اَقْرَبُ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيـــد »

لە وەختی تەنگی ، نەفلە لە حەزرەت ،
داواکــە لەخوا رزقو مەرحەمـــەت

بلی لە ســەختی زور بەمەمنوونی :ـــ
« يا عِبـــادَ اللّـــهِ أغيثُونـــي »

« خاتیمە »(١) ئەلی : رور کەسی فەقیر
بەصوورەت ئەسیر ، بەسیرت ئەمیر

---

(١) خاتیمە : کتیبیکە دانراوی ئیبنوحەجەری فەقیهە ٠

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر هەرکاری خوا بدا قەسەم
قەسەمی ناخات خەللاقی ئەکرەم

جا ئاشکرا بوو ئەربابی صەفا
ئەسبابن وەکوو دەوا بو شیفا

ئینکاری سەبەب ناکا بی گومان
مەگەر یەکیکی سەرکەش و نەزان

لاکن خوت بگرە لەسەر ئیقتیصاد
نەك وەکوو عەوام ئەربابی فەساد

ئیفراط و تەفریط ئەخەنە مەیدان
ئەبن بە ئەتباع دەجال و شەیتان

وەها گوم ئەکەن مەزهەب و ئایین
جیا نابیتو دیندارو بی‌دین

ئەبن بە هیزی خاوەنی ئەوهام
بو طەعنە لەدین سەییدی ئەنام (د.خ)

وەکو (بادەوە) باییکی بەسە
حەرفیکی بەسە هەرکەسی کەسە

پیویستە لەسەر عولەمای ئەعلام
تیکوشان بو دین زور بە ئیهتیمام
خەلکی رزگار کەن لە جەهل و غەفلەت
ببن بە دوکتور بو دەردو عیالەت

رەهنومایی کەن صەغیرو کەبیر
لە فیرکردنیان هیچ نەکەن تەقصیر

www.iqra.ahlamontada.com

بابیینەوە سەر مەسەلەی دوعا
کەی وەرئەگیری لە قاپی خوا ؟

کاتی تایبەتیی لەبو موناجات
لە بانگا وەختی « حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ »

لە سەرەتای بانگ تا قامەت کردن
دوعا نزیکە لەبو وەرگرتن

لە پاش نویژی فەرز یا خەتمی قورئان
لە وەختی سەحەر ، یا وەختی باران

لە شەوو روژی جومعەی مونەووەر ،
کاتی دیتە خوار خەتیب لە مینبەر

هەروەها کاتی ئامینی ئیمام
لە روژی جومعە ، یا باقی ئەییام

لە شەوی «بەرات» ناوەندی «شەعبان»
بە دریژایی مانگی رەمەزان

شەوی هەردوو جەژن ، عەرەفەی قوربان
نزا گیرایە هی شاەو دەربان

لە نیوەشەودا ، کەسی نەبی بیدار ،
سییەکی دوایی ، کاتی ئیستیغفار

دوو لەفظی «اَللّٰهُ» لە سوورەی «ئەنعام»
دوعا لەوبەینا ئەگاتە ئەنجام

لە هەموو جیگا خوا حازرە
بو هەموو جیهان لوتفی ظاهرە

www.iqra.ahlamontada.com

« يُجِيبُ المُضْطَرَّ اِذَا دَعَاهُ
لَا يَكْشِفُ السُّوءَ عَنْكَ سِوَاهُ »

بەلام یەکەم شەرت : لوقمەی حەلالە
شەرتی دووەمین : داماوی حالە

شەرتی سییەمین : نیازی حەلال
وەك گوشادی حال ، تەحصیلی کەمال

یا دەفعی فیتنەی عائید بە بەشەر
یا نەجاتدانی هاوریی سەروەر

یا پەیدابوونی صالح لە ئەولاد
یا دوزینەوەی صاحبی ئیرشاد

نەك لە هەرکەسی رقت داگیرسی
بو دوعای زەرەر بەرزوکەی دەسی

ئەم دوعای شەررە هەم دەنائەتە
دەنی کەی نزیك بە ئیجابەتە ؟

بو صاحیب دوعا ئەم دوعا شەررە
بو گەردنی خوی تەوقی زەرەرە

بخوینەرەوە بەفیکرو تەمکین
جوملەی « لَا يُحِبُّ » هەتا « مُعْتَدِين »

باش خەبەرداربە لەمحەقاییقە
بو ئەهلی عیرفان گەلی لاییقە ..

www.iqra.ahlamontada.com

خاتیمـه

بو ئەم «خاتیمە» باش‌و موختەصـەر
خوت حازر بکە ئـەی نوری بەصـەر

لەورۆژۆ کەوتــە دنیـاوە ئـادەم
نەسلی پەیدا بوو لە کورەی عالــەم

چونکـە ناقیصە عیرفانی بەشــەر
بو دەرکی هــەموو قازانج‌و زەرەر

بو تەعلیمــاتی ئـەحکام‌و ئـاداب
بو شـارەزایی ریی چـاك‌و خـراپ

بە مەحضی ئیحسان خالیقی عالــەم
لە هـەر زەمانی بو بـەنی ئـادەم

ئیختیـاری کرد بو پیغەمبــەریی
ئینسـانی کامیل لە نوقصان بـەری

لەفظی (پیغەمبەر) یانی پەیغام بـەر
پـەیغامی خـودا ئـەبا بو بەشــەر

ئەفەرموی : فلان‌عەمەل ئیحســانە
ئــەوە تەواوە ، ئـەوە نوقصــانە

ئـەوە حــەرامە ، ئــەوە حـەلالە
ئـەوە دروستە ، ئـەوە بەطالــە

ئـەو ری خراپە ؛ ریی شـەقاوەتە
ئـەم جادە چاکە ؛ ریی سـەعادەتە

www.iqra.ahlamontada.com

بو ئەو زەمانە هەرچی بی مـەقبوول
خوا بە مەلەكدا ئەینارد بو رەسوول

ئەومەلائیکـە كیبو ؟ جوبرەئیـــل
حامیلی وەحیو ئـــەمینی تـەنزیل

هــــەر بەمتەرتیبە دەورە بـەدەورە
پیغەمبەر ئـەهات بەوطەرزو طەورە

هەریەك بو قەومی چ زور بی ، چ کەم
لەیەك عەصردا چەندی ئـەبوون جەم

کە دنیا بـــەرگی تاریکی پوشـــی
بو اغوای بەشەر شەیتان تیکوشی

حەقیقەتو دین کـەوتە نەخوشـیی
ذائیقـــە تامی فەســـادی نوشـــی

کەوتە دنیاوە گومراهیو ضــــەلال
ئاینی فاســید مەزهەبی بـــەطال

هەندی لە بو روژ ، هەندی بو قەمەر
یا بو ئەستیرە ، یا خۆ بو بەشــــەر

هەندی لەبو بت ، هــەندی لەبو نار
سوجدەیان ئەبرد زور بـــە ئیعتیبار

تا ئیرادەی حەق رووی کردە تەقدیس
تەحمیدو تەمجید ، تەعلیمو تەدریس

موتەجەللی بوو بـــە فەیضو کـەرەم
کـەوتە فەییاضی بو جەمعی عالـــەم

www.iqra.ahlamontada.com

له قه‌ومی عه‌ره‌ب ، قوره‌یشی جه‌لیل
پاش فیرقه‌ی زوه‌ره‌ی نه‌سلی ئیسماعیل

له خاكی حیجــاز مه‌ككه‌ی موكه‌ررەم
له پشتی ذه‌بیح (عبدالله)ی ئــه‌كره‌م

هاوردی‌یــه وجود به فه‌یضی بی‌حــه‌د
ذاتیكـــــی عالی نــاوی « موحه‌ممه‌د »

به سورمه‌ی صه‌فا موزه‌ییه‌ن به‌صه‌ر
به شیمه‌ی وه‌فا مه‌شره‌ب مونــه‌وه‌ر

راستگوو خوگر ، سه‌ركه‌وتوو ئه‌مین
به‌شه‌رم‌و شكوو عیصمه‌ت‌و ته‌مكین

هــــه‌ر له مه‌ككه‌دا ماوه به كــــه‌مال
تاعومری عالی گــه‌ییشته چل‌ســـــال

بو شه‌وی عاله‌م بوو بــــه « چل‌چرا »
بوو بــه پیغه‌مبه‌ر له غاری « حیراء »

بو جینن‌و مه‌لــــه‌ك ، بو به‌نی‌ئاده‌م
نه‌ك یه‌ك تایه‌فه ، بو هه‌موو سه‌رجه‌م

روتبه‌ی نبووه‌ت به‌م گه‌یی‌یه كه‌مال
له‌پاش ئه‌و به‌عثی پیغه‌مبــه‌ر مه‌حال

به‌بــه له‌م‌روتبه ، به‌م بوو موخته‌تەم
بوو به‌سه‌ر چاوه‌ی ئیحسان‌و كه‌ره‌م

وه‌حیی بو ئه‌هات به شیوه‌ی جه‌ره‌س
غه‌فله‌تی نــه‌بوو یه‌ك‌له‌حظه‌و نه‌فه‌س

www.iqra.ahlamontada.com

بەنەهجی ئەمری قورئانی شــەریف
بەحیکمەتو وەعظ ، جیدالی لــەطیف

زور بەمەردانە بەســەعیو هیممەت
بیپەروا لەئێش ، لە لومەو توهمەت
دەستیکرد بەنەشــر ئەحکامی خودا
دایگیرسان چرای عیرفــانو هــودا

تیکیدا تەکیــەی کەفەرەو ئــەحزاب
یەك یەك پەیدا بوون شیرانی ئەصحاب
هـــەرلە مەککەدا خاوەنی « لَوْلاكَ »
عورروجی فەرموو لە خەیمەی ئــەفلاك

لەشاری مەککە دوانزە ســالی خشت
خەلقی بانگ ئەکرد بو ریگای بەهەشت
جا هیجرەتیکرد لەسەر رەزای حەق
بەلێ باشە روز دەربی لـــە ئوفوق
چوو بو مەدینە بو نەشــری ئیرشــاد
بەحوسنی تەعلیم ، بە حەربو جیهاد
دەعوەتی فەرموو کورری گومراهان
کاغــەذی نووسی بو پادشـــاهان
لــەویوە گرتی بە حەربو تەعــەب
یەمەنو حیجاز ، جەزیرەی عـــەرەب

لەپاش یانزەســال بــە حوسنی لیقا
کوچی دواییکرد بو « دارُ البَقَـاء »
صَــلاةُ اللهِ مَــعَ السَّــلام
عَلَيْـهِ مَـعَ الصَّــحْب الكرامِ

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەو خولەفاء : بووبەکرو ، عومەر
عوثمانو ، حەیدەر، حەسەنی ئەکبەر

بەهیزی سوپای صەحبو تابعین
رَضِـيَ اللّهُ عَنْهُـمْ أَجْمَعِين

بە پەیرەوی ئەو بیپشووو پەروا
دنیایان پررکرد لە ناوی خوا
جارجار بە تەدبیر ، جارجار بە شمشیر
ئەچوونە مەیدان وەك شیری دلیر

عولەمای ئوممەت بە هیزی تەقدیس
نوسییانەوە ئایەتو حەدیث
زەحمەتیان کیشا ئەهلی ئیجتیهاد
بو نەشری دینو ئیرشادی عیباد
ئەبو حەنیفەو ، ئیمامی مالیك
شافیعیو ئەحمەد عالی مەسالیك

دوو شیخی حەدیث لە خەطا عاری
بوخاریو موسلیم مەحبووبی باری
شیخی ئیعتیقاد دوو ذاتی مەشهوور
شیخی ئەشعەریو ، شیخ ئەبوومەنصوور

ئیهتیمامیان کرد بو تەبلیغی دین
أعْلاَ مَأْوٰاهُمْ رَبُّ الْعٰالَمِين .

مەبەست

مەبەست ئەمەیە کاری دنیاو دین
زەحمەتی ئەویو عەزمیکی بەتین

www.iqra.ahlamontada.com

پیغەمبەر ، هاورری ، گرۆی تابیعین ،
باقی ئیمامـان ، زانایـانی دین ،

شاهانی بەداد ، زەحمەتیان کیشـا
لـە پیناوی خوا زور دلیان ئیشـا

بویـە لـەدنیا دەنگیان دایـەوە
ئەستیرەی گەشیان ئەدرەوشـایەوە
هەروا لازمە بو فیرقـەی ئیسـلام
لەهەموو چەرخی سـەعی، ئیهتیمام
بو دین‌و دنیا پـەیداکەن سـەبەب
تا عومریان نەرروا بەلەهوو لەعـەب

چون دنیا جیگـەی ئەسبابەو ماددە
بە زەحمەت کۆلان ئـەبی بـە جادە
تەنها رروومەکەن لـە دنیای خـراپ
گوم مەکەن ریگەی نەجات‌و صەواب

گەر هـەر بو دنیا ریك‌بخەن تفاق[1]
« مَا لَكُمْ فِـي ٱلْآخِـرَةِ خَـلَاق »
هەرکەس دنیای رووت دابنی بوخوی
هەرگیز بەمـەرام ری‌ناکەوی بـوی

دائیـم گیرودەی ئـازاری سـەرە
هـەتا تیرترە ، چاوبرسـی‌ترە !!

غـەنی حەریص بی ئەوە موحتاجـە
فـەقیری فـارغ بی ئیحتیاجـە !!

(١) تفاق : زەخیرە ، ئەسباب .

www.iqra.ahlamontada.com

له کەسبی دنیاش مەبن دەس‌بەردار
بەبی پارەو پوول مەرونە بازار

باشە دنیایە مەزرەعەی دینە
بوهەردوو دنیا هوی «ئافەرینە»

هەرچی لازم بی لەبو تەقەددوم
عیلم‌و مەعاریف بکەن تەعەللوم
زانینی هەموو فەن‌و صەنایع
بو نەوعی بەشەر واجبەو نافیع

لەم نەصیحەتە هیچمەکەن حاشا
ئایەت‌و حەدیث بکەن تەماشا
بەلام طالب بن گشت بو نەظافەت
هوگر بن لەبو خولقی شەرافەت

لاتان واجب بی پاراستنی دین
نەکەن رارابن ، بی‌هۆشی‌و تەمکین !
دین نووری چاوە هەم نووری دلە
هەرکەس بی‌دینە کوتا مەنزلە

بابی ئیجارەی «فەتاوای» سەروەر
ئەحمەد بن حەجەر نەقل ئەکا خەبەر :
« لَیْسَ الرَّجُلُ رَجُلَ الدُّنْیَا
وَلَا الرَّجُلُ رَجُلَ الْاُخْرٰی
بَلِ الرَّجُلُ رَجُلُهُمَا »
شەخصی دنیاو دین ئەبی بەهوما(١)

(١) وەك ئەڵین : بالندەیەکە سێبەری بکەوێتەسەر هەرکەسی بەختیارئەبی ·

www.iqra.ahlamontada.com

یاران ! عەزیزان ! ئەشراف‌و ئەعیان !
ئەوەی کە زانیم بوم‌کردن بەیان ..

لە ئیمـە تەبلیغ ، ئیوە دیرایـــەت
لە خوای عالـەم عەون‌و هیدایـــەت

رجـــام لەئیوە زانینـەو عەمـــەل
تەوصیە بەحـەق تا روژی ئەجـــەل

هـــەروەك رەوشتی ریجالی ئـەعلام
«وَاللّهُ الْمُعْطِي لِحُسْـــنِ الْخِتـامِ»

تەئریخی نـەظمی ئەپرسێ کەسـێ
هەزاروسێ‌صەد هـــەم پەنجاوسێ

مەسکەن : خانەقای «بیارە»ی عەزیز
کات : رەمـەزان لــــە وەرزی پاییز

وەظیفە : تـەدریس بو عولوومی‌دین
صاحیب : مورشیدی بەفەیض‌و تەمکن

«خالدی» مەشرەب ، «عوثمانی» حەسەب
هاوناوی «عططار» ، «عومەرێ» نەسەب(۱)

أَدامَـــــهُ اللّـــهُ مَـــعَ الْأَوْلادِ
لِنَشْـــرِ الدِّینِ مَـعَ الْإِرْشـــادِ

یارەب بـــــەئاثار کبریـــای ذاتت
بە جەلای ئەسمای حوسنای صیفاتت

---

(۱) مەبەستی خوالی خوشبوو «شیخ عەلائەددین»ە کە شیخی‌تەریقەتی نەقشی‌و ، مورشیدی بووە .

www.iqra.ahlamontada.com

بەروتبەو مـــەقام ئـــەنبیای کیرام
مەخصـــوص (مُحَمَّد) عَلَيْهِ السَّـــلامُ

برژیتـــە ســـەریان هـــەتا هەتایـــە
صـــــەلاتو ســـەلام بەبی نیهایـــــە

بو قوربو قەبوول عولەمای ئـــەعلام
ئەولیای طـــەریق ، ئەشخاصی کیرام

لەگـــەل بەصـــەردا بدە بەصـــیرەت
پیمان ببەخشـــە پەسەندی ســـیرەت

بمانخەســـــەر ریی وەفاو عیبادەت
لەگەل صیفەتی صـــەفاو ســـەعادەت

مانگی رەمـەزانی ســـالی ١٣٥٣ی کوچی
لە خانەقای بیارە ـ هەلەبجە ـ سولەیمانی

ســـــوپاس بۆ خـــودای بـــەخشندەو میهرەبان

کـــە یارمەتی‌دام ئەم‌نامیلکانە بە کۆمـــەل

لـــەچاپ بدەم • سبحان ربك رب

العزة عما یصفون ، وســلام علی

المرسلین والحمد لله رب العالمین

١٣٩٣/٦/١ك ـ ١٩٧٣ز

عەبدولکەریمی مودەرریس

www.iqra.ahlamontada.com

ناوەڕۆك

لاپـەڕە	بابـــەت
٣	ســەرەتا
٤	**ئیمانو ئیسلام**
٣١	**ئەساسی سەعادەت**
٧٣	**ئاوی حـەیات**
٧٤	دەرسی یەکەم : خەلقی حەزرەتی ئادەم (د٠خ)
٧٦	دەرسی دوهەم : دروستکردنی حەواء (د٠خ)
٧٧	دەرسی سێهەم : هاتنەخوارەوەیان بۆ زەوی
٧٧	دەرسی چوارەم : باڕانەوەی حەزرەتی ئادەم (د٠خ)
٧٨	درەسی پینجەم : حەزرەتی شیث (د٠خ)
٧٨	دەرسی شەشەم : حەزرەتی ئیدریس (د٠خ)
٧٩	دەرسی حەوتەم : حەزرەتی نووح (د٠خ)
٨٠	دەرسی هەشتەم : حەزرەتی هوود (د٠خ)
٨١	دەرسی نوهەم : حەزرەتی صالح (د٠خ)
٨٢	دەرسی دەهەم حەزرەتی ئیبراهم (د٠خ)
٨٤	دەرسی یانزەهەم : حەزرەتی لووط (د٠خ)
٨٥	دەرسی دوانزەهەم : حەزرەتی ئیسماعیل (د٠خ)
٨٧	دەرسی سیانزەهەم : حەزرەتی ئیسحاق (د٠خ)
٨٧	دەرسی چواردەهەم : حەزرەتی یەعقووب (د٠خ)
٨٨	دەرسی پانزەهەم : حەزرەتی یووسف (د٠خ)
٩٣	دەرسی شانزەهەم : حەزرەتی ئەیووب (د٠خ)
٩٤	دەرسی حەفدەهەم : حەزرەتی ذو الکفل (د٠خ)
٩٥	دەرسی هەژدەهەم : حەزرەتی شوعەیب (د٠خ)
٩٥	دەرسی نوزدەهەم : حەزرەتی مووسی (د٠خ)
٩٨	دەرسی بیستەم : حەزرەتی هاروون (د٠خ)
٩٨	دەرسی بیستویەکەم : حەزرەتی یووشەع (د٠خ)
٩٩	دەرسی بیستو دووەم : حەزرەتی ئیلیاس (د٠خ)
٩٩	دەرسی بیستو سێیەم : حەزرەتی ئەلیەسەع (د٠خ)
٩٩	دەرسی بیستو چوارەم : حەزرەتی ئیشموییل (د٠خ)

www.iqra.ahlamontada.com

لاپەڕە	بابـــەت
١٠١	دەرسی بیستو پێنجەم : حەزرەتی داوود (د٠خ)
١٠١	دەرسی بیستو شەشەم : حەزرەتی سولەیمان (د٠خ)
١٠٣	دەرسی بیستو حەوتەم : حەزرەتی عوزەیر (د٠خ)
١٠٤	دەرسی بیستو هەشتەم : ذو القرنین (د٠خ)
١٠٥	دەرسی بیستو نۆهەم : حەزرەتی یوونس (د٠خ)
١٠٧	دەرسی سییەهەم : حەزرەتی زەکەریاو یەحیا (د٠خ)
١٠٨	دەرسی سییو یەکەم : حەزرەتی عیسا (د٠خ)
١١٤	دەرسی سییو دووەم : حەزرەتی محمد المصطفی (د٠خ)
١١٦	دەرسی سییو سێهەم : لە نبووەتیەوە تا هیجرەتی
١٢٠	دەرسی سییو چوارەم : هیجرەت لە مەککەوە بو مەدینە
١٢٦	دەرسی سییو پینجەم : خەلیفەی یەکەم
١٢٩	دەرسی سییو شەشەم : خەلیفەی دووەم
١٣٠	دەرسی سییو حەوتەم : خەلیفەی سییەم
١٣١	دەرسی سییو هەشتەم : خەلیفەی چوارەم
١٣٢	دەرسی سییو نوهەم : عەشەرەی موبەششەرە
١٣٦	دەرسی چلهەم : ئیمامانی موجتەهیدین
١٣٩	**چل‌چرای ئیســـلام**
١٤١	حەدیثی یەکەم
١٤٢	حەدیثی دووەم
١٤٤	حەدیثی سییەم
١٤٦	حەدیثی چوارەم
١٤٧	حەدیثی پێنجەم
١٤٩	حەدیثی شەشەم
١٥٢	حەدیثی حەوتەم
١٥٤	حەدیثی هەشتەم
١٥٧	حەدیثی نۆهەم
١٥٨	حەدیثی دەهەم
١٦١	حەدیثی یازدەهەم
١٦٣	حەدیثی دوازدەهەم
١٦٦	حەدیثی سیازدەهەم
١٦٧	حەدیثی چواردەهەم

www.iqra.ahlamontada.com

لاپەڕە	بابــــەت
١٦٩	حەدیثی پانزەهەم
١٧٠	حەدیثی شانزەهەم
١٧٢	حەدیثی حەفدەهەم
١٧٤	حەدیثی هەژدەهەم
١٧٥	حەدیثی نۆزدەهەم
١٧٨	حەدیثی بیستەم
١٧٩	حەدیثی بیستو یەکەم
١٨١	حەدیثیبیستو دووەم
١٨٣	حەدیثی بیستو سیهەم
١٨٤	حەدیثی بیستو چوارەم
١٨٦	حەدیثی بیستو پینجەم
١٨٨	حەدیثی بیستو شەشەم
١٩١	حەدیثی بیستو حەوتەم
١٩٤	حەدیثی بیستو هەشتەم
١٩٦	حەدیثی بیستو نوهەم
١٩٧	حەدیثی سییهەم
٢٠٠	حەدیثی سییو یەکەم
٢٠١	حەدیثی سییو دووەم
٢٠٣	حەدیثی سییو سێهەم
٢٠٤	حەدیثی سییو چوارەم
٢٠٦	حەدیثی سییو پینجەم
٢٠٨	حەدیثی سییو شەشەم
٢١٠	حەدیثی سییو حەوتەم
٢١٢	حەدیثی سییو هەشتەم
٢١٤	حەدیثی سییو نووەهەم
٢١٧	حەدیثی چلهەم
٢١٩	**نوورو نەجات**
٢٥٣	**ئیقبالنامــە**
٢٥٥	موقــــەدیمە
٢٥٧	بابی یەکەم ئەوشتانەی کە دل روشن ئەکەن
٢٥٨	بابی دووەم ئەوشتانەی ئەبنە هۆی دریژی عومر

www.iqra.ahlamontada.com

لاپەڕە	بابـــــەت
٢٦٢	بابی سی‌یەم : ئەوانەی عومر کورت ئەکەن
٢٦٥	بابی چوارەم : ئەوشتانەی باعیثی نەگبەتین
٢٧٣	بابی پینجەم : ئەوشتانەی کە بیرو هۆش زیادئەکەن
٢٧٩	بابی شەشەم : ئەوشتانەی کە بیرو هۆش کەم ئەکەن
٢٨٠	بابی حەوتەم : ئەوشتانە کە ئابڕووی ئینسان زیادئەکەن
٢٨٥	بابی هەشتەم : ئەوشتانەی ئابڕووی ئینسان ئەبەن
٢٨٩	بابی نوهەم : ئەوشتانەی کە بینایی چاو زیادئەکەن
٢٩٠	بابی دەهەم : ئەوانەی هۆی زوربوونی رۆزین
٢٩٦	بابی یانزەهەم : دوعای مەئثوور
٣٠٠	بابی دوانزەهەم : ئادابی دوعا
٣٠٦	خاتیمـــــە

www.iqra.ahlamontada.com

شابک ٣ـ ١٥ـ ٦٥٤٦ـ ٩٦٤
ISBN - 964 - 6546 - 15 - 3

ئەم کتێبە

لە سەر ئەرکی کتێب فرۆشی صاڵح شێخی

لە چاپ دراوە

نرخی ١٠٠٠ تمەنە



مزگەوت و مەد رەسەی بیارەی شەریف کە جێگای تەدریس و

تەلیفی مامۆستای پایەبەرزمان مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرّس بوە

www.iqra.ahlamontada.com